# گزینگ ۲۷

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی .. ئەدەبی یە  بەهاری ۲۰۰۰(۱۳۷۹)

- ❑ مەسەلەی کورد و سەدەی نوێ
- ❑ مێژوو لە دادگای جوگرافیادا
- ❑ ئایا لاپەڕەی ئازادی پێشڕەو، هومێدێکە بۆ ئازادبوون؟
- ❑ نەورۆز
- ❑ مافی ئینسانی و یەکسانی بۆ ژنانی کوردستان
- ❑ ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی...
- ❑ وڵاتی تابۆ
- ❑ مێژووی ئەگیل و پاڵوو
- ❑ ئاوڕێک وە سەر ژیان و بەرهەمی... ،خەلیلی سەددیقی،
- ❑ ژیان و بەسەرهاتی د. سەعیدخانی کوردستانی و ناساندنی کتێبی ،نزانی مزگانی،
- ❑ ،قەنات چارکازیان، و دوو پارچە هۆنراوە
- ❑ بانگەوازێک لە تراستی کەرکووک بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سیاسەتی پاکسازی نەژادی لە کوردستانی عێراقدا
- ❑ شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی و هۆنەری، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## بۆ ئەوەی هەڵەبجە لە یاد نەچێت

لە بەردەم سەفارەت و کونسولیەتەکانی ئەڵمانیا لە لەندەن، مالمۆ، ستۆکهۆڵم ـ سوید، بیرن ـ سویسرا، ڤین ـ نەمسا پرۆتێست دەکرێت و لە شارەکانی ئەڵمانیا: موینشن، گوێتنگن، بەرلین ئەکسیونی جۆراوجۆر.

ئەمڕۆ (١٦-٣ - ٢٠٠٠)، ڕۆژی تێپەڕبوونی دوازدەساڵە بە سەر یەکێک لە تاوانە هەرە گەورەکانی مێژوو لە دژی مرۆڤایەتی، ئەم تاوانەیش ڕووبەڕووی یەکێک لە گەلە ژێردەستەکانی دنیا بووەوە: گەلی کوردستان. لەم ڕۆژەدا هێزی ئاسمانی لەشکری عێراق شاری هەڵەبجەی بە ژەهر کیمیاوی بۆردمان کرد و بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە پێنج هەزار کەس و بریندار کردنی زیاتر لە دەهەزار کەس، ئاو و ژینگەی شارەکە و دەوروپشتی وێران کرد. بەمەیش، شاری هەڵەبجە بوو بە ناونیشانی بەربەرێتی دەسەڵاتی فاشستی عێراق و توانا و هۆشیاری و شارستانییەتی و دەسەڵاتە دیموکراتییەکەی ئەڵمانیا و لایەنەکانی تریش.

هەر لە دەزگای موخابەراتی ئەڵمانی (BND)، دەزگای تیرۆریستی دەوڵەتی ئەڵمانیا(GSG9) بۆ مەشق پێکردنی کۆماندۆی پاراستنی سەدام، مونۆپولی دایلەر بەنز (مەرسیدس) و فۆلکس ڤاگن تا دەگاتە بانقی دەوڵەتی هیرمس، بنکەی لێکۆڵینەوەی سەربازی وەک کارل تسایز، (MBB) دێگوسا ـ هانۆڤەر، گیلدەمایستەر ـ بیلەفێلد، ئەمجار شەرکەتەکانی گازی کیمیاوی وەک کارل کۆلپ، پیلۆت پلانت، پرۆیساگ (WET) و شەرکەتی(WTB) و چەندین شەرکەتی چەک و تەقەمەنی دروستکردنی ئەڵمانی و حزبە دەسەڵاتدارەکانیان دەستیان لە خوێنی شەهیدەکانی هەڵەبجە و دێهاتە ژەهر بارانکراوەکانە. بە گوێرەی گفتوگۆیەک لەگەڵ بیتلەر لە گۆڤاری دێرشپیگل دا وتی "لەو ٢٥ شەرکەتەی کە چەکی کیمیاویان بۆ عێراق ناردووە یا یارمەتییان داوە بۆ دروستکردنی، هەڤدەیان ئەڵمانین. ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشانی پەیوەندییەکی ستراتیجی لە نێوانیاندا دەدات، واتە: ئەڵمانیا ساڵەهای ساڵە، بە هەموو هۆشیارییەکەوە هەوڵی داوە کۆپییەکی خۆی لە ناوچەکە دروست بکات؛ کۆپییەک کە بووە بە سەرچاوەی تیرۆر و کوشتنی بە کۆمەڵ لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

**به پێی ئەم ڕاستییانە، ئێمە وەک کۆمەڵێ کەسان و کۆمیتە و ڕێکخراوە هەڵدەستین بە یەکەم چالاکیمان لە بەردەم باڵوێزخانە و کونسولیەتەکانی ئەڵمانیا لە مالمۆ و ستۆکهۆڵم لە سوید، لە شاری بیرن لە سویسرا و لە لەندەن ـ بریتانیا، ڤین ـ نەمسا و لە هەمان کاتدا لە شاری گوێتنگن، موینشن و بەرلین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت.**

**مەبەستمان لەم چالاکیانەدا ئەمەیە: داوای قەرەبووی زیانە گیانی و ماڵییەکانمان لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەین و، هەتا داواکارییەکانیشمان جێبەجێ نەبێت، لە هەر شوێنێک بین، بە شێوەی جۆراوجۆر درێژە بە چالاکییەکانمان دەدەین تا بە دەستیان دەهێنین!**

هەرێم جاف ـ بریتانیا: ڕۆنامەنووس، ڕێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناسیۆناڵ ـ ئەڵمانیا، هانز برانشاید: لێپرسراوی میدیکۆ ئینتەر ناسیۆنال، حەمەسەعید حەسەن: شاعیر ونووسەر ـ سوید، کۆمەڵێک لە خەڵکی هەچەبجە لە شاری موینشن، کاروان کەریم ئەحمەد: هونەرمەند ـ ئەڵمانیا، حاجی ئەنودر: ڕابەرێکی بزووتنەوەی شوورایی لە ڕاپەڕینەکەی١٩٩١ ـ سویسرا، برا و خوشکان: خدر محەمەد ئەمین، دڵشاد حوسێن قادر، سەعد محەمەد ئەمین، خدر عەبدوڵلا، سەرهەنگ عەبدوڵلا، سابیر محێدین عەلی، بەختیار قەرەداغی، تەها محەمەد، ئەمیرە ئەحمەد ـ سویسرا، ڕێکخراوی ئەڵمانیای حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق، کاردۆ کامۆ: ڕۆژنامەنووس، یاسین بانیخێلانی: نووسەر، سلێمان قاسمیانی: سەرنووسەری گۆڤاری هانا و لەیلا قاسمیانی لە دەستەی نووسەرانی هانا، دەستەی بەڕێوەبەرایەتی رادیۆ شەبەنگ ـ سوید، س.ج. هێرش: بەڕێوەبەری گۆڤاری گزینگ، سەرنووسەری مانگانەی چراخان ـ سوید، سەلیم داود(ئارام): ڕۆژنامەنووس، ناسر غەزعەل سینەمایی، راجی عەبدوڵلا: شانۆگەر، علاء سەبری: وێنەگری فۆتۆگراف، مەنوسر ئەلبەکری: هونەرمەندی تەشکیلی، د. ناجی ئەلعوبەیدی: ئیکۆنۆم، ئیسماعیل خەلیل: دەرهێنەری شانۆگەری، هاوسەر ئەحمەد جەلال: هونەرمەند، د. سەبیح ئەلحەمدانی: ئەندازیاری میعماری، شەوقی شاهین: هونەرمەندی تەشکیلی، ئیلیزابێت بیکن، جەبار عەنبەر و نەسرین عەنبەر، کۆمەڵەی دیموکراتی عێراقی، مونزر حلمی: هونەرمەندی شانۆگەری، کەریمە غالب: هونەرمەند، سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم: نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ستار عەبد ـ گوێتنگن، یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق، پەخشان زەنگەنە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس. کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ـ عێراق... تا ڕۆژی ٥-٣-٢٠٠٠

**بۆ پەیوەندی کردن، ژمارە فاکس و تەلەفۆن:** 0049-5515314082 **ئیمەیل:** baukiprawda@hotmail.com

## سەرنج

بە داخەوە، لەم ژمارەیەدا کۆمەڵێک هەڵەی چاپی - بەتایبەت لە جیاتی دەقی ئێدیتکراوی «ئاوڕێک وە سەر...» (ل٤٢-٤٥) کە بە هەڵە دەقە پێشنووسەکەی مونتاژکراوە - بەرچاودەکەون. بۆیە وێڕای داوای لێبووردن لە خوێنەرەوان، ئەوا بەمجۆرە هەڵەکان ڕاست دەکرێنەوە:

| لاپەڕە، ئەستوون، دێر | هەڵە | دروست |
|---|---|---|
| ٤،١،١٤ | ئیگلیس | ئینگلیس |
| ٤،٢،٦ | قەڵەبەدەستانەوە | قەڵەم بەدەستانەوە |
| ٥،٢،٤ | وردەورە | وردە وردە |
| ٥،٢،٢٠ (لەژێرەوە) | قانوویی | قانوونی |
| ٥،٢،١٩ (لەژێرەوە) | بنێنیەوە | بنێنەوە |
| ٤٢،١،١٠ | چۆخ | شۆخ |
| ٤٢،١،١٣ | یە | یا |
| ٤٢،٢،١ | تەواوکردبێ | تەواوکردبوو |
| ٤٢،٢،٢ | بااکۆ | باکۆ |
| ٤٢،٢،٧ | ئاواڵەکانایین | ئاواڵەکانیان |
| ٤٢،٢،٥ (لەژێرەوە) | هەنێک | هەندێک |
| ٤٢،٢،٥ (لەژێرەوە) | سەدەمی | سەردەمی |
| ٤٢،٢،٢ (لەژێرەوە) | «... ماملێ» | «... ماملێ». |
| ٤٣،١،١٠ (لەژێرەوە) | یەویش | ئەویش |
| ٤٣،١،٣ (لەژێرەوە) | وۆ | وی |
| ٤٣،٢،١١ | هێخە | هێزە |
| ٤٣،٢،١٨ | (١٩٦٣٩ | (١٩٦٣) |
| ٤٣،٢،١٩ | مەهابادا | مەهاباد |
| ٤٣،٢،٢١ | کااروباری | کاروباری |
| ٤٣،٢،٢١ | ڕادیۆیەان | ڕادیۆیەیان |
| ٤٣،٢،٢٢ | بەرنامەکانایان | بەرنامەکانیان |
| ٤٣،٢،٢٢ | بەرنامەکانایا | بەرنامەکانی |
| ٤٣،٢،١٢ (لەژێرەوە) | ڕودا | ڕوو دا |
| ٤٤،١،٥ | کاریگەرینا | کاریگەرییان |
| ٤٤،١،٨ (لەژێرەوە) | کوردستان | کوردستانی |
| ٤٤،١،٦ (لەژێرەوە) | ماونەوەی | مانەوەی |
| ٤٤،١،٥ (لەژێرەوە) | کوردستانی | [زیادی یە] |
| ٤٤،١،٥ (لەژێرەوە) | دەرفەتێی | دەرفەتێکی |
| ٤٤،١،١ (لەژێرەوە) | دابونەریت | دابونەریت و |
| ٤٤،٢،١٢ | ئوستا | ئوستاد |

# گزینگ ـ ژمارە ٢٧

**بەهاری ٢٠٠٠ (١٣٧٩)**


## نێوەرۆک


قسەی ئەو ژمارەیە: مەسەلەی کورد و سەدەی نوێ ......... س.ج. هێرش ٤

مێژوو لە دادگای جوگرافیادا: .. ئیبراهیم مەحموود..... و: مەهاباد کوردی ٦

ئایا لاپەڕەی ئازادی پێشڕەو، هومێدێکە بۆ ئازادبوون؟: ................ ١٣

........................................ کوردان کەریم مەحموود -

نەورۆز: .......................................... سەدیق بابایی ٢٠

مافی ئینسانی و یەکسانی بۆ ژنانی کوردستان: ...... شنەهیدایەتی ٢٢

ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی...: ......................... ئازاد حەمە ٢٤

ولاتی تابۆ: ..................................... ڕەسووڵ محەمەدی ٣٠

مێژووی ئەگیل و پاڵوو: ... شەمعی .............. و: ئەنوەری سوڵتانی ٣٦

ئاوڕێک وە سەر ژیان و بەرهەمی... «خەلیلی سەددیقی»: ... ع. مازیار ٤٢

یادێک لە هونەرمەندی کورد «جەماڵی موفتی»: ..... پۆلا ئانەوازادەگان ٤٦

ژیان و بەسەرهاتی د. سەعیدخانی کوردستانی و...: ... ئەحمەد شەریفی ٤٨

کرماشان، کەوانە سێ دێی نوێی هونەرمەند ناسری ڕەزازی:... قاسم ڕەیانی ٥٥

«ڕۆژنامەی کوردستان» و کوردەکانی هەندەران: ........ شەماڵ موکریانی ٥٦

یادێک لە هێژا، مامۆستا مەلاڕەحیمی عەبباسی: .. کوردان کەریم مەحموود ٥٨

«قەنات چارکازیان» و دوو هۆنراوە: .... ئامادەکردن: ئەسعەدی ڕەشیدی ٦٠

شێعر: ........................................ ئەسعەدی ڕەشیدی ٦١

لارزۆ، ..... ڕەحمان سۆفی، .......... ئاکۆ ئەلیاسی، ٦٢

ئەحمەد دەشتی،..... عبدالوهاب البیاتی، و: ح. کەشکۆڵی ٦٣

چوارنامەی جیاواز: ......................... حەمە سەعید حەسەن ٦٤

ساڵی تازەیە نەورۆزە... (کورتە چیرۆک): .................. مەرزە ٦٦

خۆری زێڕین (کورتە چیرۆک): ................ سیامەند شێخ ئاغایی ٦٨

ساجی عەلی (تەنز): ........................... ئاسۆ بیارەیی ٧٠

ماڵئاوایی لە ژیان (بە بۆنەی کۆچی دوایی عەقید بەکر حەوێزی).......... ٧١

بانگەوازێک لە تراستی کەرکووک...: .................. (KTRS) ٧٢

پێشەنگایەک و چاوپێکەوتنێک: ....................... مەهدی ٧٤

پێشەنگای هونەری لە فێستروس: ......................... وریا ٧٥

چاپەمەنی: .................................................. ٧٦


# نەورۆزتان پیرۆز بێ


**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)



**ناوونیشان:**

**GZING**
Box: 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس ـ تەلەفۆن:**

**Fax/Tel**: +46 -0650- 94029
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ئانێردرێنەوە.**


چاپ، کتێبی هەرزان: بەهاری ٢٠٠٠

ISSN 1104 - 3473

## قسەی ئەو ژمارەیە:

مەسەلەی کورد یەکێک لە ئاڵۆزترین مەسەلە نەتەوایەتییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە نزیکەی زیاتر بە یەک سەدەیە نەتەنیا دەوڵەتانی پێوەندیدار بە مەسەلەکەی بە خۆوە خەریک کردووە، بەڵکە پانتایی و بەرینایی کێشەکە جیهانی رۆژئاوا و ئورووپاشی گرتووە و، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی خورتی چارەسەرانەی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەروا لە حاشیەدا ماوەتەوە و بووە بە پرۆسەیەکی پێچەڵپێچی تەلیسماوی.
لایەنی تەلیسماوی مەسەلەکە کاتێک رەشتر و تاریک خۆ دەنوێنێ کە شنەبای دێمۆکراسی و گۆڕانکارییەکانی ئەو دواییانەی کۆمەڵگای بەشەری لە پێناو وەدیهاتنی مافی گەلان و دابینکردنی مافی مرۆڤ کە لەلایەن بەرێوەبەرانی نەزمی نوێی جیهانییەوە جاڕیان بۆ دەدرێ، هێشتاش ئێمەی کوردی نەگرتووەتەوە.
هەروەک دەزانین مەسەلەی کورد، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەت لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، لەلایەن دەوڵەتە خاوەندەسەڵاتەکانی رۆژئاواوە لە پێشدا ئیگلیس و پاشان ئەمریکا، گرینگییەکی ئەو تۆی پێنەدەدرا و بگرە، بە بیانووی ئەوەیکە بزووتنەوەکانی کورد بە تێکڕایی لە بەرژەوەندی بەرەی (بلۆکی رۆژهەڵات) بە سەرکردایەتی سۆڤیەتی پێشوو لە قەڵەم دەدران؛ لە سەرکوتکردن و پێشێلکردنی ماف و ئامانجی بزووتنەوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتی داگیرکەرانی کوردستانیان دەکرد. خۆش و جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کە خودی سۆڤیەتی پێشووش زۆرجار هەقانیەتی ڕاپەڕین و بزووتنەوە کوردییەکانی بە تاوانی کۆنەپەرستی و ئیرتیجاعی دەبردە ژێر پرسیارەوە. بۆ ئەو دیاردەیە دەکرێ چەند نموونەی بەرچاوی مێژوویی بێنینەوە: پاشگەزبوونەوە و پێشێلکردنی بڕیارنامەی پەیمانی سێڤر(١٩٢١) دەرهەق بە مافی کوردان، سەرکوتکردنی شوڕش و ڕاپەڕینی کوردەکان لە سەرانسەری کوردستان وەک: ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی حەفید (١٩٢٢-٢٤) و بۆمبارانی شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی هەوایی ئینگلیسەوە، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، شۆڕشی ئاگری یا ئاراڕات (١٩٢٧-٣٠)، ڕاپەڕینی درسیم (١٩٣٧)، شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-٤٥) و بۆمبارانی هەوایی ناوچەی بارزان لەلایەن هێزەکانی هەوایی ئینگلیسەوە، ڕووخاندنی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بە یارمەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و بێدەنگیی ئاشکرا و خۆ لێ گێلکردنی سۆڤیەتی پێشوو...
لەوانە لە هەمووی بێشەرمانەتر ئەوەبوو کاتێک شاری هەڵەبجە بە ڕۆژی ڕوون لەلایەن دەوڵەتی بەعسیی عێراقەوە کیمیایی باران کرا و ٥٠٠٠ ژن و پیاو و منداڵ بوون بە قوربانی، هیچکام لە دەوڵەتانی (بلۆکی رۆژئاوا و ڕۆژهەڵات) کارەساتەکەیان شەرمەزار نەکرد و هەقیقەتەیان بەو پەڕی بێشەرمی و شوورەیی سواخ دا و متەقیان نەهات. ئەگەر ئێمە ـ بۆ ساتێکیش بووبێ، ئەو جینایەتەی ڕێژیمی عێراق لە بەرانبەر خەتەر و مەترسی ئیدەئۆلۆژی ئیسلامی لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراق کە گۆیا ئێران هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا دەکرد، بە خاتری بەڕژن و باڵای بە مافی مرۆڤ ڕازاوەی سەرانی نەزمی نوێی جیهانی ببەخشین؛ بێدەنگی لە تیرۆری «د. قاسملوو» و «د. شەرەفکەندی» کە لەلایەن هەر ئەو دەوڵەتە مەترسیدارەی کۆماری ئیسلامییەوە بەرێوەچوو، چۆن پاساو دەدرێ؟!
جا بۆیە ئەگەر بە چاوێکی ئینسانی و عادڵانەوە سەیری مەسەلەی کورد لە پرۆسەی شەڕی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ـ بکەین، دەبینین گەلی کورد بۆ چەندین جار لە بارەگای بەرژەوەندخوازیی ئەم یان ئەو زلهێزدا سەری براوە و مەسەلەکەی قوربانی کراوە.
ڕاستە وەک ئەوەی باوە و دەڵێن کە لە جیهانی سیاسەتدا ویژدان و ئەخلاق جێیەکی ئەوتۆی نابێتەوە، باشە، کەوایە چار چییە و ئێمەی کورد دەبێ چ بکەین؟ تا کەی دەبێ هەر وەک «گیسکی هەیاس»مان بەسەر بێ و فارس گوتەنی «روز از نو روزی از نو» ؟!
هەروەک لە سەرەوە باسکرا، یەکێک لە لایەنی هەرە ئاڵۆز و تەلیسماوی مەسەلەکە، ئێمەی کورد خۆمانین. ڕەنگە گوتنی ئەو ڕاستییانە کە دیارە پێش منیش لە لایەن دڵسۆزان و قەڵەبەدەستانەوە ئەوەندە گوتراون چەنەی قەڵەمەکەیان لە ڕێسمە چووە، دڵی زۆر کەسان بریندار بکا؛ بەڵام دەبێ دیسان بگوترێ و بگوترێتەوە کە تا ئێمەی کورد، پرۆژەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی و ستراتیژی و سیاسیمان نەبێ، حاڵمان هەر وا دەبێ. نابێ نارەحەت بین ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیرێکی خۆمان و دەوروبەرمان بکەین و، بزانین بۆچی بە نیسبەت ئەو هەموو خەبات و قوربانیدان و ماڵوێرانی و دەربەدەرییە هێشتا لە گۆڕەپانی سیاسەتدا هەر سەرگەردان و تاساوین و لە کێبەرکێ و گەمەی نێو دەوڵەتاندا کایەپێکراو و دۆڕاو.
تۆخترین خاڵی بەرچاوی ئەو تەلیسمە ئەوەیە کە زۆربەی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکان وەک ئامراز و وەسیلە، یان لە خزمەت مەبەست و ئامانجی دەوڵەتانی ناوچەییدا بوون، یان لە خزمەت بەرژەوەندی و سیاسەتی قۆناخیی فلان یان فیسارە زلهێزی خاوەندەسەڵاتی نێونەتەوەیی. گۆڕان و لەبەرچاوگرتنی ڕواڵەتییانەی شێوەی خەبات وەک ئامراز، هیچ دەردێک دەرمان ناکا ئەگەر ئەو ئامرازە لە پێشدا بەرەو مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی نەتەوەیی نیشانەگیری نەکرابێ. حیزبێکی سیاسی کوردی ئەگەر بەڕاستی خاوەنی پرۆژەی نەتەوەیی بێ، چۆن دەبێ بە فیتی دەوڵەتێکی دیکە، پیس ترین و ڕەشترین کارەساتی نەتەوەیی بە سەرخۆی و گەلەکەی خۆی بێنێ؟ یان دوای خەباتێکی دوورودرێژ و دەریایەک قوربانیدان، پشت لە هەموو مەبەست و ئامانجەکانی خۆی بکا و بێتەوەسەر حوڵڵەمەرەسی. ڕەنگە هێندێک کەس بڵێن بارودۆخی ژیۆپۆلیتیکی کوردستان و هەڵکەوتن لە نێوان چەند گورگی هاری سیاسی، ئەو وەزعەی داسەپاندووە؟
لە مێژوودا، زۆرکەم دەرفەتی زێڕین هەڵدەکەون، بەڵام کە نەتوانرا بقۆزرێنەوە ئیتر لە دەست دەچن. ئەوان دەرفەتانەی بە نیسبەت ئێمەی کورد لە دەست چوون، چ قەیدی... هەوڵ بدەین ئەو شانس و دەرفەتەی کە لە سەرەتای سەدەی نوێەوە هەڵکەوتووە لە دەست نەچێ.
وەک دەزانین دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت دەوڵەتانی سەر بە «یەکێتی ئورووپا» هەرکام لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە سەیری مەسەلەی کورد لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەکەن و ئەوەش ئاسایی یە. بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە سیاسەتی گشتی ئەواندا سەبارەت بە مەسەلەی کورد، سووکە گۆڕانکارییەک بە نیسبەت سەدەی ڕابردوو بەدیدەکرێ و، گەرەکیانە لە ڕادەی ددان پێداهێنانی «مافی کولتووری»یش بووبێ، هێندێک فشار بخەنەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە پێوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە. هەڵبەت تەئسیری بیروڕای گشتی خەڵکی ئورووپا و بەتایبەت ئەو هەموو کوردەی کە لە وڵاتانی دەرەوەی نیشتمانی خۆیان دەژین، دەتوانێ فاکتۆرێکی گرینگ بێ و تای تەرازووی ئەو دیاردەیە قورستر بکا. بۆ نموونە لە بیروڕای گشتی خەڵکی

# مەسەلەی کورد و سەدەی نوێ[۷]

س. چ. هێرش

ئورووپادا، هەرکات باس لە وەرگرتن و ئەندامەتی دەوڵەتی تورکیا بۆ ناو کۆزیلکەی «یەکێتی ئورووپا» بێتەگۆڕێ، دەستاولەجێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردان و ماڤی مرۆڤ و ئازادی و مافەکانی دێمۆکراسیش لە تەنیشتیەوە مەترەح دەبێ. هەربۆیەشە، بەشێک لە سیاسەتمەدارانی ناو جەرگەی دەسەڵات هەستییان بەو ڕاستییە کردووە، یەکێک لەوان سەرۆکی حیزبی «دایکی نیشتمان» بوو کە چەند مانگ لەوە پێش ڕایگەیاند: "چوونە ناو «یەکێتی ئورووپا» لە ڕێگەی دیاربەکرەوە، تێدەپەڕێ".

جا، ئەگەر چاوێک بە ڕووداوەکانی ناوەوەی ئەم چەند مانگەی دوایی، چ لە ئێران و چ لە تورکیادا بخشێنین، دەبینین کە لە هەردووکیاندا پرۆسەیەکی ڕێفۆرمخوازانە دەستی پێکردووە کە لە هەر کامیاندا میکانیزم و شێوازی تایبەت بە خۆی تێدا بە کار دەبرێ و، کوردیش نەشێ بە شێوە و میکانیزمی خۆی تێیدا بەشداربێ. دیارە ئەگەر لە یەکەمیاندا چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد گرینگییەکی زۆر خێرا و دەستاولەجێشی نەبێ، لە دووهەمیاندا ئەو گرینگییە زەقتر و بەرچاوترە. بەراوردکردنی ئەو دووانەش لێرەدا لەوەدایە کە هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە هەر بابەتێکەوە ڕووبدا، بە نیسبەت مەسەلەی کوردەوە تەئسیری دوولایەنەیان لە سەر یەکتر دەبێ. دیارە کوردستانی باشووریش کە بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، ناتوانرێ لە تەئسیر و کارتێکەری ئەو پرۆسەیە ئاوارتە بکرێ. ڕاستە کە لە هەردوو ڕێژیمی ئێران و تورکیادا، یەکەمیان بە ئیدەئۆلۆژی ئیسلامی و «ویلایەتی فەقیه» و دووهەمیان بە ئیدەئۆلۆژی کەمالیسم و «پان تورکیسم»، قەبوڵکردن و وەخۆگرتنی دەستە و تاقمی «ناخۆیی» لە دەسەڵاتی سیاسیدا، دەراوێکی ئەوتۆی ڕوونی تێدا بە دیناکرێ، بەڵام بیانەوێ و نەیانەوێ ناتوانن وەک ساڵانی پێشوو درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان بدەن. ئێران بە هەموو هەوڵێک دەیەوێ لە فەرامۆشخانەی دەر و دەلاقە بەستراوی سیاسی بێتە دەر و بگەڕێتەوە ناو جەرگەی گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و، تورکیاش دەیەوێ بە هەر قیمەتێک بێ، پەڵەی ئەنگی «وڵاتی شەرقی بوون» لە سەر ڕووخساری خۆی بسڕێتەوە و خۆی باوێتە ناو باوەشی «یەکێتی ئورووپا»وە. بەڵام بە گوێرەی زۆر فاکتۆر واوێدەچێ کە پرۆسەی ڕێفۆرمخوازی لە ئێراندا خێراتر و ڕاشکاوتر بێ تا تورکیا. لە یەکەمیاندا زیاتر هۆکاری ناوەکی وەک هاندەر و پاڵپێوەنەر واتە خودی جەماوەری هەراوی خەڵک دەور دەبینێ، لە حاڵێکدا لە تورکیا هۆکاری دەرەکی واتە سیاسەتی «یەکێتی ئورووپا» و بیروڕای گشتی دەرەوە زۆرتر دەور دەگێڕن. دەلیکەشی بە بۆچوونی من ئەوەیە کە ئاوێتەی یەکگرتوویی جەماوەری خەڵک لە تەک هێزە مەزهەبییەکان بە ڕێبەرایەتی خومەینی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی پێشوو، هەر لە سەرەتاوە، ڕەوتێکی تاکتیکی بوو کە ئەو ڕەوتە بە شێوەیەکی دیکە دیسانیش لە نێوان خەڵک و بەرەی دوو جۆزەردان(خورداد) بە سەرۆکایەتی خاتەمی(سەرۆک کۆمار) لەبەرانبەر باڵی پاوانخوازەکاندا دووپات دەبێتەوە؛ کەچی لە تورکیا، ئاوێتەی یەکگرتوویی خەڵکی تورک و داڕێژەرانی ئیدەئۆلۆژی کەمالیسم بۆ بنیاتنانی کۆماری تورکیا ڕەوتێکی ستراتێژیک بووە. هەر بۆیەش دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ لە کۆنفرانسی «هێلسینکی»، نە تەنیا پرۆسەکە حاڵەتێکی خاوی بە خۆیەوە گرتووە، بەڵکە سیاسەتی زەبر و زەنگ و گرتن و ڕاونانی دەستە و تاقمە «ناخۆییەکان» لەلایەن «کۆنسێرڤاتیو»ەکان و ژەنەڕاڵەکانی ئەرتەش، توند و تیژتر بووە. بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەو ڕاستیانەش، دەبینین کە شیرازەی ئەو یەکگرتوویییە، وردەوردە لێک دەپچڕێ و ڕاگرانی نیزامی ئێستا، سەبارەت بە هەقانیەتی کێشەی کورد، ئەگەر حیسابێکیش بۆ حیزبی کرێکارانی کوردستان کە لە لە کۆنگرەی حەوتەمی خۆیان و دوای گرتنی سەرۆک ئۆجەلان، سیاسەتی «ئاشتی میللی»یان ڕاگەیاندووە نەکەنەوە، لانیکەم چاریان ناچارە کە دەبێ «هادەپ» و لایەنگرانی تورکی پرۆسەی ڕێفۆرمخوازی قەبوڵ بکەن. ئەوەش ئاشکرایە کە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دێمۆکراسی و ڕێفۆرمخوازی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گۆڕانی قانوونی ئەساسی تورکیاوە هەیە کە ماوەیەکە هەوڵی گۆڕانی بۆ دەدرێ. ئەگەر تورکیا مل بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ڕانەکێشێ، دەبێ هەروا بە ملکەچی لە بەر دەرگای «یەکێتی ئورووپا» بمێنێتەوە و خەریکی وەنەوزدان بێ.

لە لایەکی دیکەوە، هەمووان دەزانن کە ئەگەر نەزەر و سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا بە هۆی نزیکی و پێوەندیی قووڵی سیاسی و ئابووری و نیزامییەوە کە لەگەڵ تورکیادا هەیەتی، سەبارەت بە کوردستانی باکوور و بەتایبەت حیزبی کرێکارانی کوردستان، تا ئێستا خراپ و دوژمنانە بووە، ئەو نەزەر و سیاسەتە سەبارەت بە کورستانی باشوور و هەردوو حیزبە سەرەکییەکە ـ ئەگەر سیاسەتێکی زۆر ڕوون و ئاشکراشی نەبووبێ، دۆستانە و مەسەلەحەتخوازانەیە. بانگهێشتنی نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی یەکگرتووی کوردستان بۆ دانیشتنەکانی «کۆنفرانسی واشینگتۆن» نموونەی بەرچاوی ئەو دیاردەیە.

ئەوەش ئاشکرایە کە ئەگەر پرۆسەی ڕێفۆرمخوازی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە قازانجی لایەنی ڕێفۆرمخوازان یان بەرەی دووی جۆزەردان (بە سەرۆکایەتی خاتەمی) دابشکێتەوە و باڵی پاوانخوازەکان لە زۆر شوێنی کلیلیدا پاشەکشە بکات، قازانج و بەرژەوەندی گەلی کوردیشی تێدایە. بۆیە هەم حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەم کۆمەڵە وەک دوو هێزی سەرەکی لە کوردستاندا، باش وایە لە ئێستاڕا نەتەنیا بەشداری پرۆسەی گۆڕانکارییەکان بن، بەڵکە شیاویشە بەرەو قانوونی بوونی خۆیان بە خورتی هەنگاو بنێنێەوە. هەرچەند چەپ بوونی ڕێبازی کۆمەڵە (وەک لقی حیزبی کۆمونیستی ئێران) ڕەنگە کۆسپێکی گەورەبێ، بەڵام حاڵەتەکە بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەبارتر دێتە بەرچاو.

بێ لەوەش، هەر چەشنە گۆڕانکارییەک کە لە بواری دێمۆکراسی و وەدیهاتنی ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێراندا ڕووبدا، تەئسیری زۆر باشیش لە سەر سیاسەتی گشتی ناوچەیی و بەشەکوردییەکانی دیکەش دادەنێ.

بە نیسبەت کوردستانی باشووریش دەبێ بێژین، ڕاستە لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا لە سەر داوای هێندێک دەوڵەتی ئورووپایی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وردەوردە هێندێک شەرت و مەرجی گەمارۆدانی ئابووری لە سەر دەوڵەتی عێراق لاچووە و لادەچێ، بەڵام دیسانیش ئەگەر ڕێبەرانی کوردی ئەو بەشە، بە هۆشیاری و ئەمەگداری بجووڵێنەوە، دەتوانرێ هیوا و هومێدێکی زیاتر بۆ دوارۆژی حکوومەتی فیدراڵی بخوازرێ و، خەیاڵی گەڕانەوەی ڕێژیمی عێراق بۆ کوردستان بکرێتە بلقی سەرئاو.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوەش جەخت بکرێتەوە کە هەر جۆرە شەڕێک چ لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی یەکگرتووی کوردستان لەلایەک و، چ لە نێوان پارتی و پکک یان هەر هێزێکی دیکەی کوردی لە ناوچەدا ڕووبدا، هەموو ڕیسەکان دەبنەوە بە خوری و چاوی ڕەشی دایکی نیشتمان کاڵ دەبێتەوە. ■

ئیبراهیم مەحموود

# مێژوو لە دادگای جوگرافیادا

وەرگێران لە عەرەبییەوە: مەهاباد کوردی

ئەو کەسەی کە بە تەواوەتی لە جوگرافیای کوردستان بکۆڵێتەوە، هەر دەبێ دەوڵەمەندییە تۆپۆگرافی و سروشتتییەکەی ئەم جوگرافیایە بدۆزێتەوە. هەروەها ناچاریشە ئەوە بدۆزێتەوە بۆچی ئەم جوگرافیایە بێ مێژوو دەردەکەوێت، ئەو مێژووەی کە لە ڕووی ئەتنیکییەوە سەر بەم جوگرافیایەیە. دەبێ ئەوەش بزانێ داخوا ئەم جوگرافیایە تا چ مەودایەک ـ ـ هێشتاش ـ ـ ئەوانی دیکەی وا لێ کردووە تا چاوی تێببڕن، بیکەن بە بوارێک بۆ خۆیان، یان لە ڕێگەی لەتوپەتکردنی، بە ئاسانی دەسەڵاتیان بەسەردا هەبێت. لە کۆتاییش ناچارە بزانێ تا چ مەودایەک مرۆڤی کورد تێیدا جێگیر بووە، پێیەوە دەناسرێت، سەرەڕای هەموو خوێنڕشتن و قەسابخانەکان لە سەردەمە کۆن و تازەکاندا، هەردووکیان لە یەکتر دانەبڕاون و لێک جیا نەبوونەتەوە.

هەر کەسێکیش بۆی هەیە لە بارەی ئەم مەسەلەیە پرسیار لە چیاکانی: جودی، ئاگری، پیرەمەگروون، پشتکۆ، هەرەکۆڵ، حەمرین، زۆزان [وشەی زۆزان زیاتر بە مانای کوێستان دێت وەک لەوەی ناوی چیایەک بێت. م. کوردی] ، سیپان.. و دەیان لە زنجیرە چیاکانی تر بکات...

هەر چیایەک چیرۆکێکی سەربەخۆی خۆی هەیە، سەرەتاکەی نازانین، بەڵام کۆتاییەکەی تەواو نەبووە و، هەتا دوژمنان و مێژوونووسانی ساختەش لە ئارادا بن و، بیانەوێ (کوردستان) لە (کوردستانی بوونەکەی)ی داماڵن، ناکرێ تەواویش بێ..

بۆ نموونە سەبارەت بە دەستپێکی دیرۆکی خولقان و بوونەوەر لە (جودی) بپرسە. زۆرکەس بە نێوی ئەوەوە وەڵامت دەدەنەوە. هەروەها لەمەڕ چیرۆکی تۆفان و، لە بارەی کەشتییەکەی نووح ـ ـ کە دەگوترێ ـ لەسەر چیای جودی لەنگەری گرت.

سەبارەت بە مەغزای (ئاگری)ش پرسیار لە خۆی بکە و، لە بارەی ڕاپەڕینی کوردەکان و، ڕەتکردنەوەیان بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران وەڵامت دەداتەوە.. لە (هەرەکۆڵ) بپرسە و بزانە چیت پێ دەڵێت لەمەڕ میرەکانی بۆتان و ڕاوکردنی ئاژەڵەکانی ئەو چیایە. بۆت هەیە لە بارەی هاوینەهەوارەکانی زۆزان بپرسیت..

دیسان بۆت هەیە پرسیاری چیرۆکی بەناوبانگی (خەج و سیامەند) لە (سیپان) بکەیت...

لە سەرووی هەموو ئەمانە و ئەوانەشەوە، ئەم چیایانە گشتیان بەربەست و کۆسپێکیان پێکهێناوە بۆ پاراستنی کوردستان لە لایەک و، هێشتا هێزێک بە ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە دەبەخشن بە مەبەستی داکۆکیکردن لە هەبوونی خۆیان لە لایەکی ترەوە. چیا و ئاگر بۆ مرۆڤی کورد وەک دووانەیەکن. چیا لە شێوەی پاڵتۆیەک دوور لە چاوی خەڵک دەیشارێتەوە و، ئاگریش نیشانەی وابەستەیی ئەوە بە چیا و، نهێنی هێزەکەشیەتی؛ هەر کەسێ کە هەوڵی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی کورد بدات و، کاریگەریی چیا و ئاگر بۆ سەر ئەو مرۆڤە پشت گوێ بخات، لە بارێکی وادا لێکۆڵینەوەکەی هیچ مانایەکی نابێت. چونکە بە شێوەیەکی ئەوها چاو لە زیاترین شت دەپۆشێت کە مرۆڤی کوردی پێ لەوانی تر جیا دەکرێتەوە و دەناسرێت.

هەروەک چۆن هیچ لێکۆڵەرێک ناتوانێت، بێ ناوبردنی چۆڵەوانی و بیابان و ماناکانی و، ئەرکی لە دروستکردنی کەسایەتیی عەرەبی چۆڵنشین و، دەوڵەمەندیی زمانەکەی، لە بارەی عەرەبی بیابانشین، باس لە جیدیەتی نووسینەکەی بکات و کەسیشی لەم بوارەدا پێ ناسەلمێنرێت. یان بێ ناوبردنی جیهانی شەختە و بەستەڵەک، زەحمەتە بتوانرێت باس لە ئەسکیمۆ بکرێت. هەر بە هەمان شێوەش چیا بۆ مرۆڤی کورد خولقێنراوێکی ڕۆحانی یە و تێیدا بەرجەستە دەبێت یان لەگەڵی دەبێت بە یەک. بگرە ئەلفوبێی مرۆڤی کورد بە هەموو قووڵایی ژیانی و پاڵەوانێتییەکەی، گشت ماناکانی خۆی لە چیادا دەدۆزێتەوە: بنەچە و بناوان و سەربوردنامە. ئاگریش لە لای خۆیەوە مەزناهی و شکۆبەخشە بۆ کەسی ئەو و، جەختکردنیشە لەسەر ئامادەبوونی لە جێگادا. هەرچی دەشت و دۆڵن لە دوای چیاوە دێن.

لەوانەیە ئەوانەی کە هەوڵیان داوە مرۆڤی کورد بناسن ـ چەند زۆریشن ـ نەیانتوانیبێ تێیبگەن، چونکە هەر بە دووری لە بابەتی هەبوونی چیا و ئاگری چڕ لە دەروونی مرۆڤی کورد، بەڵکوو لە قووڵاییەکانی دەروونی، ماونەتەوە. هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بەم بابەتە نەداوە.

هەرچی ئەوانەن کە لە ناخەوە تێیگەیشتوون ـ ـ چەند کەمیشن ـ ـ، هێشتا سەرسووڕمان و پێوە شاد و مەستبوون بە نووسینەکانیانەوە دیارە، چونکە ئەوان خۆیان نموونەی ئەم جۆرە ئازار و ئەم یەکگرتنە سۆفییانەن دەگەڵ چیا و ئاگر نەژیاون. سەیر نابێ گەر گوتمان "دیارە بۆ جەختکردن لەسەر بۆچوونەکانمان" ، مرۆڤی کورد لە هەر جێگا و شوێنێکدا بێت، هەر بە کوردبوونەکەی خۆی ژیان بەسەر دەبات و، بە شێوەی بەرزایی و تین و هێزی چیا و، گەرمایی و ڕووناکایی ئاگریش، لە بەرانبەر کەسانی تردا بە

ڕوون و ئاشكرایی دەردەكەوێت.. چیا كە لە مێشكۆڵەی ئەودا وێنەی دەكێشرێت و، لەبەردەم چاوی تەماشاكەران درێژ دەبێتەوە، لە چەشنی خۆراک دەبێت بە حیكمەتی مرۆڤی كورد و، مانای بەرەنگاربوونەوە و بەردەوامی پێ دەبەخشێت.. ئاگریش كە گڕی بڵند دەبێتەوە و، گەشە دەكات و بڵێسە دەسێنێت و، دەوروبەر ڕووناک دەكاتەوە، لە ناخەوە هەستی گەورەبوون و دڕدان بە تاریكییەكانی پێ دەبەخشێت.. بەم شێوەیە چیا و ئاگر كار لە یەكتری دەكەن و دەبن بە ڕووی یەک پارە، بەر لە هەزاران ساڵیشەوە، ڕۆڵەی كوردستانیان پێ دەژیێت. بەڵام حیكمەتی چیا ناوبراوەكان و، زیندوویی ئاگر، دوور لە فراوانیی دەشتەكانی كوردستان پێک نایەت. ئەم دەشتانە لە لایەک گۆڕەپانی هەرا و هۆریای گەرم و بەیەكدادانی خوێناوی بوون لە هەموو لایەكەوە و، لە لایەكی دیكەشەوە میهرەجان گەلێک بوون لە باوەشی سروشت و وێنە و دیمەنی هەمە ڕەنگ و بۆنیان پێكدێنا. دەشتی (مووش)، لە ڕووی بەهرە سروشتییەكانی و جوانییە دڵڕفێنەكەی، گرەو لە خەیاڵی هەر شاعیرێكی بەهرەمەند دەباتەوە. دەشتەكانی (سلیڤا) و (ماردین) و (سلۆپی) و (شارەزوور)یش هەر بە هەمان شێوەن..

بەو ڕادەیەی كە چیرۆكی (مەم و زین) خۆش و هەستبزوێن و شاكارێكیشە، هەر بە هەمان ڕادەش دەشتی (سلۆپی)، كە ڕووداوەكانی تایبەت بە چیرۆكەكەی بە خۆیەوە بینیوە، خۆش و دڵڕفێن و لەبەر دڵانە..

ڕەسەنێتیی هونەری سروشتی لە دەشتی (شارەزوور) و جۆراوجۆریی سیحری ئەم هونەرەش لای كەس شاراوە نییە.. كاتێ لێرە و لەوێ دەگوترێت دەشتی (شارەزوور) بەهەشت خۆیەتی، دیارە هیچ وەسفكردنێكی دیكە ناگاتە وەها پێداهەڵگوتن و وەسفكردنێک.. هەر كەسێكیش بۆی هەیە ئەوە بێنێتە پێش چاوی خۆی كەوا چۆن دوژمنان و داگیركەران و بێگانان، بە سیحری جوانیی ئەم دەشتانە ئەقڵی خۆیان لە دەست داوە و، گومانیش لەوەدا نییە هەر یەكێک لەوان لە شێوەی بێهۆشێک جارێ لە جاران گوتوویەتی: بە خوا قەسەم! وەها خاكێک دەبێ بە دەست بخرێ!..

بەم جۆرە جوانی سەری ساحێبی خۆی دەخوات و، دەبێت بە هۆی كۆیلەكردنی، یان تووشی مەترسی و شەكەتی دەكات. بە واتایەكی دیكە بۆمان نییە جیاوازی لە نێوان داگیركردنی ئەم دەشتە دڵگیر و هەستبزوێنانە لە لایەن داگیركەران و، هەوڵی زاڵبوونیان بەسەر ڕۆڵەكانی كوردستاندا بكەین. سیحری سەرنجڕاكێش و دڵڕفێن دەچێتە سەر ستراتیژیەتی جێگا (چیا) و، بایەخەكەی و، ڕۆڵی گەورەی لە بە شكۆكردنی خاوەنەكەی.. بۆیە، هەر كەسێ هەوڵی دابێ و بدات كوردستان بە دەست بخات، ویستوویەتی و دەشیهەوێ ببێت بە (گەورە و ئاغا)ی گشت ناوچەكە..

هەروەها بیرۆكەی دابەشكردنی كوردستان، لە مەودا ئیمپریالیستییە هاوچەرخەكەیدا، لە چەمكی دەسەڵات جیا نابێتەوە. ئەوانەی كوردستانیان دابەش و لەتلەت كرد، ویستیان مێژوو بەرەو ئەو ئاقارە بەرن كە خۆیان ئارەزوویان لێ بوو، چونكە یەكێتیی ئەم كوردستانە، هەر دەبوایە جوگرافیای دەڤەرەكەی بە تەواوی گۆڕاندبا، لەبەر ئەوەی كوردستان گەوهەری جێگا، بە مانایەكی تر دڵی ناوچەكەیە. خوێندنەوەیەكی دیرۆكی ناوچەكەش ئەو شتەمان بۆ ئاشكرا دەكات، هەر كەسێک كە پێی نابێتە دەڤەرەكە، یان لێی چووبێتە دەرەوە، لە دەسپێكدا هەر كوردستانی لە پێش بووە، كەواتە كوردستان گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە و، نیشانەی مانەوە و باڵادەستیی هێزە لە ناوچەكەدا..

چیا كوردستانییەكان، بە درێژایی سەردەمەكان، لە لایەک بەربەستی سروشتی بوون بۆ خۆپاراستن و، بەرەنگاربوونەی دوژمن و، نیشانەی دووقات بەهێزبوونی هەر كەسێک كە دەسەڵاتیان بەسەردا هەبێت، لە لایەكی تریشەوە چاودێرگەی سروشتی بوون بۆ دیتنی هەموو لاكان، هەروەها بۆ توانای لە ڕادەبەدەر بە مەبەستی مانۆڤەركردن و، ترساندنی دوژمنیش، جا سەر بە هەر ڕەگەزێک بووبێت. دیسان وەک چەندین شوورەی بەرزن كە لە زەوی دەچەقن و، لەسەری پان و درێژ دەبنەوە و، بە سەركەشیی بەرز دەبنەوە و لە زیاتر لە لایەكیش بە دەشت دەورە دراون.

ئەگەر شوێنی بڵند لە ڕووی جەنگییەوە بایەخێكی مەزنی هەبێت لە پاراستنی شوێن و هێشتنەوەیدا، ئەوكات بۆمان هەیە وێنەی ئەوە بێنینە بەر چاوی خۆمان كە ئەو كێوانە تا چ ڕادەیەک بایەخی هەبووە بۆ ڕۆڵەكانی و، ئەوانەی كە بیریان لێ كردۆتەوە و، هەوڵیان داوە لە چنگی تەماحكاران و داگیركەرانی دەربێنن.

لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین بیرۆكەی زاڵبوون بەسەر كوردستان، یان بەسەر بەشە سەرەكییەكانیدا، لە لایەن ئیمپراتوورە كۆنەكان و، ئەو داگیركەرانەی كە بە دوایاندا هاتوون، وەكو ئیمپراتوری ئەرمەنی و ڕۆمانی و مەكەدۆنی و فارسی[هەخامەنیشی و ئەشكانی و ساسانی. م.كوردی] و ئیسلامی، پاشانیش مەنگۆلی و تەتەر و عوسمانی و سەفەوییەكان، ناكرێ لە بیرۆكەی خولقاندن و دروستكردنی سنوورە پتەوەكان و، باڵادەستی و سەروەریی بەسەر ناوچەكە و مانەوەی بەهێز، جیا بكرێتەوە.

لەوانەیە دابەشكردنی كوردستان بەر لە نزیكەی پێنج سەد ساڵ لە نێوان سەفەوی و عوسمانییەكان، سەرەتایەک بووبێ بۆ لەتوپەتكردنی و، گۆڕاندنی ڕۆڵەكانی ـ ـ كورد ـ ـ بۆ گرۆ و تاقم و مەزهەبگەلێک و، چەند ئامرازێكیش بۆ وەدیهێنانی مەرامە "ئیمپریالیستییە" بنچینەیی و قووڵەكان.. كاتێكیش سەرنج لە نەخشەی ئەوڕۆی كوردستان دەدەین، كە پارچە پارچە و لەت لەتە، دەكرێ وێنەی ئەوە لە خەیاڵماندا بكێشین، داخوا تا چ مەودایەک كۆلۆنیالیستە ئەورووپاییەكان و، ئەوانەی كە لە ناوچەكەش دەگەڵیاندا بوون، بیریان لە پاشەڕۆژی خۆیان كردۆتەوە، كاتێ كە كوردستانیان (بە بەڵكان كرد: پارچە پارچە كرد) و، زێدەتر لەبیست ملیۆن كوردیشیان كردە كۆمەڵە كەمینەیەک لەم پارچانەدا... بەڵام هەر بستێكی ئەم خاكە شایەت لەسەر مەودای بەرەنگاربوونەوەی جوگرافیا دەدا و، لە هەمان كاتیشدا یەكخەری مێژووی سەپێنراوە بەسەریدا، لە ڕێڕەوە ئیمپریالیستی و لە ناخیشەوە ڕەگەزپەرستییەكدا.. سەركەوتنی مێژوو بە واتای كۆتایی ئەم جوگرافیایە نایەت.. قەڵاكانی (هەولێر) و (ئیسكێف) و (دزێ)[مەبەست لە (قەڵادزێ)یە. م. كوردی] (عێراقییەكان لە حەفتاكاندا ئەم قەڵایەیان ڕووخاند و، دەیان خاوەن ئەقڵی ڕووناكیبەخشیان تێدا كوشت كە وانەیان دەگوتەوە و، فێریش دەبوون") و (دمدم "ئەمەیان هێشتا قارەمانێتیی خانی لەپ زێڕینمان وەبیر دێنێتەوە لە هەمبەر سەفەوییە دوژمنەكانی") و قەڵاكانی تری دەروپشتی دەریاچەی (ورمێ)، ئەم قەڵایانە گشتیان شایەتی زیندوون لەسەر ئەوەی كە كورد لە دیرۆكی بە سیاسەتكراو بەهێزتر بوون.. شارەكانی (ئامەد"دیاربەكر") و (جزیرەی ئیبن عومەر"جزیر" كە شوێنی میرە بەناوبانگەكانی بۆتان بووە) و (مەهاباد"شاری قازی محەمەد و یەكەم دەوڵەتی كوردی لە سەردەمی نوێ لە چلەكان كە ئێرانییەكان بە دڕندەییەكی بێ وێنە لەناویان برد") و (سلێمانی) و (عامودە"شاری

سەعید ئاغای دەقوری کە لە دژی فەڕەنسییەکان سەری هەڵدا").. تاد. ئەم شارانەش بە دەوری خۆیان تەحەدا لە مێژووی سیاسەتئامێز و سیاسەتاوی و هەموو نووسەرە شۆڤێنییەکان دەکەن.. لە ڕووی ڕۆشنبیری و پاڵەوانێتییەوە هەر شوێن و بستێکی خاکی کوردستان شایەتی لە هەبوونی کورد دەدەن...

مرۆڤی کورد لە چاخە جیا جیاکاندا و، لە زۆربەی کاتەکاندا، لە پێناو یەکێکی دیکەدا دەژیا، بە واتایەکی تر، هەمیشە خۆی لە بەردەم داگیرکەر و بیانی و چەوسێنەردا دەدیتەوە. ئەوەی کە ڕووبەڕووی دەبووەوە و بەرخۆدانی لە دژ بەرپا دەکرد، بە زنجیرێکی ئەپساوەی پیلان و فشارە جوداکان و، شێوەکانی زەبروزەنگ و کۆیلەکردن دەچوو.

ئەوانە هەموویان وایان لەوی (دیکە) کرد کە بەو چاوە تەماشای مرۆڤی کورد بکات گوایا تایبەتمەندییەکی مێژوویی (ئەتنیکی) نییە، هەرچەندیش خاوەن تایبەتمەندییەکی جوگرافیایی بوو و، هەر ئەم تایبەتمەندییە جوگرافیاییەش بووە هۆی داگیرکردن، یان پارچە پارچە کردنی قەوارەکەی و، هێشتا لای کەسانێکی زۆریش ئەمە هۆیەکی سەرەکی یە و بە هەمان چاویش سەیری مرۆڤی کورد دەکەن، مرۆڤێکی بێ نەتەوە. لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە بە پلە دوو دادەنرێت.. مرۆڤ، بە وردبوونەوە لە جوگرافیای کوردستان، لە مەودا ئیمپریالیستی و ژێردەستەیی و خۆپەرستییە نەتەوەییەکەی وەها تێڕوانینێک تێدەگات. هەر جوگرافیای کوردستانیش بووە کە سەرنجی (ئەوانی دیکە)ی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و ڕادەکێشێت، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە دید و بۆچوونی ئیمپریالیستانە و تەماحکارانەیان هەبووە و، ویستوویانە کوردستان بە دەست بخەن و لە هەموو تایبەتمەندێتی خۆی داماڵن(کۆنکرێتتر تایبەتمەندییە کوردییەکەی).

ئەم ناوچە فراوان و دەوڵەمەندەی سامانە کانزایی و ئاوییەکان (دیجلە و فورات و ئاراس و..)، بێجگە لە سەدان کانی و سەرچاوە کە لە بەرزایی چیاکانەوە هەڵدەقوڵێن و، لە چەشنی وێنەی پرچی جنۆکەکانی نێو ئەفسانەکانیان لێ دێت، هەروەها سامانی سروشتی و ئاژەڵی، چونکە سروشتی شاخاوی لە زۆر شوێنیدا شێوەی باخچەی ئاژەڵان وەردەگرێت و، ئاژەڵی جۆراوجۆریشی دەبێت کە بە یەک دەگەن و تێکەڵی یەکدی دەبن و دەشخزێنە ناو سروشتی دەشتایی، ئەمانە گشتیان (وایان لە ناوچەکە کردووە) هەر کەسێ هەوڵی بە دەست خستن و داگیرکردن و دابەشکردن و لە دەست خۆ هێشتنەوەی دابێت، ویستوویەتی وەک خاکێکی خاڵی لێ بکات تا بە ئارەزووی دڵی خۆی هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکات. ئەم دروشمەشی بەسەردا پیادە کردووە: جوگرافیای بێ مێژوو و خەڵکانێک کە نەتەوە و گەل پێک ناهێنن.

ئەوە خاڵێکی گرینگە و هەر کەسێکیش هەوڵ بدات لە ڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کوردستان ناس بکات، نابێ چاوی لێ بپۆشێت. چونکە کوردستان ڕۆژێ لە ڕۆژان بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی بێت، (مەگەر بە دەگمەن نەبێت)، دەنا هەمیشە ژێردەستەی داگیرکەرێکی دیاریکراو بووە، لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باس کراون. چەمکی (کورد) وەک گرێدراوەیەکی ڕەگەزی و نەتەوایەتی(بنەماڵەیی) شێوەی نادیار و ناڕوونی وەرگرتووە و، بگرە بە چەمکێکی دیکە بەستراوەتەوە کە ئەویش چەمکی دەسەڵاتی سیاسی یە و، هەر ئەم چەمکی دەسەڵاتە سیاسییەشە کە بە هەموو پێکهێنەرەکانی چەمکی (کورد) دیاری دەکات. دەسەڵاتی سیاسیی دوور و درێژ، یان دەسەڵاتی یەک لە دوای یەک لەسەر کوردستان، لەبەر شوێنە ستراتیژییەکەی و، بایەخە ئابوورییەکەی، لە لایەن میللەتانی تر و داگیرکەران، کە پێشتر ناویانمان بردووە، کوردیان لە (سێبەر) یان پەراوێز داناوە، بە واتایەکی دیکە لە ڕووی هەبوونی ئەتنیکی و، پێناسەی جودای لەگەڵ ئەوانی تر و کەسایەتییەکەی لە بیناکردنی مێژوودا، نرخی ئەو(کورد)ەیان کەم کردۆتەوە.. هەر بۆیە لێرە و لەوێ، وەک بابەتێکی تایبەت بە کەسی دیکە(نەک کورد خۆی)، چاومان بە کورد دەکەوێ و بە گوێرەی تێڕوانین و بۆچوونی ئەویش(ئەوی دیکە) وێنەی کورد نیشان دەدرێت...

لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین کەسانێک کە هەمیشە لە ژیانیاندا ـ ـ لەبەر زۆر هۆ ـ ـ کڵۆڵ و داماو و کپکراو بووبن و تووشی گەلێ چارەڕەشیی و زەبر و زەنگ و ناخۆشیی هاتبن، لە کۆتاییدا لە پەراوێزی کۆمەڵگادا جێ دەگرن. باوەڕیشمان وایە ئەم مەسەلەیە لە ڕەوتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە ئەتەمی وەها کۆمەڵگایەک پێک دێنێت و، ماددە و وێنەکەیشی دەبێت، جێگای سەرسووڕمان نییە و شایەنی باوەڕ پێکردنیشە.

هەروەها گەلانێکیش هەن کە ماوەیەک لە ژیانی بندەستی و داگیرکراویی بەسەر دەبەن و، لە تاریکایی مێژوودا دەژین، بێ ئەوەی تێیدا بفەوتێن، پێمان وایە کە ئەم مەسەلەیەش شایەنی ئەوەیە باوەڕی پێ بکرێت و جێی سەرسووڕمانیش نەبێ. بەڵام گەلانێکیش بەدی دەکرێن کە دەڵێی بۆ ئەوە خوڵقاون زۆربەی دیرۆکی هەبوونیان لە سایەی دیرۆکی گەلانی تردا بەسەر ببەن. ئەوی ڕاستی بێ گەلانێکی وەها، کاتێ کە پێشکەش دەکرێن، وەسفی گەلانیان بەسەردا نایەت و، بگرە زیاتر بە کۆمەڵە خەڵک و شتی لەو جۆرە پیشان دەدرێن. ئەم گەلانە لە ڕێی گەلانی دیکەوە دەناسێنرێن، وەک ئەوەی خۆیان توانای ئەوەیان نەبێ باس لە ڕاستی و هەبوونی خۆیان بکەن و داوای مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆشیان بکەن. لەبەر ئەوە یەکێکی تر دێ بە ناوی ئەوانەوە قسان دەکات و، گوایا ئەم جۆرە گەلانە بێ توانا و قابیلیەتن و ناشتوانن بە خۆیان خۆیان بەڕێوە بەرن، لە وەها بارێکیشدا هەموو شتێک لە دەست دەدەن تا وەکوو گەلان دەر بکەون. پێمان وایە ئەم مەسەلەیە زیاتر حاڵەتێکی سەرسووڕمان دەخوڵقێنێت.

ئەگەر شوێنی جوگرافیایی و مێژوویی و ژمارەی دانیشتوانی گەلی کورد لەبەر چاو بگرین، لەوانەیە کورد لە گشت گەلێکی دیکە زیاتر ئەم خاسیەتانەی لێ بوەشێتەوە.

بە وردبوونەوە لە تێڕوانین و بۆچوونێکی وەها، بە شێوەیەک مێژوو خۆی نیشان دەدات کە لە بێسەروبەری بەدەر نییە، دیارە ئەم بێسەروبەری و تێکەڵاوییەش ئاکامی واقیعێکی جڤاکی و سیاسی و کولتووری یە و....

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە کاتێ کە لێرەدا مەبەستە سەرەکییەکە گەلی کوردە و لە شوێنی (جوگرافیایی) خۆی هەنگاو دەنێت و، ناوی (مێژوو)ش بەم جێگا جوگرافیاییە دەدات، ئا لەم خاڵەدا بڕیاردەری ئەم شوێنە(جوگرافیا) ئەو(کورد خۆی) دەبێت. دیارە هەرچی بێسەروبەری و عەبەسیەتیشە لە ڕووی سیاسییەوە ئامانجگەلێکیان لە پشت دەوەستێت.

بەمجۆرە وەک دەبینین دیرۆک هەڵدەبژێردرێت، یان هەمیشە لە هەر سەردەمێکیدا، بە گوێرەی ئامادەبوونی سیاسییانەی خۆی، قوربانییانی دە قەبەڵ دەکرێت، بە واتایەکی دیکە مێژوو (وا و وا) ناکات، بەڵکوو یەکێک هەیە کە وەک سیستەمێکی سیاسی دەیخاتە ڕوو. لە کاتی

دووبارەبوونەوەی قوربانییەکەشی، ئەوە هەر گەلی کوردە زەرەرمەند دەبێت، ئەمەیان خاڵێکی ترە کە دەبێ لێی بەئاگا بین. لێرەدا بۆمان هەیە شتێک بورووژێنن کە دەبێ بورووژێنرێ، ئەویش ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان کاری مێژوو داخوا چ بەسەر قوربانییەکەی خۆی دێنێت و، کاری خودی قوربانییەکەدایە لە مێژوو:

دیرۆک تەنێ لەسەر جەستەی قوربانییەکانی بەردەوام دەبێت (بۆ نموونە لە شەڕ و شۆڕشەکاندا). هەرچەند کە بەرخۆدانی قوربانییەکە مەزن بێت، کاری زەبروزەنگ و ڕووخێنەرانەی دیرۆکیش بە هەمان ڕادە مەزن دەبێت. ئا لێرەدا کورد لە دیرۆک دەردەکەوێت و، دەڵێی لێی یاخی بووە و بەرەنگاری بۆتەوە. هەرچی دیرۆکە، لە میانەی ئەوەی کێ نووسیویەتەوە دەردەکەوێت و هەڵبەت بەمەش دیرۆک غەدری لە کورد کردووە، بگرە بە ڕواڵەتی لاسار و تێکدەرانەش نیشانی داوە. وشەی مێژوو بە ئامادەبوونە سیاسییە کۆمەڵایەتییە زەبربەدەستەکەی خۆی، سەرکێشی جوگرافیا بە هەموو بوعدە کۆمەڵایەتییە سیاسییە کوردییەکانی دەکات.

مەودای خەفەتاویی قووڵی هەبوونی کورد کاتێ پەیدا دەبێت کە ئەو خاسیەتە زۆرانە بەدی دەکەین، کە دەگەن بە ئاستی دژایەتیکردنی ئەم قوربانییەی کە نامرێت، هەروەک باڵندەی فینیکس(قەقنەس) هەر کە دەسووتێ، سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە.

دەگەڵ کاتدا بەیەکچوونێکی گەورە لە نێوان وێنەی کورد و وێنەی (سیزیف)ی ئەفسانەیی قوت دەبێتەوە. سیزیف بەتەماح و یاخی و کەللەڕەق بوو، هەروەها دوژمنێکی سەرسەختی مەرگ بوو، لە پێناوی خوداوەند بۆ هەتا هەتایی سزا درا بەوەی کە تاشەبەردێکی زل، لە قووڵایی دۆڵێکەوە بۆ بەرزایی چیایەک بەسەر بخات، هەر کە دەگەیشتە شوێنی مەبەست، بەردی نەگبەتی سەرلەنوێ خلۆر دەبۆوە، بەم شێوەیە پرۆسەکە بێ ئەوەی کۆتاییەکی هەبێ هەر بەردەوام دەبێت، دیارە ئەمەش وا لە سیزیف دەکات بیر لە ڕزگاربوون نەکاتەوە. ڕاستتر: تا بە کۆیلەیی بمێنێتەوە. وێنەی کوردەکانیش لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە، مەگەر بە دەگمەن نەبێ، دەنا هەر وا بووە. کوردەکان بە بەهێز و تەنگەزار، بە زیرەک و نەزان، بە دڵڕەق و مێرخاس وەسف کراون، زۆر جاریش بەو چاوە سەیریان دەکرێت کە لە خەڵکانی دیکە کەمتر و بێ نرخترن.[1] سەبارەت بە کوردەکان گەلێ بۆچوون و لێکدانەوەی سەیر و سەمەرە هاتوونەتە ئاراوە، هەندێ جار بە ئەوەی شەیتان ناسێنراون، هەروەک چۆن مێژوونووس (ئەلمەسعوودی) لە کتێبەکەی خۆی (مروج الذهب)[2] ناوی بردوون. یان (ڕۆڵەکانی جنۆکە) کە ناوونیشانی کتێبێکی «مارگرێت کان»ە.[3] یان جەردە و ڕێگری دڵڕەق و سەرسەختن، بە گوێرەی لێکدانەوەی هەندێ مێژوونووسان بۆ ئەم ئایەتە (عليها ملائكه غلاظ شداد يعصون الله ما امرهم و لا يفعلون ما يؤمرون)، فریشتە و مەلەکی دڵڕەق!، هەروەک چۆن مێژوونووس (الراغب الاصبهانی)[4]، لە دەرسگوتنەوەکانی خۆیدا بە (کوردە بەدنیهادەکان)، کوردە پیاوخراپەکان، ناوی بردوون، گوایا بەر لە ڕۆژانی (سولێمانی قانوونی) هەر ئەوها بوونە.. تاد.

شیکردنەوەی ڕابردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونی و ئەتنیکیی کوردەکان (ئەوەی کە خراوەتە ڕوو و ئەوانی پێ وەسف کراوە)، کە دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆژیا: (زانستی لێتوێژینەوەی ڕەگەز و بنەچە مرۆییەکان، بە کورتییەکەی خەڵکناسی)، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک کوردەکان هەبوونێکی بەهێزیان هەبووە لەو ناوچەیەی کە دەیانگرێتە خۆی(کوردستان)، هەر گەلێک کە دوچاری ڕاوەدوونانی بەردەوام دەبێت، ئەمەش بە قەڵاچۆکردنی بە کۆمەڵ دەچێت، لە شێوەی لەناوبردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، لە لایەن سپی پێستان (یان داگیرکەرە ئەوروپییەکان) و، هەروەها تووشی بە کۆیلەکردن و، چەوساندنەوە و، شێوەکانی سووکایەتی پێکردنی جۆراوجۆر بێت، گەلێکی وەها ناچارە خاسیەتێکی جنۆکەئاسا بە دەست بێنێت کە کتوپڕ پەیدا دەبێت و لەبەر چاوانیش ون دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەشسووکی و زانیاری زۆری ئەم گەلە لەمەڕ جێگا، دیارە هەنگاوێکی بەم شێوەیەش بۆ خۆ دەرباز کردن و خۆ ڕزگار کردنە لە دەستی ناحەزان، هەروەها لە بزاڤ و دروستکردنی هەڵوێستەکانیشدا شەیتانییانە دەبێت کە لە ڕێگەیانەوە خۆی لە مەترسییەکان ڕزگار دەکات (زاراوەی شەیتان بۆ فڕوفێڵ بەکار دەبرێت و، لە پێناوی هێنانە ئاراوەی وێنەیەکی خراپ لە بارەی ئەم گەلەوە، تا ئەوانی تر نەفرەتی لێ بکەن و، هەڵسوکەوتی دەگەڵ نەکەن و شەڕیشی لە هەمبەر ڕابگەیەنن).

لە ئەنجامی ئەمەدا بۆمان هەیە بیر لەوە بکەینەوە کوردەکان تا چ ڕادەیەک وابەستە بە هەبوونی ئەتنیکییانەی خۆیان بوون و، ئەوەشیان ڕەت کردۆتەوە کە سەر بە کەسانی تر بن (بە کەمترین شت ڕازی بن کە ئەویش هاونیشتمانییانی پلە دوو بن)، لە هەمان کاتیشدا داکۆکییان لە ناسنامەی خۆیان کردووە.[5]

لەوانەیە دێڕە شیعرێکی (ئەبو دەلامە) بەس بێت بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان. هەڵبەت ئەم دێڕە شیعرەش سەبارەت بە (ئەبو موسلیمی خوراسانی)یە کە هەوڵی سەربەخۆیی خوراسان و جیابوونەوەی لە عەبباسییەکان داوە. ئەمەش بۆچوون و لێکدانەوەکەمان پشت ڕاست دەکاتەوە لە بارەی جۆشدانی هۆشیاریی خەڵک لە لایەن ڕژێمی سیاسی و، ڕەنگکردنی بە چەندین بیر و باوەڕی دژ بە کوردان و، تۆڵەسەندنەوە لێیان و زاڵبوون بەسەریاندا:

أفی دوله المنصور حاولت غدره

ألا إن اباؤک الکرد[6]

داخوا ئەوانە هەموویان بەس نین تا هەر قسە و باسێک لەسەر کوردەکان، لەمەڕ مافەکانیان وەک گەلێک، بکرێت بە قسەی هیچ و پووچ لای زۆربەی ئەوانەی کە لە سەردەمانێکی زووەوە تا ئێستا وەها وێنەیەکیان بۆ ماوەتەوە و، ئەم وێنە ترسناکەش بە تەواوەتی لایان بووەتە ڕاستی. ئەم جۆرە کەسانە، لەبەر چەندین هۆی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، کوردەکان وا نیشان دەدەن کە بێ دیرۆکن، سەرەڕای نیشتەجێبوونیشیان لە ناوچەیەکی جوگرافیایی کە شایەتی لەسەر هەبوونیان دەدات، بەر لە هەزاران ساڵیش، هەڵبەت بە سەدان ساڵیشە لە دژی کوردەکان کاری کوشتن و لەناوبردن و خوێنڕێژی و وێرانکاری ئەنجام دەدرێن، کە دواییینیان کارەساتی هەڵەبجەی ئاداری ١٩٨٨ و، وێنەی کارەساتە خەماوییەکانی تری سەدان هەزار کەسی بوون کە لە گوند و شارەکانیان لە کوردستانی عێراق لە ئاداری ١٩٩١ دەردەچوون، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جەختکردنە لەسەر ئەو تێڕوانینە نزمە لە هەمبەر کوردەکان وەک گەل و نەتەوە.[7]

لەوانەیە دوا ناولێنانی سیاسیش کە لە ڕەگ و ڕیشەدا ڕابردوویەکی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستانەی هەیە و ئامرازێکە بۆ دەسەڵات و زاڵبوون و، ئامانجەکەشی ڕێگەپێدانە بە هەر کارێکی سەرکوتکەرانە لە دژی کوردەکان بە مەبەستی درێژە پێدانی ئەم دەسەڵاتە، ناولێنانی (کەمایەتی) بێ بۆ کوردەکان لەتەک ئەوانی دیکە کە ئەمڕۆ بە ژمارە و بڵاوبوونەوە و

کاریگەرییان لە ناوچەکەدا، لە چاو کوردەکان، کەمترن، بە تایبەتیش پاش ئەوەی کە کوردستان لە نێوان تورکیا و ئێران و سۆڤیەتی جاران و عێراق و سوریا دابەش کرا، ژمارەی کوردەکانیش پێکڕا لە ژمارەی دانیشتوانی چڕترین دەوڵەتی عەرەبی زیاتر دەبێت، کوردەکان کە لە بیست ملیۆنیش زێدەتر دەبن، کەمکردنەوەیان بەم شێوەیە مەغزایەکی سیاسی و ئەتنیکی دەبێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانگرنە خۆ، بە تایبەتیش ئەگەر زانیمان تا چ ڕادەیەک لە ڕووی نەتەوەییەوە دەتوێنرێنەوە و، هەموو شتێ کە وابەستەی پێناسەیان بێت ڕەش دەکرێنەوە و، بە زیاتر لە ڕێگایەکیش لە گۆشەیەکەوە وەلا دەنرێن، هەروەک چۆن لە تۆمارە سیڤیلییەکاندا بە هاووڵاتی ناونووس ناکرێن، ئەم کردەوەیەی دواییان بە ڕەتکردنەوە یا هەڵوەشاندنەوەی سادەترین مافەکانی مرۆڤایەتی و پێشێلکردنیان دەژمێردرێت. بە هەزاران هەزار کورد کە جوگرافیا بەر لە هەزاران ساڵ شایەتی هەبوونیانە، لە زێد و واری خۆیان بێبەش دەکرێن و، گشت مافێکی شارستانییان لێ زەوت دەکرێ و، ددانیشیان پێدا نانرێت. ئەم کردەوانەش بە شێوەیەکی نەرم و بە شێنەیی و لەسەرخۆ ئەنجام دەدرێن و دوور لە کارە شۆڤێنییەکانی ئەم و ئەو ڕژێم.

کەمایەتی بە مانای ئاماژە بۆکراو دەروازە و ئامرازێکە بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی دەسەڵات بەسەر کوردەکاندا و قسەکردن بە نێوی ئەوانیشەوە. لەوانەیە لەم بوارەدا قسەکەی «بورهان غەلیۆن» لە شیکردنەوە سیاسییەکەیدا سەبارەت بە چەمکی کەمایەتی بە کەڵکمان بێت کە دەڵێت:

> **بەتەنێ ئاخاوتن لەمەڕ کەمایەتی بەسە بۆ وەلاتانی مەسەلە سەرەکییەکە و بچووککردنەوەی بە جۆرێک کە تەنیا چارەنووسی بەشێکی گچکەی کۆمەڵەکە بگرێتەوە. خودی وشەی -- کەمایەتی --یش بناغەی تەنگوچەڵەمەکە وەلا دەنێت. مەسەلەکە وا دێتە بەر چاو وەک ئەوەی کە زۆربە ناچار بێت چارەسەر یا چاوێک بە گیروگرفتی کەمینەدا بخشێنێت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامۆیی خۆی دەنێو کۆمەڵگادا دەخاتە ڕوو. لەو کاتەشدا لەبیرمان دەچێت کە لەم وشەیەدا چەمکێکی تەواوی نەتەوە یان کۆمەڵە خەڵک سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوە دەکات و خۆ ڕێکدەخات و، دیاریکردنی کەمایەتیش بە مانای دیاریکردنی زۆربایەتی و یەکگرتنی کۆمەڵە خەڵکەکە دەگەڵ زۆرینەی ئایینی و ڕەگەزی و.. تاد دێت.[٨]**

وێنەی کوردەکان بە هەموو ناولێنانە جوداکانی بە درێژایی سەردەمەکان لەگەڵ ئەم چەمکەدا ڕێک بوو. بە واتایەکی دیکە داگیرکەر، یان دوژمنی هەرە سەرسەخت بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ناوانە، کە بەکاری دێنان و ڕەواجیشی پێ دەدان، زیاتر بازنەی لە کوردەکان تەنگ دەکردەوە و بە شێوەیەک کە خۆی ئارەزووی لێ بوو، ڕەوتی کار و پێشهاتەکانی وەڕێ دەخست.

ئەم چەمکەش(کەمایەتی) لە کاتی ئێستادا زیاتر قووڵ دەبێتەوە، چونکە هۆشیاری نەتەوەیی زیاتر قووڵ بۆتەوە و کاریگەریی زۆریشی بۆ سەر دەست نیشانکردن و دیارکردنی ڕەفتاری تاکەکەسانی کۆمەڵگا و، هەروەها وێنەکێشانی خەسڵەتە سەرەکییە ئەتنیکییەکانی گەلان هەیە، بە تایبەتیش لەو کۆمەڵگایانەی کە هەندێ جار بە (جیهانی سێیەم) لە قەڵەم دەدرێن و، دەوڵەتانی ناوچەکەش کە کوردەکان لە خۆ دەگرن و لە چوارچێوەی سنوورە سیاسییەکانیشیاندا گوشاریان بۆ دێنن، لەم جیهانی سێیەمەیە... بە گەلێ بیانوو شەڕی کوردەکان دەکرا و لە نێودەبران. ئایین پەردەیەکی ئەستوور بوو کە ڕەوایی بە سیاسەتی پیادەکراوی دەوڵەتە عەرەبییە -- ئیسلامییەکان دەبەخشی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی کوردەکان و قەڵاچۆکردنیشیان. هەندێ جار کوردەکان بەوە تاوانبار دەکران کە لە دژی ئەو دەوڵەتانە پیلان و نەخشە ئامادە دەکەن و، هەندێ جاریش بە جەردە و ڕێگر ناو دەبران. تەنانەت بە ناوی ئایینیش شەڕی کوردەکان کراوە، گوایە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە خەڵک یەکبخات نەک ناکۆکییان لە نێواندا بنێتەوە. بەڵام لێرەدا ئەو (ئیسلام)ەی کە مەبەستە دیاری نەکراوە، داخوا کێ نوێنەرایەتی ئەو ئیسلامە دەکات و، کێش بەرژەوەندی لە بەردەوامبوون و بە سیاسەتکردنی ئەو ئیسلامە دایە! (لە حاڵی حازریشدا) بە نێوی نەتەوە شەڕی کوردەکان دەکرێت، گوایا کوردەکان دوژمنایەتی میللەت و نەتەوەی (عەرەب) دەکەن و، بۆ ئەم مەبەستەش مامەڵە دەگەڵ دوژمنانی عەرەب و عەرەبایەتی(لە پێش هەمووانیش زایۆنییەکان) دەکەن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە عەرەب. خاوەنانی ئەم بۆچوونانە لە لایەک کوردەکان بە کەمینە دادەنێن و، لە لایەکی تریشەوە هەست و ئەستی نەتەوەیی کوردەکان بە مەترسی بۆ سەر عەرەبایەتی دەزانن. بۆ جەختکردن لەسەر بیر و ڕاکانیشیان هەندێ نموونە لە مێژووی عەرەبیی ئیسلامی و، فەرموودەکانی پێغەمبەر و، دیمەنی چیرۆکناسا، یان ئایەتی قورئان دێننەوە، لە ڕێی ئەم نموونانەشەوە دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە ئیسلام ئایینی سنگفراوانی و لە یەک خۆشبوون بووە و، هەموو شتێکیشی بە کوردەکان بەخشیوە تاکوو بە هۆیانەوە بتوانن، وەک سەرجەم ڕەگەز و میللەتانی تر، دە نێو نەتەوەی ئیسلامیدا، هەست و خواستەکانی خۆیان دەربڕن و باس لە هەبوونی خۆشیان بکەن.. ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە، لە نەزانینیانەوە بێ یان بە ئەنقەست مەسەلەکە فەرامۆش بکەن، پشت بە ئەنجەت و جۆرێک لە بڕوبیانوو دەبەستن کە لە چوارچێوەی تیۆری زۆربەی باڵادەست و گشتگر تێپەڕ ناکات. ئەوان پشت بە مێژوویەکی تۆمارکراو لە لایەن ڕژێمێکی سیاسییەوە دەبەستن کە بە خەیاڵ بۆ خۆی وێنەیەکی بەهاداری کێشاوە و، گوایا لەوپەڕی لوتکەی نموونەیی و برایەتیی مرۆڤایەتی دایە. ئەم قسانە لێدان لە ئیسلام نییە، بەڵکوو نارازیبوون و دانەدواوەی وەها بیرکردنەوەیەکە کە شەقڵ و مۆرکێکی (تۆباوی) هەیە. هەر خەلیفەیەکی ئیسلامی خاوەنی مێژوونووسانی خۆی بوو، گوایا بە شێوەیەکی نموونەیی مێژوویان دەنووسییەوە و، دیارە خەلیفەش هەوڵی داوە هەر مێژوویەکی لە هەمبەر خۆی ڕەت بکاتەوە. زۆر لە ڕووناکبیرانی عەرەبیش دە خەون و خەیاڵی وەها بۆچوونێکی بۆشدا کەوتوون. بەڵام وەها بۆچوونێک، هەر چۆنێ بێ، بە تەواوەتی دەربڕی ڕابردووی فیکریی ئەو ڕۆشنبیرانەیە.[٩]

لێ بەڵێ ئەو وێنەیەی کە سەبارەت بە کوردەکان بۆمان مابۆوە، لە پاش شەڕی کەنداو لەرزە لەرزی وێکەوت. کوردەکان کە لە سایەی پێشهاتەکانی جەنگی کەنداو و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان، تووشی نسکۆ و کارەساتی زۆر هاتن، ئەمانە هەموویان بە ڕووداوێکی هاسان نازمێردرێن. لەسەر ئاستی جیهانی و عەرەبیش تیشک خرا سەر کوردەکان. ئەو غوربەتی و خۆ بە دوور گرتن و دوورەپەرێزییەی کە ڕاگەیاندنی عەرەبی پێ شەتەک درابوو، لێرە و لەوێ، بە شێوەیەک لە شێوەکان، گۆڕانی بەسەردا هات و، بووە ڕاستییەکیش. ڕاگەیاندنی

عەرەبی، بە ڕێگایەکی گونجاو، بە پێی ڕەوشی سیاسی هەر دەوڵەتێکی عەرەبی و، هۆشیاریی ڕۆژنامەوان و ڕووناکبیری عەرەبی، باسی لەو بۆشاییە مەعریفی و دەروونییە دەکرد کە ئەوی لە وێنەی کورد، کە وێنەی (یەکێکی دیکەیە) و بە نەتەوەش جیاواز، جیا دەکردەوە. (لێرەدا بۆمان هەیە بە جودا باس لە ئەدەبیاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، بە تایبەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، بکەین. دیارە ئەم ڕیزپەڕی و جوداکردنەوەیە هەموو شتێک و موتڵەق نییە). وێنەی ئەوی دیکە (لێرەدا مەبەست لە کوردە) کە لە ڕووی نەتەوەییەوە جیاوازە، تەنانەت لە چوارچێوەی نێونەتەوەییشدا، پشت گوێ نەخرا (لە دیدی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی)، بە واتایەکی تر چەمکی نەتەوایەتی لەنێو چوارچێوەی نێونەتەوایەتیدا جێی بۆ کرابۆوە، لەسەر زۆر ئاست و، گەلێ پێشکەوتووتر و مرۆڤانەتریش لە هەر چەمکێکی نەتەوەیی و خەسڵەتێکی ئایینی. دواتر دەبینین کە تەنانەت ئەم بۆچوونەش ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی (تۆ بڵێ نەتنیکی) بە خۆوە گرتبوو. بەڵام لێرەدا پرسیارەکەمان ئەوەیە بۆ دەبێ کتومت لە کاتێکی وادا ئەم وێنەیە (وێنەی کورد) تووشی ڕاچڵەکان و لەرزەلەرز هاتبێ؟

ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی خۆڕسک و کتوپڕ جووڵە جووڵی وێ نەکەوت و بوعدی سیاسی و کۆمەڵایەتی تری نوێشی وەرنەگرت. ئەگەر هەر ڕووداوێک هۆکاری خۆی هەبێت، لەرزینەوەی وێنەش ـ لەوانەیە ـ. گرێدراو بە زیاتر لە هۆکارێکی بابەتی بێت.

**ئا) لەسەر ئاستی دەوڵەتان:**

١-کۆمەڵێک کارتێکەر لە ئەنجامی هاتنە ئاراوەی پەرەسترۆیکای سۆڤیەتی و، داواکەی بۆ یەک جیهان کە بە ناوی (سیستەمی یەک جەمسەری) ناو دەبرێت، سەریان هەڵدا. ئەمەش بە مانای سەرلەنوێ پێکهێنانی سیستەمێکی جیهانی دێت کە لەگەڵ ئەم دروشمە یەک بگرێتەوە.

٢- هەستی نەتەوەیی و پشت بە خۆ بەستن، ئەنجامی هەرە بەرچاوی ئەم پەرەسترۆیکایە بوون. ڕووداوەکانی زۆربەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هی تر و، دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش، شایەتێکی گەورەی ئەم قسەیەن.

جۆش و خرۆشی نەتەوەیی کە ئەم دەوڵەتە ناوبراوانە و کۆمارەکانی (یەکێتی سۆڤیەتی جارانیان) گرتۆتەوە و، ئەو ڕووداوە گەرمانەی کە لە تەقینەوەدان، یان لە سایەیدا لە دایک دەبن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن ئەو هۆشیارییە نێونەتەوەییەی، کە لەم دەوڵەت و کۆمارە ناوبراوانەدا، بە هۆی ڕاگەیاندنەوە باسی لێوە دەکرا، فری بەسەر ڕاستییەوە نەبوو. ئەوی ڕاستی بێ هۆشیاری نەتەوەیی لە ناوەوە دەکولا و، چاوەڕێی هەلێکی لەباری دەکرد. ئەوەی کە ئەمڕۆش دەیبینین، لە شێوەی گۆڕانکارییە جوداکان، دەقاودەق بەڵگەن بۆ ئەم وتانە.

بگرە بۆمان هەیە بڵێین هەمان جۆری هەستی نەتەوەییمان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش چاو پێ دەکەوێ، کاتێ لە نەخشە دوارۆژییەکانی ئەم دەوڵەتانە ورد بینەوە کە بۆ خۆیان وێنەیان دەکێشن، لە چوارچێوەی مانەوە بە ڕواڵەتی (هەرە بەهێز) لە پاشەڕۆژ و، داکۆکیکردن لەم وێنەیەش بە زیاتر لە ڕێگایەک..

٣- لە بەرامبەر ئەمەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێش هەر دەوڵەتێکی دیکەی ئیمپریالیستی، بە هۆی پایە و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ڕاگەیاندن و.. تاد، توانی هێزی پەرەسترۆیکا بمژێت، بە تایبەتیش ئەو بەندەی کە جەختی لەسەر یەکێتی جیهان دەکرد، هەروەها بیکات بە دژە پەرەسترۆیکا. یان بە مۆدێلێکی ئەمریکایی چەکدار کە جیهان لە زۆر ڕووەوە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەمەش لە میانەی خولقاندنی ناوچەگەلێکی گرژ و پڕ کێشە بۆ ئەوەی بێن بە هاندەر تا ئەمریکا دەستیان تێ وەربدات و، هاوپەیمانە ئەورووپایی و ئەوانی دیکەش بەدووی خۆی کێش بکات و، لە بازنەی بایەخپێدان و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دایانبنێت. لەوانەیە شەڕی کەنداو چاکترین هەلی زێڕین بووبێت بۆ ئەمریکا، لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت بە هەڵوەشانە ناوخۆییە قووڵەکانییەوە سەرقاڵ بوو و، کۆمەڵە دەوڵەتێکی لێ کەوتەوە و، لەنێو ئەو دەوڵەتانەشدا، لە دوارۆژ، هەڕەشەی زیاتر لە تەقینەوەیەکی ناوخۆیی پێشبینی دەکرا، ئەمانە هەلی زێڕینیان بۆ ئەمریکا هێنا پێشەوە بە مەبەستی تەقاندنەوەی ناوچەکە (ناوچەی کەنداو) و، ئیسپات کردنی بۆ جیهان: یەکێتیی جیهان مومکینە، بەڵام بە مەرجە ئەمریکاییەکان و لە ژێر بەیداخی ئەمریکاش..

**ب) لەسەر ئاستی عەرەبی:**

١- دابەشبوونە گەورەکان کە نیشتمانی عەرەبییان کردبووە کۆمەڵە بلۆکێک، کە ئیشق و تەماحی دەسەڵات، یان یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەم و ئەو ڕژێم، کۆیانی دەکردنەوە.[١٠]

٢- جەنگی عێراق لە دژی ئێران، بە شێوەیەک، ڕێگای لەبەر داگیرکردنی کوێت دەکردەوە.

٣- پرۆسەی داگیرکردنەکە، قووڵترین کون و کەلەبەری لە ڕیزە عەرەبییەکان، نەک ڕیزی عەرەبی، کردەوە. دیارە دابەشبوونە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لەنێو عەرەبدا گەلێکن، هەر بۆیە (ڕیزە عەرەبییەکان)مان بەکار هێناوە. ئەم پرۆسەیە مەزنترین شکستی بۆ عەرەب هێنا ئاراوە، کە هەر خۆشیان بە پلەی یەکەم و بە شێوەیەکی گشتی، لە دوڕ ماڵی خۆشیاندا، ئامرازی پرۆسەکە بوون. ئاکامەکەشی گۆڕینی تەواوی بیر و بۆچوونە سیاسی و کولتووری و چەمکی نەتەوە و یەکێتی و هاوکاریی عەرەبی.. تاد بوو. پرۆسەی داگیرکردنەکە عەرەبەکانی بۆ ئەعرابی (سەردەمی جاهیلییەت) گۆڕی کە لە ڕووی سیاسی و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییەوە، ناکۆک و نارێک و شەڕی یەکتریش دەکەن.[١١]

٤- دەرکەوتنی ڕژێمی عێراقی لە کاتی پەلاماردانیدا بۆ سەر کوێت، وەک زیاترین ڕژێمی عەرەبی کە تا ئێستا پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی خستبێتە ژێر پێوە و، پەیماننامە و ڕێککەتننامەکانی زانکۆی عەرەبیشی لەبەر چاو نەگرتبێ، بە تایبەتی ئەو بەندەی کە گرێدراوە بە دەستدرێژینەکردنە سەر هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی لە لایەن دەوڵەتێکی عەرەبی دیکەوە و داگیرنەکردنی خاکەکەیشی. هەر وەک چۆن یەکێک گوتوویەتی: (گومان لەوەدا نییە کە شاڵاوی عێراق بۆ سەر کوێت، لە دووی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٠، بە یەکێک لە بڕیارە هەرە ترسناکە گەوجەکان لە دیرۆکی نوێی عەرەبی دەژمێردرێت).[١٢] ئەم کارە سەرنجی زۆر لە ڕژێمە عەرەبییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا، بە تایبەتیش دەوڵەتەکانی دیکەی کەنداو، کە داوایان لە (ئەمریکا)ی هاوپەیمانیان کرد تا بە هانایانەوە بێت، دیارە پێش هەر شتێک بۆ خۆ پاراستنیان وەک ڕژێمگەلێک. ئەم دەوڵەتانەی کەنداو داوای یارمەتییان لە هەندی

دەوڵەتانی تری عەرەبیش، بە تایبەتی میسر و سوریا کرد. هەڵبەت هۆکاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی لەم بوارەدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە کە نابێ فەرامۆش بکرێت. ئەمانە گشتیان ئەم دەوڵەتانەیان ئامادە کرد، لە ڕێگای ڕاگەیاندن و تا ڕادەیەکیش نووسەرەکانیان، بەرپەرچی ئەم پێشێلکردنە ساتیرئاسایەی عێراق بدەنەوە..

٥- دوای وەستانی شەڕی کەنداو لە ٢٧ی فێبریوەری ساڵی ١٩٩١، زنجیرەیەک لە قەسابخانە و لەناوبردنی بە کۆمەڵ پێکهاتن، کە ڕژێمی عێراقی بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی دۆڕانە پیسەکەی، لە دژی گەلەکەی بە هەموو نەتەوەکانییەوە، بە تایبەتیش لە هەمبەر کوردەکان، ئەنجامی دان، ئەمانە بوون بە فاکتەر و پاڵپێوەنەرێکی تری بەهێزتر بۆ بەرزبوونەوەی دیکتاتۆریەتی ئەم ڕژێمە، کە لەسەر ئاستی جیهانی و دەوڵەتە عەرەبییەکانیشدا (هەروەک هەمیشە لە نێوان لایەنگر و دژ) تیشکی خرایە سەر. دیارە قوربانییە گیانی و ماڵییەکانی گەلی کوردیش، لە بری نرخی دۆڕان و ڕەفتار فاشیستانە و ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم، شتێکی گەلێ ترسناک بوون. ئەوەی کە بەسەر کورددا هات، کاریگەری و دەنگدانەوەی جیهانیی هەبوو.

ئەوانە گشتیان بە یەکەوە هەر دەبوایە، بە هەر شێوەیێ بێ، زیاتر لەسەر ئاستێکی عەرەبی، ئەو وێنەی کە لەبارەی کوردەکان بۆمان ماوەتەوە، بگۆڕێن.. لێرەوە، بەسەرکردنەوەی وێنە گۆڕاوەکە و، چۆنیەتی پەیدابوونی و، بە پلەی جیا جیا و، بە پاڵپێوەنەری جوداش، لەسەر گۆڕەپانە عەرەبییەکە، یەکەم بە شێوەی ڕاگەیاندن و، دووەمیش بە شێوەیەکی ڕۆشنبیریی فراوان و تایبەتی، پێویستییەکی بەرچاو بوو. وێنەی کوردەکان کە ڕاستیی یەکێکی دیکەی بە نەتەوە جیاواز پێک دێنێت، لە هەمان کاتیشدا ڕاستیی ئەم وێنەیە (وێنە گۆڕاوەکە) ئاشکرا دەکات. ئەمەش بە دەوری خۆی ڕاستیی هەڵگری وێنەکە (بە نەتەوە جیاواز) و، ڕەخنەگرانیشی لە ڕووی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە ئاشکرا دەکات.

ئەو زەبر و زەنگەی لێرە و لەوێ و لەسەر چەند ئاستێکیش عەرەب لە دژی کوردانیان بەکار بردووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە لایەکەوە بە چاوی کەمایەتی سەیری کوردانیان کردووە و، لە لایەکی تریشەوە بە (نامۆ و نەناس) لە (ڕیزی عەرەبی)یان داناون. ئەو زەبر و زەنگەی کە کوردەکانیش بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان، لە هەبوونیان، گرتوویانەتە بەر، بە هەنگاونان لە زەمینەیەکی هاوبەش دەگەڵ غەیری خۆیان، لەگەڵ برا عەرەبەکانی تریان لە عێراق، لە نموونەی ڕاپەڕینی عێراقییەکان بە ئەتنیکە جۆراوجۆرەکانییەوە، لە ڕەگ و ڕیشەدا داکۆکیکردن بووە لە مرۆڤایەتیی پێشێلکراو و لەبن پێنراویان. ئەوەی کە لێرە و لەوێش لەسەر ئاستی عەرەبی، لە دید و بۆچوونێکی نەتەوەیی جیاواز، لەمەڕ زەبر و زەنگی کوردەکان نووسراوە، مەحاڵە چاوی لێ بپۆشرێت، چونکە زیاتر لە پرسیارێکی چارەنووسساز لە بارەیەوە دێتە ئاراوە.

**تێبینی وەرگێر:**

سەرچاوەی ئەم وتارە کتێبی (صوره الاکراد عربیا بعد حرب الخلیج)ە کە لە لایەن مامۆستا ئیبراهیم **مەحموود** نووسراوە و لە ساڵی ١٩٩٢ چاپ کراوە. نووسەری ناوبراو کە لە بەیروتی لوبنان دادەنیشێت لە ڕێی وتار و لێکۆڵینەوەکانییەوە ناسراوە و لە گۆڤارە عەرەبییە بەرچاوەکان بەرهەم و نووسینەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە. هەر بۆ نموونە لە گۆڤارەکانی: دراسات عربیه، الطریق، المستقبل العربی، الفکر العربی، النهج و.. تاد. بێجگە لەم کتێبەی کە لێرەدا ناوی هاتووە، نووسەر کتێبێکی دیکەشی لەسەر بونیادگەری نووسیوە. من خۆم تەنیا جارێک، لە بەرنامەیەکی عەرەبیی میدیا تێڤێ، گوێم لە نووسەر بووە، کە لە بەیروتەوە بە تەلەفۆن قسەی کردووە.

لە کاتی وەرگێڕانی بابەتەکەدا هەوڵم داوە بە هەمان شێوەی خۆی، تەنانەت لە ڕووی خاڵ دانان و شتی بچووکی تریشەوە، هیچ جۆرە دەسکارییەکی بابەتەکە نەکەم. ئاواتەخوازم بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا بێت.

**تێبینی گزینگ:**

بە هۆی درێژیی وتارەکە، بەشی یەکەمی ئەو نووسراوەیە، کە تایبەت بوو بە مێژووی دەورانی دێرین و سەدە ناوەندییەکان ... نەهاتووەتە چاپکردن.

**تێبینی و سەرچاوەکان:**

١)سەبارەت بەمە بڕوانە وتاری (مخلص بغدادی): الاکراد ضحایا التاریخ الملوث، ١٩٨٨-١٠-١٨، ڕۆژنامەی السفیر، ژمارە ٥١٠٤.

٢) بگەڕێوە بۆ کتێبی (المسعودی)، (مروج الذهب)، بەرگی دووەم، دار المعرفه، بیروت، ل: ١٢٣-١٢٢.

٣) کتێبی (مارگرێت کان) بە ناوی (ابناء الجن: مذکرات عن الاکراد و وطنهم)، گۆڕینی بۆ عەرەبی: نورا شیخ بکر، ڕاستکردنەوەی زمانەوانی: دحام عبد الفتاح، مطبعه الخلود، دمشق، ساڵی بڵاوکردنەوەی لەسەر نییە.

٤) الاصبهانی: محاضر الادباء و محاورات الشعر و البلغاء، لە کتێبی (هادی العلوی): المستطرف الجدید نصوص تراثیه منتقاه بمعیار نقدی معاصر، دار الطیعه، بیروت، ط ١، ١٩٨٠، ص ٢١٦.

(٥) سەبارەت بەمە بڕوانە: محمد امین زکی بک: خلاصه تاریخ الکرد و کردستان"من اقدم العصور حتی الان"، گۆڕینی بۆ عەرەبی و لێدوانی: محمد علی عونی، ١٩٣٦، بیروت، طبعه ١٩٨٥. هەروەها بڕوانە: بلەچ شیرکوه، القضیه الکردیه"ماضی الکرد و حاضرهم"، مصر١٣٤٩ ـ ١٩٤٠.

٦- بڕوانە: د. احمد علبی، الانقلاب العباسی، لە گۆڤاری (المسیره)، ژمارە ١١، ١٩٨٠، ل ٢١.

-- [ماناکەی: تۆ لە دەوڵەتی مەنسووردا هەوڵی ناپاکیت دا؟ بەڵێ! بێگومان ڕاستە، باووباپیرانی کوردی تۆ ناپاک و بێ ویژدانن. (بڕوانە: جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، ١٩٨٤، سوید، ل ٢٥. م. کوردی]

٧) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: کتێبە ناوبراوەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ. هەروەها بڕوانە: جلیلی جلیل، من تاریخ الامارات الکردیه فی الامبراطوریه العشمانیه فی النصف الاول من القرن التاسع العشر، گۆڕینی بۆ عەرەبی: د. محمد عبدو البخاری، دار الاهالی، دمشق، ط ١، ١٩٨٧. زنجیرە وتارێکی "نبیل فیاض" سەبارەت بە کوردەکان، لە ڕۆژنامەی الدیار، ژمارەکانی ١٣، ١٤، ١٥(١٩ی نیسانی ١٩٩١). وتارێکی: د. عدنان الرشید، الاکراد شعب یتیم، ڕۆژنامەی(الجزیره ـ سعوودیە، ١٨ی نیسانی ١٩٩١.. تاد.

٨) د. برهان غلیون: المساله الطائفیه و مشکله الاقلیات، دار الطلیعه، بیروت، ط ١، ١٩٧٩، ص٦-٥.

٩) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە: صوره الاکراد عربیا بعد حرب الخلیج (کتێبەکەی نووسەر خۆی، م. کوردی).

١٠) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: محمد السید سعید، مستقبل النظام العربی بعد ازمه الخلیج، الکویت، عالم المعرفه، شباط ١٩٩٢، ص ٦٩-٣١-١٣...الخ.

١١) لە وتاری (المستقبل المفقود لبلدان العالم الثالث) باسی ئەم خاڵەم کردووە کە لەوانەیە پاشتر لە گۆڤاری (شؤون الاجتماعیه)ی ئەماراتی بڵاو بکرێتەوە. هەروەها لە وتارێکی دیکەش: قراء مارکسیه للقومیه العربیه فی راهنیتها من منظور مختلف، لە گۆڤاری (دراسات اشتراکیه)، ژمارە١١٦، ١٩٩١.

١٢) د. محمد السید سعید، لە کتێبی ناوبراوی، ل ١٣.

کوردان کەریم مەحمود

# ئایا «لاپەڕەی ئازاد»ی پێشڕەو، هومێدێکە بۆ ئازاد بوون؟

بەبۆنەی بزووتنەوەی جەماوەریی شارەکانی کوردستانی ئێران، ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران لەکوردستان، دەگەڵ هێژا کاک عەبدوڵلا موهتەدی دیدار و وتووێژێکی پێک هێناوە و «پێشڕەو»، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی ح.ک.ا(کۆمەڵە) دەقی وتووێژەکەی لە پاشکۆی ژمارە(٩٨-٩٧)ی خۆیدا بلاو کردۆتەوە. هەروەها کاک «حسن رحمان پناە» وتووێژەکەی کاک عەبدوڵلای داوەتە بەر نیگای قەڵەم و بە بەرد و تەرازوی خۆی هەڵی سەنگاندووە و، بەرهەمی هەڵسەنگاندنەکەش لە «لاپەڕەی ئازاد»ی ژمارە ١٠٤ی «پێشڕەو»دا چاپ کراوە.

لەوەیکە هومێدی «لاپەڕەی ئازاد»ێکمان لە «پێشڕەو»دا هەیە و دەتوانین بیر و بۆچوونی خوێنەرانی تێدا بەدی بکەین، من لە نۆرەی خۆمدا بە دەروازەیەکی هومێدبەخشی دادەنێم و هیوادارم بۆ خۆدەرخستن و خۆنواندنی بیر و بۆچوونە لێک جیاکان و بۆ دەرکەوتنی واقعییەت، «پێشڕەو» ئەوەندە ئازادی بدات بەخوێنەر، کە خۆی ئەوەندەی ئازادی بۆ نەمێنێتەوە کە ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی نووسراوەی خوێنەران بۆ چاپکردن، یان لەبۆ ڕادانیان. بەگوتەیەکی سەر ڕاست تر، ئەو هیوایە لە«پێشڕەو» دەکرێ کە ببێتە ڕچەشکێنێک بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی بەتەواو ماناوە ئازاد.

ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران لە کوردستان و هێژا کاک عەبدوڵلای موهتەدی دیدار و وتووێژێکیان بە ئەنجام گەیاندووە، کە لک و پۆی درەختی ئاخاوتن و پرسیارو وەڵامەکان باڵیان بەسەر ئەو بزاڤ و بزوتنەوە جەماوەرییە دا کێشاوە، کەوا لەسەرەتای ساڵی(٩٩)دا، هەر دوابەدوای گرتن و ڕفاندنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوور پێک هاتبوو؛ ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەک کە ئەودەم سنووری نەناسی و بەبێ ڕێبەریکردن و ڕێکخستن و سازمانکاری، بە پانایی هەموو خاکی کوردستانی مەزن خۆی لەبەریەک کێشایەوە و سەری لە ڕژێمە داگیرکەرەکانیش شێواند؛ هەر نەک لە ناوەوەی وڵاتدا، بگرە لە دەر و هەندەرانیشدا شەپۆلی سەرهەڵدانی جەماوەران و خۆ بەختکردن و دەست لەگیان شوردنی کەسان، لێکدانەوە و حیساباتی ئەمپریالیستەکانی تووشی سەنکۆپ و ستۆپێکی کاتی و کورتەدەم کرد. بە باوەڕی دۆست و دوژمن، ڕاپەڕین و هەڵچوونی ئەوتۆ هەتا بەئیمڕۆ، لە جیهاندا وێنە و نموونەی زۆر کەم بووە. ئەم ڕاپەڕینە جیهانییە بۆ سێ لایەنان گرینگ و جێی سەرنج بوو؛ لایەنی یەکەمیان هەژاران و ژێرستەمانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون، کە بە تێکڕا ماف پێشێلکراوانی دەستی هەر ئەو ستەمکارانەن کە بە پیلانی یەکگرتووی چەتەگەرانەیان سەرۆکێکی کورد ڕفێنرابوو؛ هەژارانی مەڵبەند لە سۆنگەی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا دەهاتن کورد بناسن و لە هەمان کاتیشدا مژی و مێشکیان بە ئاگا بێتەوە کە دەگەڵ کورد هاو دەردن و دەرمانی دەردیشیان هەر یەکە. لایەنی دووهەمیان سەرجەم وڵاتانی ئەمپریالیستین، کە تەقینەوەی قین و ڕاپەڕینی ژێرستەمەکان و تێکەڵبوونی هێز و هزر و پوتانسیەلە شۆڕشگەرەکانیان لەمەڵبەند دا، مەرگەسات و فەنا و فەوتانێکی گەورە و گرانیان بۆ بەدیاری دێنێت. خۆیا و ئاشکرایشە کە جنووکەی بەرژەوەندییەکانی ستەمکاران لە بای بیسمیللای ڕاپەڕینی ستەم لێکراوانی جیهانی دەلەرزێت و گەر ئەم هەستێ، ئەو ڕۆح بەسەر خودا دا دەکاتەوە. لایەنی سێهەمیان پارت و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە چالاکەکانی ناو کوردستانن، کە لەڕاستیدا چونکە ئەوان خاوەن و خانەخوێی حەیاتی سیاسی خەڵک و نیشتمانەکەی خۆیانن، بەپێی پرەنسیپی ناو پێرەو و پرۆگرامەکانیان و بەگوێرەی ئوسولیش بوایە، ئەم چاوەڕوانییەیان لێ دەکرا کە لەم هەلە گونجاوە دا هەموو توانای سیاسی و گشت وەشان و بلاڤۆگ و دەنگ و ڕەنگی ڕادیو و تەلەڤیزیۆنەکانیان بۆ سازماندەهی کردنی بزووتنەوەکە خستبایە گەڕ و بەرهەمی سودمەندیان لێ وەرگرتبایە. لێ مخابن چەلێ سەرکردایەتیی سوپای هەژاران کزتر و بێ تواناتر لەوەیە کە بتوانێ مۆمێک دابگیرسێنێ و چەخماغەی ئاخرین شەڕی سەر و ماڵی پێ لێ بدات. بەپێچەوانەش، ئەزموون و لێزانیی ستەمگەران لەسەرتر و باڵاتر و هەورازترە. هەربۆیەیە، بەرلەوەیکە ڕایەڵ و لزگەی شۆڕشی میللەتانی پێ لە بەند تێکەڵی یەک ببێت و لافاوی سامناکی لێ چێ ببێت، ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکان کە بۆنی تێداچوونی قازانجی زلهێزەکانیان لێوە دێت و هومێدی سەرکەوتنی ڕەنجدەرانی پێوەیە، یەک بەدوای یەکدا و، لەبەر چاوی بزووتنەوە یەکنەگرتووەکانی مەڵبەندا دەکرێنە قۆچی قوربانی و فیدای هەرمانەوەی بەرژەوەندیی زلێهزەکان دەکرێن. زۆر بەداخەوەتریش دەبێ بگوترێ کە شۆڕشی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر لەسەرەتاوە تا بەئێستا دەستیان نەداوەتە خەباتێکی فیکری لەدژی بیری دەربەگایەتی و، فەرهەنگی

فیئۆدالی بەسەر شۆڕشەکانی ئەم مەڵبەندە دێرینەدا هەر زاڵ بووە و هێستاش هەر زاڵە. هەربۆیە شۆڕشەکان ئەگەرچی لە نێوک و ناوەڕۆکەوە دژی کۆلۆنیالیزم و کاپیتالیزم و داگیرکەران بوون و هەن، بەڵام بەعادەتی دەرەبەگایەتی، نووکی تیژی ڕمبی سەرکردایەتییەکانیان ڕوو بەیەکە و هەمیشە دوژمنی قەستەسەر خراوەتە پشتی سەر؛ سا دوژمنی سەرەکیش لەپشتی سەرەوە چلۆن و چسان دەمانکاتە دەسکەلای کایە و بە چ شێوەیەک دەمانکاتە کەڵەشێرە خۆش ئاوازەکە و چلۆن بانگێکمان پێ دەدات و لەئاکامدا لە شایی و شینان دا بە چ دەستوورێک سەرمان دەبڕێت، ئیتر ئەوە هەرخۆی دەیزانێت.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەرزەمینی بەرەیەکی لێکدراوی کۆنی کەونارانی یە و، بێشکەی لەدایکبوونی بەشێکی هەرە زۆری زانست و شارستانیەت و سیاسەت و فەرهەنگ و ئایینزا کۆنەکانی سەر ئەم جیهانەیە. هەر ئیمڕۆش لەباری جوگرافیای کانزا و کان و بەرهەمی ژێر زەوینی و ئاو و ئاوەدانییەوە، سەرچاوەی وزەی بزوێنەری تەکنۆلۆژیای نوێ یە و، هەربۆیەشە ولاتانی یەکگرتووی ئورووپایی لە بەرێک و ولاتانی یەکگرتووی ئەمریکایی لەو بەرەوە و، دواتریش چاوبچکۆلانەکانی ڕۆژهەلاتی دوور لەکەنارەوە، بۆ پەترۆڵەکەی و بۆ داگیرکردنی بازاڕی فرۆشەکەی سەر و دەست دەشکێنن. ئەم سەر و مل شکاندنەش پتر لە سەدەیەکە دەستی پێکراوە و لە درێژایی ئەم ماوەیەشدا، کاپیتالیستەکان بۆ مسۆگەر بوونی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانیان زاناترانە و ژیرەکانە و هێمنانە کاریان کردووە. پێشەکی دەسکەلا بەکارەکانیان، واتە دەزگا میسیۆنەرەکان، فراماسیۆنەرەکان، ڕۆژهەلاتناسەکان، گەشتیارەکان و ڕەوەدەی دەست و پێوەندە جۆربەجۆرەکانیان ناردووە و خەڵکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستیان بەچەشنی کتێب پێ خوێندوونەتەوە. دوابەدوای ئەوان، هێزی (سیاسی - نیزامی)ی ولاتانی ناوبراو هاتوون و بەپێی ناسینی خەڵکەکان و بەگوێرەی ئەزموونی دەسکەوتوویان، موزاییکی چەندڕەنگە و دەیان توخمەی خەڵکانی مەڵبەندیان بە دانستە و بە مەبەستێکی تایبەت دابەش کردووە و قەوارەی(سیاسی - حکوومەتی)ی ئەوتۆیان بەناوی ولاتانی سەربەخۆ بنیات ناوە، کە بۆ هەر کامیان میللەتێکی سەردەستی حاکم و چەند کەمە نەتەوەی ژێردەست و دەیان گەرای ناکۆکی دینی و قەومی و عێلایەتی و عەشیرەتی چارەسەر نەکراویان تێدا جێ هێشتووە. کێشە چارەسەر نەکراوەکانیش لە درێژایی مێژوودا بەرە بەرە و هاو هەنگاو دەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگاکانی جیهانی و پەرەسەندنی بازرگانی و ئابووری، بەهۆی زل و زاڵتر بوونی ناسیۆنالیزمی حاکم، پلەی چەوساندنەوەکەیان هیندەی تر قووڵتر و بە ژانتر بوون. لە دەرەنجامی تەوژمی لەڕادە بەدەری ناسیۆنالیزمی حاکمی دژ بە ژێردەستان، دابەشکراوانی دەستی کۆلۆنیالیزمیش بەشێوەی سەردەمی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردووە و بناغەی شەڕێکیان لەمەڵبەند دا داناوە، کە هەر ئیمڕۆیش لەبەردەوامی خۆی دایە. ئەگەرچی شەڕی شاخ دژ بەشار ئیمڕۆکە باوی نەماوە و لە چەرخی سەرمایەداری دا گەمارۆی شار لە گوندەکانەوە بەلای خەڵکی ولاتانی پێشکەوتووی جیهان جێی پێکەنینە، بەڵام لەسۆنگەی چەند هۆیەکەوە، بەداخەوە هەمیشە ئەم شێوازە خەباتە بەسەرماندا بڕاوە. هۆی هەرە سەرەکی، دڕندەبوونی ناسیۆنالیزمی حاکم، واتە ناسیۆنالیزمی دەمارگرژی فارس و تورک و عەرەبە، کە ئەگەر چاوێک بە ئەرشیڤە ئاشکرا بووەکانیان دا بخشێنین، دەردەکەوێ لە سەرجەمی بودجەی (نیزامی - سیخوڕی)ی هەرکامیان دا، ڕادەی هەرە هەرە زۆری دەسمایەکەیان بۆ دزینی خەڵکی کورد، بۆ لەبەندکردنیان، بۆ شەڕ دەگەڵ کردنیان، بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و بۆ قەلاچۆکردنیان دەکار هێنراوە. هۆیەکی تریش کە هەر حاکمانی بەرچاو تەنگی فارس و تورک و عەرەب دەگرێتەوە، ڕاگرتن و ستۆپ پێکردنی کۆمەڵگای کوردەوارییە لە پێشوە چوون و گەشەکردنی باری (ئابووری - کۆمەلایەتی)یە. بەرهەمی ئەم پاش خستنەش، هەرمانەوەی ڕەنگ و فەرهەنگی دەرەبەگی یە، کە بەداخەوە لە ڕامان و ڕامیاریشمان دا ئەمە خۆ دەنوێنێت و چەشنە دەستەبەرکردنێکیشە بۆ هەڵبژاردنی شەڕی بە دوور لە سەرکەوتن.

شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی چەندین ئیمپراتوریای مەزنی هەڵوەشاند و بە هەڵوەشانی ئەوان، لە ئورووپادا چەندین نەتەوە ئازاد بوون و ئازادیی نەتەوەکان بوون بەهۆی بەئاگا هاتنەوەی میللەتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و دەرکەوتنی ناسنامەی نەتەوەیی. لە هەمان هەل و مەرجانیشدا، لەلایەکەوە گەلاڵەی چواردە مادەیی پێشنیاری ویلسۆن(سەرۆکی ئەو سەردەمەی ئەمەریکا)و لە بەرێکی ترەوە سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاریی سۆڤیەت، دوو شنەی گیان بووژێن بوون و هومێدێکی چڕو پڕیان خستە دەراوی دڵی بزووتنەوەی میللەتانی ژێر دەستە. یەکێک لە بەندەکانی گەلاڵەی چواردەمادەیی ی ویلسۆنی ئەمریکی بۆ پاراستن و دوورخستنەوەی جیهان لە شەڕێکی مەزن تر، پێی وابوو ولاتانی فرەنەتەوەیی کێشەی میللەتانیان تێدایە و هەمیشە ئەم خەتەرەیان لێ بەدی دەکرێت کە ئاگری شەڕی گەورە و گرانتر گڕ بدەنەوە. هەربۆیە میللەتانی ژێردەستەی ئەوسەردەمە پێیان وابوو کە ویلسۆنی ئەمریکایی پشتیوانێکی جگەرسۆزەیە بۆ پێکهێنان و سازکردنی ولاتانی یەک نەتەوەیی. هەر ئەو هیوایەش، هومێدێکی مەزنی بەشۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستە بەخشی. لەلایەکی تریشەوە (لێنین)ی پێشەوای سۆڤیەتی ئازاد، چارەسەرکردنی مەسەلەی میللەتانی بە ئەرکی دەوڵەتی پرۆلیتاریا زانی و بەدەستەوەگرتن و چارەسەرکردنی مەسەلەی میللەتانی وەباڵی ئەستۆی دەوڵەتی پرۆلیتاریا دانا.

ئەم دوو پەیامە وەکی جووتەی شاباڵیان لێهات و کۆترانی تازە پێگرتووی میللەتانیان خستە سەر هەوای هەڵفڕین. یان بە گوتەیەکی دی، دوو پەیامەکە بوون بە پەیژەیەکی جێی دڵنیایی و مەسەلەی میللەتانیان خستە سەر سەکۆی واقعییەتێکی مێژوویی ئەوتۆ ڕەبەق، کە ئیتر شاردنەوەی و حاشا لێکردنی و هەڵ لووشینی دوایینی وەک ئاسنی ساردی لێ هات کە بە دست و مەچەک هومێدی کوتانەوەی بۆ بکرێت.

دوای کۆتایی دوو شەڕی مەزنی جیهانی، کاپیتالیزمی ئورووپایی مەسەلەی میللەتانی ناوخۆی بەشێوەی(کۆمون)، (فیدرالی)و(کانتۆن)چارەسەر کرد. سۆڤیەتی ئازادیش فرەنەتەوەکانی ناو چواردیواری دایکی نیشتمانی بەندروو کردن، بەڵام هەرکە بەن پسا، تراژیدیای سەر داپۆشراوی مەسەلەی(کرێکار، نەتەوە، قەوم و ئایین)ی لێ وەدەرکەوت و بەداخەوە کاپیتالیسم بەدیتنیان شەکری لەدڵدا توایەوە و کەیفی پێی بزووت. کوردستان و گەلی کوردیش(کە لەم نووسراوەیەدا مەبەستی باسمانە) بە هەڵوەشانی میراتی پان و بەرینی (ئیمپراتووریای عوسمانی) بەچەشنێک دابەش کرا، کە بەشی هەرە زۆری گەلی کورد و نیشتمانەکەی بە تورکیای ژێر حوکمی ئەتەتورک بڕا. بەشی ڕۆژهەلاتەکەی بە ئێرانی ژێر حوکمی ڕەزاخان، بەشی باشوورەکەی بە عێراق و بەشی هەرە خوارووی تێکەڵی ولاتی سوریا کرا.

کوردستان و خەڵکی کورد ئەگەرچی بەدوور لە خواست و ویستی خۆی و هەر بەس بۆ مسۆگەربوونی بەرژەوەندیی کاپیتالیستەکان بەسەر چوار ولات دا دابەش کرا، بەڵام کاپیتالیزم بەفورمۆلی تایبەتیی خۆی کە چەوساندنەوەی چەند قاتی بێ، گەلی کوردی دوو هیندەی گەلانی دراوسێ چەوساندۆتەوە. واتە هەر بەدوای شەڕی جیهانی و دابەشکردنی کوردستان، ئینگلیسییەکان لەساڵی ١٩١٧ هەتا ساڵی ١٩٣٢حاکمی

ڕەبەقی عێراق بوون و لەم ماوەیەدا بەیارمەتیی حکوومەتی بەکرێگیراوی خۆیان لە عێراقدا، جارێک هەموو گەلانی عێراقیان ڕووتاندوە و، حکوومەتی عێراقیش لە نۆرەی خۆیدا گەلی کوردی دووجار زیاتر ڕووتاندۆتەوە. هەربۆیە لەماوەی دەسەلاتی ئینگلیس بەسەر عێراقدا، سەرهەڵدانی گەلی کورد، ڕەنگێکی میللی - دژی کۆلۆنیالیستی هەبووە و، ئەم ڕەنگە هێستایش لە ناخ و مۆخی بزووتنەکاندا هەر دیارە.

سوریا لەساڵی ۱۹۱۷هەتا ساڵی ۱۹٤٦ لەژێر حوکمی فەرەنسا دابوو. فورمۆلی بریتانیای مەزن بۆ کوردەکان لەعێراقدا چی بوو، فەرەنساش کۆپیەک بوو لەو. بەلام لە نێو ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، هەڵکەوتنی باری جوگرافیایی تورکیا و ئێران شتێکی تر بوو. دوو ولاتی ناوبراو هەمیشە وەک پردی پێوەندیدەری ڕۆژاوا و ڕۆژهەلات چاولێکراون و لە دیدی کاپیتالیستەکان و بەچاوی سۆڤیەتیشەوە شاکلیلی دەرگای پیت و بەرەکەتی ئاسۆ نادیاری مەڵبەندی زێڕی ڕەش بوون. هەربۆیە ئەم دوو ولاتانە جێی تەماحی هەر دووک مەزنهێزەکانی سەردەم بوون. هەر لەم سۆنگەیەشەوە لەلایەن دوو زلهێزەکانەوە ئەم یارمەتی و شانسە گەورەیە بەحاکمانی ڕەگەزپەرستی فارس و تورک بەخشرا، کە بکەونە خۆ و بە ئۆپەڕاسیۆنێکی ژینۆسایدانە دەماری میللەتان دەربکێشن و بەگوتەی ویلسۆنی ئەمریکایی ولاتانی یەک نەتەوەیی بۆخۆیان سازبکەن. لەم بگرە و بکوژەیەشدا، ئەگەرچی سۆڤیەت وەک جێی هومێدی گەلی کورد و مەرهەم بەخشی زامی هەموو زەنجیرکراوانی هەرێمەکە چاو لێ دەکرا، بەلام کاپیتالیزم چلۆن و بە چ نیازێک دەگەڵ نەتەتورک و ڕەزاخان سازا، سۆڤیەتیش لەو نەمایەوە و ئەو چی کرد ئەمیش کردی. بۆ نموونە، شۆڕشی کوردەکانی ژێر دەستی تورکیا، کە هێزە چەکدارەکانی لە لژیۆنی ڕەنجبەران و هەژارانی گوند و شارەکان پێکهاتبوون و خەسڵەتی (میللی - دژبەداگیرکەران)یان هەبوو، بەچەکی کاپیتالیزم داکەوتن و بەدەستی نەتەتورک بەدار داکران و سۆڤیەتیش دیتی و هیچی نەگوت. شۆڕشی ئازەری و کوردەکانی ناو ئێرانیش کە بەرهەمەکەی سازبوونی دوو کۆماری دیمۆکڕاتیکی دژ بە فاشیزم بوو، لە بەرچاوی سۆڤیەتی ئازاد کەوتنە بەر هێرشی سیاسەتی کاپیتالیزم و لە ناو بران.

لە باری جوگرافیای دابەشکردنەوە، کوردستان و گەلی کورد بەسەر چوار ولات و سێ نەتەوە دا دابەش کراوە. چەشن و جۆری دابەشکردنەکەش زیاتر ئەم ئاکامە دەپێکێ کە لە ناوچەکەدا کریس و کێشەی ناو میللەتەکان هەر بمێنێت و لەم ڕێگەوە بەرژەوەندیی دابەشکەران مسۆگەر بێت.

ئەتنۆلۆگەکان پێیان وایە گەلی کورد لەباری ڕەگەز و زمانەوە خزمێکی زۆر نزیکی میللەتانی ئێرانی یە و، میللەتانی ئێران زەمین هەر لە سەرەتاوە لە ولاتێکی بێ سنوور دا وەک دراوسێ پێکەوە ژیاون، بەلام لە دابەشکردنی کورد و کوردستاندا، بەشی هەرە مەزنی خەڵک و نیشتمانەکەی خرایە ژێر باندۆر و دەسەلاتی تووڕانی و سامی ڕەگەزەکانەوە و بەشێکی کەمیشی بە لاشانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە مایەوە.

تورک و عەرەبەکان لە سەدەکانی کۆن دا وەک دوو نەتەوەی لاوەکی و هێرشکار، لە دەرەوەی مەڵبەندەوە هێرشی نیزامی و چەکدارانەیان هێناوەتە سەر گەلانی ناوچەکە و پاش نیشتەجێ بوون، بە سیاسەت و زەبر و زەنگی ژینۆسایدانەیان بەشێک لە میللەتانی ناوچەکەیان تواندۆتەوە وخۆیانیان وەک میللەتێکی سەردەست بەسەر نەتەوە ژێردەستەکانیان دا سەپاندووە. فارسەکانیش لە نێو میللەتانی ئێرانیدا ئەگەرچی لەباری دیمۆگرافییەوە ژمارەیان ژێراتری ژمارەی ئازەرییەکانە، بەلام بەهۆی دەسەلاتی لەمێژینەی سیاسی - نیزامی و لە سای هەستێکی قووڵی ڕەگەزپەرستی دا، وەک میللەتێکی سەردەست، بەشێوەی ئیمپراتورایەکی ئیمڕۆیی، سیاسەت و حکومەت دەکەن (بەپێی سەر ژمێرێکی نهێنیی کە ئازەرییەکان لە ئێرانی ساڵی ۱۹۷۲دا ئەنجامیان داوە، دەڵێن دەرکەوتووە لە سەرجەمی سی و شەش ملیۆن خەڵکی ئەوسەردەمەی ئێران، یازدەملیۆنی ئازەری بوون). شێوە بەرخورد و هەڵوێستی فارسەکان سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران زەمین لەهەڵوێستی تورک و عەرەبەکان لە ئاست کوردان گەلێک جیاوازە. تورکەکان لە قانوونی پەسندکراوی ساڵی ۱۹۲۳یاندا هەتا بە ئیمڕۆ، هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێی تورکیا بە تورک دەزانن و، (مستەفا کەمال)یش زمانی تورکی بەزمانی هەتاو دادەنێت و دەڵێ زمانی تورکی دەگەڵ تیشکی هەتاو کەوتۆتە سەر زەوی و سەربەسەری خەڵکی ئاسیای گچکە بەم زمانە پیرۆزە دەئاخفن و هەر هەمووی تورکن. بەلام لە ئاخر ڕۆژەکانی هەزارەی دووەم دا و، لە بەرەکەتی وەرگرتنی تورکیا بە ئەندامەتی یەکێتیی ئورووپی، گۆیا هەر بەقسە دەڵێن کە پێیان وایە کوردیش هەیە. عەرەبەکان تەنیا بەشێوەی فیزیکی، واتە بە سەرنگوم کردن، دزین و شرت و گوم کردن، دەرکردن و ڕاگوازتن و بە عەرەبکردن، ئەنفال، زیندانی کردن و دە تیژاو دا تواندنەوە، کیمیاباران و بە شەڕی موشەک بە تفەنگ کردن بۆ کورد دەچن. بەلام فارس بەخسڵەتی لەمێژینە و تایبەتیی خۆی، نەرم و هێدی، شان بەشانی دژی خۆی دادەنیشێت و هێور هێور دەیتاشێت و دەیگۆڕێت و شتێکی لێ ساز دەکات، کە دەگەڵ ڕاستە تەختەی پێشینی خۆی خودایشیان یەک نەبێت. ئەوسا دەیکاتە دەسکەلای دەستی خۆی و فێری حاشاکردن لە بوونی خۆیشی دەکات و دەگرژ خودی خۆیشی ڕۆدەکاتەوە. نموونەی مێژوویی زۆرە - : ئەسکەندەر بەهێرش ئێرانی گرت، بەلام جێنشینانی ئەسکەندەر کرانە ئێرانی و توانرانەوە ... موسوڵمانانی عەرەب ئێرانیان داگیرکرد، فیردەوسیی تووسی لە شەڕی عەرەب و عەجەم دا، بەشیعر، تیرێکی ئەفسووناوی ئەوتۆی نایە ناو کەوانی(ئارەشی کەمانگیر)ەوە، کە تیری سەختەکەوانی ئارەشی عەجەم هەر نەک ولاتی فارس، بگرە لە چەمی دیجلە و فوراتەوە هەتا کەنارەی چەمی سەندی هیندستانی تێک دووری و هەرچی غەیرە عەرەب بوون، کردنی بە عەجەم. هەروەها فارسەکان دوازدە ئیمامییەکی ئەوتۆیان لە ئیسلام دا داتاشی، کە ئەوسەری دیار نەبێ... مۆغۆلەکان و تاتارەکان ئێرانیان ساف لەساف تالان کرد، فارسەکانیش زمانی فارسییان فێر کردن و هەرچی جووتبوویان پێیان هەڵڕشتنەوە... بزووتنەوەی دژبە کەونەپەرستی و تەکڕەویی پاشاکانی قاجار، شۆڕشی مەشرووتییەتی لێ کەوتەوە. قورسایی شۆڕشی مەشرووتییەت لەسەرشانی ئازەری، ئەرمەنی، گیلەک و فارس و کوردان بوو. سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بۆ ڕوخاندنی سەرەڕۆیی ئەم هومێدەی لێ دەکرا کە هەموو گەلان بە پێناسەی خۆیان بناسرێن و سەرەڕۆیی بۆ هەمیشە گۆڕ بکرێت، بەلام مەشرووتە سەر کەوت و قانوونی مەشرووتە بەفارسی نووسرا و ڕەزاشای پەهلەوی بەبیانووی یەکڕەنگ کردنی ئێران، بە باوکی ئێران ناوی دەرکرد و ئەوسا هێرشی تواندنەوەی میللەتانی دەست پێ کرد ... ستالین کۆماری کورد و ئازەری لەتای تەرازوو خست و بە خەیاڵ بۆ ئێرانی بە نەوت هەڵکێشا، فارسیش دوو تەنەکەی بەتاڵی لەبری دەسخۆشانە بۆ خستە ئەو دیوی دیواری ئاسنین ...

لە چەرخ و سەردەمی خۆیشماندا جبهەی میللی و حیزبی تودەی ئێران بزووتنەوەی گەلانی ئێرانیان لەدژی پەهلەوی دووەم هان دا و (شاهەنشا)یان لە ئێران دەرفرتاند، کەچی مەزن (دوکتور محمد مصدق) ڕووی هەرەگرژی دە مەسەلەی میللەتان، بەتایبەت کوردان کرد... دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی و هاتنەسەر حوکمی ئیسلام، تەنیا

شوێنێکی کە شۆڕشی گەلانی ئێرانیی تێدا زیندوو ڕاگیرا، کوردستان بوو، لە کوردستانی ئازاد دا بناغەی حیزبی کومونیستی ئێران داندرا. لەدامەزرانی حیزبی کومونیستی ئێران دا سازمانی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران(کۆمەڵە)، وەک بەردی بناغە هاتە مەیدان و ئەرکی سەرشانی بەجێ گەیاند. کەچی هەر ئەودەم کە لە کوردستان حیزبی کمونیستی ئێران دامەزرا، «سازمانی وەحدەتی کومونیستی» کە لە کۆمەڵەش زۆر نزیک بوو، لە پەرتووکی ژمارە ٣ و ٤ی «ئەندیشەی ڕەهایی»ی ساڵی ٨٤ی خۆیدا نووسێ: [«...کۆمەڵە، گۆیا نوێنەری پرۆلیتاریای شۆڕشگێر، یان هەر خودی پرۆلیتاریای شۆڕشگێری ئێران، ساختمانی «حیزبی کمونیستی ئێران»ی دامەزراند؛ ئەویش لە کوردستانێکی دواکەوتووی کە نە بورژوازی مانا و مەرتەبەی ڕاستەکیی خۆی هەیە و نە لە پرۆلیتاریایش ئاسەوارێک دەبینرێت... بەڵام کۆمەڵە«حیزبی ...» ی دامەزراند و لە ژێر دەنگ و ئاهەنگی قووقەی کەڵەشێر و جووقەی مریشک و دەنگی شتی تر دا نێوکی بری»] مەبەستی وەحدەتی کمونیستی ئێران لە ناوهێنانی(دەنگی شتی تر)، دەنگی ئاژەڵی وەک کەر و جاش و پەز و پالاغ و شتی ترە.

پێکهاتنی حیزبی کومونیستی ئێران لەکوردستان، تۆوی ئەم هیوایەی لە دڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان داچاند، کە هاکا ڕادیکاڵ و چەپی و سۆسیالیست و کومونیستەکانی ئێرانی لەکوردستاندا پێک هاتن و، تەوژمی حاکمانی ڕەگەزپەرست بۆ هەمیشە لەناو برا. کەچی بەداخەوە لەڕاست و چەپەوە دەیان پلار حەواڵەی حیزبی کومونیستی ئێران لە کوردستان کرا و هەزاران قسەڵۆکی ناشیرینی پێ گوترا. لە کوردستان هەورازتر هەڵنەکشانی تەشکیلاتی حیزبی کومونیستی ئێران ئەم ڕاستییەی دەرخست کە بیری مەزنخوازیی میللەتی سەردەستی فارسی هەرگیز بوار بە دایکی کوردستان نادات کۆرپەی حیزبی کومونیستی ئێران لە داوێن دابەزێنێت. دەرکەوت مێشکی بیرکردنەوەی ئۆرگانیزاسیۆنێکی(ڕاست)ی ئێرانی لەئاست کوردان چ ڕامانێکی هەیە، چەپی و ئاییندار و شاخوازەکەیشی لە یەک خاڵ دا پێکەوە یەکانگیرن. بە دوور لە ڕاستی نابێ ئەگەر بگوترێ کە ئەم بیرە، دەبێ جەوهەری بیری ستالینیزم بێت و لەڕێی فەرهەنگی سیاسیی حیزبی تودەی ئێرانەوە ڕژابێتە ناو فەرهەنگی سیاسیی گشتییەوە. چونکە ئەوە هەر ستالین بوو کە توانی بۆ خنکاندنی مەسەلەی میللی و بۆ سازکردنی وڵاتێکی یەک نەتەوەیی، دەستی ویلسۆنی ئەمریکی لەپشتەوە ببەستێت. سۆڤییەتی مەزن ڕووخا؛ کۆنە گۆڕستانی دایکی نیشتمانەکەی ستالین لە پشت دیواری ئاسنینەوە دەرکەوت و لێی دەکەوت کە ڕادەی تێر و پڕی و حەسانەوەی میللەتانی بەزۆر لێک گرێدراو لە بەهەشتی خەیاڵیدا چلۆن و چسان بووە. هەمیسان دەرکەوت کە پرۆژەی(دۆستایەتیی میللەتان)ی ستالین چلۆن لە خەڵکدا کاری کردووە، بەچەشنێک کە هەرکە زەبر و زەنگ داکەوت، لێکدان و پێکدادانێکی هەر هێندە ڕەش و پیس و ئەگریس دەستی پێکرد، کە تەنانەت وێرانکەری ڤییەتنامیش لەدیتنی دەڕشێتەوە.

شۆڕای بەرگریی میللی ئێران لەسەر شانی حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران ساز بوو. هێزی نیزامی و پێشمەرگەیی حیزبی دێموکرات ماوەیەکی زۆر بەناوی (فەرزەندان خەلق) دژ بە هێزی هێرشکار ڕاوەستان و هەڵمەتی دەوڵەتیان خاو کردەوە. لە ئەدەبییاتی شۆڕشگێرانەی حیزبی دێموکرات دا دروشمی دژ بە ڕژیم تووشی ئاڵ و گۆڕ هات. کورد گوتەنی:« لەبەر خاتری خاتران، دەچمە سەر دینی کافران». دروشمی حیزبی دێمۆکراتیش کە ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی لێ دەتکایەوە، بەهۆی ئیسلامی بوونی ناو قاوغی شۆڕا، لەبیر برایەوە و دروشمی (ڕوخێ کۆماری خومەینی)جێی گرتەوە. لەئاکامدا ئاڵترناتیڤی حکوومەتی ئیسلامی داهاتووی ئێران، واتە سازمانی موجاهیدینی خەڵک، بەرنامەی خودموختاری بۆ کوردستان نووسی. نان و خوێن هی کوردستان و نووسینی کزۆڵی بەرگەی چارەنووسی کوردیش دیسان بەقەڵەمی فارسی حاکم؛ خودا و ڕاستان باش بوو حیزب نەیکرد و بنگەهی شۆڕا خزی و هەر ناوەکەی ما.

لە دۆنێلی نێوان حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و شۆڕشی سەرانسەریی وڵات دا، تەنیا شوێنێکی کە بەهەموو سەرکوتی بێ بەزەییانەش نەبەزی و ئازا و دلێر ڕاوەستا، کوردستان بوو. ڕەنگە هەندەکەسانێک خۆڕاگری و پایەداری کوردستانیان لەسایەی بوونی چەک دا ئانالیز کردبێت، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا کە کورد چەکدار بوو، ئەگەر سەرجەمی چەک و چۆڵی کوردستان بە سەت بگرین، لە دەرەوەی کوردستان دا دەیان هەزار، بگرە بەملیۆنان کەس چەکدار و چەک هەڵگر بوون. هەندە کەسێکی تریش لەوانەیە هۆی بوونی ڕێکخراوگەلی سیاسی کوردی وەک ئەساس سەیر بکەن، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان دا سەت قات باڵاتر ڕێکخراوەی ئاشکرا و نهێنی هەبوون. لەباری جوگرافیایی و تۆپۆگرافیشەوە ئەگەر کەسێک چیا و کوێستانەکانی کوردستان بۆ بەردوام بوونی شۆڕشی چەکداری بەحیساب بگرێت، سەیرێکی سەرپێی ی زەنجیرە چیاکانی ئەلبورز و کوێستانەکانی ئازەربایجان و ڕێزە چیاکانی ناوەند و باشووری ئێران ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە لەم بارەشەوە کوردستان لە پلەی خوارووتری شوێنەکانی تری ئێران دایە. دەمێنێتەوە فاکتەری هەرە ئەساسی، کە ئەگەر کەسێک بخوازێ ڕیشە دۆزینەوەیەکی پڕ بەپێستی مەسەلەکە بکات، ناچارە ڕوو لە مێژوو بکات و هەر ئەو فاکتەرە مێژوویییە بکاتە کەرەسەی لێکۆڵینەوە، کەوا پێشەکی باس کران.

لە کوردستانی بەشی ئێراندا کە مەبەستی باسمانە، ئەوا دوو دەیە بەسەر تێهەڵچوونی خوێناویدا تێپەڕ دەبێ و لەم ماوەیەدا ئەگەرچی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هیچ سەرکەوتنێکی لە سەرکوتکردنی خەڵکی کورد دا دەست نەکەوتووە، بەڵام لە توند و تیژی و هەڕەشەکردندا پێ دادەگرێت و هەتا ئێستا پەندێکی لەمێژووی دەیان ساڵەی تێهەڵچوونە خوێناوییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی شەڕخواز وەرنەگرتووە. جێی داخ هەر ئەمەیە کە هەم ڕژێم و هەمیش ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژی ڕژێم، لە هەڵس و کەوت کردنەکانیاندا بە یەک چاویلکە سەیری کوردستان دەکەن و واقعییاتی مەسەلەکە بە یەکجۆر سەراوژوور دەبینن. هەر دووک لایەنەکان بەبێ سەرنجدان لە ڕیشەی مێژوویی کێشەکە، مەسەلەی کورد لەحاڵی حازر و هەنووکەیی سەیر دەکەن. سەیر و سەرنج و دید و بۆچوونی هەردووک لایەنەکان لەئاست مێژووی تێکۆشینی شۆڕشگێرانەی کوردستان ئەوەندە پەل و سەر زارەکی یە و، ئارگۆمێنتەکانیان ئەوەندە نامۆ دەگەڵ مێژوون، کە قەت هیچ دارێکیان لەسەر هیچ بەردێک پێ ڕانەگوێزراوە و هەرگیزیش پێیان ڕاناگوێزرێت. لایەنێکیان بەبیانووی (دژی شۆڕش)بوونی دوو ڕێکخراوەی سیاسی سەرکیی کوردستان، واتە حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە، ڕۆحی ڕاپەڕینەکە دەبەنە ژێر پرسیار و بەهەموو توانای دەسەڵاتیانەوە هێرش دەخەنە سەر شار و گوندەکای کوردستان و چی لەدەستیان دێت، دەیکەن. لایەنەکەی تریان بەبیانووی (ناسیۆنالیست)ی بوونی بنگەهی ڕاپەڕینەکە، بە مێشکی ناسیۆنالیستی و بەداری ناسیۆنالیزم بزووتنەوەی کوردی بە قسە و بەنووسین دەکوتن. چەندی کەرەسەی شەڕی هێرشکاران بۆمان بە دەرد و ئازارن، دەکارهێنانی وشەی کەرتۆقێنی (ناسیۆنالیزم) لە لایەنی ئەویتریانەوە سەت ئەوەندە چەوت و چەپەڵانەترە. کێ بێت و نەزانێ کە «ناسیۆنالیزم» شیرە و ڕدواقی مێشکی حاکمانی تورک و فارس و عەرەبە؟ کێ بێ ئەمەی دەرک

نەکردبێت کە هەر لە سەردەمی کۆنەوە خزمەتگوزارانی کەمەربەستەی دەزگا حاکمەکانی تورک و فارس و عەرەب دەستیان بەخوێنی گەلانی ژێردەستە سوور کردووە. کورد و گەلانی ژێردەستەی تر بۆ خۆ پاراستن لە زەربی شمشێری داگیرکەران ئەگەر بزوون، کێهە ئەخلاقی شۆڕشگێرانە دەتوانێ دەست بۆ قەڵەم ببات و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی میللی، ئەویش لەم سەردەمەدا بە خزمەتگوزارانی بورژوازی ناونووس بکات. بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستان لە سەردەمی ئێستادا و لە ڕابوردوویش دا، زەرب و زەختی هەرە گورچووبڕی لە دەستی بۆرژوازییەتی حاکم خواردووە. هەر شان بەشانی زەخت و زەربی بۆرژوازییەتیش، قەڵەم و قسەی زڕە دۆست و فشە شۆڕشگێرە تێکدەرەکان لێمان خافڵ نەبوون. بەڵام چکەردەن، ئەوەی سوور و ئاشکرایە هەر ئەمەیە کە هیچ ڕووناکبیرێکی ئازادە ناتوانێ ببێتە تووتی و، قسەی دەمی ئەم و ئەوێک بەبێ لە مەحەکدانێکی زانایانە دووپات بکاتەوە. هەر لەهەمان دەمیش دا کەم ڕووناکبیری حیزبی هەڵدەکەوێت کە بتوانێ بەسەر ئەو ڕێچکەیەدا ئەڕوات کە شەکر و ڕۆنی تەعلیماتی حیزبی بەسەر دا ڕژاوە. لە وڵاتانی جیهانی سێ دا شەکر و ڕۆنی تەعلیماتی حیزبی (ئەسیدئاو)ێکە و بەهاسانی مێشکی کەسان دەشواتەوە. تۆ لەوڵاتی خۆماندا کێهە ئەندامی حیزبی شک دەبەیت کە سەلکی گوڵەبەڕۆژەی سیاسەتەکەی وەک فرفرە هەڵنەسووڕاندبێت؟ بۆ وێنە: دوێنێ مەشەدی (ئەیاز)ێک ئایدۆلۆگی مەزن بوو، ئیمڕۆ سەبەتەی بن شڕە و هیچی پێوە نییە، سبەیش سەرلەنوێ ئەگەر بکرێتەوە خودا، لازمە و پێویستە و دەبێ کڕنۆشی بۆ بەرن! دوێنێ گەلی کورد دەریا بوو و ماسییەکانی شۆڕش لەژێر تەرکی تەندووراوەکانی ئەو دەریایەدا نان دەدران و دەشاردرانەوە. بەڵام ئیمڕۆ ماسی لەدەریا هاتۆتەدەر، نە لەدانیشتنە چارەنووس سازەکانیدا یادێکی بەخێر لە دەریا دەکرێت و نە زەمزەمەی پیسی ڕەگەزپەرستانیش دژ بە کەرامەتی دەریا پێشی پێ دەگیرێ. هەیاران وەک بڵێی ئیتر ماسی دەریای پێویست نەبێ!!

ڕووناکبیرانی حیزبی چۆنی باردەکەن و بار بەرەو کوێ دەبەن، خۆیان سەربەست و ئازادن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیارن. بەرپرسیاری گەلێکن کە جاران دەریایان بوو و هەر ئێستایش دەریایە. هەر درەختێک ڕیشەی لە ناو بێتە دەرێ، وشک بوونی سەتی سەتە. هەر ماسییەک ئاوی دریای لێ وشک ببێت، شەو ئەستێرەی دەوامی تەمەنی بەچاو نابینێت. میللەتانی پێ لەبەندی ئیمڕۆمان سەردەمەکەیان باش ناسیوە و دەزانن بۆ چارەسەرکردنی زام و زەخمەکانیان چی بکەن و دەستی بەیعەت بە کێ بدەن. گەلی کوردیش هاوشانی گەلانی سەردەم، لە قۆناغی خۆناسیندایە و بۆی دەرکەوتووە کە خاوەنی چین و توێژێکە و وەکی جاران (فۆسیل)ێکی بێ کەلکی سەر ئەم زەمینە نییە. بۆی دەرکەوتووە کە بەستنەوەی بە زۆرەملی میللەتان و سیاسەتکردنی(پان ئیرانیستانە)ی بە جلکی سوور و ڕەش و کەسکەوەوە، باوی بەسەر چووە. زەحمەتکێشانی گەلی کورد ئەمجار زانایانە دەتوانن دەستی بەیعەت بە ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان بدەن و کراسی مێژوویی و خوشناوی (کۆمەڵە)ی بە بەژن بدروون.

گەڕان و خولانەوە بەدوای سەرە دەزوویەکی پواوی خۆرکە لێدراو، کە بکرێ مێژووی ڕاپەڕینی ئەم کەمە نەتەوەیە لە کلکی ئەو میللەتە دەسەڵاتدارە گرێ بدەیت، یان بە سێڕە سیڕ و جیڕە جیڕ مێژووی ڕاپەڕینی چەند دەیەی میللەتێک لە بنی کاڵەی دوو دەیەی ئەمەی تر بکەیتە پینە، ئەوەندە هەژارانەیە، کە بەس دەکرێ ببێتە مایە شادمانیی چەند چرکەیەک و دڵی ناسیۆنالیزمی سەردەست و هاوپیاڵەکانیان بگەشێنێتەوە.

گوتارەکەی کاک (حەسەن ڕەحمان پەناه) لە«لاپەڕە ئازاد»ی «پێشڕەو»ی ژمارە (١٠٤)دا هەوڵی دۆزینەوەی ڕایەڵێک دەدات بەڵکوو بتوانێ بزووتنەوەی لەمێژینەی گەلی کورد لە پاشکۆی بزووتنەوەی ئێرانی گرێ بدات، کە ئەمە چەشنە بەستنەوەیەکی زۆرەملی(الحاق اجباری) دەگەیەنێت و دەگەڵ پرەنسیبی چەپی شۆڕشگێر دژایەتی دەنوێنێ. چەپی شۆڕشگێر ناتوانی لەیەکدەم و کات دا هەم دروشمی «مافدار بوونی گەلان بۆ دیاری کردنی چارەنووس» بەرز بکاتەوە و، هەمیش لە هەمان کاتدا ببێتە میکانیک و تای دەرگای دوو ماڵی جیرانان لەیەکتر جۆش بداتەوە. چەپی شۆڕشگێر دەگەڵ پان ئیرانیست هەر هێندە لەیەک دوورن، کە زەوی و مانگ.

بەشێک لە نووسراوەکەی کاک حەسەن دەڵێ:

[« ...بە درێژایی مێژووی چەند دەیەی ڕابوردوو فەزای سیاسی ئێران و بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی، زۆرترین تەئسیری کردۆتە سەر کوردستان و تێکەڵاوی یەکی حاشا هەڵنەگر لەنێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و ڕادیکاڵی جەماوەری لە هەموو ئێران وجوودی هەبووە. ئەوە ئێستا ئیتر بوە بە باوەڕێکی گشتی کە بەبێ یارمەتی و پشتیوانی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لە ئێران سەرکەوتنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئاسان نیە و بگرە مومکین نی یە».]

ئەو بزاڤ و بزووتنە جەماوەرییەی کە(کاک حەسەن) لە چەند دەیەی ڕابوردودا لە دەرەوەی کوردستان بینیوێتی و تەنانەت کارکردەکەیشی لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دەسنیشان کردووە، هەیاران دەبێ کامە بزووتنەوە بێت و نوێنەرانی تەشکیلاتیی ئەم بزووتنەوانە کێهە سازمان، حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی - نیزامی بن کە تیشکی بریقەداریان ئێمەی حەساندۆتەوە و خۆمان ئەمان ناسیون؟! ئەگەر مەبەستی کاک حەسەن لەم بزووتنەوانە، بزووتنەوەی خۆ بەخۆی خەڵکی کوچە و شەقامەکانە، ئەوا پێم وایە بۆچوونێکی کاڵ وکرچە و، بەداخەوە دەبێ بەکاک حەسەنی هێژا بڵێم کە هەڵچوونی کورتی کەم دەوام، کە بناغەیان لەسەر ویستی کەم نرخی ئابووری دامەزرابێت، نە دەتوانن بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران وەک هومێدێکی سیاسی سەیر بکرێن و نە کارێکی ئەوتۆش دەتوانن بکەنە سەر ئەو بزاڤ و بزووتنەوە جەماوەرییەی کە ڕیشەی لە قووڵایی خاک و خەڵکەکەی دایە و دینامیزمی هەڵسووڕانێکی بەتوانای هەیە. ئەگەریش مەبەستەکەی کاک حەسەن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و ڕادیکاڵی جەماوەریی ئێران، ئەو ڕێکخراوە و حیزب و سازمانانەی ئێرانی یە، ئەوا دەبێ سازمانی چریکە فیداییەکان، حیزبی تودەی ئێران، پەیکار، ڕەزمەندەگان، سازمانی موجاهیدین، وەحدەتی کومونیستی، ئیتیحادییەی کومونیستەکان، سەهەندییەکان و... ناو نووس بکەین؛ کە شۆڕشی کوردستان لەباری تەمەن و ئەزموونەوە لەم حیزب و ڕێکخراوانە نامێنێتەوە و ئەزموونی کۆمارێک و چەندین شۆڕشی خوێناویشی لە ئەرشیڤ دایە. بەڵام ئەگەر مەبەستی کاک حەسەن لە بزووتنەوەی جەماوەریی ئێران، ئەو ڕاپەڕینە بێ کەوا ڕووخانی نیزامی(شاهەنشاهی)شی لێ کەوتەوە، دەبێ بڵێم من لە قووڵایی گەنداوی سیاسەتی ئەمریکا چی نازانم و هەر ئەوەندە دەزانم کە دەوری تاریخیی نیزامی شاهەنشاهی بۆ ئەمریکا بەسەر چووبوو. ئەمریکا لە ئێران و لەچەند وڵاتی دەور و بەری کەنداو دا حەز بەچەشنە دەسەڵاتگەلێکی توند و تیژ دەکات، کە هەرکە خۆ گرژ بکەن و خۆ ڕاتلەکێنن، شێخ و موشایەخی نەوت فرۆشی عەرەب بۆ چەک کڕین هان بدەن. ئەمریکایش چەکیان پێ بفرۆشێت و پارالێلی مەڵبەند بشێوێت و دیسان کڕین و سەرلەنوێ کڕین!!

بیۆگرافیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی بەلای کاک حەسەن

شاراوە نییە و دەزانێ کە لە ڕاپەڕاندنی خەڵک دژی ڕژێمی شا و لەڕووخاندنی حکوومەتی(شا)دا هیچیان ئەوەندە ئەکتیڤ نەبوون، کە ئەم ئەرکە مەزنە ڕاپەڕێنن. ئەوەی خەڵکی لێک گرێ دا و هانی دان و بەرەو پێشەوەی بردن، ئەوە هەر ئەو ئەڵتەرناتیڤە بوو کە دەبوو بێتە سەر حوکم و تەواو. دوای ڕووخانی پەهلەوی و هاتنە سەر حوکمی ئیسلامیش، چەندێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان تووشی وایروسی(تەحلیل)کردنی ڕژێم هاتن و ئەخۆش کەوتن و لە نێو خەڵک چوونەدەر و بوون بە موریدانی حەزرەتی شێخ. چەندێکیشیان هەر لەسەرتای کاردا، پاش بەخۆداچوونەوەیەک کەوتن و توانای هەستانەوەیان ئەما و فەوتان. هەندێکیشیان کە کاک حەسەن پێی وایە بەبێ کاریگەری و تەئسیری ئەوان، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان ئەبەد سەرناکەوێ، ئەگەر هەڤاڵ لێم بە عەیبە نەگرێت، دەمەوێ بڵێم بە بڕوای هەموو پیاوچاکانی سیاسی، هەموو کارتێکردنێک پۆزەتیڤ نین و هەندێکیان نەبوانایە باشتر بوو.

لە ڕەوەندی وتووێژە کورتەکەی هەیئەتی تایبەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردستان ـ کە منیش هەڵگری ئەم شانازییە بووم ـ مەسەلەی خودموختاریی کوردستان لە ڕۆژەوێکی گەرم دابوو. هاتنی هەیئەت لەتارانەوە و سازبوونی هەیئەتی کوردی و، وتووێژ لەسەر شکڵ و ناوەرۆک و شێوەی خودموختاری لەکوردستان، لەدایکبووی هیچ تەئسیرێکی لاوەکی و دەرەکی نەبوو. تەنانەت ئەو پشتیوانی و یارمەتییەکارسازەی کە کاک حەسەن بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بە پێش شەرتی دادەنێت و دەڵێ: «بەبێ یارمەتی و پشتیوانی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لە ئێران سەرکەوتنی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئاسان نیە و بگرە مومکین نی یە»، لەلایەن بزووتنەوەی کرێکاری و ناکرێکاری ئێرانی هەر نەک دەکار نەکرا، بەڵکە بەداخەوە لە درێژەی شەڕی سەر و ماڵی کۆماری ئیسلامی دژ بە کوردستان، نە لەتاران و نە لەهیچ شوێنێکی ئێران دا، هیچ جەماوەرێک ، هیچ حیزبێک و هیچ سازمانێکی ئێرانی، هیچ دیمۆستراسیۆنێکی دژ بە شەڕی کورد ڕانیان وەڕێ نەخست. بە پێچەوانە، لەماوەی شەڕدا، چونکە دەرەوەی کوردستان ئارام و ئەهودن بوو، زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەپانەوە ڕوویان لە کوردستان کرد. ئەوەیکە هەبوو، لەپلەی یەکەمدا زیندووبوونی ڕیشەی تاریخیی کێشەکە لەناو دڵی جەماوەرێکی فیداکاری دلاوا دا و، لەپلەی دووەمدا بوونی دوو فاکتەری بەتوانای سیاسی ـ نیزامی، واتە حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە بوون. ڕیشەی تاریخی و خەڵکە دڵ دەریاکەمان هەر ماون. ئەوانمان بمێنن، تۆوی وردە ماسی لە دەریای گەرمی دەوڵەمەند دا هەر هەیە. ئیمڕۆش سەرهەڵ نەدەن، سبەی سەر هەڵ دەدەنەوە.

کاک حەسەن لە درێژەی نووسراوەکەیدا دەڵێ: [«... سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جەماوەری ئەم دوایی یانەی شارەکانی کوردستان، بمانهەوێت و نەمانهەوێت جیاوازی یەکی دەسکرد و غەیری واقیعی لەنێوان بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکی ئێراندا پێک دێنێت کە لە لایەکەوە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لە خەباتی جەماوەری خەڵکی ئێران بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی دادەبڕێت و لەلایەکی دیکەوە ئەم بۆچوونە دەخاتە پاڵ ئەو بۆچوونانەی کە بزووتنەوەی جەماوەری ئەم دواییانەی شارەکانی کوردستان تەنیا گرێ ئەداتەوە بە گیران و ڕفاندنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان».]

ئەگەر لەنێوانی دوو بزووتنەوەی جیراندا جیاوازی وجوودی نەبێت، شتی دەسکرد و غەیری واقیعی ئەو توانایەی نییە و نای بێت کە جیاوازییەکی وەها پێک بێنێت کە کاک حەسەن لێی بترسێت. ترسی کاک حەسەن لەم جیاوازییە، جیاوازیی دەسکرد و غەیری واقیعی نییە، بەڵکە ترس لە جیاوازییەکی واقیعی و ڕەبەقە کە لەنێوانی دوو بزووتنەوەکاندا هەیە و دڵی هەندە برادەرێکیش لەخۆڕا لەم واقعییەتە دادەخورپێت. ترسی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی دەسەڵاتداری حاکم لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ڕژاوەتە ناو مژی و مێشکی هێزی چەپی کوردیش و بەچەشنێک کزی کردووە، کە هەموو ڕوومەت و کەڕامەتەکانی میللەتی کورد لە پاش ئاخوڕی میللەتی سەردەست دا دەبینێتەوە.

بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردستان و مەسەلەی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوور، من وەک برایەک بەڵێنی گەرانتیکراو دەدەم بە کاک حەسەن و دڵنیای دەکەم کە شەو بەئارامی بخەوێت و ئەم ترس و وەسواسە لەدڵ دەربکات، کە هیچکەس بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان بەحیسابی سەرۆکی ڕفێنراوی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوور ناخاتە سەر حیسابی ناوبراو. لێ ئەگەر دڵەخورپەی کاک حەسەن هەر بۆ کۆکردنەوەی قشوونی کوردە بۆ دارووخانی کۆماری ئیسلامی، ئەوا ناچارم بەبرای خۆم بڵێم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و دوو ئەوەندەی تریشی لەسەر بێ، هیچیان دەست بۆ پەلەپیتکەی چەک نابەن بە عەزمی ڕووخاندنی کۆمار. چونکە دەڵێن لەمەو بەدوا لە نێو خەڵکدا زمانی چەک نایەتە گۆ؛ ئەوەی دێتە زمان، دیالۆگ کردن دەبێ . دەڵێن گۆیا دنیا بەرەوە شوێنێک دەڕوات کە گورگ و مەڕ دەتوانن پێکەوە ئاوبخۆنەوە؛ کەوایە خەڵک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی خوازیاری شەڕ و کوشتار نییە و، شۆڕشی کرێکاریش لەم سەدەمەدا دەربەست بە تەق و تۆق نییە.

لەئاخر نووسراوەی کاک حەسەن دا هاتووە و دەڵێ کە: [« ... هەموومان لەبیرمانە کە لەسالانی ڕابردوو دا ڕووداوی گەلێک گەورەتر لەو دیو سنوورەکانی ئێرانەوە ڕوویاندا، بەڵام چونکە هەل و مەرج و هاوسەنگی هێزەکان و ئەوزاع و ئەحواڵی سیاسی ناوخۆی ئێران مەجالی نەداوە، خەڵکی کوردستان تەنانەت خۆپیشاندانێکی چکۆڵەشیان بۆ نەکراوە. لەوانە قوربانی بوونی هەزاران ئینسان لەشاری هەڵەبجە، کۆچ و ئاوارەیی زیاتر لە یەک ملیۆن خەڵکی کوردستانی عێراق. ئەم کارەساتە بە لەحاز نێو ئەتەوەیی و بیر و ڕای ناوخۆی کوردستانەوە لە ڕفاندنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان گەلێک گەورەتر و هەست بزوێن تر بوون ، بەڵام چونکە هەل و مەرجی ناوخۆ ئیجازەی نەدەدا، هیچ جم و جۆڵێکی جەماوەری بۆ پێک نەهات» .]

ئەگەر ورد ورد سەیری دوو ئەوزاع و ئەحواڵی ئاماژەپێکراوی نووسراوەکەی کاک حەسەن بکەین، لە یەکیان دا دەبینین کە ئەوزاع و ئەحواڵ ڕێ بە خەڵکی کوردستان نادات بۆ خەمی هەڵەبجە ببزوون. کەمێک ئەولاتر کاک حەسەن ئەوزاع و ئەحواڵەکە دەگۆڕێت و لە زستانێکی ڕەشی دزێو دا، یەکجێ دیکاتە بەهارێکی نەرم و نۆڵی سیاسی و خەڵک بۆ گیرانی (ئاپۆ) دەبزوێنێ .

کارەساتە دڵڕووشێنەرەکانی کوردستانی عێراق (باشوور) و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی ئێران(ڕۆژهەلات) و هێرشی وەحشییانەی پان تورکەکان بۆ سەر کوردستانی تورکیا(باکوور) لەم دوو دەیەی ڕابوردوو دا پێک هاتوون. کاک حەسەن لە لایەک تەئسیری بزووتنەوە جەماوەرییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی ئێران وەک کاتالیزۆرێک بۆ گەشەی بزووتنەوەی کوردستان دەناسێنێت و، چەند دێڕ خوارتریش دەڵێ : (... بەڵام چونکە هەل و مەرج و ئەوزاع و ئەحواڵی سیاسی ناوخۆی ئێران مەجالی نەداوە، خەڵکی کوردستان تەنانەت خۆپیشاندانێکی چکۆڵەشیان بۆ نەکراوە). واتە بۆیە خەڵکی کوردستانی

ئێران نەیان وێراوە بۆ کارەساتی هەڵەبجە و ئاوارەبوونی بەملیۆن خەڵکی کورد سەر لەقوڕ گرن، چونکە ئەوزاع و ئەحواڵی ئێران ڕێی پێ نەداون. ئەوەیکە هەموو لێی ئاگادارن ئەمەیە کە، بۆ خەمی هەڵەبجە و بۆ تەریدەبوونی بەملیۆن کوردی عێراق، کەم کەس هەبوو پرسەدار و دڵ بەماتەم نەبێ. هەر نەک خەڵکی کورد، بەڵکە هەموو جیهانی بۆ هەژا، بەڵام چکەردەن کە ماچی(خودایی )و ماچی(سینەمایی)ی سەرۆکەکانمان هەموو هەژانە گەرمەکانی سارد کردەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی دوو دیاردەی زۆر لەیەکتر دوور، تەرازووی تایبەتی گەرەکە، کە من ڕێ بەم چەشنە تەرازوویەدا نابەم. کاک حەسەن دوو دیاردەی زۆر لەیەک نامۆ پێکەوە هەڵدەسەنگێنێ و دەیەوێ بە زۆرەملی پێمان بسەلمێنێ کە هەڵ نەستان و ڕانەپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵەبجە و بۆ ئاوارەیی، هۆی جەمع و جوور نەبوونی ئەوزاعی سیاسیی ئێران بووە، بەڵام ڕاپەڕینی خەڵک بۆ ئەویتریان، هۆی باش بوونی ئەوزاعی سیاسیی ئێرانی تێدا بەستە بووە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە دوو شانۆ بکرێت کە ئەگەر گەلی کورد ئەرشیڤی هەبوایە، سیناریۆی ئەم فیلم نامەیە هەرگیز کۆن نەدەبوو. شانۆکان ئەمانەن و یەکەمیان لەچەند پەردەی تراژیدیا دا کورت دەکەینەوە: پەردەی یەکەم ئەنفال ؛ ڕاگوێزان، زیندەبەچاڵ کردنی هەزاران مرۆڤ، کاولکاری، وێرانی، سووتاندن، ئەتک کردن... پەردەی دووەم هەڵەبجە؛ کیمیاباران، خنکاندن، قڕکردن، چۆلکردن، ژاراوی کردنی خاک و ئاو و هەوا... پەردەی سێیەم کۆچ و ڕەو؛ هەڵاتن، کەوتن، دەردی زەوی، بەڵای ئاسمان، ئاوارەیی، هەژاری ، سەولە فڕێدانی بەر دەمی خەڵکی برسی و لەدەستچوونی کەرامەت ... هەمووی ئەمانە دەسکردی (پان عەرەبیسم)ی شێت و هار بوون، بەڵام لەبیریشی ناکەین کە سەردارانی زەردەپۆش و سەوزەپۆشی گەلەکەیشمان دەستیان کەم تێیداچەور نەبوو!

تۆبی و خوداکەت تۆیش پێت وانییە ئەگەر لەدرێژەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا، (مامە) و (کاکە) لە وەڵامی دەوڵەتی عێراقدا بۆ شەڕ ڕاگرتن، قەبووڵی ئاگر بەسیان کردبایە و بۆ هێزی ئیسلام نەبوانایە لەشکەری پێنجەم، بڵێی کۆچ و ڕەو هاتبایە دی؟ ئەرێ هەڵەبجە شەهید دەکرا؟ ئەرێ خەڵک لەباری کۆمەڵایەتییەوە دەستی ڕاست و چەپییان لێدەگۆڕا؟

شانۆی دووهەمیش لەچەند پەردە دا کورت دەکەینەوە: میللەتێک بەسیاسەتی ژینۆسایدیی کەمالیزم لە گۆڕستانێکی سەر بە چیمەنتۆ گیراو دا زیندە بەچاڵ کرابوو. ئەو میللەتە لەژێر خاک دەرهێنرایەوە و خاک و خۆڵی بیرچوونەوەی ناسنامەکەی داتەکێندرا، ئەوسا بۆ ناساندنی سازمان دران، دوژمنایەتیی دینی و قەومی و عەشیرەتیی خەڵکی ناوچەکە کەم کرایەوە، ژن لە ژێرچاڵی ڕەشی ستەم پیاوی دا دەستی گیرا و کەمتاکورتێک بە ناسنامەی خۆی شاد بۆوە، زمان و فەرهەنگ و سیاسەت سەرلەنوێ گۆچی گرتەوە و فەلسەفەی ڕزگاری میللەتانی ژێردەستەی ستەم لێکراو هومێدی پشکووت. شانۆ دێت بە ئاکام بگات و هەرچی ڕەنجدەرە لە دەوری ئاڵایەکی کە ئەمپریالیزم لەبینینی ڕوح بەسەر خودا دا دەکاتەوە، کۆ ببێتەوە. بەڵام (ئاپۆ) دەگیرێت و خەڵک ڕادەبن.

لێرەدا کێ چەپڵە بۆ کامە پاڵەوانی کێهە شانۆ لێدەدا و کێ بە قارەمان و کێ بەتاوانکار دادەنێ، خۆی دەزانێ و خۆی سەریشکە. بەڵام ئەگەر کاک حەسەن هۆی کارەساتی هەڵەبجە لە تای تەرازوویەک دابنێت و لە تایەکەی دیکەیدا هۆی ڕفاندنی (ئاپۆ) دابنێت، ئەوا تەرازوو لە هەڵسەنگاندنی دوو دیاردەی دوور لەیەک شەرم دەیگرێت و خۆ لە هەڵسەنگاندن دەپارێزێت. ڕەنگە هەر بۆیەش بێ خەڵک بۆ ئەو نەبزووتوون و بۆ ئەمی تر دار و دیواریان بە دەنگ نەهێنایە لەرزین.

خەڵکی ئەم سەردەمەی کوردستان بەدەنگی فەلسەفە دەبزوون نەک بۆ کەسایەتییەکان. هەستان بۆ کەسایەتی لەنێو کورد دا بەتاقی کراوەتەوە و ئیتر تاقیکراوەوەکان تاقیکردنەوەیان پێ ناوێ.

(ئاپۆ) دەگیرێت و دەرفێنرێ، خەڵک بو فەلسەفەکەی ڕادەبن نەک بۆ کەسەکە. (ماملێ) دەمرێ و لە ڕۆژی بەخاک ئەسپاردنی دا خەڵک دەبزوون، خەڵک دڵبەستەی هونەر و ڕابوردووی سیاسیی ئەون و بۆ تەرمەکەی هەڵناستن. (هێمن)ی فەیلەسووف دەمرێ، لەڕۆژی بردنی مردوو بۆ سەر گڵکۆ و لە ڕۆژی پرسەکەیداخەڵک دەبزوون. شاعیری کۆچکردوو هەڵچوون و ڕابوونی پێ ناوێ، بەڵکە ڕابوون ئەساسێکە و کەسان هۆی بۆ دەدۆزنەوە و بۆی دەبزوون. کورد دەڵێ: (دۆ بەهانێکە لەکن دۆ خوازان). خەڵک بە دەنگی ئەو فەلسەفەیە دەبزوون، کە ساڵەهای ساڵە ڕیشەی لە پەرێزی مێشک و مژی خەڵکەکەیدا قووڵ چۆتە خوار و، هەتا کێشەکە چارەسەر نەکرێت، کێشە هەر بەردەوامە.

بەشێک لە وەڵامەکانی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی هەر وەکی گوتمان، باسی ئەو بزاڤ و بزوتنەوە جەماوەرییە دەکات، کەوا لە سەرەتای ساڵی(٩٩)، هەر دوابەدوای گرتن و ڕفاندنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوور، لە کوردستانی بەشی ڕۆژهەڵاتیش پێک هاتبوو. کاک عەبدوڵلا دەیەوێ بە یارمەتی وەرگرتن لە ئامێرەکانی زانستی ماتریالیزمی تاریخی بویەرەکان شی بکاتەوە و ئەو هێز و پوتانسیەلە سەرچاوە دەوڵەمەندانە دەسنیشان بکات، کە چەشنی موتورێکی بەهێزی شاراوەی باش کەڵک لێ وەرنەگیراو، هەرماوە و هەر دەمێنێت. کاک عەبدوڵلا ڕاپەڕینی کوردستانی بەشی ئێران بەنیشانەی بوونی دەردێکی هاوبەشی مێژوویی گەلی کورد دەزانێت. دەردێک کە بۆ دەرمانکردن لەهەر هەل و دەرفەتێکی ڕەخساودا سەر هەڵدەدات و هەوڵی چارەسەرکردن دەدات. ئەو پێی وایە ستەمێکی کە حاکمییەتی تورک دەیکات، هەر ئەو ستەمەیە کە لە سوریا، لە ئێران و لەعێراقیش بەردەوام لە کورد کراوە و دەکرێت. کاک عەبدوڵلا لە دەرفەتێکی کەمی گوتاری ڕادیۆیی دا، بەڵام بە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانەیەوە، خەریکی دەدان پێداهێنانی هەقیقەتێکی مێژووی یە، کە بەداخەوە هەتا بەئێستا لەهیچ لایەکەوە دەدانی بەخێری پێدا نەهێنراوە و هەر وەک مەقاشی دەم کوانووی ئاگر، هەر بۆ گرتنی سکڵی ئاگر کەڵکی لێ وەرگیراوە و پاشانیش لە ئەوکی هەژدیهای ئاگر خراوەتەوە. کاک عەبدوڵلا ڕاپەڕینەکان هەربەس وەک ڕووداوێکی سەردەم شەن و کەو دەکات و ئەگەرچی پەنجەش دەنێتە سەر ناسۆری بەژانی مێژوویی کورد و تەنانەت هۆی بە ناسۆر بوونی گیانی کوردیش باس دەکات، بەڵام چەلی نووشتەی هیچ دەرمانێک نیشان نادات.

ڕاوەستان و دەست نانە سەر دەست و لەترسی بقەگوتنی ئەو، لەمە پارێزکردن، زەخم و زامەکان کولاوتر و تەشەنەدارتر دەکات. ڕاگرتنی زامی تەشەندار بەبێ دەرمانکردن، ئەویش لەم سەردەمەدا کە هەم بوارەکەی ڕێک و نەرمانە و هەمیش گەشەی خاڵکان بە حیساباتی سەرووی کومپیوتەرە، کاری کردن نییە. ڕاستە بەناسۆربوون هەر کورد ناگرێتەوە و تەشەندار بوونی زام و زەخمەکان بەس جەستە و گیانی کورد ناهێنێتە ژان. بەڵام گیان و جەستەی شۆڕشی کورد گەلێک گەرمە و، ڕاگرتنی گیان و جەستەیەکی گەرمی بزۆز لە سەهۆڵخانەی زەمان دا، ئەویش بە هومێدی سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی کە بەهۆی هەزار و یەک جار خەیانەت پێکردنی، نیمرۆ لەنێراندا نیوە گیانە، وەک هەڵەی بچووک ناچێ. بەتایبەت ئەگەر جەستەی هەڵوەشاوی سۆڤیەتی کۆن ئانالیز بکەین و تێیدا لەشی زامداری میللەتانی ژێر حوکمی توتالیتەریزم تەماشا بکەین،

هەر لەهەمان کاتیشدا سەیرێکی حاڵ و گوزەرانی نەتەوەکانی دانیشتووی سویس بکەین، ئیتر پێم وایە کتێبی بیر کردنەوە و بەشوێن میتۆدی کلاسیکی ئەزۆک دا ڕۆیشتن، چی لێ شین نابێ.

بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی ئەمجارەی کورد لە بەشی ئێراندا، نیازێکی یەکجار گرینگی بە بیرەوەندانێک هەیە کە بە تێڕامان و فەلسەفە و هزر و بیری پێشکەوتنخوازانەیان، ڕێ لە هەموو ناکۆکی و گێرمە وکێشەیەکی ناوخۆیی بگرن و لە کۆنگرەیەکی نیشتمانی، یان لە (یەکێتی نیشتمانی)یەکی دڵ و دەروون هەراودا، بتوانن کاناڵهایەک بۆ هەموو بیر و بۆچوونێکی پێشکەوتنخوازی سیاسی بکەنەوە.

ڕەوتی خێرای تەکنیک و گەشەی زانست لەجیهان، لە پلەی یەکەمدا بەداخەوە ڕێ بۆ دەسەڵاتی ئەو جەمسەرە سیاسییە دەکاتەوە کە هەموو جیهانی خستۆتە سەر چەرخ و تایەری ماشێنی سیستەمی نوێ و خەریکە بەڕێوەی دەبات. خاوەن و خوداوەندی هەر ئەو سیستەمە نوێیەش هەر ئەوەندە ڕێ بە سەرەڕۆیی و کەللە وشکی دەدات کە ئیشەکەی خۆی بکەوێتە گەڕ. ئیشەکەی کە کەوتە ڕێ، ئیتر ڕێ بەهیچ نادا ببێتە دڕک و چقڵی ڕێبازی قازانجەکانی ئەو. ئێرانی ئیمەیش لەم یاسایە ناتوانێ پێ لەدەر بمێنێتەوە و ناچارە ئەرم و سەر بەڕێ بێت. دووره نوێنەکە ئەوتۆ دەنوێنێ کە هەلێکی یەکجار زۆر ناسک لەبەر دەمی ئێمە دایە و ئەگەر زانایانی ئێمەیش هەموو وزە و تواناکەی خۆیان سەفەر بەری ئەم قافڵەیە بکەن، کورد لە دەسەڵاتی داهاتووی ئێراندا دەتوانێ بەحەیاتێکی ئابڕوومەندانە بگات .

لەبیرمانە هەر ئەوکاتەی کە لە (تووژەڵێ) و لە (شێنێ) بووین، لە بەرانبەر شۆڕشێکی تەواو جەماوەریی ئیسلامی دا ئاڵای خەباتمان هەڵکرد، ڕێفراندۆمی (بەڵێ گوتن) بە ڕژێم و دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارمان قرت کرد. ئەوددم ژماری سەرانەی کۆمەڵە گەلێک کەم بوو. ئەوددم جیهانەکەیشمان دوو جەمسەری بوو، نە پرس و باسێک لەمافی مرۆڤ و دیمۆکراسی هەبوو، نە مەسەلەی میللی و بەتایبەت مەسەلەی کورد لەم بایەخە مەزنەی ئیمڕۆکەیی بەهرەمەند بوو، نە خاتەمی و خەتی دیالۆگیش لەئێرانی ئەوددم دا لە ئارا دابوو. ئەوددم هەربەس ڕادیکالیسم و ڕاوەستان و خۆڕاگریی کۆمەڵە بوو کە بوو بەهیوای گەلی چەوساوەمان. هەر ئەوەش بوو توانی مەتمانە و بڕوایەکی ئەوتۆ مەزن لەخەڵک وەربگرێت، کە لە مەڵبەند دا ببێتە کێش و قورسایی. ئیمڕۆ دەگەڵ سەردەمی (توژەڵێ)و (شێنێ) گەلێک جیایە. ئێمڕۆ کۆمەڵێکی گەورە و گران هەل و مەرجی چاوەڕوان نەکراو دەستیان داوەتە دەستی یەک و سەکۆیەکی پڕاوپڕی دڵنیاییان بۆ چارەسەریی پرس و کێشەکان ساز کردووە. بزووتنەوەی جەماوەریی ئەم دواییانەی گەلی کوردستان لە شارەکانی کوردستان، لە تاران و لە ئازەربایجان دەریخست کە تۆوی شۆڕش لە هەموو شوێنە، دەی ئەگەر ئێمە خۆمانیان لێ بە خاوەن نەکەینەوە و بە هیوای گەڕانەوەی حەزرەتی مێهدی دابنیشین ، زیانبارەکەی کێیە ؟

گەر لێکدانەوە ئەساسێکی هەبێت، پێم وایە دەبێ شیکاریی ڕوونی ڕاشکاو لەسەر هەل و مەرجێکی ڕوونی ڕەخساو دا بکرێت نەک بەشێوەی ئایینزای شیعەی جەعفەری و، بە هیوای گەڕانەوەی حەزرەتی ئیمامی زەمان دانیشتن و لەدواییشدا هیچ ...

بە ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەم هەلە ناسکەدا بیرێک لەچارەنووسی گەلەکەیان دەکەنەوە.

بیست و یەکەمی ژانڤییەی ساڵی ٢٠٠٠ ـ کوردان کەیم مەحموود

# نەورۆز

سەدیق بابایی

پەنجەوتار لە کولتوور و ئەدەبی هەورامیدا بە چەند ڕۆژی پێش کۆتایی ساڵ، واتە سەروبەری نەورۆز دەگوترێ.

بە واتەی پێشینیان هەرچەند لەم ڕۆژانەدا زستان ئیتر هێزی سەخڵەت هێنەری نامێنێ و عومری پڕ لە ستەمی کۆتایی دێ، بەڵام مرۆڤ نابێ هێشتا دڵنیا بێ کە دوژمن باروبنەی پێچاوەتەوە.

چوار و پەنجوتاری ڕەق بی (نیعمەتو) نازاری

واتە لە ڕۆژی چوار و پێنجی تاردا (نیعمەتی نازار) کە پیاوێکی خەڵکی «پاوە» بووە، لە سەرمان ڕەق هەڵاتووە.

سەرەڕای ئەمە کە وتەی سەرەوە ئەمەمان بۆ دەردەخا کە هێشتا نابێ دڵنیا بین وەرزی زستان باروبنەی هەڵپێچاوە و کۆتای پێهاتووە. خەڵکی ئەم ناوچەیە بە خاوێنکردنەوەی ماڵ و گۆڕینی جلوبەرگی نوێ بە پێی توانا بۆ منداڵەکانیان، تێدەکۆشن تەکانێکی نوێ بە ژیان بدەن و، خۆ ساز و تەیار بکەن بۆ پێشوازی جەژنی نەورۆز.

خەڵک پێیان وایە کە دێوی ڕەشی داگیرکەری زستان چی دیکە توانای خۆڕاگری نەماوە و فریشتەی بزوێنەری ژیان و خێر وبەرەکەت باڵی بە سەر ژیانی نوێدا دەکێشێ. هەر بەم پێیە ئەوانیش دەبێ خۆساز و تەیار بکەن تا بەم چەشنە پێشوازی لە نەورۆز وەرزی ژیانەوە و تاو تینگرتنی ڕۆژ ـ هێزی گەرمابەخشی ژیان بکەن.

ئەوان پێیان وایە هێزی «فرەوەر» کە چاوەدێری ئینسانە و پێشتر روحی بۆ مەلەکوتی بەرز فڕیوە، بۆ بەسەرکردنەوەیان دێتەوە.

لە کۆنەوە بەم ڕۆژانە دەگوترا چەژنی (هەمەس پەت مەئەدە) کە هەر هەمان پەنجەوتاری بە جێماو بۆ هەورامییەکانە.

لە دوایین چوارشەمەی پێش نەورۆزدا خەڵک بە نیشانەی وەفاداربوون بە ئایینی.کۆنی زەردەشت لە سەر شاخ و لوتکە بەرزەکان ئاور دەکەنەوە و بەم چەشنە هەر وەک ڕەوشتی کۆنی زەردەشتییەکانە، بە کردنەوەی ئاگر خەبەر بە دەوروبەر دەدەن و مەبەستی خۆیان ڕادەگەیێنن.

هەروەها بەرپاکردنی ئاور لە دوایین چوارشەمۆ بە نیشانە و ڕەمزی ژیان و خاوێنکردنەوەی لەش و دوورخستنەوە لە ڕەنج و ئازارەکانیەتی.

ئیتر خەم و خەفەتی ژێردەستبوونی زستان تەسلیمی گڕی ئاگری بە تینی نەورۆز و کاروانی دڵناوای ژیان و شادیهێنەری وەرزی بەهار دەکەن.

بە بازدان بە سەر بڵێسەی ئاگر و گۆڤەندگرتن لە دەورەی، سڕو سۆڵیی و داماویی و بێهێزیی لەش لە خۆیان دوور دەکەن.

لووتکەی شاخە بەرزەکان بە ئاگری نەورۆز دەڕازێتەوە و بە ڕەسمی کۆن بە هەمووان ڕادەگەیێندرێ کە دەورانی زوڵم وزۆریی زستان کۆتایی هات. خۆری بە پیت و بەرەکەت هەمووتان لەمەوپاش بە گەرما و ژیان و ژیانەوە میوانی دەکا...

چێشت و پێخۆری تایبەتی لە ماڵان ساز دەکرێ و منداڵان جلوبەرگی تازە و خاوێن لەبەردەکەن. جەژنانە و مزگێنی نەورۆز دەدرێ بە منداڵان.

ئیتر ئاگر کردنەوە لە کووچە و کۆڵان و سەربانان و تەقاندنی تریقە و

تۆقـتـۆقـە و شـتی لەو بابەتە بە گـوێرەی توانا بۆ هەرچی بەڕێوەبردنی ڕازاوەتری ڕێوڕەسـمی هاتنی نەورۆز، حـەز و سـەربەرزی زیاتر بۆ دانیشتووان بە دیاری دێنێ.
سەرەڕای سەقامگیربوونی ئیسلام لەم مەڵبەندە کـردنەوەی ئاگر لە سەر لووتکەبەرزەکان، نیشـانەی پابەندبوون بە ئەم یاسا دێرینە و هەروەها بە مانای بەرەنگاری داگیرکەر بەردەوامە.
دیارە ئەوە شـتـێکی تازە نییـە لە کـۆنەوە «زم و هامن» لە هەورامـان ناوبانگی تایبەت و ڕێوڕەسمی خۆی هەیە.
لەم ناوچەدا سـاڵ بە دوو وەرزی سـەرەکی دابەش دەکـرێ. «هامن» کـە بیریتی یە لە بەهار و هاوین و ، «زم» یان زستان کە بە پاییز و زستان دەگوترێ. نەورۆز سەرەتای وەرزی هامن بۆ مـاوەی سێزدە ڕۆژ ، واتە لە یەکەم ڕۆژی نەورۆز تا سێزدە کە ئاخرین ڕۆژی جەژن و دەرپەڕاندنی ڕۆژی سـێـزدە بە واتای ڕۆژی بەرێکردنی هەمـوو چەوتی و ئاڵەبارییـەکـانی ڕۆژانەی ژیانە و، ئاڵوگۆڕ بە دوای خـۆیدا دێنێ. ڕۆژ و شـەو لەم کـاتەدا درێژاییـان وەک یەک و سەرەتای ژیانەوەی زەوی و نەفـەسکێشـانیـەتی.
گـیـاوگوڵ بەرە بەرە لە زەوی سەر دەردێنێ. نەورۆز وەک یەکەم قـاسید مزگێنیدەری بەهارە. ئیتر خەم و خەفەتی بێتفـاقی و ترس لە زسـتـانی ڕەش و هەژاریی کۆتایی دێت.
جەژنی «فـرەوەر» مـژدەی بەرەکـەت و زگـپـڕی سروشت بە خـەڵک دەدا. هاتنی گـەرمـا و ڕزگـاربوون لە زوقم و سـەرمـا، دەرکـەوتنی مـەڕومـاڵات، چرۆدەرکـردنی دارودەوەن و بووژانەوەی گـیـا و گـوڵ و تەقـینی کـانگە و کانیاو و چاوگەکان، سەرهەڵدانی جۆگە و ڕووبار و ژیانەوەی سروشت بە دیاری خەڵات دەکا. مەڕوماڵات بەرەو چیا و پێدەشت لووت لە عـەرز بە تەقڵە لێدان شایی و سەما دەگێڕن.
بە پێی بڕوای پێـشـیـنیـان پێنج هێـزی لەشی مـرۆڤ، «ئەهۆ» ، «دەئنا» ، «بەئۆ» ، «ڕەوان» و «فروهەر» وەخۆ دەکەون.
هێزی «ئەهۆ» گیان و تین و ژیان دەبەخشێ.
هێزی «دئنا» دین و ویژدان بە هۆش دێنێ.
هێزی «بەئۆ» بیر و هۆش دەبزوێنێ.
هێزی «ڕەوان» خێر وشەڕ هەڵدەبژێرێ و چاکە و خراپە دیاری دەکا.
هێزی «فروهەر» پاسەوانیی مرۆڤ دەکا.
ئەم هێزانە هەر کـامەیان بۆ پاڵپێوەنانی ئادەمیزاد بەرەو ویست و خوازی خۆیان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان چالاکانە تێدەکۆشن و ڕوحی پێشتر فریوی دووبارە وەگەڕکەوتوویان لەم وەرزەدا ئینسان بۆ سروشتی پیرۆزی ژیانەوە ڕەپاڵ دەنێن.
جەژنی نەورۆز کـە هەزاران سـاڵ پێش ڕەگـوڕیشـەی لە بڕوای خـەڵکی کورددا داکوتاوە، چ کات وسـاتێک لەلایەن هیچ حکوومەتێکەوە وێڕای پیلانگێران و هەوڵی زۆر لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا توانای بێڕەنگکردن و لە بیـربردنەوەی سـەری نەگـرتووە، بەپێـچـەوانەی هەمـوو هەوڵێکی دژبەرانە لە نێـو کـورداندا وەک جـەژنێکی گـەورەی نەتەوەیی ناسـراوە و ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرێ.
هێندێک لە سـەر ئەو بڕوایەن، نەورۆز لە سـەرەتادا بە «نوک ڕۆچ» یان «نوک ڕۆز» ناسراوە. هەرێوە شاخی «نەکەرۆز»ی لای باژێڕی سـەقز لە کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات «نوک ڕۆز» ناودێرکـراوە کە پاشـتـر وشـەکـە بە کەمێک ئاڵوگۆڕ بۆتە «نەکەرۆز» یان کێوی «نەکرۆز». لە سەر چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم ڕۆژە مـێژووییە ئەزەر و بیروڕای جیـاواز هەن کە لە نێـو ئەوانەدا ئێرانییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە کە نەورۆز بە جەژنی خۆیان واتە ڕەگەزی باڵادەستی «فارس» بناسێنن!
خەیام شاعیری گەورەی ئێرانی دەڵێ: «کاتێک کە زانیان هەتاو دوو خول ئەخـوا و دوو دەور ئەداتەوە و ڕۆژەکانی ساڵ ئەبن بە ٣٦٥ ڕۆژ و چارەگە ڕۆژێک، «جـەمـشـیـدی جەم» فـەرمـانی گـرتن و بەڕێوەبردنی ئاهەنگی نەورۆزی لە سەرەتای هەمـوو ساڵێکدا دەربڕی».
فیردەوسی هۆنەری شانامە دەڵێ: «ئەو ڕۆژە کە جەمشید لە سەر تەختی پاشـایەتی دانیـشـت و تاجی لە سـەر نا هەر ئەو ڕۆژەیان کـرد بە جەژنی نەورۆز».
وێنەی جەژنەکانی نەورۆز لە ئاسەواری (تەختی جەمشـید)ی لای شیراز یەکێ لە شارەکانی ئێران ماوەتەوە.
لەوێدا پەیکەری لە بەرد هەڵکەندراوی دوو سـەرۆکی «مـاد» واتە کـوردەکـان و «پارسی» واتە فـارسـەکـان لەگەڵ یەک وتووێژ دەکەن و بە پێشکەشکردنی دەستەگوڵ جێژنە پیرۆزە ئەڵێن.
لە کـۆبوونەوەیەکی گـشـتی کـە بە بۆنەی جێـژنی نەورۆزەوە لە کـۆشکی (ئاپادانا) لە پێـشـگـای پاشـاکـانـدا بەڕێوەئەڕوا، نوێنەرانی چینە جـۆراوجـۆرەکـان لە سێ بەشی ڕێکوپێک بۆ پێـشـکەشکردنی دیاری ڕاوەسـتاون و لەلایەن ڕێنوێنێکی «پارسی» و فـێریارێکی «مادی» بەرەو خزمەتی پاشا بەڕێ ئەکرێن. دەستەی مۆسیقا کە بریتین لە سازلێدەران و بچرانی دەنگخۆش ئامادەی پێشکەشکردنی ساز و ئاهەنگی ساڵی تازەن.
لە لای دەستی ڕاستی پاشـاوە «موبەد»ی گەورە کـە کـراسـێکی سپی و داوێن درێژی لە بەردایە و پشتوێنێکی بەستووە و هەر دوو دەستی لە سەر گرێی پشـتـوێنەکەی داناوە، خەریکی خوێندنەوەی «ئەشم وەهو»یە، واتە دوعای تایبەتی ڕۆژی جەژن.
ئەو ئەڵێ: "ڕاستی گەورەترین چاکەیە کە ئەبێ بە هۆی بەرزیی ئیقباڵ بۆ چاکـان و ڕاسـتـیـخـوازان، ئێـمـە شوێن کـەوتووی ئایینی زەردەشت ـ ین، باوەڕمـان هەیە بە بیـری چاک و وتەی چاک و کـردەوەی چاک، لە شـەڕ بێـزارین، هەنگاو ئەنێین بەرەو ئاشـتی، داوای مـردن دەکـەین بۆ «گەنامینو»ی ناپاک، واتە ئەهریمەنی چەپەڵ. ئەهورامەزدا لە هەموو لارێ و چەوتییەکان لامان بدات".

دەبا لە ساڵی تازەدا لە یەکەم نەورۆزی سەدەی بیست و یەکەم و سەرەتای هەزارەی سێـهـەم دیسـانەکـە کۆشکی (ئاپادانا) بڕازێنینەوە و لە جیـاتی مەرگ و ئەمان دەستەگوڵ پێشکەشی یەکتر بکەین.
با لەم ڕۆژە مەزنەدا پیاوە سیاسی و ئایینییەکانی ئەم سەردەمەش توانا و نوێنەرایەتی ئەهورامەزدا لە خۆیان نیشـان بدەن «گەنامینو»ی ناپاک لە خـۆیان و لە سـەر زەوی وڵاتی ڕەنج و خـەم و کـەسـەر دوور بخـەنەوە. لە ڕۆژەکـانی «گـاسانیک» یان «پەنجەوتار»دا وەک فـروهەر پارێزگـاری لە مرۆڤ بکەین.

**سەرچاوە:**

ـ گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ١٤ و ١٥ ساڵی ١٣٧٣.

**بە بۆنەی ٨ی مارسەوە:**

# مافی ئینسانی و یەکسانی بۆ ژنانی کوردستان

شنە هیدایەتی

ڕۆژی ژن لە ساڵی ١٩١١دا، لە ژێر ئینسیاتیڤی «کلارا ستکین(Clara Zetkin)» کە یەکێک لە ژنە تێکۆشەرە سۆسیالیستەکانی ئاڵمانیا و هاوکاری «ڕۆزا لوگزامبورگ(Rosa Luxembourg) بوو، وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە مێژووی خەباتیاندا بۆ وەدەستهێنانی حەقی دەنگدان و ئازادی و یەکسانیی دیاری کراوە.

لە ساڵی ١٩٨٠وە، لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو ڕۆژە واتە ٨ی مارس بە ڕەسمی ناسراوە و لەو ڕۆژەدا ژنانی تێکۆشەر لە چوار قوڕنەی دونیاوە خەباتی یەکگرتووی خۆیان لە پێناو وەدەسهێنانی مافەکانی ئینسانی و یەکسانی پیرۆز دەکەن.

لە کۆمەڵێکدا، کە ئینسان بە دەستی ئینسان دەچەوسێتەوە، لە کۆمەڵێکدا کە چین و توێژە چەوساوەکانی ئەو کۆمەڵە لە پرۆسەی تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی مافەکانی خۆیان، دەسەڵاتدارەکانیان مەجبوور کردووە کە ڕۆژێک بە نێوی ئەوان تۆمار بکا. ڕۆژی کرێکاران یان ڕۆژی ژنان دوو نموونەی بەرچاوی ئەو ڕاستیەن. هەروەها تۆمارکردنی ڕۆژێک بە نێوی چەوساوەکان لە کۆمەڵدا نیشانەی نەبوونی یەکسانی و بوونی چەوسانەوەن.

دیارە ڕادەی نایەکسانی و چەوسانەوەی ژن لە دونیای پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ دونیای دواکەتوو و نادێموکراتیکدا یەکجار کەمترە، ئەگەرچی ئەوە بەو مانایە نییە کە ژن بە هەموو مافەکانی خۆی گەیشتووە. بۆنموونە: وڵاتی سوێد لە کۆنفرانسی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە شاری پەکەن (Peking) چەند ساڵ لەوە پێش بەسترا، خەڵاتی یەکەمی وەک یەکسانترین وڵاتی دونیا لەمەڕ مافی ژنان وەرگرت؛ ئێستاش ژنانی سوێد ماویانە کە بە تەواوی بە مافە ڕەواکانیان بگەن.

بە پێی گوزاریشی وەزیری مافی یەکسانی خانمی ئولریکا مێسینگ (Ulrica Messing) لە سوێد، «ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠٠٠ ژن بە دەستی پیاوەکانیان تووشی لێدان دێن و بریندار دەکرێن»، یەک: لە بەر ئەوەیکە پیاو قودرەت و زاڵبوونی خۆی بە سەر ژندا بسەلمێنێ و دوو: لە بەر ئەوەیکە ژنەکەی لەباری ڕوحی و فیزیکییەوە بشکێنێتەوە. هەر لەو وڵاتەدا ژن بە نیسبەت پیاوان، بۆ کاری وەک یەک، مووچەی وەی یەک وەرناگرن. هەروەها لە دەزگاکانی بڕیارداندا بە ئەندازەی پیاو بەشدار نین. لە بەر ئەوەی کە کۆرسی زانستگاکان لەلایەن پیاوانەوە قۆرخ کراون، لە وەرگرتنی کاندیداتۆریی ژنەکان بۆ پلە هەرە بەرزەکانی زانست و لێکۆڵینەوە بەرگری دەکرێ. واتە لە دونیای مودێرن و دێمکراتیکیشدا ژن زۆری ماوە کە خەباتی بۆ بکا لە کۆمەڵدا.

بە ئاوردانەوەیەک لە دونیای دواکەوتوو و نادێموکراتیکدا بۆمان دەردەکەوێ کە ژن تاچ ڕادەیەک لە مافی ئینسانی و یەکسانی خۆی بێبەش کراوە. لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و نادێموکراتیکدا، یاساکان بە شێوەی غەیری دێموکراتیک و لەلایەن پیاوانی دواکەتوو دامەزراون. ئەو یاسایانە یاسای پیاوسالارین، لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، پیاو وەک حاکمی موتڵەق، خۆی بە مالیکی ژن و ژن بە موڵکی خۆی دەزانێ. لەو کۆمەڵگایانەدا، ژن وەک کاڵا خەرید و فرۆشی پێدەکەن. بۆنموونە: ژن بە ژنە، شیربایی، گەورە بە چووکە، لە سەر پشتی لانک مارەکردن، بە زۆری بە مێرددان و... لە ئەنجامدا کاتێک ژنان لەو سنوورەی کە پیاوەکان بۆیان دیاری کردوون لایاندا و پەلیان بزاوت، تووشی لێدان و جەزرەبە و حەتتا کوشتنیش دەبن. وەختێک پیاو خۆی بە مالیکی ژن دەزانێ، ئەو حەقەش بە خۆی دەدا کە حەد و سنووری بۆ دابنێ و ڕێگای بەرەوپێش چوونی بگرێ. لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودایە کە ژن وەک ناموسی پیاو، بنەماڵە، عەشیرەت لە قەڵەم دەدرێ. ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە کە لە وڵاتانی وەدواکەتوو و غەیری دێموکراتیکدا باوە بە پێی ئاماری ئینترناشناڵ ئەمنستی(International Amnesty) ساڵانە بە سەدان ژن لە ژێر نێوی پاراستنی ناموس دەکاتە قوربانیی دواکەتوویی و نەزانی خۆی. هەر لەو وڵاتانەدایە کە ژن بەردەباران (سەنگەسار) دەکرێ، لە ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر، منداڵ لەباربردن و هەڵگرتنەوەی منداڵ و مافی جیابوونەوە بێ بەشن. هەروەها لە شایەتیدان(شەهادەت دان) و میراتگرتن بە نیوە ئینسان بە حیساب دێن و...

کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووە، کە تێیدا ژن وەک نیوەی کۆمەڵ لە زۆربەی مافە ئینسانییەکانی خۆی بێبەشە. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ژن چەند لایەنە دەچەوسێندرێتەوە: هەم وەک کورد لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە مافە نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی پێشێل دەکرێ و، هەم وەک ژن لەلایەن پیاوانی دواکەتووی کۆمەڵی کوردەوارییەوە. فەرهەنگی داگیرکەر تەگەرەیەکی زۆری لە ئاست بەرەوپێشچوونی ژن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هێناوەتە پێش. ژێردەستی و کۆیلەتی ژنان لە کوردستاندا بە ڕادەیەکە کە هیچ چەشنە داوا و مافی ئازادی و شەخسی و مەدەنییان نییە و، دەگەڵ کوشتن و ئیهانەت کردن و بەکەم سەیرکردنی ئاشکرا ڕووبەڕوو دەبن. بە پێی گوزاریشی سکرتێری ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان لە باشووری کوردستان، لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردوودا نزیک بە (٥٠٠٠) ژن لە سەر سەرەکیترین ماف کوژراون. بە هۆی

ژنەوەی دابونەریتی عەشیرەیی و کاریگەریی یاساکانی ئایینی و فەرهەنگی پیاوسالاری و نامووس پەرستی، تێرۆر و کوشتنی ژنان بە دەستی برا و باوک و مێردەکانیان، لووت بڕین و لێدان و توندوتیژیی، زیندانیکردن و بەستنەوەیان بە زنجیر لە گەنجە و حەمامدا، تادەگاتە تیژاو (ئەسید) ڕشتن بە سەر جەستەی ژناندا، بووەتە دیاردەیەکی بەرچاوی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و؛ ڕۆژ نییە تراژێدی و کارەساتی دژی ئینسانی بە دوای خۆیدا نەهێنێ. ژنانی کوردستان بە هۆی ئەوەیکە هیچ دادگا و یاسا و دەسەلاتێک نییە داکۆکی لە ماف و حورمەتی ئینسانییان بکا و پەنای بۆ بەرن، ناچار دەبن خۆکوژی لە ڕێگای خۆسووتاندنەوە هەڵبژێرن.
پەرەسەندنی دیاردەی خۆسووتاندن ئاکامی ئەو ڕاستییەیە کە ژنان لە کوردستان هیچ پشتیوانەیەکی قانوونییان نییە بۆ وەدیهێنانی مافەکان و کەسایەتی خۆیان. لە ماوەی ۲ساڵی ڕابردوودا، بە سەدان ژن لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر لە سەر نەبوونی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر و خۆشەویستی کردن، ئازادی جلوبەرگ پۆشین و سەرەتاییترین مافی ئینسانی، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە.
تەنیا گوتن و لە قاودانی ئەو نابەرابەری و زوڵمانە بۆ لە بەینبردنیان بەس نییە. بۆ نەهێشتنی ئەوانە، ئێمە بە تێگرایی بە ژن و پیاوەوە دەبێ بۆ گۆڕینی ئەو ناعەدالەتی و نابەرابەرییە تێبکۆشین بە خەباتی بێ وچان و بێ پسانەوەی خۆمان.
لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ یاساکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لە ئایین جیابکرێتەوە، یاساکان دەبێ مافە کەسایەتی و حورمەتی ئینسانیی ژنان بپارێزن و بە پێوانەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بەراوردیان بکا. ژنان دەبێ بۆ خۆیان لە دانانی ئەو یاسایانەدا بەشدار بن.
مەسەلەیەکی لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە زەینی خەڵک لە سەر دواکەوتوویی و نائینسانی یاساکانی ئێستا ڕوون بکرێتەوە و هاوکات زەینی خەڵک بۆ وەرگرتنی یاسا تازەکان ئامادە بکرێ.
لە ڕێگای قوتابخانە، لە ڕێگای میدیاوە (ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی) و لە باوەشی دایک و باوک ڕا واتە لە سەرەتای ژیانەوە دەبێ منداڵ فرچک بە یەکسانیی ژن و پیاو بگرێ.
میدیا دەتوانێ باشترین ئامراز بێ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ژن دەبێ وەک پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵدا مافی یەکسانی هەبێ.
هیوادارم بە تێکۆشان وخەباتی هاوبەشمان دونیایەکی وا بەدیبێنین کە پێویست نەکا ڕۆژێک بۆ «چەوساوەکان» دیاری بکەین.
یۆتەبۆری: ٨ ـ ٣ ـ ٢٠٠٠

## جینایەتێکی دیکە

بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی Expressen (ڕۆژی ۲۱ی یانواری ۲۰۰۰)، کچێکی ۱۹ ساڵەی کورد خەڵکی بازێڕی دهۆک لە باشووری کوردستان، کە ماوەی پێنج ساڵ دانیشتووی سوێد بوو، هاوینی ڕابردوو دوای تەواوکردنی قوتابخانە، لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دەبردرێتەوە کوردستان و، لەوێ بنەماڵەکەی واتە باوک و مامەکانی بڕیاری بەمێرددانی دەدەن. کاتێک بۆیان دەردەکەوێ کە کچەکەیان مل نادا بۆ زەبر و زەنگ و بە زۆر مێرددانی، بڕیاری کوشتنی دەدرێ. بە پێی هەواڵەکان یەکێک لە مامەکانی بە سێ گوللە دەمانچە دڵی پڕ لە هیوا و ئاواتی ئەو نەمامە ۱۹ ساڵەیە لە کوتە دەخا.

من کاتێک لە ڕێگای میدیای سوێدەوە ئاگاداری ئەو ڕووداوە دڵتەزێن و غەیری ئینسانییە بووم، لە پێشدا وەک ئینسان و دوایە وەک ژن و هەروەها وەک کورد بە پێویستم زانی بێدەنگ نەبم. بۆیە لە هەموو ڕێکخراو و کۆڕ وکۆمەڵی کوردەواری و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر دەخوازم کە لەمەڕ ئە جینایەتە بێ دەنگ نەبن و مەحکوومی بکەن.
هەر لەو ڕابیتەیەدا بوو کە لە مانگی یانواری ساڵی ۲۰۰۰ دا نامەیەکی سەرناوالەم بۆ کونگرەی نەتەوەیی کوردستان (ک. ن. ک) نووسی. دەقی نامەکە بەم جۆرەیە:

**بەڕێزان، بەڕێوەبەرانی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان!**
وێڕای ڕێز و سلاو، هیوادارم لە ڕێگای خزمەت بە میللەتی کورد و وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی سەرکەوتووبن.
بەڕێزان! هەروەک ئاگادارن لە باشووری کوردستان، دیسان جینایەتێکی دڵتەزێن و نائینسانی دیکە، لە سەر کچێکی کورد کە ویستوویە بە مەیلی خۆی شەریکی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ ڕوویداوە.
ئەمن وەک ژنێکی کوردی نیشتمانپەروەر ئەو جینایەتە بە توندترین شێوە مەحکووم دەکەم و داوا و تکام لە هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و نیشتمانپەردورپەروەرە کە بێ لایەن نەبن و لە سەر ئەو ڕووداوە هەڵوێست بگرن. ئەوە ڕووداوێک نییە کە چەند بنەماڵەی کورد و چەند ئینسانێکی نەخۆش بگرێتەوە، بەڵکوو بەداخەوە ئەوە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی یە کە لە کۆمەڵی کوردەواری دا هەیە و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئەو جینایەتە جاری ئەوەڵ نییە و جاری ئاخریش نابێ، بۆیە دەبێ بە توندی پێشی بگیرێ. ئەوە نە تەنیا ئیهانەتە بە ژنی کورد بەڵکوو ئیهانەتیشە بە میللەتی کورد و تەواوی ئینسانیەت.
بەداخەوە، ئەو جینایەتە لەلایەن میدیای سوێدەوە وەک داب و فەرهەنگێکی کوردی لە قەڵەم دراوە. هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە بەگشتی و، ئەرکی سەر شاتی «کونگرەی نەتەوەیی کوردسنان»ە بە بەتایبەتی، کە لە سەر ڕووداوێکی ئەوتۆ کە فەرهەنگی نەتەوایەتی کورد خەدشەدار دەکا و میللەتی کورد وەک میللەتێکی وەحشی و دواکەوتوو دەخاتە بەر چاوی دونیایە، نارەزایەتی دەربڕێ و جینایەتی ئاوا لەقاو بدا و ڕێگای دووپاتکردنەوەی نەهێڵێ.
بەڕێزان، پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی هەر نەتەوەیەک بە وەزعی ژنانی ئەو نەتەوەیە هەڵدەسەنگێندرێ. نیوەی نەتەوەکەمان ژنن، هەروەک دەزانن ژنی کورد چەند لایەنە دەچەوسێتەوە:
١) بەگشتی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان وەک کورد
٢) بەتایبەتی لەلایەن کۆمەڵی کوردەواری و لەلایەن پیاوانی دواکەوتووی کوردییەوە
ئێمە دەبێ دڵنیا بین تا ئەو نیوەیە ڕزگار نەبێ و بە مافی ئینسانی و یەکسانییەکانی خۆی نەگا، ناتوانین نەتەوەکەمان و وڵاتەکەمان ڕزگار بکەین. ژنی کورد پێویستی بە هێزێکی نەتەوایەتی هەیە کە لەسەری وەجواب بێ و پشتیوانی مافەڕەواکانی بێ.
وەک ژنێکی کورد ئاواتم ئەوەیە کە ئێوە ئەو هێزە بن و لە بە جێگەیاندنی ئەرکی نیشتمانیی خۆتان، درێغی نەکەن. بە هیوای هەڵوێست و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتیتان لە سەر ئەو جینایەتە.
یۆتەبۆری ـ سوێد: شنە هیدایەتی

# ئێپۆکی پاش بنەماخوازیی

## لەمیانەی خستنەڕووی بیری ژاک دریدا

ئازاد حەمە

### ❑ وتاری بنەماخوازیی فەرەنسی، لە نێوەندگەریی بنەماوە بۆ هەڵوەشانەوەگەریی . پووکانەوەی ڕوناکبیریی بنەما

ئەوەی دوای «سارتەر» یان ئەوەی دوای بوونخوازییەکی پاریسی، ئەوەی دوای فەلسەفەیەکی فینۆمینۆلۆژی و دیالیکتیکێکی ڕەها، یان ئەوەی دوای ڕوناکبیرییەکی نێوەندگەریی کە سەرچاوە لە لۆگۆسێکی ترادیسیۆنییەوە هەڵدەگرێ، دەکەوێتە ئامێزی مارکسیزم و بنەماخوازییەوە. یان بنەماخوازیی شەپۆلی دوای مارکسیزمە کە لەماوەی سالانی شەستەکاندا لە فەرەنسا لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا، ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانی و فەلسەفی و شیکردنەوەی دەروونی و ئەنترۆپۆلۆژی، یان لەبوارە ئەکادیمی و نا ئەکادیمییەکاندا سەری دەرکرد. وەکی تر، بۆ زۆربەی ڕووناکبیرانی فەرەنسی و ئەوروپایی، مارکسیزم و بنەماخوازیی دوو شەپۆلی بیرکردنەوەی ماوەی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان و بەرەو سەرەوە بووە. هەر بەگشتی مێژووی بیری سەدەی بیستی فەرەنسی بۆ گەلێک لە ڕووناکبیران و نووسەران لە نێوان فێنۆمێنۆلۆژیا، وەک فەلسەفەیەک بۆ جەختکردن لە ڕۆڵی ئاگایی مرۆڤایەتی و بوونخوازیی، وەک فەلسەفەیەک بۆ جەختکردن لە ڕۆڵی تاکەکەس (ئیندیڤید) و کردەی ئازادی لەلایەک و، بنەماخوازیی، وەک فەلسەفەیەک بۆ جەختکردن لە بنەما و زمان لەلایەکی تر، فۆرمی خۆی پێکهێناوە. لە دوای ئەم فەلسەفانەشەوە ئێپۆکێکی جیاواز لە تێگەیشتن و لێکدانەوە سەرهەڵدەدا کە ئەوەش تێندێنسی بیری پاش بنەماخوازیی (poststructuralism) و هەڵوەشانەوەگەریی (deconstruction) و پاش تازەگەریی(postmodernite)یە.

بەپێی بۆچوونی یۆران سۆنیسۆن (Göran Sonesson)، کە ئەکادیمیکارێکی سیمیۆتیکی سوێدی یە، بنەماخوازیی بەزۆری مۆدە بوو و، هەربۆیشە دواجار بە پاش بنەماخوازیی بەلەجیاتیکراو و، دواتریش بە پاش تازەگەریی. ئەم ئەکادیمیکارە سوێدییە پتر مەبەستی بنەماخوازیی فەرەنسی یە، کە ماوەی شەستەکان بالادەست بووە نەک بنەماخوازیی زمانەوانی یان بنەماخوازیی چێکی سالانی سی و چلەکان کە ئەمانە پرۆژەیەکی پتر جدی تر بوون.

بارودۆخی ڕوناکبیریی فەرەنسی و جیهانی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی فەلسەفەی بنەماخوازیی، خۆی وەک فەلسەفەیەکی ئونیڤێرسال دەرخا. بەلام لەگەل ئەوەشدا، بنەماخوازیی هەر لەسەرەتاوە توانی وەک مێتۆد و وەک ئایدیۆلۆژیا، کار بکا و لەهەمان کاتیشدا لێکدانەوە لەبارەی تێکست و تیۆری شیعرگەرایی و ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا بەرهەمبهێنێ. لێکدانەوەی بنەماخوازەکان جۆراوجۆرن و سەرچاوەکانیشیان لێک جیاوازن. سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بنەماخوازیی فەرەنسی، مارکس و فرۆید بوون. ئەمە جگە لەوەی تیۆری زمانەوانی بنەماخوازیی سویسری «فردیناند دێ سۆسێر» (F. Saussure) سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ بنەماخوازانی فەرەنسی. لەپاش «سۆسێر»یشەوە تیۆری زمانەوانی بنەماخوازیی لەسەردەستی قوتابخانەی پراگ (Prag ـ کە ناودارترینیان «ڕۆمان یاکۆبسۆن» (R. Jakobson) و ترۆبتسکۆی (Troubetskoi) بوون و خۆی ئەم قوتابخانەیشە بەرماوەی فۆرمالیزمی ڕووسی بوو) و قوتابخانەی کۆپنهاگن («هێلمسلێڤ» Hjelmslev) گەشەی زۆری بەخۆوە دیوە.

واتە وتاری بنەماخوازیی فەرەنسی گەلێک لە ڕوانگەکانی لەبارەی پەیڤی دیالۆگ و شیعرگەرایی بنەمایی، لەسەر بناغەی دیدگاکانی فۆرمالیستەکانی ڕووس بەتایبەت باختین (Bakhtine) و دواتر یاکۆبسۆن دانا. بەرچاوترین کاری باختین کە لەم بوارەدا بۆ بنەماخوازە زمانەوانیی و سیمیۆتیکە فەرەنسییەکان سەرچاوەیە، کتێبی جوانکاریی و تیۆری ڕۆمان و شیعرگەرایی «دێستۆیۆفسکی»یە. بەلام سەبارەت بە یاکۆبسۆن ئەو کارەیە کە بە نێوی مەسەلەکانی شیعرگەرایی نووسیویەتی. زمانەوانیی تەنیا ڕوویەکی بنەماخوازیی فەرەنسی نەبوو، بەلکوو ئەم بنەماخوازییە گەلێک پۆلی تری ڕوناکبیریی گرتەوە. بۆنموونە سیمیۆلۆژیای ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا (ڕۆلان بارت)، خوێندنەوەی مێژووی بیر (میشێل فۆکۆ)، ئێپستیمۆلۆژیای مارکسیزم (لوی ئالتۆسێر)، شیکردنەوەی دەروونی بەهۆی زانستی زمانەوە (ژاک لاکان)،

بەکاربردنی زانستی زمانەوانیی بۆ لێکدانەوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی سەرەتایی (لیڤی ـ ستراوس).

**بارت:**

فەلسەفەی بنەماخوازیی، ئەگەرچی بۆ گەلێک لە بنەماخوازان فەلسەفە نەبووە و بەڵکوو ڕێگایەک بووە بۆ پشکنین، لە دژگەراییەکی بێ ڕەهەنددا بووە لەگەڵ فەلسەفەی سوبژێکت و فەلسەفەی ماهیەتگەریی (Essentialism) و بیری فەلسەفیی ئەوپەڕی جیهانی مادی (Transcendentalism). ئەم دژگەراییەش بەرەو ئەوەی بردوون هەریەکە زانستێکی تایبەت دروست بکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوی خۆیان ناوی دەبەن بە بڕوا بۆرژوازی و میتافیزیکییەکان. جالێرەدا بارت گرینگی خۆی هەیە لە پێشنیارکردنی زانستێک بە نێوی سیمیۆلۆژیا (نیشانە ناسی). ئەڵبەتە بەکەڵک وەرگرتن لە تیۆری زمانەوانیی سۆسێر.

بارت لەو باسەی کە بەنێوی (وانە) لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷۷خوێندوویەتەوە بۆ وەرگرتنی پلەی مامۆستایەتی لە کۆلێژی دۆفرانس ددان بەوەدا دەنێ کە سیمیۆلۆژیا سەرچاوە لە زانستی زمانەوە هەڵدەگرێ. لەڕاستیدا بارت هەر لەسەرەتای پەنجاکانەوە، بەوە گەیشتووە کەدەبێ زانستێک دروست بێ، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەش لە پێکەوە گرێدانی کارەکانی سارتەر، برێشت (Brecht)و سۆسێردوە هەڵگرێ.

سیمیۆلۆژیا، بەپێی دیدی بارت لە تەک میتا ـ زمان دا پێوەندی خۆش نییە، بەڵام بارت واشی لێدەکا کە لە خزمەتی هەندێ زانستی وەک مێژوو، ئێتنۆلۆژیا، دەروونناسی دا بێ. هەروەها سیمیۆلۆژیا بەجۆرێکی ئەوتۆ دەردەخا کە هێرمینۆتیک ـ تەئویل ـ نییە و مەبەستیش لێی وێرانکردنی نیشانە نییە، بەڵکوو بایەخ پێدانە پێی.

بارت بە پێشینەیەکی ڕوناکبیریی بوونخوازی و ئەنتی بۆرژوازییەوە هاتە ناو بنەماخوازییەوە و، هەرزووش باوەڕی بەوە هێنا کە سەدەی بیست سەدەی کاوێژکردن و دووبارەکردنەوەیە، لەکاتێکدا سەدەی پێشتر ـ سەدەی نۆزدە ـ خاوەنی دوو سیستەمی زانین(Epistemology) بوو: یەکێکیان مارکسیزم و ئەویتر فرۆیدیزم. ڕەنگە لەزۆر ڕووەوە ئەمەش وای لە بارت کردووە کارە سیمیۆلۆژییەکانی لەلایەک تێندێنسی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و لەلایەکی تر ئەدەبیی و تیۆری وەرگرێ. بەگشتی لەگەڵ بارت دا بنەماخوازیی ئەدەبی و تیۆری تێکست، یان بەواتایەکی تر وتار لەمەڕ تێکست سەریهەڵدا. هەروەها سیمیۆلۆژیای ئەدەبیی بارت توانی پرسیارێکی زۆر لەبارەی ماهیەتی ئەدەب و کردەی نووسین بخوڵقێنێ. ئەمەش هەر لە پەنجاکاندا، لەدوو توێی یەکەم بەرهەمی (پلەی سفری نووسین) ئەنجامیداوە. ئەمەو ئەو پرسیارانەش لەژێر سایەی ئەو جۆرە سیمیۆلۆژیایەی بارت خوڵقا کە ڕووناکبیرانی فەڕەنسی و غەیرەفەڕەنسی لەوە بەئاگاهێنا کە بە مەرگی نووسەر، نووسین دەستپێدەکا و ئەوی لە تێکستیشدا قسەدەکا زمانە نەک نووسەر. ئیدی بارت لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێ تادەگاتە ئەوەی زۆرترین ڕوونکردنەوەی جیاواز لەم بارەیەوە، واتە تیۆری تێکست و تێکستناسی، بەرهەمدێنێ. پێویستە ئەوە بگوترێ کە بارت، تێکست بەواتای ڕیشاڵ بەکاردەبا و وەک پۆلێکی ڕێرەویش تەماشای دەکا. گۆڕانکارییەکانی مانا بە گۆڕانکارییەکانی تێکستەوە وابەستەدەکا، چونکە تێکست شوێنی بەرهەمهێنانی مانایە بەڵام فرەمانایەتی. بارت بەجیاوازیکردنی لە نێوان ڕەخنە و خوێندنەوەدوە گەیشتووە بەو دیدەی جەخت لە سە ئەوە بکا کە خوێندنەوە تێکست بەرهەمدێنێ و، جۆراوجۆریەتیش لە خوێندنەوە دەکارێ مانا شاراوەکان و جوداوازەکان ئاشکرابکا و ڕەهەندی نیشانەش لە تێکستدا دیاری بکا. تێکست بە چێژ ئەشوبهێنێ و بە وردیش لەو کارەیدا کە لەم بارەیەوە نووسیویەتی بەنێوی (چێژی تێکست)، چۆنیەتی خوڵقانی کردەی چێژ لە تێکستدا باسدەکا و، ویستی تێکستیش بۆ چێژ ئاشکرادەکا. جا بەپێی ئەوەیکە نووسین زانستی چێژی زمانە ئەوە ڕۆندەکاتەوە کە بە چ جۆرێک چێژ تێکست یان جەستەی خۆی پێکدێنێ و، هەروەها ئەو زمانەش دەستنیشان دەکا کە ئەم تێکستە ـ چێژە دروست دەکا. ئەڵبەتە جیاوازیش لە نێوان ئەو تێکستانەدا دادەنێ کە تێکستی چێژن و ناتوانن ببن بە چێژی تێکست. ئەمانە بارت بەرەو ئەوە دەبەن کە پێوەندییەکی ئێرۆتیکی لە نێوان خوێنەر و تێکست و نووسەردا بدۆزێتەوە.

زاراوەی نیشانە بەرباسخستن خاڵی هاوبەشی نێوان زۆربەی بنەماخوازە زمانەوانیی و سیمیۆلۆژە بنەماخوازەکانە. بارت یش لە کارەکانیدا (وەک ڕەگەزەکانی سیمیۆلۆژیا، ئیمپراتۆریای نیشانە و سیمیۆلۆژیای مۆد) بە وردی ئەم لایەنە ڕووندەکاتەوە و ڕۆشنبیرییەکیش تایبەت بە نیشانە بەرهەمدێنێ.

هەموو ئەوەی کە لەسەرەوە بەچڕی و بەکورتی لەبارەی بارت دوە گوترا، وامان لێدەکا لەو بوارەدا بە تازەگەر لەقەڵەمی بدەین کە کاری تێداکردووە. بەڵام تازەگەر بەو مانایە کە خۆی (تازەگەریی واتە گەڕانەوە بۆ ئەوی لێی دوورکەوتووینەتەوە) پێناسەی دەکا.

پێویستە ئەوەش لێرەدا بڵێین کە هەندێ لە تیۆریزەکەرانی ئەدەب پێیان وایە دەشێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە بارت دا بکرێ. بارت ی ساڵانی پەنجا و شەستەکان و بارت ی ساڵانی کۆتایی حەفتاکان (ساڵی هەشتامردووە) کە بۆ گەلێکیان بارت ی ئەم قۆناعە دەکرێ وەک پاش بنەماخواز تەماشابکرێ.

**فۆکۆ:**

کاراکتێری سەرەکی بنەماخوازیی ئەوەیە کە بیرەکان لەلایەن نووسەرانێکەوە هاتنە بەکاربردن کە فەیلەسووف نەبوون یان قەبوڵیان نەدەکرد نە بە فەیلەسووف ناوبرێن و نەش بە بنەماخواز. جا بەرچاوترین نموونە لەسەر ئەم دیاردەیە هەوڵەکانی مێژووکردی بیر و بیریاری فەڕەنسی «میشێل فۆکۆ»یە. بیری فۆکۆ کاتێ دەیویست دەسەڵاتی ڕووناکبیری پەیدا بکا کە بەشێکی زۆری فەڕەنسییەکان لە ژێر سیحری بوونخوازیی سارتەر و هاوبیرەکانی، مێرلۆپۆنتی، پۆل ڕێکۆر، هەروەها بیری چەپگەرایی ستالینی دا بوون. لەلایەکی تردوە شێوازی ڕەوانبێژی پۆیەتیکی، فەلسەفی، ئایدیۆلۆژی و مێژوویی فۆکۆ ڕۆڵی خۆی هەیە لەوەی کە نەکرێ بە ئاسانی ڕوونکردنەوە لەبارەی بیریەوە بەردەستخرێ یان بیری لەژێر پۆلێک زانینی تایبەتدا یەکلابکرێتەوە. لەهەمان کاتدا بۆ هاو بیرانی ئاشکرایە کە ئەو کۆنتێکستەی فۆکۆ بیری خۆی تیاجێگادەکاتەوە کۆنتێکستێکی نائاسایی و ناجۆرە.

ویستی فۆکۆ بۆ تێپەڕاندنی بنەماخوازیی بەهێز بووە. هەندێک لە ڕۆشنایەکانی ئەو ویستەش لەو باسەدا دەردەکەون کە بەنێوی (بنەماخوازیی و شیکردنەوەوی ئەدەبیی، ١٩٦٧) نووسیویەتی و تیایدا داکۆکی لە نابنەماخوازیی خۆی دەکا. دواتریش فۆکۆ هەربەردەوام دەبێ لەسەر ئەم شێوازە وتارە. شێوازی وتاریی فۆکۆ دژی گشت شێوازێکە لە وتار، دژی گشت ڕوالەتێکە لە وتار. ئەم شێوازە وتارییە زمانێکی ڕەوانبێژی و میتافۆر(ئیستیعارە)ی خۆی هەیە. ئەم زمانە فێری ئەوەمان دەکا چۆن هەمان شت بە وشەی جیاواز یان هەمان شت بە وشەی تر دەگوترێ. یاخود چۆن دەکرێ چەند شتێک بە هەمان وشە بگوترێ.

شـێـوازی ناوبراو لێکدانەوە لە شـوێنی چاوەڕێنەکـراو و گـومـڕادا بەرهەمدێنێ. بەگشتی دوان لەسەر شێوازی فۆکۆ گەلێک لە نووسەرانی بەرەو ئەوە بردووە کـە دوچاری بەهەڵەتێگەیشتن ببن. هۆی ئەمـەش لەگـەڵێک ڕوودەو بۆ ئەوە دەگـەڕێتـەوە کـە شـێـواز لای فـۆکـۆ ڕێگایەکی دیاریکراوە لە گوتن، لە درکاندن. گرینگی ئەم شێوازە لەوەدایە کە لەسەر بنەچەی خـۆی نادوێ و وتارێکیش بەرهەمـدێنێ دژ بە نوسـوڵی وتارە.
فۆکۆ لە نێو بنەمـاخوازەکاندا، وەک هەڵگرێکی کـەلەپووری فـەلسـەفیی نیچە و نیهێلیستێکی سەرسەخت و ئەنتی ڕاسیۆنالی و ئەنتی هیۆمانیی بێ وێنە، فـەلسەفەیەکی دژ بە ئەوەی فـەلسـەفی خۆی و بیرێکی مێژووی جیاواز لە بیری مێژووی سەردەمی خۆی هێناوەتەکایەوە. ئەمانە لەپشت ئەوەوە بوون کـە فـۆکـۆ شـوێنێک لە ئەخشـەی بیری هاوچەرخی فـەڕەنسی بەرچاوببێت. هەرلەوەدەمەشدا ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی مێتۆدی ئارکیۆ - ژینالۆژی فۆکۆ کراوە کە گوایە دەستی لە بەرهەمهێنانی فەلسەفەیەکی ئەنتی - سـوبژێکت دا هەیە و بانگەشـە بۆ مـەرگی مـرۆڤ دەکـا.
تەکنیکی شیکردنەوەی فـۆکـۆ بۆ مۆنۆپۆلکردنی بیرلێنەکراو کاریکردووە. ئەمەش دەرگای کارلەسەرکردنی لەسەر چەند پۆلێک کردۆتەوە کە کەمتر بنەمـاخـوازانی فـەڕەنسی هەوڵـیـان بۆ داوە. چونکە کـارکـردنی لەسـەر فەلسەفەی میتافۆری و فـیلۆلۆژیی نیچە و بەرپەرچدانەوەی کەلەپووری فـەلسـەفی خـۆی، کـە لەلایەک دێکارتی بووە، و لەلایەکی تر مـیـراتی فەلسـەفیی کانت جۆرە جیاوازییەکی خستۆتە بیری فەلسەفییەوە کە هەر ئەو جیاوازیەش لە ئەوەی خۆی جیای دەکاتەوە.
پشکنینەکـانی فـۆکۆ لەبارەی وتار(Discoure) بە بەشـێکی سـەرەکی دادەنرێن لە بواری ئەدەبی بنەمـاخـوازیی. لە کـتـێـبی (ئارکـیـۆلۆژیای زانین،١٩٦٩) بە ڕاشکاوی وتارمان وەک بەشێک لە هێز بۆ باسدەکا و جۆرەکانی وتاریش هەر بەو شێوەیە تەماشادەکا کە لە هێزدا هەن. واتە شێوەکانی وتار سەرچاوە لە شـێـوەکـانی هێزەوە هەڵدەگرێ. جگە لەوەی وتار لە ناوتار(واتە ئەوی وتار نـیـیـە) جـیـادەکـاتەوە، ئەودش یەک لادەکاتەوە کە ئامانجی وتار گەیشتن بە دوای ڕاستیدا نییە، واتە ویستی وتار بۆ ڕاستی پووچدەکاتەوە. بەلام لەهەمان کاتیشدا جیاوازی لە نێوان چەند جـۆرێـک لە وتار دادەنێ: وتاری ڕاست و وتاری هەڵە، وتاری سـەردەست و وتاری ژێردەست، وتاری ڕەوا و وتاری نـاڕەوا، وتـاری ئاسـایی و وتاری نائاسـایی، وتاری پەسندکـراو و وتاری پەسندنەکـراو، وتاری مـاقـووڵ و وتاری نامـاقـووڵ .. هتـد. لە سـەرێکی تردوە فـۆکـۆ لە ڕوانگەیەکی بنەمـاخـوازییـەوە باس لە وتاری باو دەکـا وەک وتارێکی دەسەڵاتی. ئەم جۆرە وتارە لەلایەک دەسەڵات خولقێنەرە و، لەلایەکی تر دەسـەڵات گـرینگی خـۆی لە دروسـتکردنیـدا هەیە. وتاری ناوبراو سیسـتـەمێکی ناوەوەیی خۆی هەیە و ئەم سیسـتـەمـەش گرینگی لە بەخێوکردنیدا هەیە.
هەوەس بۆ هێز و هێز بۆ هەوەس دوو ڕووی گرینگی تیۆری فۆکۆن لەمەڕ وتار. هێز بەپێی ئەم وتارە هەوڵدەدا هەوەس بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە مـێـژوودا ویست بۆ بەرهەمـهێنانی هێـز و ویست بۆ بەرهەمـهێنانی هەوەس هەمـیـشـە ئامـادەبووە. ئەم دوو ویسـتـەش دوو جۆرە وتاری لە پاڵەوە بووە. یەکـێـکیـان وتاری هێـز بووە و، ئەوی تر وتاری هەوەس. کـاراکـتـێرە بەرچاوییـەکـانی وتاری هەوەس ئەوەیە کە هەمـیـشـە لەلایەن وتاری هێزەوە قۆرخ دەکرێ. بەلام خودی هێز هەموو وەختێ ئامادەیە و لە دەوروبەرماندایە. واتە شوێنی بۆ نییە و ئامادەبوونی پێشبینی ناکرێ.
هەر ئەم تێگەیشتانەی فۆکۆش لەپاڵ ئەوەوە بوون کە نیچەخوازێکی وەک دۆلۆز (Deleuze) بگاتە ئەو باوەڕەی کـە فـۆکـۆ مـیکرۆفـیـزیای دەسەڵاتی بەرهەمهێناوە.

هەر لەژێر سایەی تیۆری دەسەڵاتدا، فۆکۆ هەوڵی دەرخستنی ڕووخساری تەمـاوی عـەقڵ و زانسـتی ڕۆژئاوا دەدا. بیـری ڕۆژئاوا کـە بیـرێکی دەسەڵاتاوی یە مـێژوویەکی تایبەتی هەیە. ئەم مـێژووەش کە گرفتـاری هێزی ئەوپەڕی جیـهـانی مـادی یە، دەسەڵاتێکی زۆری بەسـەر ڕەهەندی بیـرکـردنەوەی فەلسـەفـیدا هەبووە. لێرەوە خوێندنەوەی ستـاتۆی زانینی سەدەکانی ڕۆژئاوا دەستپێدەکا. ئەمەش لە جوانترین هێڵکاریدا لە کتێبی (وشەکان و شتەکان، ١٩٦٦) دەستنیشـان کراوە. ئەو هێڵکارییە سێ ئێپۆک لە ژیانی سیسـتـەمی زانینی ڕۆژئاوا جـیـادەکـاتەوە. ئێپـۆکی ڕێنێسـانس، ئێپۆکی کلاسیک و ئێپۆکی مـۆدێرنیـتێ. بیر لە سـەدەی کلاسیکدا شێوەیەکی بازنەیی هەیە. هەروەها لە سەدەی ناوبراو (سەدەی حـەڤدە و هەژدە)دا سـیسـتـەم بەسـەر بیـرکـردنەوەدا زاڵبـووە و زۆربەی بوارەکـانی زانینی (مـاتماتیک، فـەلەک، فـیـزیا، بواری سـیـاسی) بردۆتەڕێوە. لە خـەسڵـەتە بەرچاوییـەکـانی سـەدەی ناوبراو ئەوەیە کـە توانیویەتی جیاوازی بخاتە نێوان شتە عەقڵی و ناعەقڵییەکانەوە. بۆ فـۆکـۆ سـەدەی کـلاسیـک و سـەدەی مـۆدێرنیـتێ دووسـەدەی دژ بەیەکن.
بەباوەڕی فـۆکـۆ ئەوی پێـیـدەگـوترێ مـرۆڤ، بوونی دەکـەوێتـە سـەدەی هەژدەوە. ئەمە جگە لەوەی سەدەی مۆدێرن یان چاخی نۆزدە، کە داهێنەری مێژووە، شوێنی سەرهەڵدانی سێ زانستە: فیلۆلۆژی، بایۆلۆژی و ئابووری سـیـاسی. یان سێ بوارە: زمـان، ژیان و کـار. بەلام ئەوی پێـوەندی بە سـیـسـتـەمی زانینی سـەدەی بیسـتـەوەیە ئەوەیە کـە سێ پۆلی زانین لەخۆدەگرێ: زانستە ماتماتیکییەکان و فیزیا، زانستە ئێمپیرییەکان وەک ئابووری، زیندەوەرناسی و زانستی زمان، بیرکردنەوەی فەلسـەفی. جگە لەم دەستپێشخەرییەی فۆکۆ بۆ دیاریکردنی سەدەکانی زانینی شارستانیی ڕۆژئاوا، پێشـتریش باشلار (Bachelard) هێـڵکارییەکی تایبەت بە بیر یان عـەقڵی زانستی ڕۆژئاوای ئەخشاندووە کە کاریگەری خۆی بەسەر بەشێک لە بنەماخوازەکان جێهێشتووە، لەوانە ئالتۆسێر، فۆکۆ و ستروس.

فـۆکـۆ لە لێکدانەوەکـانیـدا سـەبارەت بە سـەدەکـانی زانینی ڕۆژئاوا، ڕەخنەیەکی توند لە بزووتنەوەی ڕێنێسـانسی ڕۆژئاوا و وتاری عـەقڵی و زانستی ئەم بزووتنەوەیە دەگرێ. ئەڵبەتە خستنەژێر پرسیاری ڕێنێسانسی کـۆمـەڵگەی ڕۆژئاوا و کـودەتای ڕاسـیـۆنالی ئەم کـۆمـەڵگەیە بوو بە دەروازەیەکی باش بۆ ڕەخنەگـرتن لە فـەلسـەفـەی هیـۆمـانی کە بەرهەمی فەلسەفیی کۆمەڵگەی ناوبراوە.
لە کـتـێبی (وشـەکـان و شـتـەکـان )، کـە ئارکـیـۆلۆژیایەکە بۆ زانسـتـە مـرۆڤـایەتیـیـەکـان، فـۆکـۆ هەوڵی ڕێگاگـرتن لە وتاری زانسـتـە مرۆڤایەتییەکان دەدا بۆ ئەوەی ڕوو لە هاوشێوەیی و هاوتایی نەکەن. هەر بەگشتیش لەم بەرهەمەدا هەوڵی لاوازکردنی بەهای گەڕان بەدوای قووڵی، هاوتایی، بنەڕەت، ناسنامـە دەدا (کە ئەمـانەش پێشـتر نیـچە و هایدگر کاریان لەسەر کردووە ).
فۆکۆ خوێندنەوەی مـێژووی بیر و دەرڕبڕینی ڕۆژئاوای تایبەت کردووە بە لێکدانەوە ئەنجـامـدان لەبارەی بنەمـای دەسـەڵات و زانینی شـارسـتـانیی ڕۆژئاوا. بەلام لە لێکدانەوەکانیدا هەوڵدەدا بنەمای سیسـتـەمی زانینی ئەوروپا لە فـاکـتـەری مـێـژوویی دوورخـاتەوە. ئەگـەرچی مـێـژوو بۆ فـۆکـۆ پرسیارە لەسەر جیاوازی و بڕین.
گرینگترین باسێک کە فۆکۆ لەو دەم و وەختەدا پێوەی سەرقاڵبووە، کاتێ باس لەسەر بنەماخوازی لە فەڕەنسادا لە ئارادابووە، ئەو کتێبە بووە کە لە سـەر دیاردەی شێـتی بە نێوی (مـێـژووی شێـتی لەسـەردەمی کلاسـیـک، ١٩٦١) نووسیویەتی. ئەڵبەتە لە ڕیزی کتێبەکانی فۆکۆ کتێبی (وشەکان و شتەکان، ١٩٦٦) وەک دەروازەیەک تەماشادەکرێ لەسـەر بنەماخوازیی

فۆکۆ. هەرچی کتێبی (مێژووی شێتی) یە، ڕەخنەیە لە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی سەردەمی کلاسیک. فۆکۆ لە ماوەی ساڵانی ٥٣- ٥٨ لە سوێد (ئوپسالا) ژیاوە. لەوماوەیەدا بە توێژینەوەوە سەرقاڵبووە کە دواتر پاش گەڕانەوەی بۆ پاریس لە ساڵی ١٩٦١دا، ئەو توێژینەوانەی بووە بە کتێبی (مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیک) کە لە ڕاستیدا دواجار هەر ئەوەش بووە بە بابەتی دکتۆراکەی و ڕۆڵیشی لە ناوبانگ دەرکردنی دا دیوە، کە مەخابن ئەو توێژینەوانە لە سوێد وەک بابەتێک بۆ وەرگرتنی پلەی دانیشیاری قبوڵنەکراوە.
بۆ فۆکۆ شێتی دەلالەتێکی زمانەوانی خۆی هەیە و وەک دیاردەیەکی مێژوویش بەسەرهاتێکی تایبەتی خۆی لەناو مێژووی شارستانیی ڕۆژئاوادا هەیە و، ئەم مێژووە تائەمڕۆش بەردەوامە. پێشیوایە شێتی لەم سەوردەمەدا سەر بەناوچەی بێدەنگی بووە. واتە شێتی بریتی بووە لە بێدەنگی و شێتیش لە بێدەنگ. مەبەستی فۆکۆ بەزۆری ئەوەیە کە شێتی زمانی نییە و لاڵە. ئەوی سەیرە سەبارەت بە سەدەی کلاسیک ئەوەیە کە ئەم سەدەیە شێتی لەبەرانبەر عەقڵ داناوە. واتە شێتی کراوە بە دژەکرداری عەقڵ، هەروەک ئەوەی کە ناعەقڵ بەرانبەر بە عەقڵ دانراوە. لەم حاڵەتەدا، شێت بە مرۆڤی نەخۆش و نائاسایی لە قەڵەمدەدرا و لەتەک مرۆڤی وەک بکوژ، پیاوخراپ، شاز و ناساغی ناو کۆمەڵ تێکەڵدەکرا. بەڵام هەرچی سەدەی نۆزدەیە هەوڵی گەڕانەوەی شێت دەدات بۆ ناو کۆمەڵ و لە مرۆڤی ئاساییش جودایدەکاتەوە. لە دوای ئەم سەدەیەوە سەدەیەکیتر دێتە کایەوە کە هەوڵی دیاریکردنی جیاوازی و هاوشێوەیی لە نێوان شێتی و ژیریدا دەدا. لەم ڕووەشەوە شیکردنەوەی دەروونی فرۆید لە لێکدانەوەی ئەم دیاردەیەدا گرینگی خۆی دەبێ.
زۆربەی کارەکانی فۆکۆ لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا بە هەندێک دیاردەی وەک شێتخانە، بەندیخانە، نەخۆشخانە تایبەتکراوە. ئەو کارانەش زۆربەیان بەناوی دیاردەکانەوەن، وەک: مێژووی کلینیک ٦٣، مێژووی شێتی ٦١، چاودێری و سزا ٧٥، مێژووی سێکسوالیتێت ٧٦، جگەلەو کارانەی کە سەبارەت بە هەندێک ڕوانینی سیستەمی زانین و زمانەوانی نووسراون وەک : ئارکۆلۆژیای زانین٦٩، سیستەمی وتار٧١ ( یان وەک ئەوەی لە هەندێک سەرچاوە بە وتار لەمەڕ زمان ناودەبرێ).

## لیڤی . ستروس:

بۆ گەلێ لەوانەی پشکنینیان لەسەر شەپۆلی بنەماخوازیی فەڕەنسی کردووە، ستروس دەروازەیە لەسەر ئەم شەپۆلە. لەم بارەیەشەوە نووسینە ئانترۆپۆلۆژییەکانی بە نموونە وەردەگیرێ لەسەر ئەم لایەنە. ستروس پێش هەموو بنەماخوازەکانی تر کاری بنەماخوازیی کردووە و سەرەتای پەنجاکانیش دەمووەختی کارکردنیەتی. زۆرترین لایەنێکیش کە ستروس لە بواری ئانترۆپۆلۆژیدا نیشی لەسەرکردووە بایەتی وەک ئەفسانە، خزمایەتی و ڕەگەزە. ئەمانەش بەزۆری لە بارەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە بووە. شێوەی دەستپێکردنی ستروس نەک هەر تەنیاگرینگی لە شیاوکردنی بنەماخوازیدا دیوە، بەڵکوو گرینگییەکی زۆریشی هەبووە لە بەرەو پێشەوە بردنی ئانترۆپۆلۆژیا. ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئانترۆپۆلۆژیای بنەمایی یە، کە جوداوازە لە ڕووی ڕێڕەوییەوە لە کارەکانی موس و مۆرگان. ستروس پتر لەهەموو بنەماخوازانی تری فەڕەنسی ناوی وەک بنەماخواز ڕۆیشتووە و بنەماخوازییشی وەک ڕێڕەوێک بۆ پشکنین و توێژینەوە دەکارهێناوە و، لەهەمووشیان زێتر بەو ناووناتۆرانە قەڵس بووە کە دراونەتە پاڵ بنەماخوازیی و لەزۆربەشیان پتر ڕاسیۆنالی ترە لە بەکاربردنی ڕێڕەوی بنەماخوازیی. ستروس بەر لە هەموو بنەماخوازەکان کەوتۆتە بەکاربردنی مۆدێلی زمانەوانیی سۆسێر. ئەمەشی لە دووتۆیی توێژینەوەکانی لەبارەی سیستەمی خزمایەتی و ئەفسانە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا پراکتیسێرە کردووە. ئەوی کە لە توێژینەوە ئانترۆپۆلۆژییەکانی ستروس دا گرینگی هەیە، هەندێ دیاردەی ئانترۆپۆلۆژیین وەک سیستەمی ئەفسانە، ناسیاوی و تۆتێمیزم. ستروس ڕەگەزەکانی بنەمای ئەو دیاردانە وەک دیاردەی زمانەوانی تەماشادەکا.
شێوازی بنەماخوازیی ستروس شێوازێکی میتافۆری، پەخشانی و پۆیەتیکی ئەکادیمی یە. جارجاریش خۆی وەک شێوازێکی تێکەڵاو لە نێوان ئێتنۆگرافیا، موسیقاو ئەدەب دەردەخا. سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئەندێشەی ستروس یش دەتوانین لە زمانی خۆیەوە بەو تێگەیشتنە بگەین کە هەریەک لە ژیۆلۆژیا (زەمینناسی)، مارکسیزم و شیکردنەوەی دەروونی گرینگی خۆیان لە بەخێوکردنی بیریدا هەبووە.
زۆرترین گۆڕانکاری کە ستروس بە هۆی توێژینەوە ئێتنۆلۆژییەکانی ئەنجامیداوە ئەوانە بوون کە لە بواری ناسینی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کراون. شیکردنەوەی دەروونی فرۆید و تیۆری یان مۆدێلی زمانەوانیی سۆسێر و یاکۆبسۆن لە پشت ئەو گۆڕانکارییانەوەن. ئەوی سەیرە ئەوەیە کە ستروس دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان وەک مۆدێلی زمانەوانیی جێگیر لێکدەداتەوە. بەپێی توێژینەوەکانی ستروس ئافرەت لەم کۆمەڵگەیانەدا ڕۆڵی گوازتنەوە لە سیستەمی خزمایەتیدا دەبینێ و زمانیش ڕۆڵی ئاڵوگۆڕی. بەمجۆرە سیستەمی خزمایەتی و سیستەمی زمان یەک سیستەمن و هەردووش گەیاندن پێکدێنن. لەو کتێبەش کە لەبارەی خزمایەتییەوە نووسیویەتی بەناو (بنەما سەرەتاییەکانی خزمایەتی)، کە لە ڕاستیدا بابەتی نامەی دکتۆراکەیەتی، گرینگییەکی زۆری هەیە لەبواری لێکدانەوەی ناسیاوی و ڕۆڵی ئافرەت لە ئاڵوگۆڕییەکاندا. کاتێکیش دەکەوێتە لێکدانەوەی بنەمای نائاگایی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە یان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی جەخت لە سەر ئەوە دەکا کە بنەمای نائاگایی تێکڕای کۆمەڵگەکان وەک یەکن و، ئەم نائاگاییەش وەزیفەی سمبۆلی هەیە و ڤاکتەری مێژوویش کار ناکاتە سەری. ئەوەی کە بنەمای زەینی یان عەقڵی گشت کۆمەڵگەکان هاوشێوە و جێگیرە و بە فاکتەری مێژوویش وابەستە نییە بەر ڕەخنەی زۆربەی نەیارانی بنەماخوازیی کەوتووە. بەڵام ستروس نەک هەر لەم حاڵەتەدا نایەوێ واتای بنەما ڕوونکاتەوە بەڵکوو بەگشتی و وەک هەموو بنەماخوازەکانی تر، ناخوازێ بەدوای ڕەچەڵەکی بنەمادا بگەڕێ و چۆنیەتی پێکهاتنی ڕوونکاتەوە.
وەکیتر ئاسایی یە، کە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین بۆ پوختکردنەوەی ڕوانگاکانی ستروس سەبارەت بە ڕێڕەوی بنەماخوازیی: ١)خوێندنەوەی بنەمایانە بۆ تۆتێمیزم ( Totemism ) و سیستەمی نیشانە و، دیاریکردنی ڕۆڵی تابۆ (Taboo) لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و تۆتێمدا. ٢)جەختکردن لە بوونی بنەما لە ئەفسانە و لێکدانەوەی بنەمای سمبۆلی. ٣)لێکدانەوەی بنەمای زەینی مرۆڤایەتی. ٤)پێداگرتن لەسەر هاوتای ناوەوەی گشت بنەمایەک و پێوەندی نێوان زمان و بنەما. ٥)باوەڕبوون بە زانست و دروستکردنی زانستێکی سیستەماتیک لەسەر بناغەی ڕاستییە سۆسیالییەکان.
ئەگەر نموونەش لەسەر هێندێک لەو ڕەخنانە بهێنینەوە کە ئاڕاستەی ستروس کراوە، ئەوە بۆچوونێکی «دریدا» لێرەدا بەسەردەکەینەوە. دریدا لەیەکێک لەکارەکانیدا ڕەخنە ئاڕاستەی توێژینەوەکانی ستروس لەبارەی کۆمەڵگەی (Nambikwara)دەکا. ڕەخنەکان بەجۆرێکی ئەوتۆ داڕێژراون کە ئاڕاستەی باوکسالاری ستروس کراون و، لەسەرێکی تریشەوە بوون بە شوێنی بایەخی فێمینیستەکان. هەڵەی ستروس، بەقەولی دریدا، ئەوەیە کە ئەم خەڵکە بە خەڵکانێکی ناشی و بێنەزموون

دەزانێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی بەپێی ڕوانینی ستروس ئەم خەڵکانە زمانی نووسینیان نییە. ستروس ئەم کۆمەڵگەیە لە کتێبی (مەدارە غەمبارەکان، ١٩٥٥)دا لێکداوەتەوە. ستروس، کە بە باوەڕی دریدا میراتگری ڕۆسۆ و سەدەی هەژدەیە، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆریش ئاڕاستەی سیستەم دەکا کە بناغەی بۆ زانینی ڕۆژئاوا داناوە، وەکی تریش لە ئاستێکی ئەوپەڕ جیهانی مادییەوە خوو و ڕەوشتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان لێکدەداتەوە. هە رزووش «پۆل ریکۆر» لە کتێبی (بنەماخوازیی)دا ئەوەی باسکردووە کە بنەماخوازییەکەی ستروس جۆرێکە لە جۆرەکانی «کانت»خوازی، بەڵام بەبێ خودێکی ترانسندێنتاڵی (ئەوپەڕ جیهانی مادی). لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ستروس دەکرێ لەبارەی جێگیری بنەمای زەینی مرۆڤایەتی، کەچی بۆخۆشی سەبارەت بە زەینی کۆمەڵگەکان ڕەخنە ئاڕاستەی فەیلەسووف و کۆمەڵناسی فەڕەنسی «لیڤی - برول »دەکا. چونکە برول کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە دوو جۆرە کۆمەڵگە دابەش دەکا. کۆمەڵگە پێش لۆژیکییەکان، یان ئەوانەی لەدەرەوەی لۆژیکن و، کۆمەڵگە لۆژیکییەکان. مەبەست لەوی یەکەم کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە و لەوی دووەمیش کۆمەڵگە شارستانییە نوێیەکان. ئەم بۆچوونەی برول لەبارەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان هەر لەلایەن ستروس دوە ڕەخنەی لێنەگیراوە، بەڵکوو لەلایەن لۆژیکەر و فەیلەسووفی ئەمەریکی «کوین»یش لێیگیراوە. ڕوانگاکانی برول، ستروس گوتەنی، دەربڕینە لە شارستانیەتی ڕەگەزشازێتی (Ethnocentrism) ئەوروپایی کە شارستانیەتەکەی «برول»ە. هەر بەگشتیش ئانترۆپۆلۆژیای بنەمایی ستروس جەنگێکی زۆری لەتەک ڕێڕەوە ئانترۆپۆلۆژییە کۆلۆنیاڵی و ئەوروپاچێتی (Eurocentrism)کردووە. بەڵام ئەوەی کە زۆر بابەتی ڕەخنە بووە سەبارەت بە ڕێڕەوی ئانترۆپۆلۆژی ستروس بۆ گەلێک لە ڕووناکبیرانی فەڕەنسی مەسەلەی فەرامۆشکردنی فاکتەری مێژوو بووە لە کارەکانی ستروس، کە ئەمەش بەزۆری بابەتی ڕەخنەی سارتەر بووە لە ستروس لەو کتێبەی بەناوی (ڕەخنە لە عەقڵی دیالیکتیک، ١٩٦٠) نووسیویەتی. بەڵام ستروس لەو ڕەخنانە بێدەنگ نەبووە و بەڵکوو بەشێکی سەرەکی ئەو کتێبەی کە بەناوی (بیری دڕندە، ١٩٦١) نووسیویەتی تەرخانی کردووە بۆ هەڵوەشانەوەی بۆچوونەکانی سارتەر. هێرشکردنە سەر مێژوو و فەلسەفەی خود تەنێ تێندێنسی کارەکانی ستروس نەبوون و بەڵکوو لە ڕووخسارەکانی شیکردنەوەی ئەو دەمووەختە بوون.

**لاکان:**

لە دوای شەستەکانەوە «ژاک لاکان» وەک شیکەرەوەیەکی دەروونی، شوێنێکی تایبەتی لەناو فەلسەفەی فەڕەنسیدا داگیرکردووە. ئەم شوێنەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە لاکان ناوی وەک نوێکەرەوەیەکی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆید لەسەر بناغەی تێکەڵکردنی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆید بە وتاری(دیسکۆرسی) زمانەوانی سۆسێر دەرکردووە. کەوابێ لاکان وەک دامەزرێنەری قوتابخانەی فرۆیدی لە فەڕەنسا خوێندنەوەکانی بۆ فرۆید لەسەر بناغەی مۆدێلی سێمیۆلۆژی سۆسێر، ئەو تازەگەرییەیە لە خوێندنەوە کە بۆ یەکەمجار تێکستی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆید ڕێکەوتی دەکا. چونکە زۆربەی ئەو خوێندنەوانە لە چوارچێوەی شیکردنەوەی ئیمپیری و کلینیکی بوون. بەمجۆرە هەوڵی لاکان بۆ هاوتاکردنی شیکردنەوەی دەروونی لەتەک وتاری زمانەوانیدا، ئەو مۆدێلەی بەرهەمهێنا کە بە مۆدێلی شیکردنەوەی دەروونی بنەماخوازیی ناودەنرێ.

تازەگەرییەکانی لاکان لە بواری تیۆری نائاگایی لەناو شیکردنەوەی دەروونی هاوچەرخدا، یەکێکە لە هەوڵە بەرچاوییەکانی ئەم دەروونناسە بنەماخوازە. ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی کارکردنی تیۆری بنەماخوازیی زمانەوانی لە بواری شیکردنەوەی دەروونیدا هاتەکایەوە، ئەوە بووە کە ڕوانگاکانی شیکردنەوەی دەروونی لەدوو خاڵدا تێدەپەڕێنێ. یەکەم: بنەماخوازیی مێتۆلۆژیا و خەونەکان دەگەڕێنێتەوە بواری ناماقووڵ و جەخت لە سەر ئەوەش دەکا کە بنەمایەکی لۆژیکییان هەیە. دووەم: بنەماخوازیی، بەرپەرچی نێوەندییەتی شیکردنەوەی دەروونی دەداتەوە. بەپێی ئەوەی شیکردنەوەی دەروونی لە شیکردنەوەکانیدا خۆی لە نەخۆش جیادەکاتەوە و ئەمەش کێشەیەکی زۆر بۆ کاری شیکردنەوەکە دروستدەکا. ئەمانە تاڕادەیەک ئەو کێشانەبوون کە شیکردنەوەی دەروونی پێنەوە دەیناڵاند، بەڵام ئەمانە دواتر و لەسەر دەستی ئەو شێوازەی لاکان گرتیەبەر چارەسەری خۆیان دەستکەوت.

بۆ لاکان زمان نائاگایی دروستدەکا نەک بەپێچەوانەوە. بەڵام بایەخدان بە ڕۆڵی نائاگایی و وابەستەیی ئەم ڕۆڵەش بەمەسەلەی خەفەکردنەوەوە گرینگیی خۆی کاتێک وەردەگرێ کە لاکان جەخت لە سەر ئەوە دەکا، کە نائاگایی هەروەک زمان بنەمای هەیە و هەردووش خاوەنی یەک بنەمان و، هەروەها نائاگاییش وتاری ئەوی ترە.

ئەگەرچی خوێندنەوەکانی یان تیۆری نووسین و ئاخاوتنی لاکان لەژێر کاریگەریی تیۆری زمانەوانیی بنەماخوازی بۆ فرۆید، لەگەڵێک بۆچوونی هەڵە دەربازکردووە و تەنانەت لەپشت دەرکردنی لاکان یش بووە لە بزووتنەوەی شیکردنەوەی دەروونی، بەڵام ئەمانە لەو ڕەخنانە کەمناکەنەوە کە دریدا ئاڕاستەی هەندێک لە خوێندنەوەکانی لاکان ی دەکا.

دەبینین ئەوی لاکان بە سیستەمی سمبۆلی ناوی دەبا، دریدا دەیخاتە ژێرپرسیارەوە و ئەم خستنە ژێرپرسیارەش زۆر لەسەری کەوتووەتەوە. لە هەمان کاتیشدا لاکان لە کارەکانیدا دەستی بەهێرشکردنە سەرپێری دریدا سەبارەت بە هەندێک بابەتی شیکردنەوەی دەوونیی فرۆید کردووە. دریدا لەم بارەیەوە بێدەنگ بووە تا کاتی بە چاپگەیاندنی کتێبی (پۆزیشن ١٩٧٢)، جا لەگەڵ بە چاپگەیاندنی کتێبی ناوبراوەوە دریدا دەست بەوەڵامدانەوەی هێرشەکانی لاکان دەکا کە ئەوەش لەبارەی بابەتی سیستەمی سمبۆلییەوە یە کە بۆخۆی دەربڕینێکی لاکان یانەیە. دریدا زۆر بەجوانی ئەم بابەتە لە کتێبی (لەمەڕ گراماتۆلۆژیا ،١٩٦٧) ڕووندەکاتەوە و ئەوە بەر باسدەخا کە چۆن فرۆید بابەتی ناوبراوی لێکداوەتەوە کەلە ناوەڕۆکدا هەمیشە گوزارەیە لە لێپرسینەوەیەکی کلاسیکیی نووسین.

دریدا، لە ناوەندی شەستەکاندا باسی دژوارییەکانی نووسین لە شیکردنەوەی دەروونیدا بەر باسخستووە و خودی بواری شیکردنەوەی دەروونی، کە وەک بوارێکی فۆنۆسێنتریزم (Phonocentrism) و لۆگۆسێنتریزم ( Logocentrism) تەماشاکردووە، خستووەتە ژێر پرسیارێکی زۆرەوە.

لە کاتێکدا لە سەرەتای شەستەکاندا و دواتر لە ناوەندی شەستەکاندا، دریدا چەند باسێک بڵاودەکاتەوە، کە ئەو کاتە نووسینی لاکان هێشتا نەکەوتبووە بەردەستەوە . ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆکراوەی بەرهەمەکانی لەساڵی ١٩٦٦ بە ناوی (نووسینەکان) بە چاپ دەگەیێنرێ و هەر لەو دەمووەختەشدا دریدا باسێکی لاکان بۆ یەکەم جار دەخوێنێتەوە بەناوی (کار و بواری ئاخاوتن و زمان لە شیکردنەوەی دەروونیدا و شوێنی پیت لە نائاگایی یان عەقڵ لەکاتی فرۆید دوە).

دریدا پێی وایە دەستی خستۆتە باسکردن لەگەڵێک لەو بابەتە گرینگانەی کە ڕەنگە بۆ شیکردنەوەی دەروونی جێگای باس نەبووە. جا لەوانە:
١)ئەم جۆرە شیکردنەوانە نایانەوێ قسە لەسەر ڕاستی لە بواری مێژوویی

و ئارکتۆکتۆری بکەن. ٢)هەروەها ڕەخنە لە لاکان دەگرێ کە لە ژێر سایەی گەڕانەوە بۆ فرۆید لەگەڕانەوەی بەردەوام دایە بۆ هێگێل، هوسرل و هایدگر. ئەمەو ئەو شێوە بەکاربردنە فەلسەفییە هەڵەیەی ئەوانە بەکار دەبا فرۆید پشی گرتۆتەوە. ٣) ئەوی کە دریدا دەرکی پێکردووە سەبارەت بە کارە زمانەوانییەکانی لاکان ئەوەیە کە لە گەڕانەوەیەکی زۆردایە بۆ دەسەڵاتی دەنگناسی بەتایبەت زمانەوانیی سۆسێر و ئیشکردنی بەردەوامی شیکردنەوەی دەوونی، جا چ فرۆید بێ یان لاکان، لە ژێرکاریگەریی وتاری لۆگۆسێنتریزمی ڕۆژئاوا. ٤) دریدا لەو باسەی بەنێوی (فرۆید و ستاتۆی شانۆ، ١٩٦٦) نووسیویەتی ئەوە یەکلادەکاتەوە کە چۆن فرۆید بایەخێکی زۆر بە پیت و نووسراو دەدا بەبێ ئەوەی بایەخدان بە نووسین لە ئارادابێ. لە هەمان کاتیشدا پێکەوەگرێدانی دال بە شیکردنەوەی دەروونییەوە، کە لەڕاستیدا بوارێکی میتافیزیکی خولقاندووە یان بەشداری لە دروستکردنی لۆگۆسێنتریزم و فۆنۆسێنتریزم دا کردووە، ڕوویەکی ترن لە بایەخەکانی شیکردنەوەی دەروونیی فرۆید و کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی تایبەتی بەسەر «لاکان»دوە هەبووە.

**ئالتۆسێر:**

لە نێوەندی ڕووناکبیریی فەڕەنسی و ڕۆژئاوایی ناوی ئالتۆسێر پتر بەو خوێندنەوەیەوە وابەستەیە کە لەبارەی «مارکس»ەوە ئەنجامیداوە. ئەم خوێندنەوەیەش کە لەماوەی شەستەکاندا کراوە (لەپێناوی مارکس ١٩٦٥، خوێندنەوەی سەرمایە ١٩٦٣: کە ئەمەی دواتریان لەگەڵ «ئێتین بالیبار» نووسیویەتی) سەردەمێکی ئایدیۆلۆژیی دۆگما بووە و تێکستی مارکس پیرۆزییەکی خۆی هەبووە، بۆیە جیاوازیکردن لە نێوان بابەتی زانستی و ئایدیۆلۆژی لە تێکستی مارکس دا کارێ ئاسان نەبووە. جا لێرەدا ئالتۆسێر گەڕانی بەدوای جیاکردنەوەی زانینی زانستی یە لە جیهانی ئایدیۆلۆژیدا کە ئەمەش بە بڕین لەقەڵەم دەدا. ئەم بڕینە هەر ئەو بڕینەیە کە پێشتر گاستۆن باشلار باسی لێوەکردووە بەناوی بڕینی ئێپستمۆلۆژی (تیۆری زانین). بە هۆی ئەم بڕینەوە ئالتۆسێر ڕەخنەیەکی زۆر ئاڕاستەی ترادیسیۆن(نەریت)ی دیالیکتیک ـ فینۆمینۆلۆژی(دیاردەناسی) لە فەلسەفەی مۆدێرن (کۆژێف، سارتەر، مێرلۆ پۆنتی ) دەکا، کە بیری مارکس وەک هیۆمانیزم تەماشادەکا.
ئەوی کە پتر لەگشت شتێک شوێنی بایەخدانە لەو خوێندنەوەیەدا ئەوەیە کە ئالتۆسێر دوو قۆناغ لە ژیانی بیری مارکس جودا دەکاتەوە: قۆناغی لاوێتی، کە لەم قۆناغەدا مارکس کەسێکی هیۆمانیستی یە و، لەژێر کاریگەریی ئایدیالیزمی ئەڵمانی یە. هەرچی قۆناغی دووەمە بە قۆناغی گەییو لەقەڵەمی دەدا و، هەروەها مارکس زانینێک لەبارەی مێژووەوە دادەمەزرێنێ بەناوی ماتریالیزمی مێژوویی. ئەمە وادەکا بڵێین ئالتۆسێر جیاوازی لە نێوان دوو ماتریالیزم دادەنێ، یەکێکیان ماتریالیزمی مێژوویی یە و ئەویتر ماتریالیزمی دیالیکتیکە. بەڵام دووەم ئەوەیە کە بە باوەڕی ئالتۆسێر، مارکس بنەماخوازە و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەوداریشی بنەماخوازانە لێکداوەتەوە.

**دریدا:**

بەڵام دریدا کەمتر ناوی بە دیاردەی بنەماخوازییەوە گرێدراوە. بەڵکوو تێندێنسی کارەکانی پتر ناوی بەدیاردەیەکی ئەدەبی و فەلسەفی و زمانەوانی ترەوە گرێدراوە کە ئەوەش دیاردەی پاش بنەماخوازی یە. لەکاتێکدا کە شەپۆلی بنەماخوازیی فەڕەنسی لە ناوەندی شەستەکاندا بەهۆی بەچاپگەیاندنی زۆربەی کاری بیریارانی ئەم شەپۆلەوە ، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی شەپۆلی بنەماخوازیی بوون، لە لووتکەدابووە کە هێشتا دریدا لەو پێشەکییە زیاتری نەنووسیبوو کە سالی ١٩٦٢بە نێوی (هوسرل و بنەچەی هەندەسە) بۆ کتێبی (بنەچەی هەندەسە)ی وەرگێڕاوی هوسرل بۆ سەر زمانی فەڕەنسی ئامادەی کردبوو. بەڵام لەسالی ١٩٦٧دا باشترین سێ کتێبی خۆی بەچاپ دەگەیێنێ (نووسین و جیاوازی، دەنگ و دیاردە، لەمەڕ گراماتۆلۆژی) کە تێیاندا جیاوازی خۆی لە ڕووناکبیر و بیریارانی بنەماخوازیی بەرچاودەخا. پێشتریش بە سالێک، پاییزی ١٩٦٦، دریدا لە سمینارێک لە بالتیمور (Baltimore) کێشەی بنەماخوازیی وەک پاڕادۆکسێک فۆڕمولێرە دەکا. بەڵام نووسەرێکی دانیمارکی بە ناوی پێتر کامپ (Peter Kemp)، کە پسپۆڕە لە بارەی بیری بیریارانی هاوچەرخی فەڕەنسی، لە کتێبێکیدا بەنێوی (مەرگ و ئالەت ـ دەروازەیەک بۆ ژاک دریدا) کە فەسڵێکی تایبەت کردووە بە بابەتی (دریدا و مۆدەی فەلسەفی بنەماخوازی)، وای بۆ دەچێ کە لەگەڵ هاتنەکایەوەی بنەماخوازیی وەک مۆدەیەکی فەلسەفی لە فەڕەنسا ناوی دریدا ش کەوتۆتە ناوانەوە. ئەم ناوەش پێی وایە کامپ بەهۆی ئەو سێ کتێبەوە بووە کە سالی ١٩٦٧بەچاپی گەیاندووە. بەڵام ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە، کە پەیتاپەیتابەشێوازی جۆراوجۆر دێینەوە سەری، ئەو ڕوانگایەی کامپ بەرپەرچدەدەنەوە کە بناغە بۆ ئەو باوەڕە دادەنێ کە دریدا بنەماخوازە.[1]
دریدا لە باسێکدا، لە دووتوێی کتێبی (نووسین و جیاوازی) لەژێر ناونیشانی «هێز و سیگنیفیکەیشن» ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی شەپۆلی ڕەخنەیی بنەماخوازی دەکا و، دیدی بنەماخوازەکان بۆ تێکست، مانا، بنەما و نیشانە هەڵدەوەشێنێتەوە و بیری بنەماخوازیی بارت و فۆکۆ و لاکان بەرباس دەخا. ئەم کتێبە و کتێبی (لەمەڕ گراماتۆلۆژی یان نووسینناسی) بۆچوونێکی زۆریان تێدا بەدیدەکرێ دژ بە ڕەوتی بنەماخوازیی. دریدا لەهەردوو کتێبەکەدا مۆدێلی زمانەوانیی بنەماخوازی سۆسێر ڕەتدەکاتەوە کە لەسەر بناغەی دال و مەدلوول (Signifie) دامەزراوە. لە بەشی دووەمی (لەمەڕ گراماتۆلۆژی...) دێتە سەر ڕەخنە ئاراستەکردن لە سەر «ڕۆسۆ» و پاشان بیری دوو بنەماخواز بەر خوێندنەوە دەخا: یەکێکیان بۆ ڕەخنەگرتنە لە تیۆری نیشانەی سۆسێر و ئەویتر بۆ ڕەخنەگرتنە لە ئێتنۆلۆژیای بنەمایی ستروس، کە دریدا گوتەنی، دەستی بەسەر میتافیزیکی ئامادەبوون دا گرتووە. ئەڵبەتە دریدا ئەم کارەی پێش بە چاپگەیاندنی ئەم کتێبە ئەنجامداوە، ئەوەش لەو باسەی کە لەسەر ستروس (و بنەماخوازی) کە سالی ١٩٦٦خوێندوویەتیەوە لە کۆنفرانسێک کە زانکۆی جۆنزهۆپکنز ئامادەی کردبوو. دریدا دواجار بەهۆی ئەم باسەوە ناوێکی زۆر لەناو ڕووناکبیرانی ئانگلۆساکسۆنی دەردەکا. واتە دریدا لەگەڵ دەرچوونی ئەم سێ کتێبەدا، کە وەرگێڕانەکانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لەماوەی سالانی٧٨-١٩٧٣ بووە، ناوی زۆرتر وەک ئەنتی ـ بنەماخواز و هەڵوەشێنەرەوە و پاش بنەماخواز دەردەکا.

**درێژەی هەیە**

١) ئەم کتێبەی پێتر کامپ، کە لە شێوەی دەروازەیەک بۆ دریدا نووسراوە، سەرچاوەیەکی باش بووە لە هەشتاکانا بۆ ڕووناکبیرانی ئەسکەندەناڤی.وەکی تریش دریدا لە سوێد لە سەرەتای هەشتاکانەوە بووە بە جێی باس و بەتایبەت لەگەڵ هاتنەکایەوەی دێبات لەسەر پاش بنەماخوازی. لەم ڕووشەوە گۆڤاری ( kris ) و هەندێ لە نووسەرانی وەک (Horace Engdal, Anne Melberg, Anders Olsson) گرینگی خۆیانیان هەبووە.

# «وڵاتی تابۆ»

ڕەسووڵ محەممەدی

ئەمە ڕووی ڕەشی من و ئەوە ڕووی سپی تۆ. یا ڕۆمیی ڕۆمی یا زەنگیی زەنگی. من زۆر موسوڵمانم شەق لە دونیا هەڵدەدەم و قیامەتم دەپارێزم. ڕێوی لای ڕاستی حەڵاڵە و لای چەپی حەرام. هەموو جارێ دایە گەورەم دەیگوت: پیاو نابێ دەمەوڕوو بخەوێ و ژن نابێ پشتەوقەفا ڕاکشێ. ئاخر ئاسمان نێرە و زەوی مێ. جارێکیان مەلا فلانەکەس لە ماڵمان بوو. زوو زوو نان برینجییەکەی بە ساخی دەنایە دەم و باسی خێر و شەڕی بۆ دەکردین. باوکم جگەرەیەکی پێچاوەو و دای لە دەمنە(مۆدنە)کەی. مامۆستا فەرمووی: «دەزانی گوناحە؟». باوکم بە سەرسوڕمانەوە گوتی: «چی گوناحە قوربان؟». فەرمووی: «جگەرە نابێ بدرێ لە دەمنە. لەبەر ئەوەی جگەرە نێرە و دەمنە مێ». منیش یەکسەر ئەو کابرا هەژارەم وەبیر هاتەوە کە لە گەڕەکەکەدا دووچەرخەی دەدا بە کرێ و ڕۆژ تا ئێوارە پێچ و مۆرەی شل و توند دەکردەوە. لام وابوو هەر لەبەر ئەوە پێچ و مۆرە نێر و مێ بوون و ئەو خوانەناسە شەرمی نەدەکرد و بەردەوام بە کاری دەهێنان، خوا چاوێکی کوێر کردبوو.

بەڕێزان، تکایە بە هەڵەدا نەچن. نە وڕێنە دەکەم، نە دەمەوێ جۆک بگێڕمەوە. ئەو شتانەی کە ئێستا گوێتان لێبوو. وە بە ڕواڵەت هڕی بە سەر بڕەوە نەبوو، خۆشتان بێ وتاڵتان بێ، پێوەر و گەز و میتر و دەرەجە و گرادی ئێمەن بۆ ناسین و هەڵسەنگاندن و بایەخدان یاخود بێ بایەخکردنی هەموو دیاردەکانی ژیان،

ساختاری زێهنی ئێمە لە سەر هاوکێشەیەکی دوولایەنە و دژبەیەک پێکهاتووە کە بە زمانی فەلسەفی پێیدەڵێن «دووالیسم» واتە ئەو شتەی کە لە زمانی عەرەبی و فارسیدا پێیدەڵێن «سەنەوییەت» و «دوگانەگی». دونیا و مافی(هەرچی تێیدایە) لە هزر و زمانی ئێمەدا بریتی یە لە دوو بەرەی دژبەیەک کە لە شەڕ و کێشەی ئەزەلی و ئەبەدیدان و ئێمە واڕاهاتووین کە یەکێ لەم دوو بەرەیە بە پیرۆز و ئەوی دیکە بە ئەگریس بزانین. ئەملا چاک و ئەولا خراپ، ئەمیان بەهێز وئەویان لاواز، لایەک جوان و ئەولا دزێو. دەتوانم بڵێم تەقریبەن هەموو دیاردەیەکی جیهان دەخەینە نێو یەکێ لە دوو تای ئەو تەرازووە زێهنییەی کە دروستمان کردووە. بۆنموونە: یەزدان ـ شەیتان، بەهەشت ـ جەهەنەم، دونیا ـ قیامەت، ژین ـ مەرگ، شەو ـ ڕۆژ، حەڵاڵ ـ حەرام، ڕەش ـ سپی، نێر ـ مێ، ژێر ـ ژوور، چەپ ـ ڕاست و هتد... هەریەک لەم دوو ئۆردوگایە قەڵایەکی وا پتەوی لە زێهنی ئێمەدا بۆخۆی ڕۆناوە کە پێدەچێ تاهەتایە نارمێ. بە کورتی زێهنی ئێمە دو قوتبی یە.

سەیر لەوەدایە موسبەت(ئیجابی) و مەنفی(سەلبی) بوونی هەندێ لەم شتانە بۆ هەمووان بووەتە سەلماوی حاشاهەڵنەگر و بەڵگەنەویست و هەرکەس بیەوێ حاشا لەو سەلماوییە بکا، یەکسەر پەڵەی کافری، شێتی، بێشەرەفی و زۆڵی دەدرێ بە تەختی تەوێڵیدا و بڕیاری سزای جۆربەجۆری لە سەر دەدرێ. ئاخر ئەو شتانە تازە بوونەتە «تابۆ» و تابووە وا بووە و تۆ بۆت نییە لەو ڕاستییە شک بکەی. ئەم شکنەکردنە چەمکێکی گرینگی باسەکەیە و دواتر هەوڵدەدەم بە وردی لێی بدوێم. بەڵام لە پێشدا باشتر وایە مەبەست لە باسەکە و مەعنای یەکدوو وشەی سەرەکی ڕوون بکرێتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە لە نێو ڕۆژنامە وگۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا و هەروەها لە ڕۆر کۆڕوکۆمەڵی کوردیدا بە گەرمە باسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژن بەتایبەتی دەکرێ و، هەرکەس و لایەنێک لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە لەو کێشانە دەدوێ و کۆمەڵێ شت لەمەڕ چۆنیەتی گەیشتن بە دێموکراسی و ئازادی و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و ڕزگارکردنی ژنی کورد لە چنگی دەسەڵاتی پیاوسالاریدا، دووپات و دووپات دەکرێتەوە. بەڵام سەیر لەوە دایە تا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە چۆنچۆنی دەبێ ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن. بیروبۆچوونەکان جیاوازن. بەڵام بەگشتی هەست دەکرێ کە لە باسەکاندا هەوڵدەدرێ وەزعییەتی ڕۆژئاوا وەک مۆدێلێک بۆ گۆڕینی وەزعییەتی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد، لە بەر چاو بگیردرێ.

من نامەوێ ئەو شتانە دووپات بکەمەوە، یاخود دەستوورێک دابنێم وبڵێم: دەبێ وابکەین و وانەکەین. بەڵکوو دەمەوێ بڵێم من کۆمەڵگای کوردەواری بە نەخۆش دەزانم و دیکتاتۆرییەت وکۆنەپەرستی و پێشێلبوونی مافی مرۆڤ و، جەماوەر پەرەستی و نکۆڵیکردن لە تاکەکەس و ژن بە ئینسان نەزانین ئەو ئازارە کوشەندانەن کە وەک مۆتەکە و دەوالپا بەربینگی نەخۆشەکەیان گرتووە و لە هزر و لەشی ئالاون. (هەڵبەت زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم هەر ئەو دەردەیان هەیە. بەڵام ئێمە بەتایبەتی باسی کۆمەڵگای کوردەواری دەکەین).

جا لەبری ئەوەی بە ناشارەزایی و بێ بیرکردنەوە نوسخە بنووسین و

داوودەرمانی جۆربەجۆر بکەین بە قورگی نەخۆشەکەدا، پێویستە لە پێشدا لە هۆکاری نەخۆشییەکە بکۆڵینەوە و بزانین لە چییەوە سەری هەڵداوە. کە عیلەتمان ناسی چارەسەرکردن ئاسانتر دەبێ. ئاخر وەک هەمووان دەزانین ڕەوانکاوەکـان واتە ئەو پسـپـۆڕانەی پێیـان دەڵێن «دەروونشیکار»، پێش هەموو شتێک هەوڵدەدەن ڕووداوەکان بهێننەوە بیری نەخۆشەکە. واتە ئەو شتانەی کە بوونەتە هۆی نەخۆشینەکە و ڕەنگە لە سەردەمی منالیدا ڕووی دابێ و لەبیرچوونەتەوە. جا کە نەخۆشەکە وەبیری هاتەوە کە چی بووەتە هۆی ناڵۆزییەکە و بۆی دەرکەوت کە ئەو شتە چەندە سادە و منالانەیە و ئەو لە خۆڕا پێی تێکچووە و ژیانی لێ حەرام بووە، لە وانەیە ئەگەر نەک بە تەواوەتی، لانیکەم تاڕادەیەکی بەرچاو تەعادولی ڕەوانی بۆ بگەڕێتەوە و لەو نەخۆشییە ڕزگاری بێ.

جا من کۆمەڵگای کورد بە نەخۆشێک لەو بابەتە دەزانم و هەوڵدەدەم ئەو شتانەی کە تووشی ئەو وەزعەی کـردووین و لەبیرمـان چووەتەوە، وەبیربێنمەوە. کەوابوو ئەم وتارە پتر وتارێکی تەحلیلی واتە شیکاری یە، نەک تەجویزی و نوسخەنووسین. ئەگەر پێشنیارێکیش بکەم بۆ گۆڕینی وەزعییەتەکە، پتر بە شێوەیەکی گشتی یە و پێڕەو وبەرنامە وپرۆگرام دانانێم.

جا با هەندێکیش لە سەر دوو وشەی «تۆتێم» (totem) و «تابۆ» (taboo) بدوێین کە لەم باسەدا دەورێکی گرینگ دەبینن.

«زیگمۆند فرۆید» کە بناغەدانەری دەروونشیکاری واتە «ڕەوانکاوی»یە لە کتێبێکدا بە ناونیشانی «تۆتێم و تابۆ» بە مەبەستی تۆژینەوە لە کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ و دەستنیشانکردنی هۆکاری ترس و خۆشەویستیی هاوکاتی نەخۆشەکان بەرانبەر بە باوکیان و گواستنەوەی ئەو ترس و خۆشەویستییە بۆ حەیوان و، هەروەها بە پشتبەستن بە بۆچوونی «داروین» سەبارەت بە ئینسانی سەرەتایی (بەدەوی) کە بە شێوەی گەللە (ڕەوە) ژیاون، فەرزییەیەک دێنێتە ئاراوە و دەڵێ: «لە یەکەمین عەشیرەتدا کابرایەکی بە توانا دەبێتە سەرۆک و وەک باوکێکی بەدەسەلات دەست بە سەر هەموو شتێکی خێڵەکەدا دەگرێ و، هەموو ژنانی خێڵەکە بۆ خۆی تەرخان دەکا و هیچ کەسی تر بۆی نییە لە گەڵیان ڕابوێرێ و لەزەتیان لێبەرێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرێیەکی ڕەوانی واتە عوقدە لەلای کوڕە گەنجەکان دروست ببێ. کوڕەکان دەبنە دوژمنی باوکەکە و لە دەرفەتێکدا دەیکوژن و تەنانەت لاشەکەشی دەخۆن. ئەمجار ئیتر ئازادن و بۆیان هەیە ببنە خاوەنی ژنەکان. بەڵام سەیر لەوەدایە کە نەک هەر لەزەت نابەن لە ژنەکان [بەتایبەتی کە تووشی شەڕی براکوژیش دێن] بەڵکوو هەست بە تاوانباری و پەشیمانییەکی کوشندەش دەکەن. ئەوکاتە بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو باوکە چەندە پیرۆز و خۆشەویست بوو و کوشتنەکەی چەند تاوانێکی گەورە بوو. هەر بۆیە حەیوانێک دەکەنە نیشانە بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو باوکە مەزنە. ئەو حەیوانە کە بووەتە هێمای باوکەکە پێی دەگوترێ «تۆتێم». هەروەها ژنەکان لە خۆیان حەرام دەکەن و ئەو حەرامکردنە دەبێتە یاسایەکی پیرۆز و پێی دەگوترێ «تابۆ».[1] کەوابوو «تۆتێم» بریتی یە لەو حەیوانەی کە دەبێتە ڕەمزی پیرۆزیی و قەداسەتی باوکەکە و «تابۆ»ش بریتی یە لە یاسایەک کە لەزەتەکان حەرام و قەدەغە دەکات.

زۆرجار کە باسی حەیوانپەرەستی دەکرێ، هەموو دەڵێن: چەندە گەوج بوون کە حەیوان یاخود شتێکی دەستکردی خۆیان پەرەستووە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە مەسەلەی گەوجبوون یان گەوجنەبوون نییە. ئەو حەیوانانە یاخود ئەو بتانە نیشانە و تۆتێمی ئەو خێلانە بوون کە لە پێشدا بۆ ڕێزگرتن لە یادی باوکەکە دروست کراون، بەڵام پاشان بەتێپەڕبوونی سەدان و هەزاران ساڵ هۆکارە سەرەکییەکە لە بیرچووەتەوە و تۆتێمەکە بووە بە «بت» و بتپەرەستی بووەتە ئایین.

لەم وتارەدا لەوباسەی فرۆید کەڵکم وەرگرتووە، بەڵام پێویستە ئاماژە بکەم بۆ ئەوەی کە بە بڕوای من هەندێ لەو شتانەی کە فرۆید باسی دەکا لەگەڵ وەزعییەتی عەشیرەتە سەرەتاییەکانی کورددا ناگونجێ، بۆنموونە:

١) من لام وایە کورد نەیتوانیوە و نەیویستووە باوکەکە بکوژێ. باوکی کورد وەک لەش مردووە بەڵام بە ڕوح زیندووە و بڕستی لە نەوەکانی بڕیوە.

٢) پاش نەمانی باوک لەو عەشیرەتەدا کە فرۆید باسی دەکا، کوڕەکان تێکڕای ژنەکان لە خۆیان حەرام دەکەن. واتە نەک خوشک و براکان بەڵکوو هەموو ژنان وپیاوانی سەر بەو تۆتێمە لێک حەرام دەبن، ئەگەرچی خزمایەتی زۆر زۆر دووریشیان هەبێ مەجبوور دەبن لەگەڵ کەسانی سەر بە عەشیرەت و تۆتێمیتر «ئیزدیواج»بکەن. کەچی لە نێو عەشیرەتی کورددا فەقەت ئەو ژن و پیاوانەی کە خزمایەتی دەرەجە یەک و زۆر نزیکیان هەیە لە یەکتر حەرام دەبن، وەکوو خوشک و برا، دایک و کوڕ، باب وکچ، خاڵ و خوشکەزا و مام و برازا و هتد.. بەڵام ژن و پیاوانی عەشیرەت نەک هەر لە یەکتر حەرام نابن بەڵکوو فەرز دەکرێ لە سەریان کە «ئیزدیواج» دەبێ بەس لە نێو عەشیرەتدا بێ وکەس بۆی نییە لەگەڵ عەشیرەتی تردا خزمایەتی بکا.

هەروەها تێبینییەکیشم لە سەر وشەی «تابۆ» هەیە. ئەویش ئەوەیە کە تابۆ بە مەعنای یاسایەکە بۆ حەرامکردن و قەدەغەکردنی شتەکان. هەر بۆیە لە کوردی و عەرەبیدا بە «حەرام» تەرجەمەکراوەتەوە، کە هەڵەیە و باشتر وایە وشەکە وەک خۆی بەکاربهێنرێ. لەبەر ئەوەیکە تابۆ مەعنایەکی کوللی تری هەیە لەچاو وشەی حەرام کە لە ئیسلامدا بەکاردەهێنرێ. واتە هەندێ جار ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە بە پێی ئایینی ئیسلام حەڵاڵن. بۆنموونە: بە پێی شەرعی ئیسلام ئیزدیواجی دوو ئامۆزا یا خاڵۆزا و پوورزا حەڵاڵە. کەچی لە وڵاتی بۆسنی کە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانن، ئیزدیواجی ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا تابۆیە و بە ناشیرین و خراپی دەزانن. لەلای خۆمان ژن و مێرد سەرەڕای ئەوەیکە حەڵاڵی یەکترن، بۆیان نییە لە بەر چاوی خەڵکدا یەکتر نەوازش یا ماچ بکەن و تابۆیە. هەروەها سەرەڕای ئەوەیکە بە پێی شەرع کوردێکی موسوڵمان و عەرەبێکی موسوڵمان بۆیان هەیە ئیزدیواج بکەن، کەچی ئەبینین مێردکردنی ژنی کورد بە پیاوی عەرەب وەکوو تابۆ سەیری دەکرێ (ئەڵبەت لە مەیاندا سیاسەت و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی کوردستان لەلایەن عەرەبەوە بوەتە هۆی شتەکە). بە کورتی لە وڵاتی ئێمەدا سیاسەت، ئایین و سێکس هەریەکە و بە گوێرەی خۆی کۆمەڵێ شتیان لێ کردووینەتە تابۆ.

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسەکە. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوتی گشتی باسەکە و لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەلایەتی کورد بە پێویستی دەزانم سێ چەمکی سەرەکی دیاری بکرێ و بە وردی لێی بکۆڵینەوە کە بریتین لە: خێل، بنەماڵە و تاکەکەس.

**١) خێڵ**

بێگومان ساختار (بونیاد ـ structure)ی ئابووری و پێوەندگەلی

بەرهەمهێنانی هەر کۆمەڵگایەک بە خەستی کاردەکاتە سەر شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانینی جەماوەر بۆ جیهان و لە ئاکامدا شێوازی بونیادنانی دامودەزگای سیاسی و فەرهەنگی دەستنیشان دەکاو هەروەها مەوقەعییەت و هەڵسوکەوتی تاکەکەس بەرانبەر بە کۆمەڵگا و جەماوەر و پێچەوانەش دیاری دەکا. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە زۆرجار ساختاری سیاسی و ئابووری مەسەلەن بە هۆی ئینقلابەوە تووشی گۆڕانی قووڵ و بەربڵاو دەبێ، کەچی ساختاری فەرهەنگی و فیکری کۆمەڵگا، یان ناگۆڕدرێ یاخود بە ئەستەم دەگۆڕدرێ وهەندێ شت لە بیر وباوەڕی فەرهەنگیی جەماوەردا چەق دەبەستێ و دەبێتە بەرد و نابزوێ. ساختاری کۆمەڵایەتی کوردەواری بە درێژایی چەندین سەدە و بگرە هەزارە، ساختارێکی عەشیرەتی بووە و بونیادی ئابوورییەکەشی لە سەر هێمی ئاژەڵداری ڕۆنراوە و دواتر ئاوێتەیەک لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کە ئێستاش وەک فاکتەرێکی گرینگ بوونی هەیە. ئەم ساختارە عەشیرەتی ـ ئاژەڵدارییە لە سەر هەموو چەمکەکانی ژیانی فکری و فەرهەنگی کۆمەڵگادا شوێنی کاریگەری داناوە و چوارچێوەیەکی تایبەتی سەپاندووە بە سەر هزر و فکری جەماوەردا و، یاساگەلێکی دارشتووە کە مرۆڤی کوردی والێکردووە بە گوێڕایەڵی، دەسەڵاتی ئەو یاساگەلە قەبووڵ بکا و بەڕەوایان بزانێ. لە ساختارێکی عەشیرەتی ـ ئاژەڵداریدا بتەوێ ونەتەوێ جەماوەر دەبێتە مێگەل و شوانێکی پێویستە بۆ ئەوەی کاروباری بەڕێوەبچێ. شوان کەسایەتییەکی بەهێز وخاوەندەسەڵاتە کە شارەزای گەرمێن وکوێستانە. شوێنی بژوێن دەناسێ و لەمانەش گرینگتر بەرەنگاری گورگ دەبێ و بوونی مێگەل دەپارێزێ. کەوابوو شوان دەبێتە ڕەمزی سەرەک عەشیرەت و مێگەل دەبێتە گەل و هەر بەوپێیە سەرەک عەشیرەت دەبێتە باوک بۆ عەشیرەتەکە. ئەم باوکە ئەوەندە بەهێز و پیرۆزە و بوونی ئەوەندە پێویستە بۆ بەقای عەشیرەت کە نابێ بمرێ. بەڵام ئاشکرایە هەموو دەبێ بمرن. ئەدی چار چییە؟ لێردەدایە کە پاش مەرگی باوک و تێداچوونی لەشی، خوێنە پاکەکەی خۆ لە دەماری ڕۆڵەکانی عەشیرەتدا دەمێنێتەوە و ڕوحە پیرۆزەکەشی دەبێتە پارێزەری ژیانی هاوبەشی خێڵ و دەبێتە تۆتێم و سێبەری لە چەشنی ئایین بە سەرمانەوە دەمێنێتەوە. ڕێزگرتن لە یاد و ڕوحی ئەو باوکە دەبێتە یاسایەکی ئایینی و بێ حورمەتی کردن بەوی تۆتێمە و لادان لە ڕێبازی دەبێتە تابۆ. بەپێی ئەو بۆچوونە ساویلکانەیە هەموو ئەندامانی خێڵ یەک خوێنی پیرۆز لە دەماریاندا دەگەڕێ و پێڕەوی یەک ئایینی پیرۆزن. کەوابوو ئەو خوێنە کە لە ڕاستیدا هوویەتی خێڵەکەیە دەبێ بەردەوام لە گەڕ دابێ و زۆر گرینگە کە بە خاوێنی ڕابیگردرێ و ڕێزی بگرین. هەربۆیە دەمارگیری دەبێتە یاسای سەرەکی خێڵ و هەموو ئەندامان دەبێ هەوڵبدەن بۆ خاوێنڕاگرتنی ئەو خوێنە و پاراستنی کەرامەت و پێرۆزیی ئایینەکە. هەرکەس بیەوێ ئەو خوێنە ئالوودە و پیس بکا بێ حورمەتی بە نامووسی خێڵ کردووە. کەوابوو خۆی و کوڕاوکوڕی بێنامووس و زۆڵن. ئەوەی تنۆکێ لەو خوێنە بڕێژێ خۆی وکوڕاوکوڕی دوژمنن. ئەوەی کەرامەتی ئایینی خێڵ نەپارێزێ و دژایەتی بکا و بچێتە سەر ئایینێکی تر، خۆی و کوڕاوکوڕی کافرن.

ئەم سێ دیاردەیە واتە خوێن و ناموس وئایین سێ کوچکەی هوویەتی عەشیرەتن کە پێویستە زیاتر شی بکرێنەوە.

**ئا) خوێن:** هەروەک باسمان کرد هەموو ئەندامانی خێڵ وەچەی یەک باوکن. خوێنی پاکی ئەو باوکە مەزنە لە دەماری هەموو ئەو کەسانەدایە کە سەر بەو خێڵەن. خوێنی هەرکام لە تاکەکان لەڕاستیدا تنۆکێکە لەو خوێنە پیرۆزە. هەربۆیە ئەگەر هاتوو کەسێکی سەر بە عەشیرەتێکی تر نەفەرێکی عەشیرەتی ئێمە بکوژێ، لەڕاستیدا خوێنی ئەو باوکە پیرۆزە و خوێنی هەموو عەشیرەتەکەی ڕژاندووە. ئەو کەسە دەبێ بکوژرێتەوە. تەنانەت ئەگەر خۆشی بەرچنگمان نەکەوت، ئەدا فەرق ناکا، کوڕی، برای، یانهەر یەکێک لە ئەندامانی سەر بەو عەشیرەتە بکوژین ئەوا خوێنی باوکی عەشیرەتەکەمان ڕژاندووە و تۆڵەمان کردووەتەوە. بەم چەشنە دوو عەشیرەت دەبنە دوژمن و تراژێدیای خوێن لە بەرانبەر خوێندا دەبێتە ڕەمزی دەمارگیری و قارەمانەتی لە فەرهەنگی عەشایەریدا.

**ب) نامووس:** نامووس وشەیەکی یۆنانی یە کە هاتووەتە نێو زمانەکەمانەوە. لە ئەسڵدا بە مەعنای قانوونە کە دواتر ئەو مەعنایەی گرتووەتە خۆی کە ئێستا هەمووان مەبەستیانە. جا با بزانین ئەو مەعنایە گۆڕینە چۆنچۆنی ڕوویداوە. گوتمان کە هەموو ئەندامانی خێڵەکە یەک خوێنی هاوبەشیان هەیە. ئەو خوێنە هەروەک نابێ بڕژێ، نابێ پیسیش ببێ و دەبێ هەوڵبدەین بۆ خاوێنڕاگرتنی. واتە دەبێ بە ڕەسانەیەتی بمێنێتەوە و نابێ خوێنی تر تێکەڵی ببێ. ژن و ژنخوازی لەگەڵ عەشیرەتێکی تردا دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی خوێنی عەشیرەتێکی تر لە دەماری منالێکدا کە لە ئەنجامی ئەو خزمایەتییە لە دایک دەبێ و بەم چەشنە خوێنی پیرۆزی عەشیرەت ئالوودە و پیس دەبێ. هەر بۆیە بەپێی نامووس (قانوون و یاسا)ێکی سەرەکی هیچ یەک لە ئەندامانی خێڵ بۆیان نییە لە خێڵێکی تر ژن بێنن، یان مێرد بە پیاوی عەشیرەتێکی تربکەن. ئەوەی سەرپێچی بکا لەو نامووسە واتە لەو قانوونە، ئیهانەی باوک و خوێنی باوک و نامووسی عەشیرەتی کردووە. کەوابوو ئیتر ڕۆڵەی ئەو باوکە نییە و زۆڵە و ئەگەر بمێنێ زۆڵدەخاتەوە وخوێن پیس دەکا. هەربۆیە نامووسی عەشیرەت خزمایەتی و تێکەڵبوونی لە گەڵ عەشیرەتانی تر مەمنووع کرد. بەهۆی گرینگبوونی لە ڕادەبەدەری ئەم تێکەڵبوونە و نەبوونە و پاراستنی خاوێنیی خوێن، بەرەبەرە «نامووس» هەر بەو قانوونە گوترا کە جەختی دەکرد لە سەر شێوەی تێکەڵبوونی ژن و پیاو و لەئاکامدا مەعنایەکی سێکسی وەرگرت و مەعنای پێشووی لە بیر چووەوە. بەڵێ هەروەک باسمان کرد کەس بۆی نەبوو لەگەڵ غەیر ئیزدیواج بکا. بەڵام ئەدی چی دەکەی لەگەڵ ئەوین کە نە قانوون و یاسا دەناسێ ونە ئایین و سنوور؟ دڵە و دڵداری دەکا ولە ئەنجامیشدا تێکەڵبوون و، شکاندنی نامووس و تابۆ و یاسای هەموو خێڵەکانی سەر زەوی یە.

زۆرجار لەلایەن بەتایبەت ژنانەوە پرسیار دەکرێ: بۆچی لە وڵاتی ئێمەدا ئاوا بە سووکی سەیری ژن دەکرێ؟ ئەتک دەکرێ یاخود جەزرەبە دەدرێ و دەکوژرێ؟ بۆچی هەندێ ڕەفتار دەبێتە مایەی ئابڕووچوون و سووکایەتی پێکردن وکوشتنی ژن؟ بەڵام پیاو بۆ هەمان ڕەفتار کەمتر تووشی ئەو سزایەیانە دەبێت؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێم: لە پێشدا هەم ژن وهەم پیاوی عەشیرەت بە تاوانی پیسکردنی خوێن و شکاندنی نامووسی عەشیرەت دەکوژران. بەڵام دواتر لە سۆنگەی ئەوەی کە پیاو لە سیستەمی ئابووریی خێڵدا دەورێکی گرینگی هەبوو، هەروەها لە شەڕ دژی دوژمناندا بوونی پێویست بوو، جگە لە مانەش خۆ پیاو منالی نابێ تا ئەو منالە زۆڵە بە خوێنی پیسی خۆی، خاوێنی و قەداسەتی خوێنی عەشیرەت ئالوودە و بێ حورمەت بکا، هەربۆیە بڕیاردرا کە کوشتنی پیاو پێویست نییە و ڕەنگە سزای سووک بەس بێت. بەڵام ژن «پاژنەی ئاشیل»ی عەشیرەتە و بە

پێوەندیگرتنی لەگەڵ غەیر و مناڵبوونی خوێن پیس دەکا و حورمەتی ئایین و تابۆ دەشکێنێ. کەوابوو سەرچاوەی تاوانە و دەبێ بکوژرێ. ئەمە پێی دەڵێن یاسای پیرۆزی نامووس پەرەستی و، عەشیرەت بۆ ئەم مەبەستە واتە پاراستنی نامووس، بە یارمەتی سیستەمێکی سەختگیر و تایبەتی هەموو هەڵسوکەوتی ژن بە وردی دەخاتە ژێر چاوەدێری و ژیانی لێ حەرام دەکا. هەربۆیە باوباپیرمان گوتوویانە «مانگا دەبەسترێتەوە، کەڵ نابەسترێتەوە».

**پ) ئایین:** باسی گەورەیی، بەهێزی و پیرۆزیی باوکی عەشیرەتمان کرد.لە پاش مەرگی باوک تۆتەمێک بووە نیشانە و ڕەمزی ئەو باوکە. ئەو تۆتێمە لەگەڵ هەموو گوتە و ڕێنوێنی و ئەو یاساگەلەی کە دایڕشتبوو بوونە دەستووری پیرۆزی ژیان و ئایینی هاوبەشی خێڵ. ئەو ئایینە یاساکانی کردە تابۆ و لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان تابۆی جۆربەجۆری تری لێ زیادکرد و هەروەها هەندێ لە تابۆکانی گۆڕی و خۆشی گۆڕانکاری بەسەرهات. هەموو گۆڕانکارییەکانیش لە پێناوی پتەوترکردنی دەسەڵاتی خان و سەرەک عەشیرەت و باوکەکاندا بوو. هەموو ئەندامانی عەشیرەت لە سەریان فەرز کرا کە بێ بیرکردنەوە گوێڕایەڵی ئایین و تابۆکان بن. کەس بۆی نەبوو لە چۆنیەتی تابۆکان بکۆڵێتەوە و، شک بکاڵە قەداسەت و حەقانییەتی ئایینەکە. ڕێزگرتن لە ئایین و تابۆ ڕێزگرتنە لە یاد و ڕوحی باوک و، شککردن حاشاکردنە لە باوک و ڕەفزکردنەوەی خێڵە. کەوابوو شککردن یانی زۆڵایەتی وکوفر. ئەوەی بوێرێ کافر بێ، دەبێ تێدابچێ. بەڵێ شککردن جەرگی دەوێ.

وەک ڕوون کرایەوە بەردەوامی و مانەوەی خێڵ لە سەر سێ کوچکەی خوێن، نامووس وئایین بەندە و تێکڕای ئەمانە هووییەتی خێڵ دەیاری دەکەن. کەوابوو ئەوەی لەو خوێنە نەبێ و لە سەر ئەو ئایینە نەبێ و نامووسی خێڵ نەپارێزێ، لە ئێمە نییە، خۆیی نییە، بێگانەیە و خوارترە لە ئێمە و بۆمان هەیە خۆمان لەو بە زیاتر بزانین و بە سووکایەتی سەیری خێڵ و ئایین و نامووسی بکەین.

## ٢) بنەماڵە

بنەماڵە لەو سیستەمەدا نموونەیەکی بچووکتری خێڵە، یان باشتر وایە بڵێین خێڵ پێکهاتەیەکە لە چەندین بنەماڵە کە دەقیقەن ساختار و سلسلە مەڕاتب (hierarchy) ی خێڵی بە سەردا سەپاوە. واتە مۆدێلی خێڵ دەبێتە هەوێنی پێکهاتن و سەقامگیربوونی بنەماڵە و هاوکێشەی نێوان شوان ـ مێگەل پێوەندی نێوان خێزانی بنەماڵە دیاری دەکات. پیاو دەبێتە باوک واتە ڕەئیس وڕێبەری بنەماڵە و هەر ئەو قورساییەی هەیە کە خان یا باوکی عەشیرەت هەیەتی. لادان لە حوکمی ئەو باوکە لە نێو خێزانی بنەماڵەدا بڤەیە و زۆڵی وبێناموسی لە شوێنە. کەوابوو لەباری کۆمەڵایەتییەوە پیاو دەوری باوک دەبینی. لە باری ئابوورییەوە پیاو شوانە. بە گەرمێن وکوێستان کردن یاخود کشتوکاڵ بژیو بەرهەمدێنێ وچەرخی ئیقتیسادیی بنەماڵە دەگێڕێ واتە ئیشوکاری دەرەوە ونان پەیداکردن دەکەوێتە ئەستۆی. دیارە هەر لەبەر ئەوەیکە داهاتەکە بەرهەمدەهێنێ، خۆی خاوەنیەتی و بەس خۆی بۆی هەیە بڕیاربدا لە سەر شێوەی بەکارهێنان و مەسرەفکردنی. ئەندامانی تری بنەماڵە بۆیان نییە بڕیار بدەن. ئەو ئاندەرە و بڕیاردەر. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پتەوکردنی نەخشی یەکەم (واتە ئەو دەورەی کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە دەیبینێ). کەوابوو نەخشی دوهەم بریتی یە لە: شوان لە باری ئابوورییەوە (ئەڵبەت لە بیرمان بێ کە کشتوکاڵ شێوەیەکی تری ساختاری ئابووری کوردەواری یە و کە دەڵێین شوان مەبەستمان جووتیاریشە، بۆیە جەختیش دەکەم لە سەر وشەی «شوان»، چونکە شوان ئەو پێوەندییە زێهنییە لەگەڵ «باوک» چاکتر دەگەیەنێ).

لەباری جنسی و فیزیکییەوە پیاو دەوری نێر دەبینێ. وەک جیسم نێر بەهێزترە و بە توند و تیژی دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێ. واتە جگە لە یاسا و ئایینی عەشیرەت کە سەروەری بە پیاو بەخشیوە، هێزە جیسمانییەکەشی ئەو سەروەرییە پتەوتر دەکا و ڕێگا بۆ لاساری و سەرکێشی ناهێڵێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو خوێنە پاکە لە شێوەی نوتفەدایە و لە پشتی پیاو دایە. کەوابوو تۆوی پیرۆز و ڕەسەن لە کەمەری پیاودایە کە پاش کێلانی زەوییەکە واتە لەشی ژن، ئەو تۆوە دەچێنێ و بێ ئەو تۆوە زەوی بەیار و بێ بەهرەیە. کەوابوو «نێر» دەبێتە نەخشی سێهەمی پیاو. جا ئەم سێ دەورە واتە لە باری کۆمەڵایەتییەوە باوک، لە باری ئابوورییەوە شوان ولە باری فیزیکییەوە نێر بەتەواوەتی دەسەڵات لە بەژن و باڵای پیاو تاپۆ دەکەن.

لەلایەکی ترەوە، ژن لە باری کۆمەڵایەتییەوە نەخشی دایک دەگیرێ کە خزمەتی باوک و مناڵ دەکا و وەزیفەی دەبێتە سەردانەواندن بۆ دەسەڵاتی پیاو و هەروەها ڕاهێنانی مناڵ لە سەر ئەساسی ڕێزگرتن لە ئایینی پیرۆزی خێڵ و ملکەچکردن بۆ تابۆکان. واتە دایک دەبێتە ئامێرێک بۆ ئینتیقالی دەستوور و یاسای خێڵ بۆ منالان. جا لەبەر ئەوەی دایک هەست نەکات بەوە کە وەسیلە و ئامرازە واتە بۆ کلاوکردنە سەری، لەلایەن ئایینەوە بەهەشت دەکرێتە فەرش ولە ژێر پێیدا ڕادەخرێ.

لە باری ئابوورییەوە، ژن دەوری «کابان» دەبینێ لە بەرانبەر «شوان»دا. کە دیارە هەموو ئیشێکی نێوماڵ و گەوەڕ و گەلەخان دەکەوێتە ئەستۆی. بەڵام لە بەر ئەوەی شوانەکە بژیو و سەروەت و سامان بەرهەمدێنێ و خۆی خاوەنیەتی، کابان دەبێتە فەرمانبەری شوانێ کە فەرمانڕەوایە. لەڕاستیدا ژن خاوەنی هیچ نییە و کاردەکا بۆ کەسێ کە خاوەنی هەموو شتێکە.

لە باری جیسمی و فیزیکییەوە، ژن دەوری «مێ» دەبینێ کە وەک هێزی لەش لاوازترە و بەرەنگاری نێری پێناکرێ. لەشی مێ کێڵگەیە کە دەبێ نێر بیکێڵێ و تۆوی پیرۆزی تێدا داچێنێ ولە ئەنجامدا «مێ» زاوزوو بکا و ببێتە کارگەی مناڵ دروستکردن. بەچکە شێری ببێ و بەم چەشنە بنەماڵە و خێڵ گەشە بکا و بمێنێتەوە. کەوابوو لە بەرانبەر پیاودا کە (باوک، شوان، نێر)ە، ژن دەبێتە (دایک، کابان، مێ).

## ٣) تاکەکەس

ئەگەر تۆزێ سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە باسەکەدا لە گشت (کولل)ەوە هاتین بۆ نەخت (جوزء)ەوە، واتە لە پێشدا لە عەشیرەتەوە دەستمان پێکرد و هاتینە سەر نەختێک لەو گشتە، واتە بنەماڵە. ئێستا هەنگاوێکی تر دێینەخوارەوە و دەچینە سەر باسی «فەرد» واتە تاکەکەس. لە سیستەمی عەشیرەتیدا جێگا بۆ تاکەکەس نییە. فەرد لە بەر ئەوەی هووییەتی هەبێ و ددان بە بوونیدا بندرێ، دەبێ خوێنی عەشیرەت لە دەمارەکانیدا بگەڕێ و پێڕەوی ئایینی پیرۆزی عەشیرەت بێ. واتە سەر بۆ دەسەڵاتی باوک و یاساکانی عەشیرەت و ئایینەکە دانەوێنێ و پارێزگاری بکا لە نامووسی عەشیرەت. سەر بە خێڵ نەبوون مەعنای وایە کە ئەو کەسە بێ باوکە و مەعلووم نییە چ خوێنێک لە دەماریدایە و چ ئایینێکی هەیە. کەوابوو سەربەخۆبوونی تاک لەگەڵ عەقڵییەتی خێڵدا

ناگونجێ و فەردی بێ عەشیرەت واتای بێ هوویەتی و زۆڵی و بێکەسی دەدا و لە ئاکامادا بێپەنایی و تێداچوونی لە دوایە و فەرد ناچار دەبێ خۆی بنووسێنێ بە خێڵەکەوە. ئاخر مەڕێ لە ڕان جێبمێنێ بەشی گورگە. جا بۆ ئەوەی نەبێتە خۆراکی گورگ، واز لە فکر و بۆچوونی ئازاد و بە کورتی واز لە بیرکردنەوەبێنە و ڕێگای پیرۆزی باوباپیران بگرە و شانازی بکە بەوەی ببیتە شەکێ لە شەگەل.

ئەو شتانەی تائێستا باسمان کرد، بوونەتە هۆی ئەوەی کە ساختار و بونیادی فکری ئێمە، ساختارێکی فکری عەشیرەتی و خێڵەکی بێ. ئێستاش کەوا خەریکین هەزارەی سێهەم دەست پێدەکەین و باس باسی گەشەی ئابووری و پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری زانست و تەکنیکە و دەڵێین تۆڕی پێوندییەکان (شەبەکەی ئیرتیباتات)، جیهانی کردووتە گوندێکی بچووک، بەڵێ ئا لەم سەردەمەدا، شێوەی ڕوانینی ئێمە بۆ جیهان واتە جیهانبینیمان (تکایە جیهانبینی وەک ئیدەئۆلۆژی وەرمەگرن) هەر هەمان جیهانبینی خێڵەکی باوباپیرانمانە بەڵام بە جلوبەرگی تازەوە. فکر و شێوە ڕوانینمان بۆ جیهان و بۆ ژیان بە ڕواڵەت خۆی گۆڕیوە. بەڵام لە ئەساسدا هەر ئەوەیە کە بوو. جا بۆ ڕوون بوونەوە و سەلماندنی ئەم دیعایە هەندێ نموونە دێنمەوە.

لە پێشدا گوتمان مرۆڤی کورد باوەڕی بە دەسەڵاتی باوکێکی پیرۆز هەیە، ئێستا تۆزێ مەکیاج (گریم)ی ئەو باوکەمان کردووە و بۆ تێپەڕاندنی ئەرکەکانی شۆڕش و کوردایەتی نێومان ناوە سەرۆکی حیزب و سکرتێری گشتی کە باوکێکی بەهێز و تێگەیشتوو و دڵسۆزە. شارەزای هەموو شتێکە و هەڵە لە زاتیدا نییە. هەموو دەبێ لە ئەمرونایدا بین و بۆمان نییە لە ڕێبازی لابدەین. هەرکەس گوێڕایەڵی نەبێ و، هەرکەس شک بکا لە سەروەری و پیرۆزیی ئەو باوکە، ئەوە حەتم بزانن زۆڵە، لادەرە، جاشە، ترسەنۆکە و خوێڕی یە. دەبێ تڕۆ بکرێ و ئەگەر نەکرا بە دۆزەخی مشەڕەف بکەین، ئەوە دەبێ وەدەری نێین و چیدی مەودای پێنەدەین بێ حورمەتی بە ساحەتی موقەدەسی سەرۆک و سەروەرمان بکا. هەربۆیە هەموومان بۆ سەلماندنی ئە وڕاستییەی کە لاریمان نییە لە قەداسەتی ئەو باوکە مەزنە، بە دڵوگیان گوێڕایەڵی دەبین وهەر کاتیش پێویست بێ ئامادەین بۆ فیداکردنی خۆمان لە پێناوی ئەو زاتە پیرۆزەدا. کە فەرمانی شۆڕشی دا، ئەوا ورد و درشت دەبینە شێر ودێینە مەیدان. کە بڕیاری خۆ بەدەستەوەدان وئاشبەتاڵی دا، لەبەر ئەوەی کە دەزانین بێ حیکمەت نییە، هەر هەموو ملکەچی بڕیاری دەبین و شۆڕشمان ناوێ.

لاتان وانەبێ کورد فەقەت لە مەیدانی سیاسەت و شۆڕشدا سەرۆکێک دەکاتە سوپەرمەن. ئەگەر تۆزێ بیری لێ بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەموو ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیماندا ئەو ساختارە خۆی دەنوێنێ. مەسەلەن سەیری هەڵپەڕکێ بکەن. هەموو دەست دەگرین و ئەوەی سەرچۆپی گرتووە، دەبێتە سەرەک عەشیرەت. هەموو دەبێ پێمان لەگەڵ پێی ئەو جووت بکەین. کرژی وخاوی و بەگشتی ڕەوتی هەڵپەڕکێ ئەو دیاری دەکا و هەموو پێڕەوی لێدەکەین.

گوتمان دەمارگیری لە سەر خێڵ تایبەتمەندییەکی تری مرۆڤی کوردە. دەمارگیری وتەعەسوبی خێڵەکی لە خوێنماندایە. هەر بۆیە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانماندا هەمان غەریزە ڕەچاودەکەین. ئاخر حیزبی ئێمە حیزبی هەموو جەماوەرە. هەوڵدەدا بۆ بەختەوەری گەل و ئازادی و سەربەرزی وڵاتەکەمان. حیزبەکانی تر هەموو ساختەچی و ڕەفیقی قافڵە و شەریکەدزن. هەموو هەوڵیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبەکەی خۆیانە و، دەربەستی شۆڕش و چارەنووسی گەل و وڵات نین. هەربۆیە ئێمە ڕیزی خۆمان جیادەکەینەوە ولەگەڵیان ناگونجێین و ئەوندەی بۆمان بکرێ دژایەتییان دەکەین و تێدەکۆشین لەناویان بەرین. شارەکەی ئێمە جوانترین و خۆشترین و شەهیدپەروەرترین وهونەرپەروەرترین شاری کوردستانە. ئەو شارانەی تر شتێکی ئەوتۆ نین، بە قوڕم گرتن. خەڵکەکەی هەموو گەمژە و ساویلکەن. لەهجە و زاراوەیان فڕی بە سەر کوردییەوە نییە. هەربۆیە ئەو هەموو نوکتەیان بۆ سازدەکەین و گاڵتەیان پێدەکەین.

کۆمەڵەکەی ئێمە، کۆمەڵەیەکی بێلایەن و سەربەخۆیە. هەموو ئەندامانی شاعیر و نووسەر و زانان. هەوڵدەدەین بۆ گەشەی فەرهەنگ وکولتووری کورد. کۆمەڵەکانی تر هەموو سەر بەم حیزب و ئەو حیزبن. فڕیان بە سەر فەرهەنگ و هونەرەوە نییە. هەموو هەوڵێکیان پارەکۆکردنەوە و ناوەدەرکردنە.

با ئیتر لەوە زیاتر نموونە بۆ تەعەسوب و دەمارگیری نەهێنمەوە ئەگینا ناچار دەبم باسی شەڕەگەڕەک و شتی وابکەم.

خەسڵەتێکی ترمان ئیمانی خالیسانە و موخلیسانەیە بە پیرۆزی و حەقانییەتی ئایینی باوباپیران کە بووەتە چرایەکی ڕووناک بۆ تیشک خستنە سەر هەموو دیاردەکانی جیهان. ئایینێک کە هەموو ئەندامانی خێڵ بێ بیرکردنەوە باوەڕمان پێی هەیە و کەسمان بۆمان نییە یاساکانی بشکێنێن وشک بکەین لە حەقانییەتی و ڕەخنەی لێبگرین. ئەوەی بێ سێودوو پێڕەوی لەو شەریعەت وتەریقەتە نەکا، ئەوە بێگومان موشریکە، مولحیدە، زۆڵە، کەوابوو خوێن وماڵ و ناموسی حەڵاڵە بۆمان. دەبێ ڕیسوا و شاربەدری بکەین.

هەربۆیە ئێمە ڕانەهاتووین لەگەڵ شککردن لە حەقانیەتی ئەو بیروڕایەی هەمانە و، بە فەرهەنگی ڕەخنە ئاشنا نین. لامان وایە ئەوەی دەیزانین حەقیقەتی موتڵەقە و بیروبۆچوونی خەڵکی تر هەمووی چەوت و هەڵەیە و، هەرکەس وەک ئێمە بیرنەکاتەوە و وەک ئێمە نەژی، دواکەتوو و کۆنەپەرست و نائاگایە. بە هەڵەدا نەچین تەنیا ئیسلامییەکان وانین. بەناو ڕۆشنبرەکانیشمان هەر هەمان بۆچوونیان هەیە. بۆنموونە کاتێ مارکسیزم بوو بە ڕێبازی شۆڕش و دیاریکەری جیهانبینیمان، هەر مامەڵەکەی ئیسلامان لەگەڵ کرد. کردمانە ئایینێکی پیرۆز و وەک ئایەتی قورعان.هەموو یاساکانیمان لەبەر کرد. بێ ئەوەی لێی بکۆڵینەوە ئیمانمان هێنا بە حەقانییەتی. مەودامان بە کەسیش نەدا شک بکا لە حەقانییەتی ئەو ئایینە تازەیە. هەرکەس ویستی بە چاوی ڕەخنەوە شک بکا لە ڕاستی و ناڕاستیی ڕێنوێنییەکانی مارکس و ئینگێلس ولێنین، یەکسەر ناو و ناتۆرەی ڕێڤیزیۆنیست و ڕێفۆرمیست و مورتەجیع و دواکەتوو و نائاگا و جاش و خۆفرۆشمان خستە شوێنی. کە فەلسەفەی فیلەسووفێکی تری خوێندەوە گوتمان ئیدەئالیستە. کە لە تەسەوف و عیرفان کۆڵدرایەوە گوتمان کۆنەپەرستە ودژایەتی عیلم و زانست دەکا. کە باسی دینو ئایینی کرد، ئەوە ئیتر هەموومان دەزانین دەیەوێ بە ئەفیون خەڵکی سەرخۆش بکا وئاوەز و هەستی جەماوەر سڕبکا. کە باسی دێموکراسی و ئازادی تاکەکەسی کرد، گوتمان لیبراڵە. شێعروچیرۆکی بە شێوازی ڕێئالیستی نەنووسی، گوتمان سەر بە شێوازی هونەر لەپێناوی هونەر دایە و، ئەدەبی مونحەت تەبلیغ دەکا. کە باسی مافی نەتەوەیی و میللی و سەربەخۆیی وڵاتی کرد، گوتمان ئینترناسیۆنالیست نییە و، ڕەگەزپەرست و ڕاسیستە. کە باسی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمی کرد، گوتمان ڕۆشنبیربازی دەردێنێ

و بووەتە ئوڕووپایی تازە بەسەرداکەوتوو.
بە کورتی ئێمە وا ڕاهاتوین کە پێڕەوی بکەین لەو ساختارە فکرییەی کە باوباپیرمان ڕۆیان ناوە. لامان وایە ئەو کەلەپوورەی بۆمان جێماوە، ڕەسەن و پڕبایەخ و لێوانلێوە لە حەقیقەت. هەربۆیە بە دوورەپەرێزی لە عەقڵی ڕەخنەگر، دوو دەستی چەسپاوین بە سوننەت و نەریتی سەدان ساڵەوە و دژایەتی هەموو دیاردەیەکی نوێ دەکەین و بەردەوام دەڵێین هیچیەک لەو بیروبۆچوونانەی کە تازە هاتوونەتە بازاڕەوە، ڕەسەن نین، بێ ڕیشە و هیچ و پووچن، قالۆڕەن و بە زەڕق و بەرق ڕازاونەتەوە، هەربۆیە ولاتەکەمان چەقی بەستووە لە سەر سوننەتپەرستی و دژایەتیکردنی شتی تازە وتازەگەری (مۆدێرنیتە).
سەیری ژیانی خەڵک بکەن لە کوردستاندا. بەتایبەت شێوەی خانووبەرە دروستکردن (ناڵێم مێعماری چونکە وشەی «مێعماری» مەعنای هونەر وزانستی لە خۆوە گرتووە و شتێکمان نییە بە ناوی مێعماری کوردی) لە گوندەکاندا، کە سەدان ساڵە بەرد و خشت سواری سەری یەک دەکرێ و دەتوانم بڵێم سەدان ساڵە خانووبەرە هەر بە یەک مۆدێل دروست دەکرێ و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. لە تەکنۆلۆژیشدائیتر دیارە چەندە هەژارین. شتێکی ئەوتۆمان نییە بە کەڵک بێ. (ئەڵبەت لێرەدا پاساوێک هەیە کە دەڵێ: هۆی ئەوەیە کە خاکەکەمان داگیر کراوە و دوژمنان مەودای ئەوەیان نەداوە تەکنۆلۆژی بێتە کوردستان. ئەگەرچی ئەو قسەیە ڕستە، بەڵام مەبەستی من لە تەکنۆلۆژی واریداتی نییە. مەبەستم ئەوەیە کە هەندێ شتی خۆماڵی هەن کە بیر نەکراوەتەوە لە گۆڕین و تەکامول پێدانیان. بۆنموونە:دەزگای جولایی لە مێژە وەک سەنعەتێکی خۆماڵی بوونی هەیە. بەڵام داخوا چ فەرقێکی لەگەڵ دووسێ سەدە لەوەپێش هەیە؟). سەیارە و تەراکتۆر و ئەو شتە مۆدێرنانەش کە کڕیومانە و بەکاری دێنین. هەر ناشزانین چۆن دروستکراون. شتێکە وەرمان گرتووە و بێ ئەوەی بیر لە فێربوونی تەکنۆلۆژییەکە بکەینەوە. بەکاریان دێنین و پێیان دڵخۆشین.
سەیر لەوەدایە کاتێکیش دەمانەوێ ئەمرۆیی بین وبایەخ بدەین بە شتی نوێ، وەک ئەدی وبدی خۆ وندەکەین و زۆرنا لە سەرە هەراوەکەیەوە دەژەنین. مەسەلەن هەندێ کەس هەر لە سەر ئەساسی ئەو دوالیسمەی کە لە سەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد، تێکڕای کەلەپوور و فەرهەنگی ڕۆژهەلات ڕەفز دەکەنەوە و بە شتێکی بێ کەڵک و دواکەوتووی دەزانن و سەرجەمی شارستانییەت و تەمەدون و فەرهەنگی ڕۆژئاوا بە عەقلانی و عیلمی و پێشکەوتوو لە قەڵەم دەدەن و بێ سێودوو بیرکردنەوە و بێ ئەوەی خۆ لە قەرەی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنە چاک و خراپەکانی فەرهەنگە جیاوازەکان بدەن، بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ ناڕاستەوخۆ یارمەتی ئەو شێوە بۆچوونە دەدەن کە دەسەڵاتدارانی دونیای ڕۆژئاوا بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ بیچەسپێنن کە گوایە خەڵکی ڕۆژئاوا تاقە یەک شتی باش و بەکەڵکیان هەیە، ئەویش سەرچاوە سروشتییەکانە و دەبێ بەهەر شێوەیەک بۆمان دەکرێ لە چەنگیان دەربێنین. چونکە ئێمە خاوەن شارستانییەت و پێشکەوتووین و دەزانین چۆنچۆنی کەڵک لەو سەرچاوانە وەربگرین. خەڵکی ڕۆژهەلات شایانی ئەوە نین کە ئەو شتانەیان هەبێ. چونکە دواکەتوو و نەزانن. بەداخەوە ئەو ڕۆشنبیرانەش (ئەڵبەتە بە دڵپاکی وناڕاستەوخۆ) یارمەتی ئەو بیرو بۆچوونە دەدەن و لە ڕاستیدا تووشی خۆ دۆڕاندنی فەرهەنگی بوون.
مەبەست لەم هەمووە ئەوەیە کە بڵێم: بەداخەوە ئێمە خاوەنی تەفەکورێکی ڕێکوپێک نین. ناتوانین یان باشتر وایە نامانەوێ و ڕانەهاتووین کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی (نسبی) دیاردەکان هەڵسەنگێنین و بە شێوەیەکی مەنتیقی بایەخ بدەین بە شتێک و شتێکی تر بێبایەخ بکەین.
بەڵێ ئازیزان! ساختاری فکری ئێمە عەشایەری یە و تەفەکورمان تەفەکورێکی ئوستورەیی یە، نەک تەفەکورێکی مەنتیقی و تەعەقولی. تۆڕێکی چنراو بە تابۆ وەک تەونی جاڵجاڵۆکە هزر وفکری داپۆشیوین. ولاتەکەمان ولاتی تابۆیە و کۆمەڵگامان کۆمەڵگایەکی سوننەتی و باوکسالارە. لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردەواریدا، دێمۆکراسی شتێک نییە، یەک شەوە و بە دوو بڕی و بڕی و، چوارتەقە و تەنانەت بە نووسین و واژۆکردن و تەنفیز و ئیجراکردنی یاسایەکی بنەڕەتی (قانوونی ئەساسی) دێمۆکراتییانەش پێی بگەین. ئاخر دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دێمۆکراسی مەفهوومێکی سیاسی نییە. بەڵکوو مەفهوومێکی فەرهەنگی یە و، شۆڕشێکی فەرهەنگی لە چەشنی ڕێنێسانس پێویستە بۆ ئەوەی لە نێو بنەماڵەدا فێری پرەنسیپەکانی دێمۆکراسی و تەفەکوری عەقلانی و ڕەخنەگرانە ببین. دەبێ فێر بین کە کۆمەڵگا لە سەرجەمی تاکەکەسەکان پێکهاتووە و تاکەکەس وەک مرۆڤێک سەیر بکرێ کە مافی سەربەخۆبوون و بیرکردنەوە و «نە»گوتنی هەبێ. جا ئەم بۆچوونە بە لیبڕالیسم یان هەر ئیسمێکی تر لە قەڵەم دەدەن، گرینگ نییە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە مەسەلەی مافی ژنیش شتێک نییە کە بەجیا لە کوللی ساختاری فەرهەنگی و کۆمەلایەتی ولاتەکەمان سەیری بکرێ و بەجیا چارەسەربکرێ. کێشەی ژن بەستراوەتەوە بە سەرتاپای شارستانییەت و فەرهەنگمانەوە. ئەڵبەت مەبەست لەم قسانە ئەوە نییە کە خەبات بۆ سەقامگیرکردنی حکوومەتێکی دێمۆکرات و هەروەها هەوڵدان بۆ یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو لە ئێستادا ڕەفزکەمەوە. بەپێچەوانە دەبێ هەوڵ بدەین بە زووترین کات ئەو یاساگەلەی ڕێگا دەدەن بە پێشێلکردنی مافەکانی ژن و ئەتککردن و کوشتن و کۆیلەکردنیان، هەڵوەشێنەوە و یاسای ئینسانی دابڕێژرێ.
لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەمەوە، بۆ نوێکردنەوەی فەرهەنگ و گەیشتن بە دێمۆکراسی و ئازادی و هەروەها ڕزگاری مرۆڤی کورد بەگشتی و ڕزگارکردنی ژن لە چنگە دزێوەکانی پیاوسالاری، پێویستمان بە شۆڕشێکی فکری هەیە. دەبێ بونیادی فەرهەنگەکەمان، بونیادی فکرەکەمان بگۆڕین. دەبێ تابۆکان بشکێنین. دەبێ باوکەکە بکوژین. دەبێ سوننەت بشکێنین. دەبێ نەترسین لە گومانکردن، نەترسین لە ڕەخنەگرتن ولەوەی ڕەخنەمان لێ بگیرێ. نەترسین لە بیرکردنەوە و داهێنانی شتی تازە. نەترسین لەوەی پێمان بڵێن لادەر و بیدەعەتگوزار. نەترسین لەوەی پێمان بڵێن زۆڵ. وەرن بائیتر کەڵەشێر نەبین، وەرن با مرۆڤ بین و وەک مرۆڤ بیر بکەینەوە. ئەوکاتەی کە فکر وئەندێشەمان ئازاد بوو، ئیتر تابۆ مەعنای نامێنێ، ئیتر فەرهەنگ گەشەدەکا، ئەو کاتە ژن خۆی پارێزگاری دەکا لە شەرەف و گەوهەری ئینسانی خۆی و پێویست ناکا کەڵەشێر ببێتە خاوەنی. ئاخر کەڵەشێرایەتی شەرمە بۆ پیاوێ کە مرۆڤە.

یۆتەبۆری ٢٢ - ٢ - ٢٠٠٠

١- زیگموند فروید. توتم و تابو، ترجمه دکتر ایرج پورباقر، انتشارات آسیا، تهران، ١٣٦٢، ص ص ٢٣٣-٢٣٢.

# مێژووی «ئەگیل» و «پاڵوو»

(١٠٠٥ تا ١٠٠٩ک = ١٥٩٧ تا ١٦٧٩ز)

## ذەیلی تورکی شەرەفنامەی بدلیسی

نووسینی: «شەمعی»

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئەنوەری سوڵتانی**



### پێشەکی وەرگێڕ

شەرەفنامە لەو مێژووە دەگمەنانەی کوردە کە لە سەردەمی «سەفەوی» و دوای یەکەم دابەشبوونی کوردستان نوسراوە بەڵام نووسەرەکەی بە پێچەوانەی مێژوونووسانی وەک «ئەسکەندەربەگی مونشی»، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بە نیسبەت مێژووی کوردان ڕەچاوکردووە. هەر ئەم دیاردەیەش بۆتە هۆی متمانە و باوەڕی خوێنەران و گەلێک مێژوونووس و ڕووداونووسی دیوەخانی ئەمیرەکوردەکان کاتێ ویستوویانە مێژووی بنەماڵەی ئەمیری خۆیان بنووسن، دەقی شەرەفنامەیان وەک ڕاستییەک وەرگرتووە ئینجا لە ساڵانی دوای شەرەفنامەوە دەستیان بە مێژووەکەیان کردووە.

ئەم چەشنە مێژووانە بە «ذەیل» یا پاشکۆی شەرەفنامە ناسروان و تا ئێستا ئێمە بە هەواڵی چەند ذەیلێکمان زانیوە.

- ذەیلی حاکمانی گەڵباخی، لە ساڵی ١٦٨١دا نووسراوە و لە پەراوێزی چاپی «زێرنۆف» و دەقی چاپەکەی «فرج الله زکی الکردی» دا هاتووە؛

- ذەیلی ئەمیرانی ئەردەڵان کە محەمەد ئیبراهیم ئەدەڵانی لە ساڵی ١٨١٠دا نووسیویە و من بە هاوکاری خاتوو «نەسرین برنا» لە ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوم کردۆتەوە.

- ذەیلی حاکمانی موکریان کە میرزا مەحموودی بانەیی لە ساڵی ١٨٤٢دا نووسیویە و خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی لە کتێبی «لاپەڕەیەک لە دیرۆکی موکریان»دا بڵاوی کردۆتەوە.

بەڵام جگە لەوانە، ذەیلێکی دیکەش هەیە کە تا سەردەمی ئێمە بڵاونەبۆتەوە و خەڵکانێکی کەم نەبێ، کەس بە هەواڵی نازانێ ئەویش مێژووی حاکمانی «ئەگیل» و «پاڵوو» لە ناوچەی دیاربەکرە، کە «شەمعی»ناوێک نووسیویەتی.

مێژووی ئەگیل و پاڵوو -.وەک بەشێک لە فەرمانڕەوایانی مەرداسی (چەمشگەزەک)، لقی یەکەم و دووهەم لە فەسڵی دووهەمی سەحیفەی سێهەمی شەرەفنامە پێکدێنن. «شەمعی» کە کاتبی دیوەخانی ئەو ئەمیرانە بووە، ٩٠ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی شەرەفنامە، شاکارەکەی شەرەفخانی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی تورکی و مێژووی ئەو ٩٠ ساڵەی ئەگیل و پاڵووشی لێ زیاد کردووە.

ئێمە شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ «شەمعی» نازانین جگە لەوە کە دووهەم وەرگێڕی تورکیی شەرەفنامە بووە و لە ساڵی ١٦٧٩ واتە ١٥ ساڵ دوای عەلائەددین کوڕی مستەفا، مێژووەکەی شەرەفنامەی وەرگێڕاوەتە سەر تورکی.

نوسخەیەک لە تەرجەمەی شەمعی، بە پاشکۆی ئەگیل و پاڵووەوە، ئێستا لە کتێبخانەی بریتانیا لە لەندەن پارێزراوە و لەگەڵ تەرجەمەی تورکیی «مروج الذهب»ی مەسعوودی و هەروەها قەصیدەیەکی عەرەبی «اسمعیل المکری» پێکەوە لە بەرگێک گیراون. ناسنامەی کتێبخانەکە بۆ ئەم نوسخەیە بریتی یە لە: Add. 18547

شەمعی لە سەرەتای نوسخەکەدا ناوی «یەنصور بەگ» حاکمی پالو بە «حاکممزاولان»دێنێ، کە فەرمانی وەرگێڕانی شەرەفنامەش ئەو پێی داوە، بەڵام لەو دوالاپەڕەی دەستنووسەکەدا «مستەفا بەگ»ی حاکمی ئەگیل بە «باعث تحریر اولان» ناودەبرێت و بەم شێوەیە، مەسەلەکە لە گێژ وگومیدا دەمێنێتەوە. نووسەری کاتالۆگی کتێبخانەی بریتانیا، شەمعی بە کاتبی مستەفا بەگ دادەنێت، بەڵام بە بڕوای من لێرەدا سێ ئیحتیمال دێتە پێشێ:

١- دوای تەواوبوونی کارەکەی شەمعی، کە بۆ یەنصوربەگی نووسیوە، کەسێکی دیکە نوسخەی لەبەر هەڵگرتبێتەوە و ئەم نوسخە نوێیەی پێشکەش بە مەستەفا بەگ کردبێت؛

٢- شەمعی خۆی لە ماوەی تەرجەمەکەدا دیوەخانی گۆڕیبێت و چووبێتە لای مستەفا بەگ؛

٣- هەردووک ئەمیر، هاندەری شەمعی بووبێتن کە ئەوەش بە هۆی نزیکایەتی زۆر لە نێوان ئەم دوو حاکمانەدا، گونجاو بووە (دەقی پاشکۆکە، باسی ئەم نزیکایەتییە دەکات).

پاشکۆی شەمعی دەوروبەری ١٦ لاپەڕە یە (٤ لاپەڕەی ئەگیل و ١٢ لاپەڕەی پاڵوو)، یەکەمیان لە لاپەڕە ٥٩ی ئەلف و دووهەمیان لە لاپەڕە ٦٣ی ئەلفەوە دەست پێدەکات.

من بەشی یەکەمم بە یارمەتی کاک سەربەست کەرکووکی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لەگەڵ سەرەتایەکدا لە بڵاوکراوە «مەڵبەند» (ژمارە ٨٩ - کۆتایی ساڵی ١٩٩٩) چاپی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی بڵاومان کردۆتەوە. بۆ وەرگێڕانی هەردوو بەشەکەش یارمەتیم لە کاک رەشات ئاق گویل» و کاک «بەکر شوانی» و برادەرانی دیکەی تەلەڤیزیۆنی «مێد»

وەرگرتووە کە لێرەدا سپاسیان دەکەم. هەروەها سپاسی دوکتور وەلی ـ بەرپرسی بەشی تورک وئێرانی لە کتێبخانەی بریتانیا دەکەم کە ئیجازەی بلاوبوونەوەی دەقی تورکی و تەرجەمەی کوردی و فارسی پێداوم و مافی «کۆپی رایت»ی لە سەر هەلگرتوون. بە هۆی ئەو راستییەوە کە شەرەفنامە بە فارسی نووسراوە و ذەیلەکانی دیکەش هەر بە فارسی نووسراون،دوای ئەم تەرجەمە کوردییە، وەرگێراوی فارسی دەقەکەش بلاودەکەمەوە.

دوو شەجەرەنامە و هەروەها «کرۆنۆلۆژی» رووداوەکانی ئەو ٩٠ ساڵەشم پێکهێناوە کە بە هۆی درێژبوونەوەی وتارەکەوە، دەرەتانی بلاوکردنەوەیان نابێت بەلام هیوادارم لە دەرفەتێکی دیکەدا سەرجەمی وتارەکە و دەقی تەرجەمەکراوی کوردی و فارسی لەگەل وێنەی تورکی پاشکۆکەکەی شەمعی، وەک نامیلکەیەکی سەربەخۆ بلاوبکرێتەوە.

## یەکەم: مێژووی حاکمانی ئەگیل

(١٠٠٥ تا ١٠٩٥ك ـ ١٥٩٧ تا ١٦٧٩)

... بەلام جەعفەربەگ، کوڕێکی لە پاش بەجێما بە ناوی مۆمن بەگ، کە مەیلی زۆری لە ڕابواردن وکەیف وخۆشی هەبوو و لە چەندین سەفەری پاشا [ی دیاربەکر؟]دا، ئێوبانگی وەک بۆنی عەبیر، بە هەر چوارلادا بلاوببووەوە، ئینجا بە گوێرەی فەرمانی سولتان ئەحمەدخان[١] کرابوە حاکمی ئەگیل. کەسێکی دلئاوا و خاوەن دارایی و مالیش بوو.

لەو، پێنج کور کەوتەوە: مەردانعەلی بەگ، غەزەنفەربەگ، مووسابەگ، مستەفابەگ و ........ بەگ.[٢] مەردانعەلی بەگ، فریادرەس، بەناوبانگ، نێچیرگیر و ئەرسەلان وێنەبوو. بە بەگزادەیی ڕازی نەبوو و دەسەلاتی «ئەگیل»ی گرتە دەست، بە گوێرەی فەرمانی حەزرەتی سولتان محەمەدخانی غازی، کرایە حاکمی ئەگیل.

دوای ماوەیەک، ئەحمەد بەگی کوڕی قەجەربەگ[٣] لە سەر دەزگای حکومەت جێگیر بوو و بە ئالیکاری مستەفا پاشای قایمقام ـ کە درەنگتربوو بە وەزیر، دەستی بە سەر حکوومەتی ئەگیل داگرت.

دواتر، مەردانعەلی بەگ، لە سەر مەسەلەی دەسەلاتی ئەگیل، ئەحمەدبەگی کوڕی قەجەربەگی کوشت و ئیتر حکوومەتی ئەگیل تامی نەما و دەستی لە خێر و خۆشی دونیا هەلگرت وچیتر حکوومەتی نەکرد. مەیل وداخوازیی مالی خودای کەوتە مێشکەوە و لە دەرگانەی یەزدانی پاک و بەرز پاڕایەوە، دوعای قەبول کرا و تەوافی کرد، لە گەڕانەوەشدا لە «شەرموک»[٤] مرد.

پاشان بەخت بوو بە هاودەمی مووسابەگی کوڕی[٥] و بە حیسابی یارمەتی مستەفا پاشای قایمقام، بوە هۆی کوژرانی مەردانعەلی بەگی برای خۆی و فەرمان بۆ ئیبراهیم پاشا دەفتەرداری لە سەر کارلابراوی دیاربەکر دەرچوو، ئەویش مەردانعەلی بەگی کوشت.

درەنگتر کاتێ کە والی دیاربەکر کرایە مەئمووری سەفەری عەممان[٦]، مووسابەگ بە ئەمری یەزدانی بەرز شێت بوو، لەناوچوو و کەس نەیزانی چی لێبەسەرهات.

بەتایبەت بە گوێرەی فەرمان[٧] حکوومەتی ئەگیل خەلاتی ئەو دارخورمایەی باخی بەهەشت و ئەو سەرچاوەی دلئاوایی و بەخشندەییەکرا، کە برای ئەو حەزرەتی مستەفابەگ بێت ـ خودا تەمەن ودەولەتی هەتا ڕۆژی حەشر بپارێزێت، کەسێک کە سەرچاوەی وەدەستهێنانی مال و شوێنی هەلهاتنی ئەستێرەی ئیقبال و هۆی بەردەوامیی هونەری شیعر و پارێزگاری ناسکێتی وتار و پیاێکی دلێر[٨] و شێرکرۆژە و لە هەموو کوردستاندا بە دلئاوایی و ئازایەتی دەست نیشان کراوە و ناسراو و ڕێزلێگیراوە.

لە ١٠٨٩[١٦٧٨]دا، ئەمری شەریفی بەرز پایەی بابی عالی[٩] گەیشتە قەپلان پاشا و ئەیالەتی دیاربەکر، کە دەبێ بێن بۆ سەفەری «چەهرین»[١٠] و فەرمانی ئەم کارەش دەرچوو. یەکدلی و هاوبیری لەگەل ئەو پیاوی گۆڕەپانی ئازایەتییە و ئەو سەرچاوەی دلئاوایی و بەخشندەییە و ئەو جێگەی شانازییەی ئەمیری ئەمارەت ـ. واتە حەزرەتی محەمەد قوجوربەگ حاکمی پالوودا، کە ئەوپەڕی مێهر و خۆشەویستییان لەگەل یەکتری هەبوو و نەدەگونجا بۆ چرکەیەک و سەعاتێک دەروونی پاکیان لە یەکتر دوور بکەوێتەوە، لەو سەفەرە ئەمرپێکراوەی «چەهرین»یشدا [مستەفا بەگ و] میری بەرێز ـ. محەمەد قوجوربەگ، گەلێک هاوڕێ و هاودلی یەکتر بوون و لە ڕێگەدا، هەمە چەشنە ڕابواردن و عەیش و نۆشێکیان کردبوو. بە ڕێکوپێکی و بە دەسەلات و داراییەوە گەیشتبوونە شارۆچکەی «بەندەر»[١١] و لە پردەکەی پەڕیبوونەوە و خەیمە و بارەگایان لە نزیک یەکتر لێدابوو.

گرتنی قەلاکە، لە ترسی دەهەزار سوارەی مەلعوونی «سرکە»[١٢]، کارێکی نەگونجاو بوو، بەلام ئەوان کەوتنە بەر نیگاداریی و پاراستنی یەزدانی پاک و بەرز و یارمەتی خواداوەندی بەرز. فەرمانی پادشاهی لەمەڕ ناردنی بیست هەزار عەسکەر بۆ یۆسف پاشای موحافیزی «بەند»[١٣] دەرنەچووبوو، هەرچەندیش تکای کردبوو و سوودی نەبەخشیبوو، ئینجا ئەوان پەنایان بردە بەر لوتف و یاریدەی خوداوەندی پاک و بەرز و لەکاتێکی پیرۆزدا، بارەگا و خەیمەیان داکوتا و بە لوتفی یەزدانی بەرز تەپلخانەیان دامەزراند و شان بەشان،ڕوویان کردە قەلای «چەهرین». یەزدانی پاک و بەرز دەستی خستە دەستیانەوە و عەسکەری ئیسلام بە سلامەت و سەرکەوتوویی[١٤] چوونە ناو قەلاکەوە.

لێرەدا، مستەفا پاشای قایمقام ـ. کە وەزیریش بوو، جلوبەرگی ڕازاوەی خۆی لەبەر کرد وچوە پێشوازی قەپلان پاشای حاکمی دیاربەکر و پێکەوە چوونە خزمەت پادشاه[١٥]، ئەوان لە هەموو بابەتێکدا غیرەت و ئازایەتییان سەبارەت بە یەکتر، لێ چاوەڕوان دەکرا.

مەلعوونێکی قەرالی مۆسکۆ ـ کە ناوی «رمدانسقۆ»[١٦]بوو، لەگەل سوپایەکی سێ چوارسەدهەزار کەسی کافراندا، خۆی لە ناوچەی «ئووزی سوو»[١٧]، ئامادەکردبوو. لەلایەن وەزیری ئەعزەم ـ. مستەفا پاشاوە، فەرمان دەرچوو، کە قەپلان پاشا ببێتە سەرکردەی ئەو سوپایەی وا چەندەها بەگ و پاشای تێدابوو،

لە کاتی شەڕدا، حەزرەتی مستەفا بەگ، حاکمی ئەگیل و حەزرەتی محەمەد قوجوربەگ ـ حاکمی پالوو، پێشەنگی و پالەوانییەتێکی زۆریان لە خۆ نیشان دا. تەنانەت حەزرەتی محەمەد قوجوربەگ بە سواریی ڕووی کردە سوپای کافران و زەبری بازوویەکی ئەوتۆی نیشان دان و «نێزە»ی[١٨]ئەوتۆی وەشاند، کە گیانی چەپەلیان پەڕییەوە دۆزەخ و ئەوانەی وا چاویان لێبوو، هەزاران جار ئافەرین و دەست خۆشییان لێکرد. حەزرەتی میری بەرێز. مستەفابەگیش ئەسپێکی ڕەسەنی تیژڕەوی بە تۆپەوە[١٩] خەلات کرد.

لە سالی ١٠٩٠ دوای هیجرەتی پێغەمبەر ـ. سلاوی خودای لێ بێت،

[مستەفا بەگ] گەڕایەوە سەر تەختی پاشایەتی خۆی ولەوێ نیشتەجێ بووەوە، ئینجا بە خۆشی و ڕابواردنەوە خەریک بوو.
دوای ماوەیەک، قاسم بەگی برازای[20]، کە لە دەرگانەی بەختەوەری دا[21]، پاکاریی کردبوو، لە مانگی ربیع الاولی ساڵی ١٠٩٥دا، حکوومەتی ئەگیلی پێدرا. پاشان بە یارمەتی خودای بەرز، حکوومەتی ئەگیل خەڵاتی حەزرەتی مستەفا بەگ کرایەوە و ئەویش بە لوتفی خوداوەند، لە سەر تەخت دانیشتەوە. بۆ هەموو ماوەی تەمەنی، لە دەوڵەتدا بێت.
[لاپەڕە تا دەستنووس]

## دووهەم: مێژووی حاکمانی پاڵوو

(١٠٠٥ تا ١٠٩٥ک ـ ١٥٩٧ تا ١٦٧٩)

... دوای چەند ساڵێک، سولەیمان بەگیش کۆچی دوایی کرد و دوو کوڕی لە پاش بەجێما: میر محەمەد و عەلی بەگ.
میرمحەمەد بە یارمەتی هۆز و عەشیرەتەکان، بوو بە حاکمی سەربەخۆی پاڵوو و گوندێکی بە ناوی «حوباب»، دا بە عەلی بەگی برای. ئەمیر محەمەدبەگ بوو بە بەگێکی ئەوتۆ کە هەموو خەڵکی لە خۆی ڕازی و شادمان کرد و سەبارەت بە ڕەعیەت، دادپەروەری و چاکەی لێوەشایەوە.
کاتێ کە سوڵتانی عوسمانی سەفەری شاری «خوتەن»ی کرد، فەرمانی بە ئەمیر محەمەدبەگ دا، بەرەولای قزڵباش[1] و شوێنێک بە ناوی «کولەک بابا»[2] بڕوات.
میر محەمەد بەگ، بە بەجێهێنانی فەرمانی پیرۆز هەستا و بەئامانجی پارێزگاریکردن، بە عەسکەرەوە بەرەولای «کولەک[بابا]» ڕۆیی، چەند ئاغایەکیشی بەرەو سەفەری «خوتەن» نارد. لە ئەنجامدا گەیشتە[کولەک بابا] و ماوەیەک چاوەدێری کرد، قزڵباش هیچ بزووتنەوەیەکیان نەبوو، ئینجا لەلایەن «شەهریار»ەوە فەرمانی پێدرا و گەڕایەوە وڵاتی خۆی، پاشانیش بە ئەجەلی وەعدەدراو،سەفەری جیهانی ئاخیرەتی کرد.
ئەو ڕۆژەی وا میرمحەمەد کۆچی دوایی کردبوو، لەولاوە بە حیکمەتی خودا هەواڵی مردنەکەی لە نێو ئەو ئاغاواتەدا کە چووبوونە «خوتەن» بڵاوببووەوە. ئەمان لە نێو خۆیاندا بە دوای ئەو کەسەدا گەڕان کە هەواڵەکەی هێنابوو، بەڵام کەسیان بۆ نەدۆزرایەوە، ئینجا بەیەکتریان گوت هەڵبەت لەم کارەدا دەستی پەیامهێنەری غەیبی تێدایە و تاریخی ئەو ڕۆژەیان نووسی.
لەم لاوە، کە میرمحەمەد کۆچی دوایی کرد، کوڕێکی لەپاش بەجێما: حەسەن بەگ. ئەعیان و گەورە پیاوانی وڵات لە سەر ئەوە پێکهاتن کە حەسەن بەگ بێنن و ڕەوانەی «دەرگانەی بەختەوەری»[3] بکەن.
ئاغاواتی لایەنی میرمحەمەد و ئەو ئاغایانەی وا لە سەفەری خوتەن گەڕابوونەوە،لە شوێنێک بە ناوی «قەرەجەلەر» ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و سەبارەت بە مردنی میر محەمەدبەگ پرسیاریان لێدەکەن. لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەواندا، دەڕواننە کاغەزەکە و دەبینن میرمحەمەد ڕاست لەو ڕۆژەدا کە قسەکە کەوتبووەوە، بە ڕەحمەت چووە. لە ئەنجامدا، یەکدوو ئاغا لەو کەسانەی چووبوونە سەفەری خوتەن، حەسەن بەگ دەگێڕنەدواوە و ئەوانی دیکە بەرەو دەرگای بەختەوەری دەچن.
حەسەن بەگ دێتەوە وڵات و دوای ماوەیەک، ئەو ئاغاواتەی وا چووبوونە خزمەت شەهریار، حوکمی بەشان و شکۆ بە ناوی حەسەن بەگەوە دێنن و ئەویش بە سەربەخۆیی دەبێتە حاکمی پاڵوو، ڕەعیەت و سوپا ڕازی و دڵشاد ڕادەگرێت و سێبەری دادپەروەری و چاکەی دەکەوێتە سەر هەموو خەڵک و زوڵم و زۆرداریییان لە سەر لادەبات، لە ئازایەتی و بەجەرگیشدا هیچکەسێک هاوتای ئەوی نەدەکرد.
مامی حەسەن بەگ ـ واتە عەلی بەگ، کە پێشتر گوتمان حوباب لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو، قەسدی گیانی دەکات و هەر بە بیانووی ڕاوی «بولوور»ەوە هەڵدەستێ ودەچێتە ڕاو.
جا، عەلی بەگ خۆی و دەست و پێوەندەکانی سوار دەبن و حەسەن بەگیش بە چەند خزمەتکارێکەوە سوار دەبێ، واتە تەنانەت کەسێکی ئەوتۆی لە ئاغا گەورەکان لەگەڵدا نابێت. هەر ئەوەندەی دەگەنە شوێنێک بە ناوی «قاچاقپین»، لە ناکاو یەکێ لە دەست و پێوەندی عەلی بەگ، ڕمێک لە حەسەن بەگ دەدا و لە ئەسپ دەیخاتەخوارێ. پاشان هەر هەموویان هێرش دەکەنە سەری و بە زەربی شمشیر برینداری دەکەن. حەسەن بەگیش بە شمشیر سێ چوارێکیان لێ بریندار دەکات.
سەرئەنجام، عەلی بەگ دوای شەهیدکردنی حەسەنبەگ دەچێتە قەڵاکە و گەورەپیاوانی وڵات کۆدەکاتەوە و داوای لێبووردن دەکات کە ئەمری خودای مەزن وەهابوو، پاشان لەگەڵ ئاغاواتدا ڕاوێژ دەکات و ئەوانیش چاری ناچار قەبوڵی دەکەن. ئینجا پێشکەشی و دیاری بۆ ئەو وەزیرانە دەنێرێ کە لە ئەرزڕۆم و دیاربەکر بوون و حکوومەتی پاڵوو دەگرێتەدەستی خۆی.
دوای چەند ساڵێک، وەزیری گەورە ـ. خوسرەو پاشا دەچێتە ئابڵووقە دانی بەغدا و عەلەی بەگ و چەند حاکمێکی کوردستان لە گەلییەک بە ناوی «دەرەتەنگ» دادەنێت. یەکیەتی قزڵباشان سەردەکەوێت و ئەمان لەبەر یەک دەڕەوێن، جا بەرەدوا هەڵدێن و لە کاتی گەڕانەوەی نێو هوردوودا، پاشا ڕقی هەڵدەستێ و بە گوێرەی «بشرالقاتل بالقتل»، عەلی بەگ دەکوژرێ. بەهەمان شێوە ئەو ئاغاوەتەی دیکەی کوردستانیش کە هەڵاتبوون، هەر هەموویان دەکوژێت.
ئاغاواتی پاڵوو، کە لە شوێنەکە بوون، بە یارمەتی و هاودەستی خوسرەوپاشا، پێشنیاری بەگایەتی بۆ ئیبراهیم بەگی کوڕی حەسەن بەگ، ئاراستەی دەرگانەی بەختەوەری دەکەن. دوای ماوەیەک کە حوکمی بڵیندپایە بە ناوی ئیبراهیم بەگەوە دەردەچێت و دەگاتە حزووری خوسرەوپاشا، ئاغاواتی پاڵوو دێن و ئیبراهیم بەگ دێننە خزمەت خوسرەوپاشا و لەو سەردەمەدا ئیبراهیم بەگ تەمەنی پێنج ساڵان بوو.
هەرچۆنێک بێت، خوسرەوپاشا چاوی بە ئیبراهیم بەگ دەکەوێت و حوکمەکەی لەگەڵ خەنجەرێکی دسک ئاڵتووندا، لە بەردەم دادەنێ و دەڵێ: سکە[پارە]ی ئەوتۆت دەدەمێ. بەڵام ئیبراهیم بەگ فەرمانەکەی دەوێت. خوسرەوپاشا دەڵێ: خەنجەرەکەم لێ وەرگرە کە کوردانی پێ بێنیە ژێر حوکم. ئیبراهیم بەگ وەڵامدەداتەوە ودەڵێ: فەرمانەکەم بدەیە، کە بە زەبری فەرمان بیانهێنمە ژێر حوکم. ئەم قسەیە، گەلێک جوان دێتە بەرچاوی خوسرەوپاشا و زیاتری پێ خۆش دەبێت، ئینجا فەرمانەکەی دەداتێ.
پاشان، ئیبراهیم بەگ دێت ولە سەر تەختی حکوومەت دادەنیشێ. ئیبراهیم بەگ بە سەربەخۆیی دەچێتە سەر حوکم و کەسێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی لێ دەردێت، کە هەموو ڕەعیەت و گەورەپیاوانی سەرانسەری وڵات دەکەونە بەر سێبەری دادپەروەری و چاکەی ئەو و زوڵمیان لە سەر هەڵدەگیرێ.
لە ساڵی ١٠٤٨ [١٦٣٨]دا کە سوڵتان موورادخانی غازی ڕووی کردە بەغدا، فەرمانی پیرۆزی بۆ دەروێش محەمەدپاشا ـ الی دیاربەکر

دەرچوو، کە پێویستە لەگەڵ سەرجەمی حاکمانی کوردستاندابچێت بۆ هوردووی ئاسمان پایە و ئابلۆقەی بەغدا بدەن.

ئیبراهیم بەگیش عەسکەری کۆکردەوە و لەگەڵیاندا چوو بۆ سەفەر. لەوکاتەدا «قۆجە ئیبراهیم بەگ» کوێخای بوو و هەر ئەوەندەی گەیشتە «ئەسیبەین» کۆچی دوای کرد. ئەویش «بەکرئاغا»ی لە جیاتی ئەو کردە کوێخای خۆی.

سەرئەنجام، لەگەڵ عەسکەری سەرکەتوودا دوای گرتنی بەغدا، گەڕایەوە وڵات و لەم لاوە بەهۆی هەندێ کاروباری نابەجێی «عومەرئاغا»وە[٤]، ئیبراهیم بەگ گرتی و خستیە بەندیخانەوە. پاش ماوەیەک کوێخابەکربەگی برای عومەرئاغا دەچێتە دیاربەکر و بە گوێرەی فەرمایشتی «مەقسوودپاشا» براکەی لە بەندیخانە دەردێنێ و ئینجا ڕوودەکاتە بابی عالی.

لەم کاتەدا، «زولفەقاربەگ» ـ یەکێک لە منداڵانی خوالێخۆشبوو جەمشیدبەگ، لە «چەرموگ» دادەنیشت. عومەرئاغا، بەگایەتی بۆ زولفەقاربەگ وەرگرت و زولفەقاربەگ هاتە سەر حوکمی وڵات.

ئیبراهیم بەگ لە گەڵ ئەعیانی پالوودا چوو بۆ دەرگای بەختەوەری و شەش مانگی پێنەچوو بەگایەتی وەرگرت، هاتەوە و وڵاتی گرتەوە دەست خۆی.

عومەرئاغا، ناوچەی «قەرەچور»ی هاندا و هەندێک گازەندەچی ناردە دیاربەکر. «قەرەمستەفا پاشا» والی دیاربەکر ئیبراهیم بەگی بانگ کردە دیاربەکر. ڕەعیەتی عومەرئاغا و ئیبراهیم بەگی پێکەوە ئاشت کردەوە و ئەویش گەڕایەوە بۆ پالوو. عومەر ئاغا سەرلەنوێ ئاسوودە دانەنیشت وژمارەیەک ڕەعیەتی هێنایە ژێر کاریگەریی خۆی و چوو بۆ «حوباب» کە لەوێوە بچێت بۆ دەرگانەی بەختەوەری.

لەم لاوە، ئیبراهیم بەگیش بارودۆخی عەرزی والی دیاربەکر کرد. والی ڕووی کردە ئیبراهیم بەگ و فەرمووی عومەر ئاغا بگرێت و بیخاتە بەندیخانەوە. ئینجا ئیبراهیم بەگیش عومەر ئاغا و ئیبراهیم قەراچۆرلی و سەییدنەجاتەی گرت و لە بەندی توندکردن، پاش ماوەیەکیش عومەر ئاغای کوشت. ئەوەندەی مانگێک دوای ئەو ڕووداوە، ئیبراهیم و سەیید نەجاتیشی کوشت.

مستەفای برایان چوو بۆ دەرگانەی بەختەوەری ولە دەست ئیبراهیم بەگ گازندەی کرد. لە لایەن شەهریارەوە تەتەر هاتن و ئیبراهیم بەگیان برد بۆ ئەستەموڵ.

لەم سەردەمەدا، «قاپوچی باشی گەنج» وەزیر بوو. بە گوێرەی فەرمانی ناوبراو، ئیبراهیم بەگیان لە «یەددی قوللە»دا[٥] زیندانی کرد و حکوومەتی پالوویان سەرلەنوێ دایەوە بە زولفەقار بەگ. نوێنەری ئەویش هات و وڵاتی گرتەدەست.

دوای ماوەیەک [ئیبراهیم بەگ] لە زیندان ڕەهاکرا، دانیان بە سەر حکوومەتەکەیدا هێنا و لە ئەنجامدا، یازدەمانگی تەواوی بەسەردا تێنەپەڕیبوو کە حکوومەت سەرلەنوێ درایەوە بەئیبراهیم بەگ، ئینجا فەرمانی بە شان و شکۆ گەیشتە ئیبراهیم بەگ و ئەویش بە سەربەخۆیی حوکمی پالووی گرتەدەست.

زولفەقاربەگ هەڵات و بە هیوای حکوومەت، بەرەو دەرگانەی بەختەوەری ڕۆیی. پاش ماوەیەک، سەرلە نوێ حکومەت درایەوە بە زولفەقار بەگ. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی ئەوەی ئەعیان و گەورەپیاوانی وڵات لە زولفەقاربەگ ڕازی نەبوون، دەستیان لە داوێنی بەختەوەری نەکێشایەوە و لەگەڵ ئیبراهیم بەگدا، ڕوویان کردە بابی عالی.. سەرئەنجام دوای نۆ مانگ، حکوومەتی پالوو لەلایەن شەهریارەوە درایەوە بە ئیبراهیم بەگ وئەویش بە حوکمی پایەبەرزەوە هات و لە سەر تەختی حکوومەت دانیشت.

پاشان لە تاریخی ١٠٦٢ [١٦٥٢]دا، زولفەقار بەگ جارێکی دیکە بۆ داواکاریی حکوومەت چوو بۆ دەرگانەی بەختەوەری و داوای حکوومەتی کرد. لەو سەردەمەدا «سیاوەش پاشا» وەزیر بوو، حکوومەتی پالووی دا بە زولفەقار بەگ و جەمشید بەگی کوڕی نارد بۆ بە دەستەوەگرتنی وڵات.

لەم لاوە، ئیبراهیم بەگ بە خۆی و ئاغاواتەوە ڕوویان کردە دەرگای بەختەوەری. کاتێ گەیشتنە سنجاقی «خەرپووت» لەوێ مانەوە. [ئیبراهیم بەگ] یەکدو ئاغای خۆی بۆ داواکردنی حکوومەت ناردە دەرگانەی بەختەوەری و خۆی، نامەی بۆ بەگلەرانی دەوروبەر نووسی و عەسکەرێکی زۆری کۆکردەوە کە بچێتە سەر جەمشید بەگ.

جەمشید بەگ، کاتێ لە بارودۆخەکە ئاگادار بووەوە کە ئیتر نەیدەتوانی بەربەرەکانی بکات. جا، لە کاتی شەودا هەڵات چوو بۆ دیاربەکر. دیاربەکر لەوسەردەمەدا درابوو بە مستەفا پاشای مەصتارلی و ئەمانەتداری ئەویش قایمقامی دیاربەکر بوو. جەمشید بەگ چوو و ئەحواڵی بۆ ئەمانەتدار گێڕایەوە، ئەمانەتدار چەند ئاڵایەکی بۆ جەمشید بەگ پێکەوە نا و ناردیەوە پالوو.

لەم لاوە، ئیبراهیم بەگیش هەندێ سەرەک دستەی ناردە نزیک شوێنێک بە ناوی «باغین» لەلایەکی دیکەوە جەمشید بەگیش گەیشتبوە باغین. سەئەنجام لەوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و دەست بە شەڕ دەکەن. ئەو عەسکەرەی وا ئیبراهیم بەگ ناردبووی، سەردەکەوێت و ئەوانی دیکە ڕاودەنێن. جەمشید بەگ هەڵات و چل ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، حوکمی بڵیندپایە لەلایەن شەهریاری سوڵتانەوە بۆ ئیبراهیم بەگ هات و ئەویش بەسەربەخۆیی بۆوە بە حاکمی پالوو و کاروباری گرتەدەست.

ماوەیەک بە سەر حکوومەتەکەیدا تێپەڕیبوو، تا ئەوەی لە ساڵی ١٠٦٩ [١٦٦٠]دا، هاوڕێ لەگەڵ «مورتەضا پاشا»ی والی دیاربەکر، چوە سەر حەسەن پاشای جەلالی. بەلام ئەمجار بە هەزار سوارەوە چوو بۆ سەفەر ـ بەشێوەیەک کە لەوکاتەدا هیچ بەگێک لە بەگەکانی کوردستان وەک ئیبراهیم بەگ خاوەنی جلوبەرگی شەڕ و زرێ و عەسکەر نەبوون.

هەرچۆنێک بێت، بەگوێرەی فەرمانی بڵیندپایە، مورتەضاپاشا و هەموو [عەسکەری] ئەیالەتی دیاربەکر، دەبوایە لە شوێنێک بە ناوی «یەلفون»، بچنە سەر حەسەن پاشا. بەم شێوەیە هەردوو عەسکەر ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و دەستیان کرد بە شەڕ. لەلای خوداوە عەسکەری حەسەن پاشا هەڵات، خۆی ڕووی کردە حەڵەب و پاشماوەی عەسکەرکەش گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

ئیبراهیم بەگیش گەڕایەوە و لێرە بە دواوە، زولفەقار بەگ ئیتر لە بیری بەگایەتیدا نەما و ملی ئیتاعەی بۆ دەرگانەی ئیبراهیم بەگدا برد. ئیبراهیم بەگیش بە ڕێزەوە خاتری ڕاگرت وئەو پەڕی ڕێز و ئیحتیرامی لە خۆی و ئاغاوات و گەورەپیاوانی نا و لە شوێنێک بە ناوی «زاویە» چەندین هۆدە و خانووی بۆ دابین کردن.

زولفەقار بەگ لە گەڵ خێزان ودەست و پێوەندیدا، یەکدوو ساڵی بە ڕاحەتی و ئاسوودەحاڵی بردەسەر. لە ڕوودوی حەسەن پاشادا، جەمشیدبەگی کوڕی زولفەقاریش لایەنگری حەسەن پاشای دەکرد. کاتێ کە مورتەضاپاشا، حەسەن پاشای لە «حیل»کوشت، ئەوانیش وەک

لایەنگرانی حەسەن پاشا بەشێکیان هەلاتن و بەشێکیشیان بەگوێرەی فەرمانی جێگەی ئیتاعەی جیهان، لەوێ کوژران. جەمشید بەگی ناوبراو کە لەگەڵ هەلاتووەکاندا چووبوە بەغدا، پاش ماوەیەک لە بەغداوە گەڕایەوە دیاربەکر و بە هەواڵی ئەوەی زانی کە زولفەقار بەگی باوکی لە پاڵوو نیشتەجێ یە وئینجا چوو بۆ لای.

ئیبراهیم بەگ خاتری گرت و ڕێزی زۆری لێنا. چەند ڕۆژێک دواتر، جەمشید بەگ دەستی کرد بە پیلانگێڕان و بیری خراپەکاری هەموو مێشکی داگرت.

ئیبراهیم بەگ ئاگاداری وەزعی بووەوە و خۆی و باوکی هەڵگرت ولە قەلادا کوشتنی. ئینجا بە بێ نەیار و شەریک، حکوومەتی پاڵووی گرتە دەستی خۆی.

ئیبراهیم بەگ لە ڕادەزیاتر خاوەنی خێرات و چاکە و بەگێکی پایەبەرزبوو. لە نێو هاوتایانی خۆیدا، سەربەرز و مومتازبوو. هیچ پایەبەرزێک لە نێو باوک و باپیرانیدا بۆ کاروباری ولات و پارێزگاری رەعیەت وەک ئەو نەبوو، خێرات و چاکەی، خاص وعامی دەگرتەوە.

پێویستە بگوترێ یەکەم لە گوندی «زاویە»دا، مزگەوتێکی پیرۆزی گەلێک گەورە و ڕازاوەی دروست کرد و مەلا و خەتیبی بۆ دانا و هەروەها لە نزیک «چارشو» غەریبخانەیەکی گەورەی لە قاتی سەرەوەی «خان»ێکدا دروست کردبوو. لە سەر چۆمی «موراد» و لە شوێنی «ئون لەمەر»دا پردێکی دروست کردبوو کە هاتوچۆکەر - بەتایبەت ئافرەتان بتوانن بە ئاسوودەیی بەسەریدا تێپەڕن.

هەرچۆنێک بێت لە تاریخی ١٠٧٠ [ ١٦٦٠ ]دا، مەزنایەتی مورتەضاپاشا لە «عیمادییە» گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەوەدەم «قۆجە محەمەد پاشا» والی دیاربەکر بوو، لەلایەن شەهریارەوە فرمانای بڵیندپایە دەرچوو کە لەگەڵ ئەیالەتی دیاربەکردا بچێتە سەر مورتەضاپاشا. قۆجە محەمەد پاشا، هەموو بەگلەری کوردستانی وەکۆکرد. ئیبراهیم بەگیش عەسکەرێکی زۆری ئامادە کرد ولەگەڵ قۆجە محەمەد پاشادا کەوتەڕێ.

«سەییدخان»ی بەگی عیمادییە، کاتێ ڕوانی ناتوانێ بەربەرەکانی ئەو تاقمە بکات، مورتەضاپاشای بە کۆت و بەندەوە هەڵگرت و چوو بۆ پێشوازی جەماعەتەکە. قۆجە محەمەد پاشاش لە جێدا مورتەضاپاشای کوشت و گەڕایەوە دواوە. هەموو گەڕانەوە بۆ ولاتی خۆیان.

پاشان لە تاریخی ١٠٧٣ [١٦٦٣]دا، حاجی حوسێن پاشای والی دیاربەکر، کرایە مەئمووری موحافەزەی مووسڵ و سەرلەنوێ لەگەڵ حاکمانی کوردستاندا کەوتە ڕێگا. لێرەدا، ئیبراهیم بەگ بە هۆی تێکچوونی مەزاجەوە توانای سەفەری لە خۆیدا نەبینی و عەبدوڵلابەگی لە نێو ئاغاکاندا هەڵبژارد و بە عەسکەری زۆرەوە ناردیە سەفەر. عەسکەرەکە، گەیشتەجێ ولەگەڵ حاجی حوسێن پاشادا چوونە موحافەزەی مووسڵ، پاش ماوەیەکیش گەڕانەوە دواوە و هاتنەوە ولات.

دوای ئەو ڕووداوە، خوالێخۆشبوو ئیبراهیم بەگ، ساڵێکی دیکەش ژیا و لە سەرەمەرگدا، دە جوزئی [ قورئان] بۆ ڕوحانیەتی خۆی وەسیەت کرد و حەقەکەشی لە گوند ومەزرای خۆی دابین کرد، سەرئەنجام لە تاریخی ١٠٧٤ [ ١٦٦٤ ]دا، وەلامی بانگهێشتنی خودای دایەوە و لە جیهانی فانییەوە بەرەوباخی «ڕیضوان» ڕۆیی. حەوت کوڕی لە پاش بە جێما: محەمەد قوجوربەگ، یەنصور بەگ، زەکەریا بەگ، سلێمان بەگ، خەلیل بەگ، مخازم بەگ و وەیس بەگ.

تەمەنی وەیس بەگ و مخازم بەگ وەفای نەکرد و دوای باوکیان ئەوانیش مردن.

کاتێ ئیبراهیم بەگ مرد، ئەعیان و گەورە پیاوانی ولات پێکهاتن و محەمەد قوجور بەگیان بردە دیاربەکر. لەوکاتەدا، حاجی حوسێن پاشا، والی دیاربەکر بوو. تکاکاریی ئەویان گەیاندە دەرگانەی بەختەوەری و لەلایەن شەهریارەوە حوکمی بڵیندپایە بە ناوی محەمەد قوجور بەگەوە هات و ئەویش بە سەربەخۆیی بوو بە حاکمی پاڵوو.

ئەوەدەم، محەمەد قوجور بەگ تەمەنی دەساڵان بوو بەباشی گەیشتبوە تەمەنی گەورەیی ولێکدانەوە و ببوە خاوەنی عەقڵ وهۆش و دادپەروەری و چاکەی دەرحەق بە خاص و عام دەکرد. زوڵم وئازاری لە سەر رەعیەت هەڵگرت؛ لە ئازایەتی و دڵئاواییدا، لە نێو هاوسەراندا، سەرفراز ودەستنیشان بوو، لە جەنگاوەری و هۆشمەندیشدا هاوتای نەبوو.

ماوەیەکی باش بەم شێوەیە حکوومەتی کرد و لەگەڵ ئیبراهیم پاشای والی دیاربەکردا، چوو بۆ سەفەری قوڕنە، ئەو حوسێن پاشایەی وا لە قوڕنە بوو لە بەریان هەلات و ئەوانیش گەڕانەوە دواوە. دوای ماوەیەکی دیکە هەمدیسان لەگەڵ عومەرپاشای والی دیاربەکردا بۆ پارێزگاریی چوون بۆ ئەو لایانە و دوای سەفەرەکەش ماوەیەک حکوومەتی کرد.

پاشان یەنصور بەگ بۆ داواکاریی حکوومەت چوو بۆ دەرگانەی بەختەوەری و وەزیری مەزن ئەحمەدپاشا لەلایەن سوڵتان محەمەدخانی غازییەوە، حوکمی بڵیندپایە بە ناوی یەنصور بەگ وەرگرت. حکوومەتی پاڵووی بۆ دابین کرا ولە تاریخی ١٠٨٢ [ ١٦٧١ ]دا، هات و لە سەر تەختی حکوومەت ڕۆنیشت.

لە تاریخی ١٠٨٣دا، کە سوڵتان محەمەدی غازی چوو بۆ سەفەری «قمانیسە»[٦] فەرمانی پیرۆزی گەیشتە حەسەن پاشای والی دیاربەکر، کە لەگەڵ سەرجەمی حاکمانی کوردستاندا بچن بۆ سەفەری قمانیسە. یەنصور بەگیش ڕووی کردە ئەو هوردووە بەرزە و لەگەڵ پادشاە - واتە سوڵتان محەمەدی غازیدا، سلاوی خودای لێ بێت،چوو بۆ سەفەری قمانیسە. عەسکەری ئیسلام سەرکەوتوو و زاڵ بون وقمانیسەیان فەتح کرد. لە گەڕانەوەدا لەلایەن شەهریارەوە خەلاتی بایخدار گەیشت وئەویش هاتەوە ولات و درێژەی بە حوکماتەکەی دا.

دوای ماوەیەک، سەرلەنوێ فەرمانی پادشاە دەرچوو، کە بچن بۆ سەفەری «لیح».[٧] محەمەد قوجور بەگ لە هوردووی پیرۆز[٨] دابوو.

تا ئەوان لەولاوە تەدارەکی سەفەر ببینن و بکەونە ڕێگا، لەم لاوە محەمەد قوجور بەگ بەگایەتی وەرگرت و کوێخا عەلەی بەگی بۆ بەڕێوەبردنی ولات نارد، یەنصوربەگیش هات و لە شوێنێک بە ناوی «باباطاغی» نزیک بووەوە. لەوێ کەسێکیان لێ پەیدابوو و هەواڵی پێدان کە ئەمڕۆ ڕۆژێکە وا محەمەد قوجور بەگ خەلاتی پاشای کردۆتەبەر و بەگایەتی وەرگرتووە. پاشان، یەنصور بەگیش چوو بۆ هوردووی پیرۆز و لە چاوپێکەوتنی هەڤاڵەکانیدا،گوندێک بە ناوی «حوباب» و جگە لەو، چەندین گوندی دیکەشی بۆ خۆی وەرگرت و دوای گەڕانەوە بۆ پاڵوو حەزرەتی ئەمیر محەمەدبەگیش سەفەری خۆی کرد و هاتەوە سەر تەختی حکوومەت دانیشت.

پاش ماودیەک، لە تاریخی ١٠٨٩ [ ١٦٧٨ ]دا، فەرمانی پیرۆز لەلایەن شەهریاردوە گەیشتە قەپلان مستەفا پاشای والی دیاربەکر، کە پێویستە ئەیالەتی دیاربەکر بێت بۆ هوردووی پیرۆز و بچنە سەر قەلایەک بە ناوی «چەهرین».[٩]

ئینجا حەزرەتی ئەمیرمحەمەد قوجور بەگیش عەسکەری کۆکردەوە و لەگەڵ قەپلان مستەفا پاشادا، بەرەو هوردووی پیرۆز کەوتە ڕێگا. درەنگتر قەپلان مستەفا پاشا بوو بە سەرداری عەسکەری ئیسلام و چوونە سەر قەڵای چەهرین. سەرئەنجام دوای ماوەیەکی زۆر شەڕکردن و دوای ئەوەی ئەمیر محەمەد قوجور بەگ نموونەی زۆری دلاوەری و ئازایەتی لە خۆی نیشان دا، دوژمنانی دین تێکشکان و عەسکەری ئیسلام سەرکەوتوو و زاڵ بوو.

لە گەڕانەوەدا، ئیتر حەزرەتی ئەمیر محەمەد قوجور بەگ هات و لە سەر تەختی حکوومەت دانیشت.

لەم کاتەدا، ئەمیر یەنصور بەگ لە سنجاقی خەرپووت دانیشتبوو و پاش ماوەیەک، چوو بۆ دیاربەکر،چەند مانگێک لەوێ مایەوە و پاشان نامەی حەسەن ئاغا ـ کوێخای وەزیری مەزن مستەفا پاشا گەیشتە یەنصور بەگ، کە دەبێ داوای حکوومەتی پاڵوو بکەی. یەنصور بەگ ناوەرۆکی نامەکەی گەیاندە مەحموودپاشای والی دیاربەکر و مەحموودپاشاش عەرزی دەرگانەی بەرزی کرد.

لەلایەن شەهریارەوە حوکمی بڵیندپایە بە ناوی یەنصور بەگەوە دەرچوو و ئەویش بە فەرمانی پادشاهییەوەهات و بوە بەرپرسی حکوومەتی پاڵوو، گوندێک بە ناوی «حوباب» و جگە لەو، چەندین گوندی دیکەشی دا بە حەزرەتی ئەمیر محەمەد قوجور بەگ، پاشان چەند گوندی بە جیا جیا خەڵاتی زەکەریا بەگ و سلێمان بەگ و خەلیل بەگ کرد.

بەم شێوەیە، ئەمیر یەنصور بەگ بەسەربەخۆیی بوە حاکمی پاڵوو و ئاگای لە حاڵی ئەعیان و گەورەپیاوان بوو و دەرحەق بە ڕەعیەتیش دادپەوەری نواند و خاص وعامی لە خۆی ڕازی و شادمان کرد. لە ڕاستیدا، بۆ دلێری و دڵئاوایی هاوتای نییە و لە ئازایەتی و پیاوەتیدا پێشڕەوی هەموانە. بە ئەخلاقی باشەوە لە نێو خەڵکانی هاوتا و هاوسەردا، لە هەموان ناسراوتر و هەڵبژاردەتر وسەربەرزترە. لە کاری وڵاتداریی و ئەرکی حکوومەتیشدا، خاوەنی ڕا و تەدبیرە.

لە قەڵا[ی پاڵوو] دا، دیوانخانەیەکی ئەوتۆی دروست کرد کە لە سەردەمێکی کۆنەوە، بینایەی وا دروست نەکراوە. جگە لەوەش، چەندین مەجلیس و شانشین وای یەک لە ناو یەکدا، بە شێوەیەک دروست کرد، کە بە دیتن نەبێت وەسفی نایەتە نووسین.

لەوانەش زیاتر، لە سەر بەرزایی، کۆشکێکی بەرین و بڵیندی وەک چەتری گەردوون دروست کرد، کە لە چوارقوژبنی ئاسماندا عەقڵی کەسی پێنەدەگەیشت و لەم بیابانەدا،ئەسپی هۆشمەندیی هیچ کەسێک نەدەهاتە گەڕان و بە عەقڵ و لێهاتوویی هیچ تاقەکەسێکیشدا نەچووبوو.

خوادوەندی پاک و بڵیندپایە، تەمەنی درێژ و پایەبەرزیی زیاتر بدات بە «یەنصور بەگ» و هەموو براکانی و هەموو پێکەوە خۆشحاڵ بن و عەیش و نۆش بکەن و لە زیانی جیهان بپارێزرێن. ئامین بۆ خاتری محمد خیرالوری... [لاپەڕە تا دەستنووس]

**پەراوێزەکانی بەشی مێژووی ،ئەگیل،**

١- دەبێ سوڵتان ئەحمەد خانی یەکەم بێت کە لە ساڵی ١٠٢٦ک ـ ١٦١٧ ز مردووە.

٢- ناوی کوڕی پێنجەمی مۆمن بەگ لە مێژووی شەمعیدا نەنووسراوە.

٣- لە دەقەکەدا دووناوی نزیک بە یەکتر هاتووە: ئەحمەدبەگی کوڕی قەجەر بەگ (حاکمی ئەگیل) و محەمەد قوجور بەگ (حاکمی پاڵوو).

٤- «او چرمیک، بلده لطیفه تقع بشمالی دیابکر علی مسافه ٥٠ کیلومترا منها و لها قلعه قدیه و حمامات معدنیه شهیره ساخنه کبریتیه یومها خلق کثیرون». بڕوانە: محمد لوی عباسی، «شرفنامه ـ. تاریخ مفصل کردستان» تالیف امیر شرفخان بدلیسی، چاپ سوم، نشر حدیث، تهران، ١٩٩٤، پەراوێزی لاپەڕە ١٣.

٥- لە دەقی تورکیدا ئەنووسراوە کوڕی کێ، بەڵام بە حیسابی ئەوەی دەڵێ بوو بە هۆی کوژرانی مەردانعەلی بەگی برای خۆی، لام وایە هەمان مووسابەگی کوڕی مۆمن بەگ بێت کە پێشتریش گوتراوە.

٦- یا «عوممان» (؟)

٧- ئەگەر فەرمانەکە لەلایەن سوڵتانەوە دەرچووبێت، واهەیە هەمان سوڵتان ئەحمەدخانی یەکەم بێت. بڕوانە سەرەوەتر (پەروایزی ژمارە ١، سوڵتان ئەحمەدخانی یەکەم)

٨- دەستنوسەکە، لە بیچمی «مردلبر»ی دا نووسیوە و ئاشکرایە دەبێ عیبارەتی فارسی «مرد دلیر» واتە پیاوی ئازا بێت.

٩- در دولت: باب عالی

١٠- شوێنایەتی «چەهرین» ڕوون نییە بەڵام ئاشکرایە دەبێ جیاواز بێت لە گوندی «چاری» یا «چەهریق» لە دەوروبەری سەلماس،کە ناوەندی ڕاپەڕینی سمکۆ بووە. بەگوێرەی کاتالۆگی دەستنووسە تورکییەکانی کتێبخانەی بریتانیا، ل ٧٠ و ٧٢، ئەم شەڕە لە نێوان عوسمانی و ڕووسدا قەوماوە.

١١- دەبێ شارۆچکەیەکی ناوچەکە ونزیک سنووری ڕووس بووبێت.

١٢- ئەمزانی عەسکەری سرکە یا سیرکە کێن؟

١٣- واهەیە هەمان شارۆچکەی بەندەر بێت کە چەند دێڕ پێشتر ناوی هاتووە.

١٤- سالمین و غانمین =سالما غانما

١٥- سوڵتانی ئەستەموڵ یا پاشای یەکێ لە ئەیالەتەکان؟ بە حیسابی ئەوەی شەمعی دەڵێ لەگەڵ قەپلان پاشای حاکمی دیاربەکردا چوونە خزمەت پادشاه، لام وایە دەبێ شەخسی سوڵتان بێت.

١٦- دوور نییە وشەیەکی ڕووسی بێت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت.

١٧- ناوی شوێنێکە

١٨- خشت= نێزەی بچووک

١٩- برمعنک صوی و بادپای آطنی طوب ایله...

٢٠- شەمعی ڕوونی نەکردۆتەوە ئایا قاسم بەگ کوڕی کام یەک لە براکانی مستەفا بەگ بووە و تەنیا گوتوویە برازای بووە.

٢١- در دولت مداره.

**پەروایزەکانی بەشی مێژووی،پاڵوو،**

١-ئێران

٢- «کولک بابا» دەبێ لە سەر سنووری ئێران هەڵکەوتبێ.

٣- شەمعی سەبارەت بەم عومەر ئاغایە هیچ ڕوون ناکاتەوە بەڵام لە دەقی مێژووەکەی وا دەردەکەوێ کە ئاغایەکی بەرهەڵستکاری ئیبراهیم بەگ بووبێت. هەروەها سەبارەت بە ئیبراهیم قەراچوالی و سەیید ئەجاتیش هیچی نەنووسیوە کە دەبێ هاودەستی عومەئاغا بووبن.

٥- یدی قله

٦- ڕێنووسی ئەم ناوەم بۆ ڕوون نەبووەوە بەڵام لە دەقی مێژووەکە دەردەکەوێ کە شەڕی عوسمانی و ڕووس لەو شوێنە قەوماوە و دوور نییە ناوێکی غەیرە تورکی بێت. شوێنەکە لەلایەن «عەسکەری ئیسلام»ەوە فەتح کراوە.

٧- حونجەی ئەم ناوە و شوێنایەتییەکەیم بۆ ڕوون نەبووەوە. بەڵام ئەم شەڕی «لیح»ەش وادەردەکەوێ لەگەڵ سوپای ڕووسدا بووبێت.

٨- هەڵەیەکی نووسین لەم شوێنە ڕوویداوە. نووسەری نوسخەکە لە جیاتی «اوردوی همایونده» نووسیویەتی «اوردوی همانده» کە هەڵەیەکی زەقە و لە دێڕەکانی دواتردا، دوو جار شێوازی ڕاستی وشەکە نووسراوە.

٩- قەڵای «چەهرین» بە دەست ڕووسەوە بووە و شەڕی چەهرینیش لە ڕاستیدا شەڕی ڕووس و عوسمانی یە. زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەم شەڕەش لە بەشی یەکەمی ئەم مێژووە (ئەگیل)دا هاتووە.

# ئاوڕێک وە سەر ژیان و بەرهەمی هونەری

## هونەرمەندی کورد

# «خەلیلی سەددیقی»

مەهاباد: «ع. مازیار»

**□ ماوەی دوو سێساڵێک بوو، هەوڵ دەدرا، ژیاننامەیەک سەبارەت بە شادڕەوان خەلیلی سەددیقی لە «گزینگ»دا بڵاوبکرێتەوە. بۆ ئەو کارە، هانا بۆ زۆر کەسان برا و لە دەرگای زۆر خۆشەویستان درا، کە ئاخر سەر بە یارمەتی و هیمەتی بەڕێز کاک «جەعفەری کەریمی»، ئەو ئاواتە هاتەدی و، نووسەری ڕێزداری مەهابادی کاک «ع. مازیار»، لە سەر داوای ناوبراو ئەو ژیاننامەیەی نووسی و هەر بە ڕێگای ئەویشدا بۆ گزینگ ناردرا.. سپاس بۆ هەردووکیان. (گزینگ)**

خەلیلی سەددیقی هونەروەری دەنگخۆشی کورد، کوڕی «حاجی محەمەد سەددیق»، لە ساڵی ١٣٠٩ (١٩٣٠) لە شاری مەهاباد، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو لە دایک بوو. خەلیلی بچکۆڵە لە کاتێکدا لە خوێندنگەی سەرەتایی لە مەهاباد دەرسی دەخوێند، زۆربەی کات و ساتەکانی وەختی پشوودان و سانەوەی لە گوندی «تازەقەڵا»ی نزیک نەغەدە، کە موڵکی خۆیان بوو، دەگوزەراند. ئەو ساڵە پڕ بیرەوەرییانە، بەهەشتی سەردەمی منداڵی بوون و ڕوحی پاک و هزر وبیری ساکاری ئەویان چەشخواردووی دابونەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردەواری کرد، تا ڕادەیەک کە شوێنێکی تەواویان خستە سەر ژیانی پاشەڕۆژی.

خەلیلی لاو، چۆخ و شەنگ و جوانچاک، هەندێکیشی لە پۆلی ناوەندی خوێند، بەڵام درێژەی پێنەدا. چونکە هەستی بە بێ نیازییەکی گەورە دەکرد و ڕۆژگاری بە مەڕامی دڵ دەدیت. لەگەڵ ئاوالانی هاودڵ و هاوزماندا دوور لە هەموو غەم و پەژارەیەک ڕایدەبوارد. لە ماڵی یەکتر یە لە سەیرانگە و باغەکانی دەوری شار لە گەڵ یەک دادەنیشتن و باسی کۆڕ و کۆبوونەوەیان هەرجارە لە سەر شتێک دەگەڕا؛ هونەر، سیاسەت، شێعر و ئەدەب، گۆرانی، ئەوین و دڵداری.

خەلیل پێی نابوە تەمەنی شازدەساڵییەوە کە بارودۆخی سیاسی وڵات بە تەواوی گۆڕا و کۆمار لە مەهاباد پێکهات. دیارە ئەو تەمەنی لەوە کەمتر بوو کە بتوانێ نەخشی زۆر بەرچاو و گرینگ لە کۆماردا بگێڕێ. بەڵام لە دەستەی لاوانی حیزبی دێمۆکراتدا، ئەندامێکی چالاک و خوێنگەرم بوو. یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی نیزامی و ئابووری بە ڕێگەی «کۆماری ئازەربایجان»ەوە لە گەڵ مەهاباد بەستبوو و داوخوازییەکانی ئەوانی دابین دەکرد.

«باغیرۆف»سەدری هەیئەت ڕەئیسەی وەزیرانی ئازەربایجان، لە باکۆوە ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی نەفسەری لە باکۆ.

کاربەدەستانی کۆماری کوردستان، کەوتنە هەڵبژاردنی ئەو لاوانەی کە خوێندنی سەرەتاییان تەواوکردبێ، تا بۆ درێژەدان بە خوێندن، ڕەوانەی باکۆ بکرێن. لە ڕاستیدا ئەوانە بۆ داواڕۆژی کۆمار زۆر پێویست بوون. بەو چەشنە ٦٠٠ کەس ناونووس کران و بڕیاردرا کە دەستە دەستە بە پێی پرۆگرامێکی چنراو، ڕەوانە بکرێن. لە بانەمەڕی ١٣٢٥ (ئاوریلی ١٩٤٦) هەوەڵین گرووپی خوێندکاران کە بریتی بوون لە ٤٠ کەس، بەرێکرانە تەورێز. لە دوایین ڕۆژەکانی بانەمەڕی هەمان ساڵدا دەستەی دوویەم کە ٢٠ کەس بوون لە تەورێز بە ئاواڵەکانایەن گەیشتن. خەلیلی سەددیقی لەگەڵ ئەم گرووپە ٦٠ کەسییەدا بوو.

لە تەورێزەوە گەیێندرانە باکۆ و لە زانکۆی ئەفسەری «سالیانسکی» کە فەرماندەکەی «مالچانۆڤ» بوو، لە ژێر چاوەدێری سەرهەنگ «حوسێن حاجی ئۆڤ» دەستیان بە خوێندن و ڕاهێنان کرد. بەڵام تەمەنی کورتی کۆمار، ماوەی ئەوەی نەدا کە گرووپی سێیەمیش کە ئامادەکرابوون، بگەنە لای ئاواڵانیان؛ چونکە هێشتا حەوت مانگ بە سەر خوێندنی واندا تێنەپەڕیبوو کە پاتەختی کۆمار لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە گیرا خوێندکاران ناچار بوون بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. خەلیل لەگەڵ ئەو تاقمە بوو کە لە تخووبی جولفاوە گەڕانەوە ئێران.

دیارە بارودۆخ و دەستڕۆیشتوویی بنەماڵەی خەلیل، توانیان ئەو لە مەترسی گیران و دوورخستنەوە بپارێزن، تا بە چەشنێکی ئاسایی درێژە بە ژیان بدات. بەڵام هەر وەک زۆربەی ئاواڵانی، هەمـــــوو دەم لە ژێرچاوەدێری پۆلیس و دەزگا جاسووسییەکانی ئێران دابوو.

سەردەمی پاش گەڕانەوەی لە باکۆ، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند کە دیسان لەگـــەڵ ئاواڵان لە دەوری یەک ڕابوێرن و لە ئاوات و بیـــر وباوەڕ و ئەزموونەکانیان بدوێن. هەنێک لە ئاواڵانی ئەو سەدەمی خەلیل بریتی بوون لە «ڕەحمانی قازی»، «فەتاحی کاویان»، «هاشمی نانەوازادەگان» «عەزیزی نانەوازادەگان(ژیان)»، «سولەیمانی موعینی»، «جەلیلی گادانی»، «هاشمی فیدایی» و «محەمەدی ماملێ»

خەلیل کە خولیای ژیانی ساکاری لادێ و دابونەریتی ڕەسەنی کوردەواری



شادرەوان خەلیلی سەددیقی (۱۹۳۰- ۱۹۷۰)

بوو، بەشێکی زۆری ئەو ساڵانەی لە «تازەقەڵا» شوێنی بیرەوەرییەکانی منداڵی گوزەراند. ژیانی لادێی پتر بە ڕاو تێپەڕ دەبوو. تاژیی ڕەسەن و چێی هەبوون و گەلێکی خۆش دەویستن. ڕێزی لێدەنان و دەست وپێی دە خەنە دەدان. لەگەڵ دەستە برا و ئاوالانی سوارچاک، کوێستان و شیو و لادۆڵی دەپێوا و تەماڵی دەدۆزییەوە و شینکی مات ومەلوولی هەڵدەستاند. لە کاری ڕاوەتاژیدا کە بەشێک لە کەلەپووری نەتەوایەتیمانە و ئێستا بەهۆی گۆڕانی باری ژیانی کۆمەڵگاکەمان سەربەرەژێر دەڕوا، پسپۆڕ و لێهاتوو بوو. سەرمەست لە بادەی جەوانی، لێی سواری ئەسپی خۆشبەز و بەکار دەبوو، ڕستەی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگی لە قۆڵ دەکرد وتاجیی «شێن خەزاڵ»ی وەدوای خۆی دەدا. بە ڕەعیەت وبابنۆکەرەوە لە شوێنێکی کەروێشکگر، سەری ڕاوی دەگرت. بەهاری تەمەن و سروشتی جوان و ڕازاوەی کوردستان و مرخ و چەشەی هونەری و جوانپەرەستیی خەلیل، زۆرجار دەستیان دەدایەیەک و دەیانخستە سەر دۆخێکی تایبەت، بە چەشنێک کە وەکی کانیاوێکی ڕوون لە دڵە گەرمو گوڕ و تژی لە ئەوینەکەیەوە، هەڵبەستە پڕ سۆز و ناگراوییەکانی «وەفایی» بە دەنگێکی ساف و زوڵاڵ تێهەڵکاتێ و چیا و دۆڵ بلەرزێنێ و ئەشکەوت دەنگ بداتەوە. هەروەکوو زۆربەی ئاوالانی، یەویش هۆگری وەفایی بوو و پاشان لە بیروباوەڕە سیاسییەکانیدا، دەرگای ئاشنایەتی لەگەڵ شێعری «گۆران» و «هەردی» و شاعیرانی ئەودیوی بەڕوودا کرایەوە.

لە هەندێک دانیشتنەکانی ماڵی ئاوالاندا زۆرجار دەنگی لە سەر شریت تۆمار دەکرا و دەستەیەک لەم بەستە و گۆرانیانە ئێستا لەلایەن دۆستان و نزیکانییەوە هەڵگیراون و بەداخەوە هێشتا بڵاونەکراونەوە. لە شریتە بڵاوکراوەکانیدا «ئەژدەهاک» نموونەیەکی بەرچاوە کە بیر و باوەڕ و ڕادەی ئاشنایەتی وۆ لە مەهابادی ئەو سەردەمدا لەگەڵ شاعیرانی ئەودیو پێشان دەدا. هەروەها لە شایی و زەماوەندی دۆست و خزم و کەسە نزیکەکانیشیدا، گۆرانییەکانی گەرمی و شادییەکی تایبەتیان بە کوڕەکە دەبەخشی.

هەر لەم ساڵانەدا، گیرودەبوون بە ئەوینی کچەکوردێکی ڕووسوور و چەلەنگ، بە ناوی «فاتم» بوو بە هۆی لە دایکبوونی ئاوازێکی ئەمر لە سەر شێعری «ئەحمەد هەردی» بە ناوی (چەپکە گوڵێک بۆ سیت فاتمە)، بە چەشنێک کە ناوی خەلیلی سەددیقی، گۆرانی فاتمە وەبیردێنێتەوە و بە بیستنی شێعری فاتمە، ناوی خەلیلی سەددیقی لە بیر وزەینی بیسەردا دەزرینگێتەوە . شێعری فاتمە و دەنگی خەلیل بوونە دوو ڕوح لە جەستەیەکدا و بە بێ یەکتر ناتەواو دەنوێنن. بە لێکدانەوەی زۆربەی خەڵک، گۆرانی فاتمە، سەرتۆپ و تاقانەی گۆرانییەکانیەتی، کە هێزێکی نهێنی و شاراوەی تێدایە و کار لە دڵ و هەناوی هەر بیسەرێک دەکا. ڕەنگە ڕەمزی ئەم کارتێکردنە و ئەم هێخە نهێنییە لە «ئەوین»ەوە بێ. ئەوینی پاک وبێگەردی دوو لاوی ئەویندار، کە هەم لەلایەن خەلیلی تاسەر کام لە ژیان نەبردوو تا دوا هەناسەی ژیان و، هەم لەلایەن فاتمی تێر لەگەڵ هاوسەر ڕانەبردوو تا ئێستا کە پیر و بەساڵاچوویە، هەر بە وەفاداری مایەوە. ژیانی هاوبەشی خەلیل و فاتم لە ساڵی ۱۳۳۱ (۱۹٦۲) دەستی پێکرد و حەڤدە ساڵی پتر نەخایاند.

لە ساڵی ۱۳۳۲ (۱۹۵۳) بۆ جاری دوویەم ئیزگەیەکی ڕادیۆ لە مەهاباد دامەزرا.۱ کە تا ساڵی ۱۹٦۳۹۱۳٤۲) بەردەوام بوو. ئەم ڕادیۆیە تەنیا دەنگی لە شاری مەهابادا و ئاواییەکانی دەوروبەری دەبیسرا. دەستەیەک لە هونەرمەندانی کورد، وەک «سەید ڕەحیمی قورەیشی»، «برایمی ئەفخەمی» و «بیۆکی خانباغی» کااروباری ئەم ڕادیۆیەان هەڵدەسوڕاند و بەرنامەکانایان ڕێکوپێک دەکرد. بەرنامەکانایا ئەو ڕادیۆیە زۆرتر شەوچەرەیەکی کوردەواری بوو بۆ شارە بچووک وبرینداەکەی مەهابادی ئەو سەردەم. خەلیلی سەددیقی، چەند گۆرانییەکی بە ئۆرکێسترێکی ساکار، لە سەر ئەم ڕادیۆیە پێشکەش کرد، وەک: «خۆشە گەرمێن»، «دەمێک ساقی»، «شیرەکەم لێ دەڕژێ» و «لانکۆڵێ» کە شریتی ئەم گۆرانیانە ئێستا ماوە و بڵاوکراوەتەوە.

ماوەی دوو ساڵ سەربازیی خەلیل لە شاری سنە، لە ساڵەکانی ۱۳۳۳ و ۳٤ (۱۹۵٤ و ۱۹۵۵) دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئۆرکێستری ڕادیۆ کوردی سنە۲ کە لە هەمان ساڵدا دامەزرابوو، هاوکاری بکا و دەرگای ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی لێهاتووی ئەو مەڵبەندە، وەک: «بەهائەدین ئەورۆزی»، «عوبەید خالقی»، «حیکمەت ئەوبەری»، «محەمەد لوتفی»، «ئەوسەت ئیبراهیمی ڕەنگرێژ» و «برایمی زیباپۆش» و پاشان لە ساڵەکانی دواتردا لەگەڵ هونەرمەندی گەورە «مەزهەری خالقی» بە ڕودا بکرێتەوە.

شاری سنە سەبارەت بەوە کە لە چەند سەدە لەمەوبەر هەمیشە ناوەندی حکوومەت و پێتەختی میرانی ئەردەڵان بووە۳ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان، شارستانییەتێکی پێشکەوتووی تێدایە و لە کۆنەوە بووەتە مەکۆی هونەرمەندان و شاعیران و وێژەوانانی کورد. هەر بەم بۆنەشەوە بووە کە هەمیشە سێرەی تیری ئەتەوی لە سەر بووە و پیلانی کورتخایەن و درێژخایەنیان بۆ داڕشتووە. هونەری مۆسیقا لە شاری سنە، هەر لە کۆنەوە گرینگی وبایەخی پێدراوە و لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم هونەرەدا پسپۆڕ و مامۆستای چازان و لێزانی لێ هەڵکەوتووە.

هەوڵ گۆرانی تۆمارکراوی خەلیلی سەددیقی لە ڕادیۆ سنە، «بووک مەریەم» بووە کە پاش «فاتمە» لە گۆرانییە هەرە سەرکەوتووەکانیەتی. «بەرهەڵبێنە» و «لانکۆڵێ»و «فاتمە»ش هەر لە سنە بە ئۆرکێستری ڕادیۆ



خەلیلی سەددیقی لە تەمەنی ١٦-١٧ سالّیدا(١٩٤٦)



خەلیلی سەددیقی لە نێوان سالآنی ٥٣-١٩٥٤دا

کە تیپێکی مۆسیقای ئەرتەشی بووە تۆمار کراوە. لەناو ئەواندا، هونەرمەندان «گریشا»، «بەهمەن» و برایانی «بروخیم» دەستێکی بالآیان هەبووە لە ڕێکخستن و ڕێکوپێککردنی گۆرانییەکاندا و گەشەی تەواویان داوە بەو گۆرانی و ئاهەنگانەی کە لەم ناوەندەدا تۆمار کراون. بێشک لە ئاهەنگی گۆرانییەکانی خەلیلی سەددیقیدا دەبێ دەستی کاریگەرینا بووبێ.

ئەو گۆرانیانەی کە لە سنە تۆمارکران، ناوبانگی خەلیلیان گەیاندە دەرەوەی موکریان. لە گۆرانییە مەجلیسییەکانیدا کە لە سەر شریت تۆمار کراون و ئێستا هەن، «ئەژدەهاک»، «قەتار»، «دەمەگری مەگری»، «ئەو چاوانەی وا خوماری نازن» و «ئایشیلێ نازەنینێ» و هەندێک مەقام و بەستەی فۆلکلۆریتر ماون و هەندێکیشیان لەلایەن کەسانێکەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و لە ڕووی بیرتەسکییەوە وا بیردەکەنەوە کە ئەگەر بلآوبکرێنەوە لە قەدر و باییان کەم دەبێتەوە و، لەوانەیە هەندێکیش تۆمار نەکرابن، یان تۆمار کرابن وفەوتابن.


لە نیوەی دوویەمی سالەکانی ٣٠(نیوەی دوویەمی پەنجاکان)دا خەلیل دیسان چالاکییە نهێنییەکانی لە حیزبی دێمۆکراتدا دەست پێدەکاتەوە. لەم ماوەیەدا وەک ئەرکێکی حیزبی، چەندجار پێوەندی بە حیزبی تودەی ئێرانیشەوە دەگرێ. لە ١٣٣٩ (١٩٦٠) ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات دەکەونە بەر پەلاماری دەزگا جاسووسییەکانی ئێران و زۆر کەس دەگیرێن. خەلیل ڕادەکاتە کوردستان ئەودیوی بەشی بندەستی عێراق و تا سالّی ١٣٤٢(١٩٦٣) لەوێ دەمێنێتەوە و، لەم ماوەیەدا «مەلا مستەفای بارزانی» ئاگاداری لێدەکا و دەیخاتە ژێر چاوەدێری خۆی. ماونەوەی سێ سالەی کوردستانی ئەودیو دەرفەتێی باش پێکدێنێ بۆ ئاشنایەتی لەگەلّ هونەرمەندانی مەزن و بەناوبانگ وەک: «تاهیر تۆفیق».

سەرەڕای ئەوەیکە بنەمالەی خەلیلی سەددیقی وەکوو زۆربەی بنەمالەکانی ئەو سەردەمی شاری مەهاباد بە توندی پابەندی دابونەریت یاسا کۆمەلآیەتییەکان بوون، بەلآم هیچ لەمپەر یا بەرهەلستێکیان لە ئاست کارە هونەرییەکانی خەلیلدا بەدی نەدێنا و، ئەو لەو ڕوانگەیەوە بە سەربەستی کاری خۆی دەکرد. لە تاران ئاموشۆی کەسایەتییە هونەرییەکانی «فارس»ی دەکرد و تەنانەت جارێک لە کابارەیەکی تاران لەگەلّ «دلکەش» ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگی فارس، دەچێتە سەر سێن(شانۆ) و گۆرانی دەلێ و، گۆرانی «ئایشیلێ نازەنینێ»ی هەر لە سەر هەوای «سحر کە از کوە بلند جام جام طلا سر میزنە»ی دلکەش گوتووەتەوە.

هەلبەت دۆستایەتی و ڕابواردنی زۆر نزیک لەگەلّ «حاجی هاشمی ئانەوازادەگان» ڕێگەی ئەوە دەدا کە بلێین ، وێدەچێ حاجی هاشم لە ڕێکوپێککردن و دانانی هەندێک ئاواز و گۆرانی خەلیلدا دەستی بووبێ. هەروەها دەگێڕنەوە کە خەلیل لە تاران پێوەندی بە ئوستا «بەنان» مامۆستای بەرزی مۆسیقای ئێرانیشەوە گرتووە وسەبارەت بە مەقاماتی کوردی و فارسی باس و لێدوانیان بووە.

خەلیل، پاش گەڕانەوەی لە کوردستانی ئەو دیو، تەنیا شەش سالّ ژیا. سالەکانی دوایی تەمەنی ئەو ڕێکەوت بوو لەگەلّ خەفەت و پەژارە و پاشانیش نەخۆشی. ئەو بە هۆی دەولەمەندی و هەست بەبێ نیازیکردن، ڕووی کردبوە سەرخۆشیی وڕابواردن. هەر لەو سەروبەندەشدا «ساواک» کە ئاگاداری چالاکی و بیر وباوەڕە سیاسییەکانی بوو، هۆیەکی بەهێزبوو بۆ هاندان و کێشانی پتری خەلیل بۆ ئەم سەرخۆشیی و بێ خەبەرییە. تاکوو وایلێهات ببوە جێگەی داخ وحەسرەتی خەلکی مەهاباد.

ژیانی خەلیلی سەددیقی بە ئەنجامێکی خەماوی و چارەنووسێکی چاوەڕواننەکراو، لە تەمەنی ٣٩ سالّیدا لە ٤ی ڕێبەندانی ١٣٤٨(٢٤ ژانویە ١٩٧٠)، لە نەخۆشخانەی «شێروخورشید»ی مەهاباد دوایی هات و دلە پڕ لە ئەوینەکەی لە کوتان کەوت. بنەمالەی سەددیقی، لە باب و باپیرانەوە دەستی ئیرادەتیان دابووە «شێخی بورهان» و زۆر کەسیان لە گۆڕستانی گوندی «خانەقا» نزیک گلکۆی عارفی گەورەی کورد «شێخ




١) خەلیلی سەددیقی ٢) حاجی هاشم نانەوازادەگان ٣) عەزیزی کوردپوور ٤) عوبەیدوڵڵا ئەییوبیان ٥) سالحی مەستانی ٦) عەلی مرادی ٧) حوسێنی سالحیان ٨) ئەحمەدی نالبەندی ٩) محەمەدی کەرباسی ١٠) عەلی خادیمی ١١) فەتاح چاوشێت ١٢) حوسێن میرەیی ١٣) مستەفا موئمینی ١٤) ڕەحمانی حەسەن زادە

یۆسف شەمسەددینی بورهانی» نێژراون. خەلیلیش وەک ئاواتێک پێی خۆش بووە هەر لەوێ بنێژرێ، بەڵام دۆستان و ئاواڵانی خەلیل تەرمی ئەویان لە گۆڕستانی «بوداغ سوڵتان»ی مەهاباد نزیک گڵکۆی «سولەیمانی موعینی» کە ساڵێک بەر لە خەلیل شەهید کرابوو و هەروەها لە ئاواڵانی نزیکی ئەویش بوو، بە خاکی نیشتمان ئەسپارد.

**پەراوێزەکان:**

١) ئیزگەی ڕادیۆ مەهاباد، یەکەم جار لە ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٣٠ ئاوریلی ١٩٤٦) لە لایەن کۆمارەی مەهابادەوە دامەزرا. لە ساڵی ١٣٢٦(١٩٤٧) بە گیرانی مەهاباد و ڕووخانی کۆمار، ئەو ڕادیۆیەش بەسترا. بۆ جاری دوویەم لە ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) بە ماوەی دەساڵ لەلایەن لەشکری دەوڵەتییەوە ئیزگەیەکی کەمهێز دانرایەوە و دەورێکی باشی بینی. بۆ جاری سێیەم لە ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢) ئیزگەی تازەی ڕادیۆ مەهاباد کرایەوە و سەعاتی بەرنامەکان و هێزی ڕادیۆکە لە جارەکانی پێشوو پتر بوو و تائێستا بەردەوامە.

٢) مێژووی دامەزراندنی ئیزگەی ڕادیۆ لە شاری سنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٠ (١٩٥١)، بە دانانی ئیزگەیەکی کەمهێز لەلایەن سوپای عەسکەری شاری سنەوە.

ئەم ئیزگەیە حەوتووی جارێک لە ڕۆژانی شەمۆدا، لە سەعات ٧ی ئێوارە تا ٨، بە ماوەی سەعاتێک دەنگوباسی سەربازی و گۆرانی کوردی بڵاو دەکردەوە. ساڵی ١٣٣٣(١٩٥٤) دەزگایەکی بەهێزتر دامەزرا و بە ناوی «ڕادیۆ سنە»وە دەستی بەکارکرد و ماوەی پرۆگرامەکانی گەیاندە ٥ سەعات (٣ی پاش نیوەڕۆ تا ٨ ی شەو). لە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦٠) ئیزگەکە بەهێزتر کرا و شوێنەکەی گوێزرایەوە بۆ شوێنێکی باشتر و ماوەی بەرنامەکانی بوو بە ٢٤ سەعاتە.

٣) شاری سنە لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچی(١٦٣٦ز) لەلایەن «سلێمان خانی ئەردەڵان» بە ناوەندی حکوومەتی هەڵبژێردرا. لەو دەمەوە بە ماوەی پتر لە ٣٥٠ ساڵ، هەمیشە مەکۆی حکوومەت و شارستانیەت بووە لە کوردستاندا. هەڵبەت حاکمانی ئەردەڵان بەر لەم مێژووەش هەر حاکم وفەرمانڕەوای کوردستان بوون و مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی.

**تێبینی نووسەر:**

خاڵۆ! ئەم چەند لاپەڕەیە سەرجەمی کارێکە کە لەم ماوەیەدا توانیومە لەمەڕ خەلیلی سەددیقی، بۆ جەنابتی ئەنجام بدەم. کەڵکم لە زۆر کەسان وەرگرت و، زۆر سەرچاوەشم پشکنی. ناڵێم کارێکی پوخت و تەواو و بێ هەڵەیە. بێشک لەنگولۆری تێکەوتووە، بەڵام هەوڵێکە بە پێی توانا. دەبێ ئەوەش بڵێم گەلێک شت لەو وتارەدا باس کراوە کە کاک «بەهمەنی سەددیقی» و بێشک کاک «خوسرەو»یش ئاگایان لێی نییە و، دەبێ بڵێم زانیارییەکانی ئەوان لەمەڕ بابیانەوە زۆر کەم بوو. وێنەی ژمارە ٤، زۆر گرینگ و مێژوویی یە و بەداخەوە زیراکسە. بۆ ئەوەی هەموو کەسەکان بە دروستی بناسێندرێن کلیشەی خوارەوەی [وێنەکە] ڕێنوێنە. ■

### یادێک لە هونەرمەندی کورد:

# «جەماڵی موفتی»

**پۆلا ئانەوازادەگان**

دڵۆپێک فرمێسک بە سەر گۆنای پیاوانەیدا خزی و کەوتە سەر سمێڵە ڕەشەکانی. ئاخێک حەنجەرەی بزاوت و تێیهەڵکرد:

نەژدەهاک! زیندانت قـەڵا قـەڵایە
دیواری کـۆنکرێت دەرگـای پۆڵایە[1]

حەفتەیەک پێش ئەوەی جەماڵ شەهید بێ، جەنگەی گەرمای نیوەڕۆی هاوینێکی گەرم، مانگی پووشپەڕ، لە باغی میراوای قەراخ بۆکان لە ژێر سێبەری دارێک دانیشتبووین و باسی خۆشەویستترین ڕەفیقی لە دەستچوومان **«سولەیمانی بلوری»**یان دەکرد و بۆی دەگریان. چوار پێنج مانگ بوو لێک هەڵبڕابووین و یەکترمان نەدیبوو. پشتێندە ژۆرژێتە قاوەییەکەی سولەیمانی لە پشت دابوو، جار جار لکێکی پشتێندەکەی دەردێنا و فرمێسکەکانی پێ دەسڕیەوە.

پاش ئەژدەهاکی مامۆستا گۆران دیسان تێی هەڵکردەوە. (وەی لە زاڵم نەمێنی... بەڵام کوڵی گریان نەیهێشت تەواوی بکا و ئەوجار بوخچەی دڵی پڕ لە خەمی بۆ کردمەوە و بۆی هەڵڕشتم و دەستی پێکرد:

«خـۆم بۆ سـاغ نەدەبۆوە، بڕۆم وەدوای دەرس و هونەر کـەوم یان چەک هەڵگرم و ببمە پێشمەرگە. بەڵام ئاخری بڕیارم دا، بڕۆم و ڕێگای یەکەم هەڵبژێرم باشترە.

هەرچی هەمبوو لە شریت و ئاڵبۆم و کتێب و شێعرو ئاهەنگی تازە کە ماوەیەکی زۆر کارم لە سەر کردبوون لە توێی دوو جانتام ئاخنی و چووم بۆ تاران. پاسپۆرتم هەبوو، ڤیزای سوێدم وەرگرت و بلیتی تەیارەم کڕی و قەرار بوو بۆ سبەینەکەی هەڵفڕم و بڕۆم. بەڵام بەداخەوە هەر ئەو ڕۆژە هەواڵی هێرش بۆ سەر کوردستانم بیست و دڵم بەرایی نەدا. قەڵەمی دەست و پێم شکا، هەرچی کردم نەمتوانی خۆم قانع بکەم کە خەڵکەکەم بەجێبێڵم و بڕۆم. ئاخر من کوڕی ئەو خەڵکەم و بۆ ئەو خەڵکە دەژیم و بۆ ئەو خەڵکە گۆرانی دەڵێم. هونەری چی ئەگەر لە نێو خەڵک و خاک و نیشتمانی خۆمدا نەبم؟ بۆیە جانتا و مانتام بەجێهێشت و هەر بۆ سبەینێڕا بە لای ورمێ دا خۆم گەیاندەوە سێڕێیانی نەغەدە و بەلای خانەگێ و ئیندرقاش و ئەوەدا هاتمەوە نێو پێشمەرگەکان و چەکم هەڵگرت و بوومە پێشمەرگە...


... بەڵام، لە ناو کۆمەڵەدا چەند کەسێک هەن زۆرم عەزیەت دەکەن. من لام وایە هەر کەس دەبێ کاری خۆی بدەنێ. ماوەیەک لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی بۆکانەوە کلاسی سروود و گۆرانی و هونەرم بۆ منداڵان دانابوو و دەرسم دەگوت. ئەوەش کارە، ئەوەش خزمەتە، خۆ شەرت نییە هەمووکەس چەک هەڵگرێ. هەرکەس دەبێ کاری خۆی پێ بسپێرن. سولەیمان فەوقی دیپلۆمی ئازمایشگاهی هەبوو. بۆ خۆی نیوچە دوکتورێک بوو، بۆ دەبێ چەکی بدەنێ و بینێرنە شەڕ؟ بۆ دەبێ لە نەخۆشخانەیەک داینەنێن و کاری ئازمایشگاهی پێنەکەن؟ بە شەڕەف ئەمن ناترسێم و ئەوەش سابیت دەکەم بەڵام ناهێڵن... ئێستا ئەوە دەسەریان کردووم بچمەوە ناوچە، جانازانم چم لێدەکەن و بۆ کوێم بەڕێ دەکەن...».

ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ، هەتا ئەو کاتەی ڕەشایی بەری ئاسمانی گرت و ئەستێرە دەرەوشینەوە لەو باغە دانیشتین و پاشان وردەوردە بەرو شار بووینەوە. ئەمن دەبوایە بۆ سبەینەکەی بگەڕێمەوە ناوچەی سەردەشت. جەماڵم بە جێهێشت. جەماڵ بە دڵێکی پڕ، دڵێکی پڕ لە خەم ڕۆیشت و بەداخەوە ئەوە ئاخرین دیدارمان بوو.

حەفتەیەک پاش ئەو ڕۆژە رادیۆ کۆمەڵە خەبەری دا کە هونەرمەندی شۆڕشگێڕ جەماڵی موفتی لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە شاری مەهاباد شەهید کراوە و پێشمەرگەکان نەیانهێشتووە تەرمەکەی وەدەست دوژمن بکەوێ و لە بۆکان لە ناو خەم و پەژارەی خەڵکدا بە خاک ئەسپاردراوە.

**«جەماڵی موفتی»**، مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧ز)ی هەتاوی لە گەڕەکی قوڵەقەبرانی شارە خونچیلانەکەی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و ناسراوی موفتی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی جەماڵ، میرزا حوسێنی موفتی دۆستی نیزیکی محەمەدی ماملێ هونەرمەندی دەنگخۆشی کورد بوو. جەماڵ هەر لە سەر پشتی لانکەوە بە چریکەی قەتار و لاوک و حەیران و گوڵێ و ئازیزە و پاییزە فرچکی گرت و هەر زۆر بە منداڵی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد. میرزا حوسێنی باوکی زۆرجار بە شۆخی جنێوی بە کاک محەمەدی دەدا و دەیگوت: دە وەپێشی کەوە و فێرە گۆرانی بکە، جەماڵ دەنگی خۆشە و حەیفە فێر نەبێ. کاک محەمەدی ڕوحسووک و خۆ بەزلنەزانیش بە ئیشتیا لەگەڵ جەماڵ دادەنیشت و گۆرانی لەگەڵ دەگوت و فێری دەکرد. زەوق و عەلاقە و زیرەکی، لە فێربوونی شێعری جوان و ناسک، تێکەڵاو بە دەنگی خۆش و بەسۆز، زۆر زوو جەماڵی لاوی کردە خۆشەویستی خزم و دۆست و ناسیاو و هاوکلاسی و هاوگەڕەک و هاوشارییەکانی. جەماڵ لە تەمەنی یازدەساڵیدا لەگەڵ ئۆرکێستێری موسیقا دەستی بە گۆرانی گوتن کرد و بۆ یەکەمجار لەگەڵ هونەرمەند «عەبدوڵڵا موفتی زادە»ی ئامۆزای خۆی و هونەرمەندێکی فارس بە زەرب و ئاکاردۆن هاتە سەرشانۆ و وردەوردە لە خانەی جەوانان (یانەی لاوان) و (فەرهەنگ و هونەر) و (رادیۆ تەلەڤیزیۆن)ی مەهاباد بە چەند پرۆگرامێک خەڵک زیاتریان ناسی و زۆرتریان خۆش ویست و خۆی لە ناو دڵی خەڵکدا جێ کردەوە. مامۆستا هێمن لە وتووێژێکدا کە شریتەکەی هەیە گوتوویە: «جەماڵ کوڕێکی زۆر دەنگخۆشە و شێعرەکانی منی زۆر چاک گوتووەتەوە و هۆمێدی دوارۆژی گەلەکەمانە».

جەماڵ لە سەرەتادا بۆ ماوەیەک ئاهەنگی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی وەکوو: «تاهیر تۆفیق»، «عەلی مەردان»، «ساڵح دیلان»، «مشکۆ»، «خەلیلی سەددیقی» و «محەمەدی ماملێ»ی دەگوتەوە. بەڵام حەولی دەدا شێعری تازەی شاعیرە گەورەکانی کوردیان لە سەر دابنێ و شێوازی خۆیان بۆ بدۆزێتەوە و تاڕادەیەکی زۆریش لەوکارەدا سەرکەوت و چەندین گۆرانی و مەقامی تازەی بۆ خۆی دانا کە یەکیان ئەو چوارینەی خەیامە کە هەژار



هونەرمەندی شەهید «جەماڵی موفتی»

موکریانی کردوویەتە کوردی:

ڕابوێرە بە سەربەرزی بە نان و ئاوێک
سەردامەنەوێنە بۆ هەموو ناپیاوێک
ئەم ژینە کە هەر دەمێکە دێت و دەڕوا
مەردایەتی مەفرۆشە لە پێناو تاوێک[٢]

ئەو خەڵکەی جەماڵ گۆرانی بۆ دەگوتن کورد بوون وزوڵم لێکراو، کورد بوون و دابەشکراو، کورد بوون و ماف پێشێلکراو. بۆیە زۆربەی شێعری ئەوگۆرانییانەی جەماڵ دەیگوت ڕەنگدانەوەی ئەو زوڵم و زۆری و بێبەشی و دابەشکراوییە بوون:

من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامان ڕشتوە بناخەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیو دەستێنن لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟[٣]

جەماڵی جەوان و هونەرمەند بە دوای ئاڵای ئازادیدا هەڵوەدا بوو، هێشتا ڕژێمی شا نەڕووخابوو کە خۆی گەیاندە پێشمەرگەی چیا و لە جێژنی دامەزرانی یەکیێتی نیشتمانی کوردستاندا شان بە شانی ناسری ڕەزازی و کەریمی بلوری (هونەرمەندی دەنگخۆش و ڕەفیق و هاوڕێ و هاوتەمەنی ئێمە، کە لە زیندانی ئەژدەهاکی زەماندا تیرەباران کرا و شەهید بوو) دەیان سروودی شۆڕشگێڕانەیان دە کێوە سەربەرزەکانی کوردستان هەڵکرد و شاخ و چیا و بەندەن دەنگی دەدایەوە...

جەماڵ ئاڵای ئازادی هەڵگرت و بە خوێنی گەشی خۆی سروودی سووری کوردستانی خوێندەوە. جەماڵ کووچەی مزگەوتی سووری شاری مەهابادی سوورهەڵگێڕا و هاتە ناو کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان. جەماڵ لە ناو دڵی هەمووماندا ماوە و قەت نامرێ. یادی بەخێر و ئاواتی وەدی بێ.

**تێبینی:**

بەشێک لەو وتارە، لە یادکردنەوەی شەهید جەماڵی موفتی کە لە «میدیا تێ ڤێ» و لە بەرنامەی «شانشین» بە سەرپەرستی کاک بارزان شاسوار، لە شەوی ١٣ مانگی نوامبری ١٩٩٩دا بەڕێوەچوو، خوێندرایەوە. لەم بەرنامەیەدا کاک جەعفەری موفتی (دانیشتووی کانادا) برای شەهید جەماڵ، کاک حوسێن ڕەهبەر و کاک نەجمەدینی غولامی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشدارییان کرد. بەشداربووانی دیکەی ئەو بەرنامەیە بریتی بوون لە: کاک پۆلا نانەوازادەگان(وتار)، کاک فەرهاد سەرهەنگی(بیرەوەری)، کاک سەعیدی سەرهەنگی(بیرەوەری)، کاک ڕەشید فەیزی نەژاد(بیرەوەری)، کاک مستەفا دادار(بیرەوەری)، کاک ناسری حیسامی(بیرەوەری)، خانمی موفتی و کاک نادری موفتی (خوشک و برای شەهید جەماڵ دانیشتووانی کانادا ـ بیرەوەری و گۆرانی).

....

**پەراوێزەکان:**

١) درێژەی پارچە هۆنراوەکەی مامۆستا گۆران بەم جۆرەیە:

ئەژدەهاک! کونبڕە سەختە زیندانت
ناڕووشێ بە بڕەن بەندی گرانت
هێزی لەش مرێنە کۆت و زنجیرت
کاری یە لە دەمار ناپاکیی بیرت
دڵ ڕەقیت هەرتاوە چەشنە سزایە
بۆ بەندی خاوەن هۆش ئەخاتە کایە
هێند چەشن سەربڕ و زیندانەوانت
سەرخۆشن بە خوێنی بەندییەکانت
ئەژدەهاک! ئەی دێوی لە «بیر» زراوچوو
ئەی ئاشنای مارانت بە مێشک کردوو
ئەو مێشک تارانەی زنجیرت کردوون
لە لێوی پێچاڵی مەرگ ڕاتکرتوون
چاوەڕێی فەرمانن بە ڕێی ئەهاتا
ببڕێنە بەر ئەناف لە نۆرە و کاتا
مێشکیان ئامانجیان هیوا و تاسەیان
لە پەتا بتاسێت وەک هەناسەیان
ئەمانە گشت ئەڕۆن ئەیانڕەوێنی
هیچ ئەبێ لە بەندا ئەیانڕژێنی
بەڵام تۆ ئەژدەهاک لە هەڵپەی خۆراک
ناتوانی بکەوی بۆ ماری ناپاک
هەر ئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لە گەردن
مێشک دەرخوارد ئەدەی بە ماری ئەوسن
تا ڕۆژێک ئەو خوێنەی بە ناهەق ڕشتت
ئەو بیرەی واتزانی ئێجگاری کوشتت
تاو ئەدەن تەنووری دەماری کاوە
ئەو چەکوش وەشێنەی ڕۆڵە کوژراوە
ئەخرۆشێ و ئەجۆشێ کۆمەڵ یەک ئەخا
هەر هەڵسا و ئەبینی زیندانت ڕووخا
ئەو حەلە هەر لاوێ لە زیندانت مرد
ئەبێتە مایەی بەخ بۆ نەتەوەی کورد
لە بنکەی پەیکەریا ئەنووسرێ ناوی
لەگەڵ گشت کردەوەی پەسند کراوی

٢) چوارینەکانی خەیام، وەرگێڕاوی هەژار، سروش، تهران ١٣٦٩، ل١٢.

٣) بڕگەیەک لە هۆنراوەی «ئارەق و تین»ی مامۆستا هێمن. تاریک و ڕوون، گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی هێمن، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد.

# ژیان و بەسەرهاتی دوکتور سەعیدخانی کوردستانی

# و

# ناساندنی کتێبی «نزانی مزگانی»

ئەحمەد شەریفی

دوکتور محەمەد سەعیدخانی کوردستانی کوڕی مەلا ڕەسوو (ڕەسووڵ) لە ٢٦ی مانگی ربیع الاولی ساڵی ١٢٧٩ی کۆچی مانگی ١٢٤٢/ی هەتاوی (١٨٦٣ز) لە گەڕەکی دەباغانی شاری سنەی جوان ودڵڕفێن، لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەسکورتی ئایینیدا هاتۆتە فێ جیهانێ.

مەلا ڕەسووی تاتەی حەمەسەعید، بۆ دابینکردنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە و تێر و تەسەلکردنی زگی زارۆیانی، جگە لە مەلایەتی و پێشنوێژیی مزگەوتی تاخییان، دەستی دەدایە دوعا و نوشتوو نووسین و پزیشکایەتی ڕەسەنی کوردەواری و، نەخۆشینی بەگیا وگۆڵ و دوعایان چارۆ دەکرد.

مەلا ڕەسوو و «مەهنیسا»ی خێزانی، هەتا کاتی لەدایکبوونی حەمەسەعید، ٨ منداڵی تریان ببوو. بەڵام قەزای بێ ڕەزا وابوو کە منداڵ یەک لە دوای یەک بمرن و تەنێ کوڕێکیان بە ناوی حەمە جەلال کە هێندێ لە حەمەسەعید گەورەتر و باوخۆشتر بوو، بۆ مایەوە.

حەمەسەعید دەورانی بوچکانەی دەگەڵ هاوالانی ڕەش و ڕووتی دەباغان تێپەڕدەکا. هەرکە هەڕەتی دەرس و وانەخوێندنی دەگا لە لای باوکی دەسدەکا بە خوێندنی وانەگەلی ئایینی و ئیسلامی بە عەرەبی و فارسی. هێندێک ڕا، بۆ هێندێ وانە و دەرسانیش دەچێتە مزگەوتی گەورەی سنە «دارولئیحسان» و بە شاگردێکی ژیری لێهاتووی وشیار و لە ناو مەلایاندا نێوبانگ دەردەکا.

هێشتا فەقێ سەعید، مێرمناڵێکی ١٣ ساڵان دەبێ کە لە ڕۆژی ٢١ی مانگی ڕەمەزانی ١٢٩٣ی کۆچیدا، مەلا ڕەسووی باوکی وەگیانەڵلا دەکەوێ و دڵی پڕ تاسەی لە کوتان دەکەوێ و دوو زارۆی مێرمناڵ و ژنێکی بێ نەوا، بەجێدەهێڵێ.

عولەما و زانایانی شاری سنە، کە دە بارودۆخی ئابووری و شپرزەیی ژیانی مەلا ڕەسوو باش دەگەن، بڕیاردەدەن فەقێ سەعیدی ١٣ ساڵان بکەنە پێشنوێژی مزگەوتی دەباغان، هەتا بۆشایی ئابووری ژیانی ماڵباتی مەلا ڕەسوو پڕکاتەوە و لەبەرەوەش دەرس بخوێنێ و، بە فەقێی لە خۆ مناڵتریش دەرس و وانان بێژێ، کە فرەتر کاسەسارد و لێوبەبار و نیازمەندی دەستی ئەم و ئەو نەبن.

ڕەوانپاک ئایەتوڵڵا مەردووخی کوردستانی دەیفەرموو: «ئەوکات باوکم عەبدولمونمینی سێیەمی مەردووخی، ئیمامی هەینی شاری سنە بوو. ئاگادارییەکی باشی لە ژیان و دەرەتانی مەلا ڕەسوو و دۆخی بێ دەرامەتی زارۆیانی هەبوو، زۆر پێچڕ بوو کە فەقێ سەعیدی مێرمناڵ لە جێگەی باوکی هیوار کەن و نانێکیان لەم ڕێگایەوە پێ بگا. ئەم کارەشی مەیسەر کرد و فەقێ سەعید بوو بە جێواری باوکی لە مزگەوتی دەباغان».

فەقێ سەعید لە خزمەت مەلاگەلی زانای شاری سنە دەرسان دەخوێنێ و وانان بە فەقێگەلی مێرمناڵتر لە خۆی ئێژێ و ناهێڵێ کەولی خوانیان بێ نان و دۆ بێ. لە کاتی بێکاریشدا، خەریکی خوێندنەوەی شێعری شاعیرانی کورد و فارس دەبێ و هۆگرییەکی تایبەتی بە شێعری مەولەوی کورد پەیدا دەکات. دەکەوێتە خولیای ئەوەی کە نوێژ لە عەرەبی ڕا بکاتە کوردی، هەتا کۆمەلانی هەراوی ڕەش و ڕووتی بێ سەواتی کورد باشتر لە فەرمایشی یەزدان بگەن و بە زمانی دەخۆیان دەگەڵی گۆ بکەن. بەڵان مەلایان ئێژن وەرگێڕانی ئایەتگەلی قورئان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانێکی تر تاوانە و گوناحێکی گەورەیە و کاری واناشێ بشێ. فەقێ سەعید لەم خزمەتە بە زمانی کوردی دڵسارد دەکەنەوە. هێشتا پتر لە سێ مانگان لە مردنی مەلا ڕەسووی باوکی تێنەپەڕیبوو کە قەشەیەکی ئاشووریی کاتۆلیک لە ورمێ ڕا دێتە سنە بۆ پروپاگەندەی ئایینی مەسیحیەت. بە شوێن دەسکورتێکی نیازمەندی فارسیزاندا دەگەڕێ هەتا بیکاتە مامۆستای خۆی و فارسی فێر بکا. خێرۆمەندان دەخوازن ئەم نانە دەکۆشی فەقێ سەعیدی باوک مردگ کەوێ کە نەدارە و بۆ نانی شەو موحتاج.

بەم جۆرە هاموشۆی فەقێ سەعیدی گەنج دەگەڵ دیانەکان دەست پێدەکات. شێوەی ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی وان سەرنجی ڕادەکێشێ. زۆرجار مشتومڕ و موناقەشەی ئایینییان دەگەڵ دەکات و لە هەموو عەرەبێکی موسوڵمان باشتر لە سەر دینی ئیسلام وەگۆدێ.

فەقێ سەعید، لەم بەینەدا، دەگەڵ دەروێش حەیوڵڵا (حەبیبوڵڵا) ناوێک ئاشنا دەبێ و سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی دەسپێرێ و، ئەمجار شەوان هەتا بەیانی دەنگی یاهووی لە خانەقای نەقشی دێ و دەبێتە فەقێ دەروێش حەمەسەعیدی مەلارەسووی مەریوانی.

لە پاییزی ١٨٧٩دا کە فەقێ سەعید لە تەمەنی ١٧ ساڵاندا دەبێ، قەشە یوحەنای ئاقدار لە ورمێ ڕا دێتە سنە و پەیجۆی ئامۆژیارێک دەبێ و ئاشنا و ڕۆشنای دیان دەستبەجێ فەقێ سەعیدی بۆ قاو دەکەن. فەقێ سەعید فارسی بە قەشە یوحەنا ئێژێ و ئەویش زمانی ئاشوری و عیبری فێردەکات و جزمێکی ئینجیلی (چاخی نوێ)یشی پێدەبەخشێ، هەتا ئاشوری لە ڕوویەوە فێر بێت.

کاتێ حەمە جەلالی برای دەزانێ کە فەقێ سەعید ڕاڕا ئینجیل دەخوێنێ، لێی توڕە دەبێ و بە قەڵسییەوە ئێژێ: ئەم پەڕتووکە نەگبەتی بە شوێنەوەیە، ئەشێ زۆر بە زانایی و ژیری بیخوێنیەوە، نەکا لە دین وەرتگێڕێ.

بەینی قەشە یوحەنا و فەقێ سەعید، لە بەرەوە هێندە خۆش دەبێ و

موویان دەنێوەوە ناچن، فەقێ سەعید پاک ناوێتەی ئایینی مەسیحی دەبێ و، کاتێ لە سالی ۱۸۸۰دا قەشە دەیەوێ بگەرێتەوە ورمێ، لە گرێژنەی دەبا و دەیکاتە مەسیحی و لە دینی وەردەگێرێ. ئەگەرچی هەرتک لا دەیانخواست ئەم رازە نەترازێ و کەس پێنەزانێ بەلام دەشارێکی گچکەی وەک سنەی ۱۲۰ سال لەمەوبەردا، راز ناراز دەبێ و دەبێتە جاجکە خۆشکەی ئیلام و دەکەوێتە سەر زاران و لە هەموو دەرودیوانان باسی لێوە دەکرێ. خەلکی کووچە و بازار و جیران و هاوسا، بە قین و کینەوە سەرنجی فەقێ سەعید دەدەن.

خەبەری لە دین وەرگەرانی فەقێ سەعید، بەگوێی عولەما و زانایانژی دەگا و فشار بۆ ئیمامی هەینی دێرن کە ئەو هەتیوە رەشەلۆکەی مووچیاری بکات کە دینی محەمەد هەوەلین و ئاخرین رێگەی دینداری یە. ئیمامی هەینی فەقێ سەعیدی قاو دەکا و پێی ئێژێ وشیاری خۆت بە، شار شلەژاوە، بە خوێنی سەرت تینوون، لە منیان دەخوازت فتوای کوژتنت بدەم، بەلام چاپکم کردنەوە. دەبێ زۆر بە هێوری بجوولێیەوە.

دەمارگران چەند را پەلاماری فەقێ سەعید دەدەن و قسەی ناخۆشی پێدەلێن و جوێنی پێدەدەن، ژیانی لێ تال دەکەن و ناوێرێ سەر لە مال وەدەرنێ. دەیەوێ هەر چلۆنێکی بێ، خۆ لەم قەیرانە و لەم شارە رزگار بکات.

میستر جیمز هاکس کە قەشەیەکی کاتۆلیک لە هەمەدان دەبێ و یەکدووجار مەلاسەعیدی بینی بوو، لەپڕ ئامۆژگاری فارسییەکەی دەمرێ و نامەیەکی بۆ دەشێنێ کە بچێتە هەمەدان و جێگەی مامۆستای مردووی بۆ پڕ بکاتەوە. مەلا سەعید نامە نیشانی کاکۆلەی دەدات و ئیزنی لێ دەخوازێ بەرەو سەرنویشت و چارەنووسی نوێ باژوێ. کاک حەمە جەلال کە ئاگای لە نارەحەتی و پەژارەی مەلای برای هەبوو، دلی نایە تەنیا رەوانەی هەندەرانی بکات و خۆشی کە سەلت و بێ ژنومال دەبێ، پێیدەلێ هەگەرچی منیش لێت عاجزم کە دەستت لە دینی محەممەدی هەلگرتووە، بەلان هەچی بێ هەر برامی و دلم نایە بە تەنێ وەرێکەوی، شەوەکی خۆشم دەگەلت دێم هەتا لە شار دووردەکەوییەوە.

بەم جۆرە، مەلا سەعیدی نۆدین، کالە سەحەری دەگەل کاکی، پشت بە سنە بەرەو هەمەدان وەرێدەکەون. کاتێ دەگاتە سەر چەمی قشلاق دەبینن سێلاو هەستاوە و دەراوی پەرینەوەی بەستووە، جەلال لینگی دەمەر قۆیانی هەلدەکێشێ و سەعیدی برای لە کۆل دەکا و دەیپەرێنێتەوە و بە کاروانێکی دەسپێرێ و خۆی گل دەبێتەوە.

دوکتور سەعید خان، پاشان لە یادداشتەکانیدا لەم بارەوە دەنووسێ: «ئەو کار و کردەوەی کاکم، کۆنە برینی هەموو سارێژ کردم. دلم پڕ بوو لە کولی گریان ، ئێستاش هەرکات ئەو دەمەم دێتەوەبیر ئەسرینی برایەتی بۆ دەرێژم».

مەلا سەعید لە هەمەدان لەلای جیمز هاکس فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ و لە تەکیا خەریکی رێکخستنی قامووس دەبێت.

لە هاوینی ۱۸۸۲دا، دوکتور ئەلەکساندر و ژنەکەی خاتوو مونتگار و دۆتیا شیرودیش، لە ئامریکاوە دێنە هەمەدان و نەخۆشخانەیەکی گەورە چێدەکەن. چونکە هیچکامیان فارسیان نەدەزانی، مەلا سەعید دەبێتە زمانزان و دیلمانجیان و لە بیمارستاندا زۆر بە وردی سەرنجی کاروباری دوکتور ئەلەکساندر دەدات و هۆگری پزیشکایەتی دەبێت.

لە پاییزی ۱۸۸۳دا، دەرفەت بۆ کاک جەلالی برای دەلوێ هەتا بچێتە هەمەدان و سەرێک لە براکەی بدات. دوو برای گیانی یەکدی دەباوەش دەگرن و تێرتێر پێکەوە دەگرین.

کاری رۆژانە و ئاسایی مەلا سەعید، لە بیمارستانی ئامریکایی هەمەداندا، هەروەسا دەدۆمێ، دەبینێ رۆژانە دەیان کورد لە دەوروبەری هەمەدان و سنە و کرماشانەوە روودەکەنە ئەو نەخۆشخانەیە، زۆری زگ پێیان دەسووتێ، سەرەرای ئەوە کە هەمیشە بە رووخۆشی دەگەل کوردان دەجوولێتەوە، بەلام دیسان پەژارەی دووریان بۆ دەخوا، فکر دەکاتەوە چ دەبوو منیش پزیشک بامایە و خزمەتم بەو کوردانە کردبایە؟

ئەم بیرە دەگەل دوکتور ئەلەکساندر سەرۆکی بیمارستانەکە دێنێتەئاراوە. لێی دەخوازێ فێری پزیشکایەتی بکات. دوکتور ئەلەکساندر بەلێنی پێدەدا کە یارمەتی بدا و رێگەی دژواری بۆ هەموار بکات.

لە هاتوچۆی رۆژانەی بیمارستاندا، مەلا سەعید دەگەل کنیشکێکی مەسیحی بە ناوی «رێبێکا» ئاشنا دەبێ و دلێک نا، سەد دل هۆگر و ئەوینداری کیژی بالابەرزی، چاوکەژالی، مووبۆری، رەنگ سووری، کەمەرباریکی، سەرپەتی، رووئال و والی دیانی دەبێ و خوازبێنی لێدەکات. بەلام دەگەل نەیاری و دژایەتی بنەمالەی رووبەروو دەبێ و پیالەی عیشقی دەشکێ. دوکتور ئەلەکساندر بۆ ئەوەی بیری کیژی قەشەنگی چاوبەنگی لە خەیال مەلا سەعید دەرهاوێ بۆ ماوەیەک دەینێرێتە تاران و خۆشی دەچێتە ئامریکا.

لە بەهاری سالی ۱۸۸۷، دوکتور ئەلەکساندر دیسان دەگەرێتەوە هەمەدان و مەلا سەعید دێنێتەوە لای خۆی. سەرلەنوێ کۆنە زامی ئەوینی مەلا سەعید تەشەنە دەکاتەوە و بیر و دینی رێبێکا کۆنەبرینی دەکولێنێتەوە. دیسان خوازبێنێ لێدەکات و دوکتور ئەلەکساندر ئەوجار بە هانایەوە دێ و کچۆلەی نەرمۆلەی چاو بێ کلی جوانکۆلەی بۆ دەخوازێ و، بەم چەشنە لە رۆژی چوارەمی مانگی ژوئێنی ۱۸۸۸دا، مەلا سەعید دەبێتە خێوی ژن و مال و لە سەلتی دەردێ و ئەمجار چازانەتر لە بەر دەستی دوکتوردا دێ و دەچێ. سەرەنجام. لە ئاخرو ئۆخری سالی ۱۸۹۱دا دوکتور ئەلەکساندر ئیجازەی تەبابەت و پزیشکایەتی پێ دەبەخشێ و مەلا سەعید دەبێتە دوکتور سەعیدی کوردستانی. بەم چەشنە بە ئاواتی دلی دەگات کە خزمەت بە رەش و رووت و کوێر و کەچەلی نەتەوەکەی و هەموو ئینسانێک بکات.

دوکتور ئەلەکساندر کە دەبینێ دوکتور سەعید خان هەموو شتێ لە کاری پزیشکی دا لەو باشتر فێر بووە. دەگەرێتەوە ئامریکا و بە رەسمی ئەو لە جێگەی خۆی دادەنێ و مانگانە (۳۰) تمەنی بۆ دەبرێتەوە.

پاش ماوەیەک کار دە بیمارستاندا، دوکتور سەعید خولیای درێژەدانی پزیشکایەتی و دەرسخوێندن لە زانستگاکانی ئورووپایی دەکەوێتە سەر و، بیمارستان و نەخۆشخانە بە دوکتور هولمز دەسپێرێ و لەگەل رێبێکای خێزانی و سارای کچی (سارا لە ۱۸۹۰ لە دایک دەبێ) و هوگبەری (هوگبێرگ) کە پزیشکێکی سوێدی بوو، لە رۆژی ۲۹ی ژوئێنی ۱۸۹۳ لە هەمەدانەوە بەرەو ولاتی سوێد بە دەستێک جلوبەرگی جوان و رازاوەی کوردییەوە دەکەوێتەرێ. لەم سەفەرەدا کە نزیکەی سالێک لە سوێد دەمێنێتەوە، زۆرجار لە کۆروکۆبوونەوەی جۆراوجۆردا، بە شمەکی کوردییەوە بەشداری دەکات و لە سەر کورد و بیر و باوەری موسولمانان دەدوێ. پاش سالێک لە سوێد ژیان، دەچێتە لەندەن و لە زانکۆی پزیشکیدا درێژە بە خوێندن دەدات.

لەم سەفەرەدا دوکتور سەعید، پتر هەست بە دواکەوتوویی و چارەرەشی خۆی و نەتەوەکەی دەکا و دەبینێ کە ولاتانی ئورووپایی چەندە پێشرەون کە تەنانەت بۆ گەمال و کتک و بالندە و مەلیش نەخۆشخانە و بیمارستانیان هەیە.

دوکتور سەعید لە لەندەندا، لە رشتەی ئەناتۆمی (فیزیۆلۆژی) و داروسازی و میکرۆبناسی و چاوپزیشکیدا دەخوێنێ و شەو رۆژ هەدانادا، بۆ ئەوەی زانستی پزیشکیی نوێ باشتر فێر بێ. سەرەنجام لە سالی ۱۸۹۵دا، زانستگەی لەندەن جێدێلێ و یەکسەر دەگەرێتەوە هەمەدان و

لە کۆنە بیمارستانەکەدا دەست بەکاردەبێتەوە.

خوالێخۆشبوو ئایەتوڵلا مەردووخ دەیفەرموو کاتێ دوکتور سەعید لە ئورووپا گەڕایەوە و هاتەوە هەمەدان، لە سەر دەرگای مەحکەمەکەی نووسیبوو، مەعایەنە و تەبابەت بۆ هەموو زانا و کوردێک بە خۆڕایی یە. بەمجۆرە بیمارستانی هەمەدان دەبێتە مەکۆی چارەگەریی هەموو کوردێک و لە هەموو لایەکەوە کوردان ڕوو لە دوکتوری کوردی خۆیان دەکەن.

دوکتور سەعید دە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:

«لە ساڵی ١٨٩٦، کوردێکی سابڵاغی بە ناوی میرزا حوسێن[1] هاتە مەحکەمەکەم و پاش چاک و خۆشی و مەعایەنە، کاتێ زانی بوومە مەسیحی زۆر تووڕە بوو و جوێنی دا. یەکدوو ڕۆژ دواتر دیسانەوە هاتەوە، بە سەر و ڕرویەکی خۆش پێشوازیم لێکرد و مێوانداری بووم. کاتێ دەیویست هەستێ و بڕوا، کەوشەکانیم بۆ جووت کرد و لەبەر پایمی دانا... لە شەرمان سەری داخست و ڕەنگی بزرکا. پاشان لەگەڵ کاک حوسێن بووینە دۆستێکی باش و کاتێ چوومە سابڵاغ میوانی بووم...».

لە سەرەتای سەدەی بیست شاهزادە عەینوددەولە(عین الدولە)دەبێتە فەرمانڕەوای لوڕستان و خوزستان. کاتێ دەژنەوێ دوکتورێکی شارەزا و کارامەی کورد لە هەمەدانە، دەنێرێتە شوێنی و ماوەیەک لە لای خۆی گلی دەداتەوە. موزەفەرەدین شا (مظفرالدين شا) پێدەزانێ و بانگی دێڵێتە تاران و نازناوی موعتەمدولسەڵتەنەی پێدەبەخشێ و دەستوور دەدا مانگانە (٢٠٠) تمەنی بدەنێ و ببێتە پزیشکی تایبەتی دەربار، بەڵام دوکتور سەعید واز لە ناسناو و دووسەد تەمەن دێنێ و دەگەڕێتەوە هەمەدان.

لە زستانی ١٩٠١دەچێتە ورمێ و نزیکەی شەش مانگان لەو هەرێمە پزیشکایەتی دەکات و پاشان بە سابڵاغدا دەگەڕێتەوە هەمەدان. شەوێک لە سابڵاغ میوانی میرزا حوسێنی کۆنە دۆستی دەبێ.

لە بەهاری ١٩٠٢دا، سەفەرێکی تری ئورووپا دەکا و «سامونێل»ی کوڕی لە بەر خوێندن دەنێ و خۆشی لە (پۆلی کلینیک)ی لەندەن لە ڕشتەی چاوپزیشکی و جەراحیدا، درێژە بە خوێندن دەدات و لە ساڵی ١٩٠٤دا، دەساوێژی فەوقی دیپلۆم وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە ئێران و هەتا ساڵی ١٩٠٨ لە تاران دەژی. لەم ماوەیەدا سەفەرێکی شیراز دەکا و ژنی سەولەتوددەولە(صولە الدولە)ی سەرۆک خێڵی قەشقایی تیمار دەکات.

لە ساڵی ١٩١١دا، شاری سنە لەلایەن هێزەکانی سالاروددەولە(سالار الدولە)ی برای محەمەدعەلیشای قاجار داگیر دەکرێ، بەڵان چی وای پێناچێ هێزەکانی ئەحمەدشا پەلاماری ئەو ناوچەیە دەدەن و لایەنگرانی سالاروددەولە دەتارێنن و خەڵکێکی زۆر بەتاوانی لایەنگری لە سالاروددەولە دەگرن و بە هەمەداندا ڕەوانەی تارانیان دەکەن. لە ناو ئەو گیراوانەدا، تاقمێک کوردی دەوروبەری سنە و هەورامیی برینداریش دەبن. کاتێ ئەو دیلە بێ تاوانانە دەگەنە هەمەدان و دوکتور سەعیدی کورد پێدەزانێ، بە هانایانەوە دەچێ، برینداران تیمار دەکا و کۆمەگ و یارمەتیان دەداتێ و، لەگەڵ داروەستەی ئەحمەدشا دەدوێ و هەموویان ڕزگار دەکا و ڕەوانەی کوردستانیان دەکاتەوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩١٢دا، ئەمیر عەلائوددەولە(علاء الدولە)ی کوردستانی یەکێک لە پیاوە دەوڵەمەند و دەسترۆیشتووەکانی کوردستان نەخۆش دەکەوێ. پەیک بە شوێن دوکتور سەعیددا دەنێرێ کە بێتە ئاوایی خوسرەوئاوا و نەخۆشینی چارەسەر بکات.

وەک دوکتور سەعید لە یادداشتەکانیدا دەنووسێ، عەلائوددەولە پیاوێکی باسەواد و خوێندەوار بووە و بە خەتخۆشی ناوی دەرکردووە. دوکتور دەچێتە گوندی خوسرەوئاوا[2] و چاوەیلی چاک دەکاتەوە. عەلائوددەولە، لە چاکەی ئەم خزمەتە ناهێڵێ دوکتور بگەڕێتەوە هەمەدان و پێی ئێژێ کە دەبێ ماوەیەک میوانی وی بێ. لەم ماوەیەدا ڕۆژێ دەیان نەخۆشی ئاواییەکانی دەوروبەر دەبینێ و چاریان دەکات. هەر لەم بەینەدا لە پڕ ڕۆژێک نامەیەکی لە شێخ سەید «نەجمەدینی ئەمرۆلە»وە پێدەگا و داوای لێدەکات بۆ چارەسەریی نەخۆشی دەبێ بێتە ئەمرۆلە. دوکتور لە پێشدا بە هۆی دەمارگیری موسوڵمانانی کوردی ناوچەکە نەهی لە چوون دەکات، بەڵام چەند نامەی پەیتاپەیتای شێخ نەجمەدین و هاتنی جەلالەددینی کوڕی، ناچاری دەکا بچێتە سەر ئەم نەخۆشە. دروست لەوکاتەدا کە دەیویست لەگەڵ شێخ جەلالەددین بەرەو ئەمرۆلە وەڕێکەوێ، نامەیەکی «سانی هەورامان» و نامەیەکی «وەکیلولمولکی» سنەشی پێدەگا. ئەوانیش بۆ تیماری نەخۆشان لێی دەگێڕنەوە.

دوکتور بە شێخ ئێژێ، جارێ چونکە کەرەسەی عەمەلی جەڕاحیم نییە، واباشە لە پێشدا بچمە سنە و پاشان بێمەوە هەورامان. بەتایبەت کە ماوەیەکی دوور و درێژیش بوو سنەی زێدی نەدیتبوو، پڕ بەدڵ تاسەی دیتنی ئەم شارەی دەکرد.

بەم چەشنە دوکتور دوای (٣٠) ساڵ دووری لە سنە جارێکی تر، دەگەڕاوە کووچە وکۆڵانی زادوبوومی. کاتێ لەگەڵ سوارەکانی وەکیل دەگاتە سەر بەرزایی نزیک شار و سنە دەبینێ چاوەیلی پڕ لە فرمێسک دەبن و وەبیر ڕۆژانی منالی و گەنجی دەکەوێ کە لە کووچە و تاخی ئەم شارەدا لە تەک منالەیل کایە و گاڵتەی دەکرد.

هاوڕێیانی پێی دەڵێن دوکتور واباشە بە قەراخ شاردا بچینە مالی وەکیل، نەکا خەڵک قسەت پێ بێژن و نارەحەتت بکەن. بەڵان دوکتور دەڵێ نا، ئەمن دەبێ بە ناو شار و کووچە و بازاڕدا بڕۆم و خەڵکەکەم ببینم. هەرچی پێم دەڵێن و لێم دەکەن گەردنیان ئازا بێ. بە ناو ڕاستەبازاڕ و خەیاباندا دێتەخوار، بەپێچەوانەی بیروبۆچوونی هاوڕێیانی، خەڵکی شار پێشوازی لێدەکەن و لە سەر دوکان و بەردوکانان لەبەری هەڵدەستێ و بەخێرهاتنی دەکەن و ڕێزی بۆ دادەنێن، دوکتور لە خۆشیی دیتنی شارەکەی وگەلەکەی شاگەشکە دەبێ و فرمێسکی شادی و خۆشی دەچاواندا دەگەڕێ. چەند ڕۆژێک کە لە سنە دەبێ، شەووڕۆژ هەدا نادا و بیماران تیمار دەکا و لەگەڵ کۆنە دۆستانی دیدار تازەدەکاتەوە، پاشان بەرەو هەورامان، مەکۆ و هەرێمی مەهنیسای دایکی داژوێ.

شەوڕۆژێک لە گوندی «نیگل» دەمێنێتەوە و کۆنە قورئانی لە سەر پێستی ئاسک نووسراوی ئەوێندەرێ زیارە ت دەکا و، هەتا ماڵخەوتنان خەریکی دەوا و دەرمانی ڕەش و ڕووتی گەلەکەی دەبێ، بێئەوەی قڕانێک لە هیچ کەس وەرگرێ. تەنیا لەوحەیەک لە پیاوێکی هەورامی وەردەگرێ کە نووسراوەیەکی دێرینی ٨٠ ساڵ پێش زایین دەبێ. ئەویش پاشان دەینێرێتە لەندەن بۆ خوێندنەوەی.

ڕۆژی دواتر، دەچێتە ڕەزاو کە ئاوایەکە لە بەینی سنە و مەریواندا، عالەمێکی زۆر بەرەوپیریەوە دێن و پێشوازییەکی شایانی لێدەکەن. هەر ئەوێ شەوێ «سانی هەورامان» دەبینێ و چاوەکانی مەعاینە دەکا و بە کوڕەکەی دەڵێ باوکت بە هۆی پیری و ٧٢ ساڵ تەمەنەوە، سوێی هەرتک چاوی لە دەست داوە و کارێکم لە دەست نایە! سانی پیری هەورامان کە ئەمە ئەژنەوێ، بە پاڕانەوە دەسەوداوێنی دوکتور دەبێ و ئێژێ بۆ خاترخوا، هەر چلۆن بێ چاوێکم پێ بدەرەوە.

دوکتور سەعید زگی بە سان دەسووتێ و هەر ئەوێ شەوێ، پەیک و نامە کل دەدا بۆ هەمەدان، هەتا کەلوپەلی جەڕاحی بۆ بەرێبکەن و بڕیار بە سان دەدات چاوەیلی عەمەل بکات.

ماوە و مەودای ڕەزاو بۆ هەمەدان، بە سواری ئەسپ ڕێگایەکی زۆر دوور ودرێژە و چەندین ڕۆژ دەخایەنێ هەتا کەرەسەی پێویستی پێدەگات. لەم ماوەیەدا، خەڵکی هەورامان وەک گەلای داران وە سەردەڕژێن و

دوکتوریش، شەو ڕۆژ خەریکی دەوا و دەرمانی گەلی بیبەش لە هەموو شتێک دەبێ.
ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، لە ڕەزاو، نامەیەکی لەلایەن «شێخ عەلائەددین»ی بیارەوە پێدەگا و خەبەری بۆ دەنێرن کە کچەکەی ڕێزدار شێخ نەخۆشە و، دەبێ سەرێکیان لێبدات. دوکتور لەگەڵ چەند کەس دەچێتە لای شێخ عەلائەددین و کەنیشکەکەی مەعاینە دەکا و دەبینێ ئازارە باریکە (سیل) لەشی تەنیوە و، پێیان دەڵێ هیچی لە دەست نایە و مەرگی لە ڕێدایە. هەرواش دەبێ و قەدەرێک دوایە کیژۆڵە سەردەنێتەوە. دوکتور لە هەمەدان ژنەفتبووی کە هێندێ کۆنەقەباڵە لە هەورامان هەن و مریدەکانی شێخ دۆزیویانەتەوە. سەر و سوراغی ئەوان نویشتاران لە شێخ دەپرسێ! شێخ دەڵێ زۆر بوون ناردوومانە بۆ سالاروددەولە، بەڵام سێ بەرگیان لێرە ماون. ئەو سێ بەڵگانە دەدەن بە دوکتور سەعید کە ئەویش پاشان ئەم سێ بەڵگەیە دەدا بە پرۆفیسۆر «مینس» لە لەندەن کە ئەم کارەی دوکتور سەعید خزمەتێکی گەورەیە بە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە مێژووی گەلی کوردستان.
بەڵێ سەرەنجام، دوکتور دەگەڕێتەوە ڕەزاو و کەلوپەلی جەڕاحی پێدەگا و چاوەکانی «سانی هەورامان» عەمەل دەکا و سوێ و ڕووناکاییان پێ دەبەخشێتەوە. پاشان خۆ تەیار دەکا دەگەڵ چەند سوار بگەڕێنەوە سنە.
بە چەشنێ دوکتور «ج. ڕەسوڵی» و «کیدی ئالێن» لە کتێبی دوکتور سەعیدخانی کوردستانیدا دەنووسن گۆیا کاتێ شێخ عەلائەددین دەزانێ کە دوکتور لە پێشدا موسوڵمان بووە و بووەتە مەسیحی، پیلانی بۆ دادەنێتەوە، هەتا لە ڕێگای سنە ـ ڕەزاو بیکوژن، بەڵام ئەو پیلانە دەبێتە بڵقی سەر ئاو و سانی هەورامان پەیام بۆ شێخ دەشێنێ و ئێژێ هەگەر موویەک لە سەری دوکتور بوەرێ ولات دەخوێندا دەگەوزێنێ.
سەرەنجام دوکتور دێتەوە سنە و چەند ڕۆژی دی میوانی وەکیل دەبێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەگەڵ کۆنە دۆستێک باسی گەڕانەوەی هەورامان و بەدەستهێنانی قەباڵە کۆنەکان دەکات. خاڵۆی دۆستی دەڵێ هێندێ لەوانەش لەلای من هەن کە سالاروددولە داویمێ و بەکاری من نایەن و، ئەویش ئەوان پێشکەشی دوکتور دەکات.
دوکتور پاش گەڕانەوەی بۆ هەمەدان، ئیتر دەرفەتی نابێ بێتەوە سنە هەتا ساڵی ١٩٣٥. لەو ساڵەدا، جارێکی تر لەگەڵ کاک جەلالی برای دێنەوە سنە و ماوەیەک لەم شارەدا دەمێنێتەوە و خزمەتێکی باش بە بووژەمەنی و تەندروستی خەڵک دەکات. ئەمەش ئاخرین سەفەری هەردوو برا دەبێ بۆ سنە.
لە گۆڕانی بارودۆخی ولاتدا، ڕەزاخانی میر پێنج، دەبێتە ڕەزا شا و دێتە سەر تەختی تاران و هەوڵ هەنگاوی، دەستگیرکردنی سەرۆک خێڵەکانی کورد دەبێ. ئەم پەلامارە کە بە «بەگزادە گیران» لە هەورامان و کرماشاندا ناڤدارە، سەرۆک و سەروەری زۆربەی خێڵە کوردەکان، هەر لە ماکۆ و قەتوورەوە بگرە تا دەگاتە موکریان و هەورامان و ئەردەڵان و کرماشان و جوانڕۆ دەگیرێن و لە زیندانی «قەجەر» بەند دەکرێن. لەم بەگزادەگیرانەدا، تاقمێکی زۆر لە سەرۆک خێڵەکانی کوردیش دەگیرێن کە زۆربەیان دۆستی دوکتور سەعیدخان دەبن. دوکتور سەعید خان، نامەیەکی دڵخۆشییانە، بۆ کەنیشکی یەکێک لەو سەرۆک خێڵانەی دەوروبەری سنە دەشێنێ. ئیدارەی (تەئمینات)ی ڕەزاخان لە تاران پێدەزانێ و دەستوور دەدەنە ئیدارەی (تەئمینات)ی هەمەدان کە دوکتور سەعید قۆڵبەستە بنێرنە تاران و بەم جۆرە، دوکتور سەعیدی کوردی ناموسوڵمانیش، بە تاوانی کوردایەتی کۆت و بەند دەکرێ و دە قەسری قەجەری دەخەن و، لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا لە هاوینی ساڵی ١٣١٦(١٩٣٧) میوانی بێدادگای ڕێژیمی پاشایەتی دەبێ.
دەنگوباسی گیرانی دوکتور سەعید وەک تۆپ بەرزدەبێتەوە، سەدان نامەی نەهێنی و دڵخۆشانە، لە کوردستانەوە بۆ ماڵومنداڵی دەشێندرێ. بەڵام لە ئێراندا، جگە لە موهەندیس ساموئێل سەعیدی کوڕی، کەسی تر ناوێرێ وە پێ و شوێنی ڕزگاری و ئازادکردنی کەوێ. موهەندیس سامونێل سەعید برووسکەیەکی (١٤٠) وشەیی بۆ ڕەزاخان دەنێرێ و لە گرتنی باوکی ڕەخنە دەگرێ.
مەکۆ زانستی و پیاوە زاناکانی ئەمریکا و ئورووپا، بۆ ڕزگارکردنی دوکتور سەعید، لە بەندی ڕێژیمی پاشایەتی وەخۆ دەکەون. پرۆفیسۆر دوکتور هاردی کۆشینگ کەسایەتی گەورە و زانای ئەمریکایی،لەم بارەوە دەگەڵ ڕۆزڤێلت سەرۆکی ئەمریکا دەدوێ، باڵوێزی ئینگلیز و ئەمریکا لە تاران ڕەخنە لە ڕێژیمی ڕەزاخان دەگرن و خوازیاری ئازادیی ئەو کوردە زانایە دەبن.
سەرەنجام ڕێژیمی ڕەزاشا ناچاردەبێ پاش ٩٩ ڕۆژ، دوکتور سەعید ئازدی بکەن، بەڵام یاساغی دەکەن کە هیچ کوردێک هەقی دیتنی وی نییە. کەچی سەرەڕای ئەم کارەش بە سەدان گەورەپیاوی کورد، نامەی بەخێرهاتنەوەی بۆ کل دەکەن و لە هەمەدان دەچنە دیداری.
دوکتور سەعید، دوای ئازادبوونی ماوەیەک لە هەمەدان دەژی و پاشان دەچێتە تاران و لە شەقامی (قەوامولسەڵتەنە) خانوویەک دەکڕێ و لایەکی دەکاتە مەتەب و نەخۆشخانە و لەلایەکەی تریشی بۆ خۆی دەژی.
لە مانگی نوامبری ساڵی ١٩٣٩دا، ڕێبێکای خێزانی نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ، دوکتور تەنیا دەمێنێتەوە و لە ساڵی دواییدا، کاک محەمەد جەلالی براشی لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە مانگی مارسی ١٩٤٠ دا لە هەمەدان سەردەنێتەوە.
دوکتور سەعیدخان، سێ منداڵی هەبووە. کچەکەی ناوی «سارا» دەبێ و مێرد بە دوکتورێکی ئاشوری خەڵکی ورمێ بە ناوی «تاتاوس ئاساتووریان» دەکات و «لۆنیل»ی کوڕی لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا لە ١٩٢٧ لە لەندەن دەمرێ. بەڵام کوڕە گەورەکەی موهەندیس «سامۆنیل سەعید»، هەتا ساڵی ١٩٤٢ هەر لە تاران دەژیا و لە بانکی (شاهی)دا کاری دەکرد. ئەویش دەوێ ساڵیدا دەچێتە ئەمریکا و ئیتر دوکتور بە تاکی تەنێ دەمێنێتەوە. لەم بێکاری و تەنیاییەدا خەریکی نووسینی کتێبی مەزنی (نزانی مزگانی) دەبێت و فەرهەنگێکی گەورەی کوردی بە هەر چوار زاراوەی سەرەکی زمانی کوردی دەنووسێ. ئەم فەرهەنگە بەداخەوە جارێ هەروا ماوەتەوە و چاپ نەکراوە.٣
دوکتور سەعیدخانی کوردستانی سەرەنجام لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا، لە ڕۆژی ٢٩ی ژوئییەی ساڵی ١٩٤٢دا سەردەنێتەوە، بەڵام دوو یادگاری زۆر گەورەی کە بۆ گەلی کورد بە جێهێشتوە، ناوی دەخەنە ناو یادی نەمرانەوە.
لە کۆتایی ئەم گوتارەدا، سەرنجێکی سەرپێیی کتێبی (نزانی مزگانی) دەدەین و یەزدان یاربێ، لە دەرفەتێکی تریشدا، فەرهەنگەکەی دوکتور سەعیدخان دەناسێنم و ئەو سەرەتا جوانەش کە بە زمانی فارسی بۆ پەڕتووکەکەی (نزانی مزگانی)نووسیوە، وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی و دوکتور ژ نوێ وەدەژێنم.
(نزانی مزگانی) شاکاری دوکتور سەعیدخانی کوردستانی، کتێبێکی زۆر پڕ بایەخە بە زاراڤەی هەورامی کە سەرجەم (٥٨٠) لاپەڕە و (٥٧٠٠) دێڕە شێعرە کە بیروباوەڕ و بۆچوونی دوکتور سەعید سەبارەت بە ئایین و دینی مەسیحیەت نیشان دەدات.
لەم شێعرانەدا، نەتەنیا بیروباوەڕی ئایینزای ئەو کەسایەتییە دەبیندرێ، بەڵکوو بۆچوون و هەستی کوردایەتی خۆشی ئاوێتەکردووە. لە ڕۆژ جێگا واز لە هەستی ئایینی دینێ و دەپەرژێتە سەر ڕەسم و یاسای کوردان و

هەستی نەتەوایەتی و یادی شاعیران و هەستیارانی کورد. جگە لەوەش سەدان وشەی ڕەسەن و نایابی کوردی و دەمیت (اصطلاح) و پەند و زاراڤەی هەورامی و بنزاراوەی سنەیی تێدا جێوارکردووە کە بەشێکی زۆر لەوان وشە و دەمیتانە ئێستا لە هەورامی و گۆران و بنزاراوەی سنەییدا توون بوون و نەماون.

کتێبی (نزانی مزگانی) بەم چەشنەی خوارەوە داڕێژراوە:

١- پێرست، باسی هێندێ بابەتی ناوئاخنی کتێبەکە، لە لاپەڕەی ١ هەتا لاپەڕەی٨.

٢- کورتە گوتەیەکی خودی دوکتور سەعیدخان، لە لاپەڕەی ٩ تا ل.١٠.

٣- کورتە سەرەتایەک و هەڵنانی پەڕتووکەکە بە قەڵەمی حەسەنی تەقی زادە، وەزیری مالییە و دارایی ئەوکاتی ئێران (ل١١-١٣).

٤- کورتە سەرەتایەک بە خامەی «حەیدەر عەلی کرمانی» کە کتێبەکە دەپەسندێ و لە دوکتور سەعید بە ناوی «پزیشکی زانا و فەیلەسووفی رووحانی» نێو دەبات (ل١٤-١٦).

٥- سەرەتای کتێبەکە بە پێنووسی خودی دوکتور سەعیدخان کە ٢٠ لاپەڕەیە و بە پیتی ئەلفوبێ دیاری کراوە.

ئەم سەرەتا و پێشگوتارە یەکجار گرینگە و نیشاندەری هەستی کوردایەتی و زانایەتی نووسەر و، باسی مێژووی کورد و کوردستان و چلۆنایەتی زمانی کوردی لە چاخە دێرینەکانی بەر لە ئیسلام دەکات و، زۆر بە وردی لێکی دەداتەوە، کە زمانی کوردی لە فارسی کۆنترە و ڕەسەنترین زمانی گروپە ئێرانییەکانە و، هەر بەم زمانە ئاڤێستای زەردەشت نووسراوە و مادەکان هەر بەم زمانە ئاخەفیون و بەردەنووسەکانی ساسانی بەم زمانە چێکراون و....

دوکتور سەعیدخان، هەروەسا زانیارییەکی باش سەبارەت بە هێندێ شاعیری کوردی هەورامی وێژ، دەخاتەڕوو و دیاردی دەکاتە سەر مزگەوتی (دارولئیحسانی) سنە و وەک مەکۆی عیلمی و زانستی ناوی دەبا و باسی شێعر و شاعیری و زانایان و فەقێیانی کورد لەو مەکۆ زانستییەدا دەکات.

لەم بارەوە دوکتور سەعید دەپەرژێتە سەر ناوویادی «سەیدی هەورامی»ی کۆن و «سەیدی هەورامی»ی دواتر و هەروەها، شەفیع، شەهاب، ئەمانوڵلاخانی دووەم، مەحزونی، مەهجووری و مەلا ڕەحیمی مەولەوی کە بە مەعدوومی ناوی دەبات و بە دوو بەیتێک یادی خانای قوبادی دەکاتەوە و شێعرەکانی هاوتای خەییام دەشوبهێنێ. ئینجا وێڕای باسی مەلا پەرێشان و مەلا حەقالی[٤]، دیاردی دەکاتە سەر میرزا مستەفای دولدولی[٥] و دەڵێ بەشێکی زۆری شانامەی کردووەتە کوردی.

وێجا، دەپەرژێتە سەر لێکدانەوەی زمانی کوردی، دەگەڵ زمانە کۆنەکانی گروپی ئێرانی و، زمانی کوردیی نهۆ بە زمانی مادی دادەنێ و ئێژێ هەر بەم هۆیەشەوەیە ئێمەی کورد باشتر لە زمانی پەهلەوی و کارنامەی ئەردەشیری بابەکان دەگەین و تەنانەت دەڵێ کوردگەل لە کەژوکۆی دەماوەندیشدا ژیاون و زاراڤەی سمنانی و دامەغانی بەڵگەیە بۆ ئەم کۆنەژینەی کوردان لەوان هەرێماندا.

دوکتور پاش ڕوونکردنەوەیەکی زانستییانە لە سەر هەوەڵین شێعر و هەوەڵین شاعیر دە ئێرانی کۆندا دەبێژێ «ڕەنگە شێعری (باربود) و (نەکیسا)ش هەر بەم زمانە مادییەی ئێمە بووبێ و کتێبی (زەند)یش هەر بە زمانی ئێمە بووە و پاشان کراوەتە فارسی».

دوکتور ژ پاش وان قسە و باسان، دیاردی دەکاتە سەر شێعری (هورموزگان) و پێشینەی شێعری کوردی بەر لە ئیسلام و شێعر و هۆنراوەی باباتاهیر و سوڵتان سەهاک و پیربینیامین و داوود و ڕەزدار بە هەمان شێوە دەقەبڵێنێ.

ئەمجار باسی پیتگەلی «ماسی السوراتی»ی کوردی کۆن دەکات و یادی قەواڵە کۆنەکانی هەورامان دێنێتە گۆڕێ و لە هۆش و ژیریی خەڵکی ئەو سامانە ستایش دەکا و سەرەنجام، خۆی بە «شاعیر» و نیشتمانی بە «مەحبووب»لە قەڵەم دەدات.

لە کۆتایی ئەم پێشگوتنەدا دەبێژێ:

"چونکە (نزانی مزگانی) بە زاراوەی هەورامی یە و، لەوانەیە هەموو کوردێک تێی نەگات، فەرهەنگۆکێکم بۆ وشە دژوارەکانی چێکردووە و لەم فەرهەنگەدا وشەگەلی کرمانجی باکوور ـ زازایی ـ دینەوەری لای کرماشان و سونقوڕ و سمنانی یشم تێدا گونجاندووە و لەگەڵ فارسییەکەی لێکم داوەتەوە. هەروا بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئورووپاییش کەڵکی لێ وەرگرن وشەکانم کردووەتە ئینگلیزی. ئەڵبەتە هەموو شتێ لە پێشدا کەموکوڕی هەیە، ئەم کارەی منیش لەم نموونەیە بێبەری نییە، بەڵام هیوامە لاوانی ژیری کوردان، کەلێنی کەموکوڕی پڕکەنەوە و ڕەنج و زەحمەتی ئەز بە فیڕۆ نەچێ".

٦- لە لاپەڕی (٨) پێرستەکە و پێشگوتارەکەدا دیاردی دەکات کە سەرەتایەکیشی بە زمانی کوردی بۆ ئەم پەڕتووکە نووسیوە، بەڵام دەگەڵ کتێبەکە چاپ نەکراوە و نازانین چەند لاپەڕەیە و چی نووسیوە.

٧- دەقی سەرەکی کتێبەکە، کە سەرجەم ٥٧٠٠ بەیتە شێعری هەورامی یە.

٨- سەرەنجام لە کۆتاییدا، ١٢ لاپەڕەشی بۆ سەهونامە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی چاپی، بۆ کتێبەکە نووسیوە کە سەرجەم لاپەڕەکانی ئەم کتێبە دەبنە (٥٨٠) بەنگ.

تەقی زادە لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٠٣٩ (١٩٣٠)، حەیدەر عەلی کرمانی لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٠٩ و دوکتور خۆی لە (خەزەڵوەری ١٣٠٩)دا سەرەتایان بۆ کتێبەکە نووسیوە و، خەتخۆش «جەماڵەددینی نوسخی» لە ١٩٣٥دا نووسیوتەوە و ئامادەی چاپی کردووە، بەڵام دیاری نەکراوە دە چ ساڵێکدا لە کوێ و چەند دانەی لێ چاپ کراوە؟!

کتێبی (نزانی مزگانی) لە ڕواڵەتدا وەرگێڕانی بەشێک لە ئینجیلەکان و تەوڕاتە بە زاراوەی هەورامی و شێعری ڕەسەنی کوردی، بەڵام هەستی کوردایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی بە سەر شاعیردا زاڵ بووە و لە ڕۆر جێگەدا واز لە بیری ئایینی دێنێ و دەپەرژێتە سەر بارودۆخی وڵات و ڕەسەنایەتی کوردان و شێعری شاعیرانی کورد ئاوێتەی دیارییەکەی دەکات.

ئەگەرچی بە ڕواڵەت دوکتور سەعیدخان واز لە دینی ئیسلام دێنێ و دەبێتە مەسیحی، بەڵام زۆرجار بە ڕێزەوە یادی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و ئایشە و تەنانەت حەزرەتی «محەمەد»ژی دەکات و حەدیسیان لە زار دەگێڕێتەوە.

کاتی خۆی لە ساڵەکانی (١٣٥٠-٥١) یەکدوو ڕا لەبارەی دوکتور سەعیدەوە، دەگەڵ خودالێخۆشبوو ڕێزدار ئایەتوڵلا مەردووخی کوردستانی دواوم. دەیفەرموو دروستە دوکتور بە ڕواڵەت ببوو بە مەسیحی، بەڵام هەستی کوردایەتی لە دونیایەتی فرەتر بوو. هۆگرییەکی فرەی بە عیرفان هەبوو. عارف بوو، زۆری گوێ نەدەدا هیچ دینێک. لە موسوڵمانەتییەکەشی هەروابوو چ بگا بە مەسیحییەت. ئەم فەرمایشتانەی مەردووخ لە شێعرەکانی دوکتور سەعیدا باش دەردەکەوێ و لە زۆر جێگەدا خۆ لە قەرەی عیرفان دەدا:

زین ئەلعابدین یاهوو بایەزید
پیرانی تەریق، سەرحەڵقەی مورید
چەندێ خاسەش وات شێخ مەحیەددین
بەو ژیری و فامین هەزار ئافەرین

هەروەک دە پێشدا گوتم دوکتور سەعیدخان، زۆر جار نە تەنیا ئاوڕی وەسەر شاعیرانی کوردەوە داوە، بەڵکوو جاروبارێش نموونەی شێعریشی کردوونە دەساوێژ، بۆنموونە:

قەول مەولەوی مەلا ڕەحیمەن
هەرچەند مەرتەبەش فێشتر عەزیمەن
مەعدوومی شاعیر خاسەش کەرد بەیان
گۆشت بۆ شێعرەش پەریت بوانان
درەخت وی ڕەس سارا و سویردان
کەی وێنەی درەخت باغێ سەمەردان؟!

دوکتور سەعیدخان، هەروەها کۆشاوە دەمیت و پەند و ئامۆژگاری سەرزاری خەڵکی ئەوکاتی سنە و هەوارامانیش دە پەڕتووکەکەیدا جێوار بکات و لەم مەیدانەشدا زۆر سەرکەوتووانە کاری کردووە و توانیویەتی پەندگەلێکی زۆر ئاوێتەی شێعرەکانی بکات. لەم بارەشەوە بۆنموونە دیاردی دەکەمە سەر چەند پەند و دەمیت و ئامۆژگارییەک. بانەوەش بڵێم، بەشێکی زۆری ئەو چەشنە پەند و دەمیتانە ئێستا لە سنە و هەوراماندا تاڕادەیەکی زۆر لە سەر زاران تەڕیون. خۆشی لە سەرەتاکەیدا ئێژێ:

"کاتێ پاش (٥٠) ساڵ گەڕامەوە سنە و چوومە هەورامان، نە سنەی جاران مابوو نە هەورامانی پێشوو... لە کاتی لاوێتی و گەنجیدا، عولەمای چازان و گەورەپیاوانی ژیر و زانا، دە مەدرەسەکان و دارولعیلمی کوردستاندا بوون، کۆڕ و بەزمی مەدرەسەی «دارولئیحسان» و «دارولئەمان» و چەند جێگەی تر، لە قسەی خۆشی قسەخۆشانی زانا گەرم و گوڕ دەبوو. هەروەک دەورانی ئەمانوڵلاخانی گەورەی والی ئەردەڵان، شاری سنە، مەکۆی عولەمای تێگەیشتووی زەریاسای زانستی بوو. پیاوانی مەزن و شاعیرانی خۆش نێو، شێعری فارسی و عەرەبی و کوردیی خۆش و باش و لەسەردڵانیان دەهۆنیەوە. پلەی زانستییان جێگەی شانازی بوو. دەبوو بە گێوێکی وا پڕ لە زانست بێژی «زانستگە».

بەڵام لەم بیست ساڵەی دواییدا، کە من سێ ڕا چوومەوە نیشتمان دیتم بە گوێرەی پەندی مەشهوور کە ئێژن: «یا گێو شابازان، کوڕ کوڕەوازان» جگە لە چەند کەسێ کە وەک شەمچەی سوور دەچوون کە «ئەوانیش پرش و بلاو بوون، یان بولبول ئاسا لە سەر خراوەی کەلاوە چریکەیان ئاه و زاری بوو»، کەسیتر دەوێدا نەمابوو. سنەی مەکۆی عیلم و زانست ببوە کاولاشی نەزانی، ئەو گۆڕانە بێفەڕە منی زۆر پەژارەدار کرد. بەتایبەت کاتێ کە بینیم، تەکیەی ئاوەدانی دەروێشان، بۆتە کەلاوەی خۆڵەمێشان و، زمانی شیرینی هەورامی کە هەر کۆنە زمانی مادیی ئارییایی یە، کەوتبوە بەر لێشان... چیای سوورەکەوڵ و ڕێگەوبانی هەورامان و مەریوان کە لە چاخی خورتی و گەنجیدا دیتبوومن و لە بەر پڕی جەنگەڵ و چڕی لێرەواری مایەی ئیرۆیی باغی ئیرەم بوون، ببوونە قاقڕستان و دارودرەخت و دەوەنیان خاشەبڕ کرابوو. نیشتمانی منیان وەک ژنی سرتاشراوی ئەگریجەبڕاو لێکردبوو. دیتنی ئەم دیمەنانە کزەیان خستە سەر جەرگ و هەناوم.»

ئەمەش چەند نموونەیەک لە پەند و دەمیتی کوردی سنە و هەورامان، کە دوکتور سەعید ئاوێتەی شێعرەکانی کردوون. ڕەنگە ئەگەر هەورامیزانێکی کارامە بە وردی لە کتێبی (نزانی مزگانی)خورت بێتەوە، سەدان نموونەی تری لێ هەڵێنجێ:

«پەی ئەو شادی من تەمام ماتەم بی»، دڵەی پەشێوم یاغی و پەڕێشان»، «وێڵ و ئەڕاگیل ئەوداڵ شاران»، «وێنەی بایە قووش هام نە وێرانە»، ئۆخەیج ئاوات و حەسرەتم بریا» و...

دوکتور سەعیدخان، ئەحمەدی خانی ئاسا، ئینجیل دەکاتە بەهانە بۆ زیندووکردنەوەی زمانی ئەتەوەکەی و بە هۆنینەوەی (نزانی مزگانی)، هەزاران وشەی جوان و ڕەسەنی هەورامی گردوکۆ دەکات و لە فەوتانیان لە بەرانبەر لێشاوی زمانی هەندەری دەیانپارێزێ. بەم جۆرە خزمەتێکی گەورە و بەرچاو بە فەرهەنگ و کولتووری گەلی کوردستان دەکات. لەم بوارەشدا، دیاردی دەکەمە سەر چەند وشەیەکی ڕەسەنی کوردیی هەورامی کە لە توێی کتێبەکەدا تۆمار کراون. وشەگەلێکی کە ئێستا لە سنە و هەوراماندا هەر لە بیرانیشدا نەماون، یان هەتا ڕادەیەک گۆڕاون:

**ئیسەیج**: ئیسە، ئێستا؛ **پەنم**: پێم؛ **دوما**: دوا، دوایی، پاشان؛ **دیتر**: ئیتر، ئیدی؛ **ئەوگار**: ئەوجار؛ **ئەرچە**: ئەگەرچی؛ **ئیدەن**: ئەوەیە، ئەوهەیە؛ **زارو**: مناڵ؛ **ژ**: جە، ژی، جا؛ **گێو**: جێ، شوێن، جێگە؛ **گەرد**: گشت، هەموو؛ **کیانا**: ناردن، هەنارد؛ **فێشتر**: زۆرتر، فرەتر؛ **ئۆدەم**: دیسان، لەوکاتدا؛ **هەرگیس**: هەرگیز، قەت و هتد...

کتێبەکە، بە ڕواڵەت ئایینزای مەسیحی یە، بەڵام لە ڕاستیدا، زۆری گوێ نەداوەتە ئینجیل و تەوڕات، بەڵکوو هەسپی کوردایەتی بە کەیفی خۆی تێیدا تاوداوە و پەرژاوەتەسەر سەر دابونەریتی کوردان و لەم بارەوە شتێکی زۆر جوان و دانستەی تێدا تۆمار کردووە.

هەروەک گەرد لامان دەزانین، سنە (ئوستانی کوردستان)، بە فەرش و مافوورەی جوان و ئاڕاستە بە ناوبانگە. دەست و پەنجەی ئەخشینی ئوسای قالیبافی کوردیی ئەم هەرێمە، جوانترین و پڕبەهاترین مافوورەی کوردی دەخوڵقێن و ئەم هونەرە ڕەسەنەی کوردییان بەوپەڕی پێشکەوتن گەیاندووە. لە سەردەمی دوکتور سەعیدخانیشدا، هونەرمەندی قالیبافی کورد، سەرنجی ئەو زاتەی ڕاکێشاوە و ئەم هونەرە لە توێی (نزانی مزگانی)دا کە وەک یادگارێک پێشکەشی ئەتەوەکەی کردووە، ڕەنگی داوەتەوە:

ئوسای قالیباف ماهیر تەونگەر
مەزانۆ ڕەنگ و تان و پۆ یەکسەر
ئاسمان گۆیی، چەرمی و سیارەنگ
چێهرە وە وەنەوش، ماویەکەی قەشەنگ...

دوکتور سەعید خان بینیش و تێڕوانینێکی جوانیشی لە سەر ژن هەبووە. ژن بە کۆڵەکە و کووچکی بونیادی ماڵ دادەنێ و وەک یار و یاوەری گیانی مێرد ستایشی دەکات:

کۆڵەکەی بونیاد، کوچ و ماڵەکەم
هاودەم هاوڕاوێژ هاوخەیاڵەکەم
یارەکەی گیانی غەمخوار و ڕەفیق
نە غوسسە و دەردان مەعەزی و شەفیق
عیشق بی ڕیا چون کەوتە ئەو سەر
هەسارەی بەختم درۆشیا چون خودر...

شەڕی ئەوەڵی نێوگەلان دێتە پێشێ و هەزاران گەنج و لاو دەبنە دەستەچیلەی ئاگری جەنگی زلهێزان. لاوان بە کۆمەڵ دەبنە قوربانی خوای جەنگی قەڕاڵەکانی جیهان. دوکتور سەعیدخان کە لەوکاتەدا خەریکی دانان و هۆنینەوەی (نزانی مزگانی) دەبێ، بە شێعر دژایەتی خۆی لەگەڵ جەنگ نیشان دەدات و، باسی کەنیشکێک دەکات کە دەزگیرانەکەی دەبێتە قۆچی قوربانی جەنگخوازان. لە زمان کیژەوە، شیننامەیەک دادەنێ کە هەر دەڵێی شینی خەجێی بابانوێرانە بۆ سیامەندی ڕەبەن:

ئەی وای چیشەش کەرد بای خەزان مەرگ
داش وە هەردان دا گوڵم وچەنیو بەرگ
ئای فەلەک چەپگەرد ئینە چیشەت کەرد
ئارەزوو جوفت بی تۆ تاقەت ئاوەرد

حـــــجلەی زەمـــــاوەن بێ زاوا ئەی ڕۆ
جـــەژن کـــار خـــەیر چون عـــەزا ئەی ڕۆ
بەڵێ «مـەعـدوومی» خـاسـەش فـەرمـاون
پەی بـی وەفـــــــائیـت دانش شـکـاون
«کـام سـەرشـام تـەمـای تاج کـەییت نەکـەرد
سـویحـدەم وە تاج سـەرنـیـیت نەکـەرد؟
کـەی بی کـەی مـەجلس شـادی نیـاوە؟
پۆس گـەلەش وە دەف تۆ دەنگ نەداوە؟...٦

ڕاو و نێچـیـروانی یەکێک لە گەمە و سەرگەرمییەکانی سەدەیەک لەمەوپێشی کوردستان و کوردەواری بووە، زۆری خان و سان و ئاغا و بەگلەر و دەسەڵاتدارانی کوردستان لە ڕاو و شکاردا خێوی ناوبانگ بوون و بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان بە ڕاو تێپەڕیوە. لە کوردستانی ئەردەڵانی سەردەمی دوکتور سەعید خانیشدا، ئەم باوە کوردەوارییە هەر لە ئارادا بووە و سەرنجی دوکتوری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. هەر بەم هۆیەشەوە بە شێـوازێکی جـوان پەرژاوەتە سـەر ڕاو و شکاری سەردەمی خـۆی و بەم چەشنە باسمان بۆ دەکات:

نە عـــــیلم ڕاودا فــــرەیک کـــــاردانی
مـــاهیــــر و ئوسـتــــــای شکارەوانی
چەن دانە تـولە و تانجــــیش جــــە لا بی
هەمـــــوو مـــەعـــەلیم هەمـــوو وریا بی
نـە وەخت ڕاودا ئـوســـــــای شـکـارچی
هەور مەگەرت وەدەس چەنیو وێش قەمچی...

دوکتور سەعید لە کتێبە هێژاکەیدا، هەر کات باسی میللەتێک دەکات کتومت کوردیشی دەگەڵ دەخات و بە یەکێک لە گەلانی جیهانی نێو دەبات. ئەمەش بۆ کوردێکی سەدساڵ لەمەوبەر کە لە ژێر یاسای ڕەشی قاجار و پەهلەویدا ژیاوە، نیشانەی هەستی بەرزی کوردایەتی یە:

برا کـوردەکـەی مـوسـڵـمـان مـەزهەب
عـــــەرز من وە تۆ ئیـــــدەن وە ئەدەب
دەی بازە پەریو ئەکـــــرادیچ یا حـــەی
ســەمـــەر حـەیات بارۆ پەی دەر پەی...

بەداخەوە تا ئێستا باسی کەسایەتی و مەزنی و، شێعر و شوێنەواری دوکتور سەعید لە چاپەمەنی کوردیدا زۆر کەم کراوە و کەس ئاوڕی وە سەر ئەو کوردە هێژایە نەداوەتەوە. هەر ئێژی هەرگیز کوردێکی وا هۆگری کوردایەتی لە پشتی تاتەی دایە و نەکەوتۆتە سکی دادەی. لەم بوارەدا تەنیا ڕەحمەتی ئایەتوڵڵا مەردووخی کوردستانی لە مێژووی «تاریخ کرد و کـردسـتـان و توابع»دا بە زمـانی فـارسی لە جـلـدی ٢ی لاپەڕەی (١٧و١٨)دا زۆر بە کورتی، کورتەباسێکی لێوەکردووە و دەنووسێ:

«هەرچەند ئاییـنزای گـۆڕابوو، بەڵان هەسـتی کـوردایەتی دە دەمـاریدا مابوو...» مەردووخی پاکڕەوان ئینجا بە بۆنەی دەرچوونی کتێبی (نزانی مزگانی) پارچە هەڵبەستێکی پێشەکەشی ئەو زاتە پایەبەرزە کردووە و دیاردی دەکات کە هەموو نامە گۆڕینەوەیەک لە نێوانیاندا هەر بە کوردی بووە. شێعرەکەی مەردووخ بەم سەرەتایە دەست پێدەکات:

ئارام دڵەی پڕ جـــە خـــــارەکــــەم
دەرمـــــان دەروون پڕ ئازارەکـــــەم*

هەروا «سـەدیقی سـەفی زادە (بۆرەکـەیی)»یش لە پاژی ٢ی لاپەڕەی ٢٤١تا ٢٤٦ی کتێبی (مێژووی وێژەی ئەدەبی) دا، زۆر بە کورتی باسی دوکتور سەعید دەکات و نووسراوەکەی ئایەتوڵڵا مەردووخ سەبارەت بە وی دووپات دەکاتەوە و ئینجا لە قەولی «موحیتی تەباتەبایی» (محیط طباطبایی)یەوە دەنووسێ گۆیا دوکتور سەعید خان بۆ دانانی کتێبی (نزانی مزگانی)، شوێنەوارە خەتییەکانی ئەهلی حەقی لە تاران، لە «نوورعەلی ئیلاهی» وەرگرتووە و چێژەی ئەدەبی لێ وەرگرتوون. ڕەنگە ئەم قسەیە تاڕادەیەک ڕاست بێ، بەڵام وەرگرتنی شوێنەواری ئەدەبی ئەهلی حەق لە لایەن دوکتور سەعیدەوە بۆ دانانی (نزانی مزگانی) نەبووە، بەڵکوو بۆ نووسینی فەرهەنگەکەی بووە.

با ئەوەش بڵێم نوور عەلی ئیلاهی کوڕی حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحون ئابادی بووە. ئەو باب وکوڕە بەشێکی زۆری شوێنەواری کوردیی «ئەهلی حەق»یان لە کوردییەوە کردۆتە فارسی و بە ناوی «شانامەی حەقیقەت» لە چاپیان داوە. بەم جۆرە خەیانەتێکی گەورەیان بە وێژەی ئەدەبی و ئاییـنزای ئەهلی حەق کردووە.

* بۆ تەواوی پارچە هۆنراوەکە بڕوانە: گزینگ ی ژمارە ٢٥، لاپەڕەی ٢١. (گزینگ)

**پەراوێزەکان:**

١) ئەم میرزا حوسێنە، «حوسێنی حەبیبی»خەڵکی مەهاباد بووە کە لەگەڵ کچێکی مەسیحی خەڵکی نورویژ کە وەک مسیۆنێر هاتۆتە کوردستان، دەزەوجێ. ئەو کچە کە ناوی «میس دال» خانم بوو، نزیکەی پەنجا ساڵ تەنیا مامای شاری مەهاباد بوو و خزمەتێکی یەکجار مەزنی بە خەڵکی ئەو شارەکرد، کە بەرە و نەسلی ئێمە هەموومان کوڕ و کچی میس دال خانمین. میس دال خانم سەرەنجام هەر لە مەهاباد چوە سەر دلۆڤانی یەزدان و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان تەسلیم بە خاک کراوە. میس دال خانم کوڕێکی زانای لە پاش بە جێ ماوە بە ناوی سیرووسی حەبیبی(دالی) کە ئێستا لە ئەمریکا دەژی.

٢) ئەم گوندە لە نزیک شاری قوروە و لە دێهستانی ئەسفەندئاوا هەڵکەوتووە.

٣) هەر دەزگایەکی کوردی بیەوێ ئەم یادگارە پڕ بایەخەی کوردی چاپ بکات، ئەز ئامادەم کۆپی ئەم فەرهەنگەی بۆ پەیدا بکەم.

٤) مەلا حەق عەلی کورد، شاعیرێکی ناوچەی کرماشان بووە.

٥) ئەو قسەیەی دوکتور سەعید سەبارەت بە مەلا مستەفای دلدلی، هانی دام وە پێوشوێنی شوێنەوارەکەی کەوم و بزانم داخۆ چی کردووە و شانامەی چلۆن کردۆتە کوردی. سەرەنجام پاش گەڕان و پرسان، نوسخەیەکم لە «ڕۆستەم و زەردەهەنگی دێو»ی میرزا مستەفا گیرهاورد و ئێستا کۆپییەکم لە لایە. خودێ یار بێ لە دەرفەتێکدا لە «گزینگ»دا باسی دەکەم.

٦) وەک ئیشارە کراوە ئەو دوو بەیتی یە ئی «مەعدوومی» واتە مەولەوی یە، بەڵام لە (دیوانی مەولەوی)یەکەی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ئەمدۆزیەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- کتێبی *نزانی مزگانی*، **دوکتور سەعیدخانی کوردستانی.**
٢- *طبیب محبوب*، **ج رسولی، کیدی الن**، سالی چاپ و جێگەی چاپ نادیارە.
٣- *دکتر سعیدخان کردستانی*، **ج رسولی، کیدی الن**، ...
٤- *تاریخ کرد وکردستان و توابع*، **آیت الە مردوخ کردستانی.**
٥- *مێژووی وێژەی کوردی*، **سەدیق بۆرەکەیی**، چاپی تاران، ١٣٧٠.
٦- یادداشتەکانی ڕۆژانەی دوکتور سەعید خان، بە فارسی و کوردی (ئەو نووسراوەیەلە تاران لە لای پیرێژنێکی هەرمەنی پارێزراون).
٧- فرهنگ کردی، دوکتور سەعید ئەم فەرهەنگەی بە چوار زاراوەی کوردی و بە زمانی فارسی و ئینگلیزی نووسیوە و هەتا ئێستا چاپ نەبووە. ئەم فەرهەنگە وەک (قاموس)ی «جیمز هاکس» کە لە بەیروت چاپ بووە، داندراوە. چونکە کاتی خۆی دوکتور سەعید بۆ نووسینی (قاموس) هاوکاریی جیمزی کردووە و لەوی فێر بووە چۆن فەرهەنگنووسی بکات. خۆزیا دەزگایەکی کوردی ئامادەبایە ئەم فەرهەنگەی چاپ کردبایە.
٨- گۆڤاری **هیوا**، ژمارە٨، پاریس سالی ١٩٩٢. دیارە سپاسی کاک ئەنوەری سوڵتانی دەکەم بە نوکە تانەکەی کە لە دوکتور سەعیدخانی دابوو، منی هێنایە سەر ئەم ڕایە کە ئەم وتارە دووروودرێژە بنووسم. نووسراوەکەی کاک ئەنوەر لە گۆڤاری ناوبراودا چاپکراوە.

رەخنەی هونەری:

# کرماشان

### کەوانە (سێ دێ)ی نوێی

## هونەرمەند ناسری ڕەزازی


قاسم ڕەیانی

لە کارە تازەکانی ناسری ڕەزازی کەوانە(سێ. دێ) بە ناوی "کرماشان" هاتە نێو بازاڕەوە. ئەو کەوانە بریتی یە لە: دە گۆرانی و مەقام. لەو دە گورانییانە، پێنج گۆرانی و مەقام کاری تازەن و، پێنجەکەی دیکەش نوێ کراونەتەوە.

گۆرانی یەکەم کارێکی تازەیە. شێعر ی ڕۆمانتیکی "حیسامەدین"، ئاهەنگی ئارام و مۆسیقای ڕێکوپێک دەنگی هونەرمەند ڕەزازی هاوڕایی دەکەن. گۆرانی دووهەم ناوی "گوڵوەنەوشە"یە کە هۆنراوەکەی بە زاراوەی ناوچەی کرماشانە و ئاهەنگەکەی نوێ کراوەتەوە. گۆرانی سێهەم بەرهەمێکی تازەیە کە هۆنراوە بە ناوبانگەکەی "دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت"ی سوارە ئیلخانیزادەی لە سەر دانراوە. ئاهەنگی ئەم گۆرانییە بە شێوەی جازە کە لە مۆسیقای کوردەواریدا مێژوویەکی درێژی نییە. ئاهەنگی چوارەم مەقامێکە بە ناوی "کۆچ" کە هەڵبەستەکانی نەزانرا هی کام شاعیرە. گۆرانی ژمارە پێنج ئاهەنگی "مامە" بە دەنگی شادرەوان عەلی مەردانە کە بە تەنزیمێکی جیاواز گوتراوەتەوە. گۆرانی شەشەمیش کە ناوی "شیرین خانم"ە، گوتراوەی دەنگخۆشێکی دیکە و فۆلکلۆری ناوچەی هەورامانە کە بە مۆسیقا و تەنزیمێکی جیاواز لە لایەن هونەرمەندەوە پێشکێش کراوە. گۆرانی حەوتەم ئاهەنگە بەناوبانگەکەی ناوچەی کرماشان بە ناوی "بەو بەو"ە کە دیکلەمەی هەڵبەستێک لە دەسپێکیدا ئاهەنگەکەی دەڕەنگێنێتەوە. گۆرانی هەشتەم بە ناوی "مەبارەک بێ"، بەرهەمێکی نوێ یە. ئاهەنگی نۆهەمیش کارێکی تازەی ڕەزازی یە کە هەڵبەستەکەشی هۆنراوەی خۆیەتی. هەڵبەستی گۆرانی دەهەمیش هەر هی خودی هونەرمەندە کە لە سەر ئاهەنگی فۆلکلۆری دانراوە.

ئەو بەرهەمەی ڕەزازی تێکەڵاوێکی هونەرمەندانەی ئامرازی مۆسیقای ڕۆژئاوایی و کوردی و هەروەها ریتم و وشەی کوردی یە. فۆلکلۆر و جاز، دەهۆڵ و زوڕنا لەگەڵ ساکسیفۆن و کەیبورد لە یەک بەرهەمدا، بۆ بیسەر نامۆیی ناهێنێتە پێش.

ئەو تایبەتمەندییە بە تایبەت لە گۆرانی "شارەکەم" بە ڕوونی دیارە. گوتنی جاز لە کوردەواریدا زۆر هاسان نییە. ڕەزازی لێرەدا بێ هیچ دەخۆنووسان و خۆ زەحمەتدانێک و بێ ئەوەی بیهەوەێ بە "بەدیهە" گوتن حەوسەڵەی بیسەری خۆی بەرێ، وەستایانە دەیڵێ. تەنزیمی ڕێکوپێکی ئاهەنگەکە بۆتە هۆی نەبوونی دەنگی زیادی و ناوەختی ئامرازەکان. ئەو بەرهەمە ئاشنا کردن و ئاوێتەکردنی ستروکتووری دوو چەشنە مۆسیقایە کە ڕێگە بۆ دەوڵەمەندی و پەرەسەندنی موزیکی کوردەواری خۆش دەکا. دەنگی بە سۆز و ڕووح هەژێنی ساکسیفۆنی "چاڕلی"، بیسەر سەرخۆش دەکا. لە گۆرانی هەشتەمدا، کە حەیف کورتە، لایەکی دیکەی هونەر وەدیار دەکەوێ. وشەی کوردی، ئاهەنگ و تێمی کوردی و ریتمی بەناوبانگی یەک لە سەر دووی کوردی بە تەنزیمێکی یەکجار بەرزەوە، هەموو دەست




دەدەنە دەست یەک و کورد گوتەنی "عەرش و قورش وە سەما دەخا" و بۆ ساتیکیش بێ، خەم و پەژارە لە دڵان دەسڕێتەوە. ئەو ئاهەنگە بێشک دەبێتە ئاهەنگی ڕازێنەری هەموو شایی و گۆڤەندێک و، لە سەرانسەری کوردستاندا بووک و زاوایان پێک شاد دەکا.

لە گۆرانی یەکەم(تاسەبار)دا کە هەڵبەستەکەی، شێعرێکی نیشتمانپەروەری و ڕۆمانتیکە و ڕەنگدەرەوەی دەرد و پەژارەی دوورە وەڵاتی یە، هەڵبەست و ئاهەنگ لە گەڵ یەک گونجاون و وردبینییەکی تایبەتی تێدا بە کار هێندراوە. بەڵام پێش ئاهەنگەکەی تێمی عەرەبی هەیە. ئەو شتە بە تایبەت لە ئاهەنگی "مامە"دا دیارە. لەو ئاهەنگەدا هەر تەنیا وشەکان کوردین. دیارە گوتنەوەی گۆرانی و مەقامی فۆلکلۆری کوردی بە مەبەستی نەفەوتانیان، کارێکی گەلێک گەورەیە، بەڵام گوتنەوەی هەموو ئاوازێکیش پێویست نییە، جا مەگەر ئەوەی کە لە خودی هونەرمەندی ئەسڵی باشتر بگوترێتەوە.

ئەو بەرهەمەی ناسری ڕەزازی تەنیا دەنگخۆشی و هونەری ئەو نیشان نادا، بەڵکوو دەردەکەوێ کە ئەو لە هۆندنەوەی هەڵبەستیشدا دەستی هەیە و لەو بوارەشدا زەحمەت دەکێشێ. دەنگی پوختە و "کەللەیی" ڕەزازی، شێعری گونجاو لەگەڵ ئاهەنگ، تەنزیمی ڕێکوپێک، کەڵک وەرگرتنی بە جێ لە ئامرازی مۆسیقای کوردی و ڕۆژئاوایی و تەنانەت گونجاندنی دەستەی کۆڕ لەو کۆمەڵە بەرهەمەدا، بەرهەمێکی بە نرخی هۆنەری دەخولقێنن. شتێکی کە تایبەتمەندی هونەریی ڕەزازی یە و هەموو بەرهەمەکانی ئەو دەگرێتەوە، ڕاوێژی خۆشی زار و گوتنی وشەکانە. بیسەر کە دەنگی هونەرمەند هەودای خەیاڵی ڕادەکێشێ حەوجێ بەوە نابینێ ئەو هەودایە بپسێنێ و بیر بکاتەوە و بگەڕێ و بزانێ ئاخۆ ئەو یان ئەم وشەیە چ بوو. بە یەکجار گوێهەڵخستن لە ئاهەنگێک وشە و موزیک وێڕای یەک دەچنە ناو دەروونەوە.

دانانی نێوی کرماشان لە سەر ئەو کەوانە و گوتنی دوو گۆرانی هەستبزوێنی ناوچەی کرماشان و نێوئاخنکردنی دیکلەمەیەکی سیاسی بە زاراوەی ئەو ناوچەیە، خۆی لە خۆیدا کارێکی ژیرانەیە و نیشاندەدا کە کرماشان نەک هەر لە مەیدانی گۆرانی و هەڵبەست و هونەری کوردەواریدا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵکوو لە سیاسەت و جوگرافیای کوردیش جودا ناکرێتەوە.

لە کۆتاییدا وێڕای سەرکەوتنی زیاتر بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی، هیوا وایە کە خاوەن ئەزەرانی مۆسیقا بایەخ بە کاری ڕەخنەگریی لە بواری مۆسیقا و هونەرمەندا بدەن و لەو ئاستەوە هونەرمەندان و کارەکانیان لە ژێر چاوەدێری و نرخاندندا هەڵسەنگێنن. ■

# «ڕۆژنامەی کوردستان»

# و

# کوردەکانی هەندەران

شەماڵ موکریانی

لە مێژووی کون و نوێی کورددا کۆچ و کۆچبەریی دیاردەیەکی نوێ نییە. هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان بە جۆرێک بووە کە زێد و نیشتمانی کورد بێ نێوەبڕ ببێتەگۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان. یاخۆ بە هۆی سیاسەتی نکۆڵیکردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە هەر ماف و ئازادییەکی ئینسانی بێبەش بێ، دەست بداتە چەک و، بە هەڵگیرسانی شەڕ، سەرمایەی گەورەی ئینسانی و ماڵیی لە کیس بچێ و نیشتمانی کورد بە دەگمەنیش ڕووی خۆشی و هێمنی بە خۆیەوە نەبینێ. کورد زۆر جار لە مێژووی دوور و نزیکی خۆیدا ناچارکراوە نیشتمان و زێدی خۆی بە جێبێڵێ و بەرەو چارەنووسی نادیار مل پێوەبنێ.

بۆیە بە داخەوە دەتوانین بڵێین مێژووی گەلی ئێمە پڕە لە کارەساتی ئەوتۆ. هەر بەو پێیەش لە ئاکامی شەڕی داسەپاوی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە سەر گەلی کورددا، لە گشت پارچەکانی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لەم ساڵانەی دواییدا، بەپێچەوانەی مەیل و ئیرادەی خۆیان ناچارکراون ڕوو لە هەندەران بکەن و لە وڵاتانی دەرەوە بگیرسێنەوە.

ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەیکە لە جێگای خۆیدا بە کارەساتێکی نەتەوەیی دەژمێردرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تێکڕایی بێ کەڵک نەبووە. پەنابەرانی کورد لە دەرەوە و بەتایبەت لە ئورووپا، سەرەڕای گەلێک گیروگرفتی ژیان، توانیویانە شوێنی بەرچاو لە ڕەوتی ڕوو لە گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دابنێن. هەروەها بە گوێرەی وزە و توانا کێشەی کورد بە گوێی بیروڕای گشتی خەڵکی ئورووپا و جیهان ڕابگەیێنن، جینایەتەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە قاوبدەن. پێویستە ئەو ڕاستییەش لە بیرنەکەین کە بە دەیان گەنج و لاوی کورد، لە پلەی هەرە بەرزی خوێندن خۆیان پێ گەیاندووە و لە هەموو ئەوانە گرینگتر، بە شێوەیەکی بێوێنە بیری نەتەوەیی و کوردستانی لە نێویاندا پەرەی ئەستاندووە.

کەوایە هەندەران لە گەڵ ئەوەیکە ناتوانێ بۆ هیچ کوردێک ئیدەئال و جێگای ڕەڕامەندی بێ، بەڵام کورد توانیویە لەو ئاوارەبوونەشدا، جووڵەی هەبێ و بەرانبەر بە چارەنووسی خەڵکی وڵاتەکەی بێلایەن نەمێنێتەوە.

سەبارەت بەو دیاردەیە، ماوەیەک لەوەپێش وتارێک بە پێنووسی بەڕێز کاک «فەتاحی کاویان» لە ڕۆژنامەی کوردستان(ژمارە ٢٧٦)دا لە ژێر سەردێڕی (سەفەرێکی کورت و چەن قسەیەک) بڵاوکرایەوە، کە لەلایەک جێگای داخە و لەلایەکی تریشەوە جێگای سەرنج و لێ وردبونەوەیە. جێگەی داخە لەبەر ئەوەیکە نووسەر کە خۆی بە بەرپرسی هێزێکی سیاسی مۆدێرنی کورد دادەنێ، تەنیا پێوەرەی کوردبوون لە چوارچێوەی دۆڵێکی تەنگەبەر و بەرتەسکدا دەبینێ و ئەم دونیا پان و بەرینە لە دۆڵێکدا خولاسەدەکاتەوە و، پێیوایە هەرکەس «دۆڵ»ی بەجێهێشت لە کوردبوون دەشۆردرێتەوە. ئەویش تازە دوای ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا هاتووەتەپێش و خەباتی چەکداری بە کردەوە تووشی گیروگرفتی جیددی بووە و، بایەخی کار و تێکۆشانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری لە هەموو کاتێکدا زیاتر دەرکەوتووە، تێڕوانینێکی ئاوا ئەوەندەی دیکە جێگەی داخ و سەرسوڕمانە.

بەڕێز کاویان، سەرەتا بۆچوونی خۆی بەم چەشنە دەردەبڕێ و دەنووسێ:

> «مەسەلەیەکی کە هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا فکر و بیری بە خۆیەوە خەریک کردبوو شتێک بوو کە تێکەڵاوێک بوو لە دوو هەستی بە تەواوی جیاواز و دژ بە یەکتر: لەلایەک داخ و کەسەرێکی تەواو دڵ و دەروونی داگرتبووم کە بۆچی و لەسەرچی ئەو هەموو هاوڕێ حیزبییانەمان کوردستانیان بە جێهێشتووە و ڕوویان لە هەندەران کردووە؟ داخوا باشتر نەبوو ـ سەدجاریش باشتر نەبوو ئێمەیان بە جێنەهێشتبا و هەروەک ساڵانی ڕابردوو لە دەوری یەک باین و لە خۆشی و ناخۆشی یەکاندا هاوبەش باین و تێکڕا بۆ چارەسەریی گیروفرفتەکانی ڕێگەی خەبات هەوڵمان دابا؟» (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٦)

جارێ لە پێش هەموو شتێکدا، تەنانەت ئەگەر لەبەر خاتری دڵی پڕ لە هەستی بەڕێز کاویان یش بووبێ، وایدادەنێین هەموو ئەو هاوڕێ حیزبییانە لە کوردستان مابانەوە، چ دەخوڵقا و، چ موعجیزەیەک ڕووی دەدا؟! بەڕێز کاویان کاتێک باسی مانەوەی ئەو هەموو هاوڕێیانە دەکا، تەنیا مەبەستی «مانەوە» بۆ کاری نیزامی یە. هەروەک دەزانین ئەوە چەند ساڵێک دەبێ کە خەباتی چەکداری بە شێوەی ڕابردوو ناکرێ و، حیزبی دێمۆکرات بۆ خۆشی بە سەراحەت پێ لەو ڕاستییەدەنێ. کەوایە مانەوەی (ئەو هەموو هاوڕێ حیزبییانە) لە یەکێک لە بنکە سەرسنوورییەکان چ نەخش و دەورێکی لە گۆڕانی پارسەنگی هێزەکان بە قازانجی بزووتنەوەی کوردی دادەنا؟

دوا بە دوای ئەو چەند ڕستەی سەرەوە، بەڕێز کاویان لەپڕ پێنووسەکەی تاوەدا و زۆر بێبزەییانە هێرش دەباتە سەر خەڵک و بە تۆمەتی جۆراوجۆر تاوانباریان دەکا:

«ئەو کەسانەی کە هەر لە سەرەتاوە لە ژێر تەئسیری جەوی حاکم دا بۆ ئەوەی لە دۆست و خزمانیان بەجێ نەمێنن، هەروەها بە مەبەستی جۆراوجۆری وەک دەسەڵاتخوازی، خۆڕانان، یان قازانج و بەرژەوەندی ماددی، بۆ ماوەیەک چەکیان لە شان کردبوو و دەستیان کردبوو بە هەڵتۆز هەڵتۆز، بێ ئەوەی باوەڕێکی ئەوتۆیان بە خەبات و فیداکاری و لەخۆبردوویی هەبووبێ و، هەر دوای ماوەیەکی کورت "ئورووپا بگرە هاتم"! کورستانیان بەجێهێشت و خۆیان لە دەست دڵەخورپە و دڵەڕاوکێ ڕزگار کرد! بەڵێ ئەو جۆرە کەسانە وەها چوونەتە ژێر تەئسیری فەرهەنگی ڕۆژئاواوە کە دەکرێ بڵێین تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتانەش خۆیان تۆزیان ناشکێنن و دەسکیان لە دوو ناکەن».

(ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٦)

بەڵێ، خوێنەری بەڕێز هەروەک دیتمان بەڕێز کاویان زۆر بە سەخاوەت و دڵئاواییەوە، گەڵێک نازناوی دزێوی وەک دەسەڵاتخواز، بەزیو و... بەسەر خەڵکدا دادەبڕێ کە نەیانتوانیوە لە کوردستان بمێننەوە. بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەگەر بە ڕاستی کاک فەتاح تۆزقاڵێک قازانجی حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی لەبەرچاو با، نەدەبایە ئاوا خەڵک بریندار بکا. چونکە هەر نەبێ ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکیش بووبێ لە خەباتی گەلەکەیاندا بەشدارییان کردووە و، پاشان بە هەر هۆیەک وازیان هێنابێ شیاوی ئەوە نین بەم چەشنە بێ حورمەتییان پێبکرێ. هەر ئێستاش نەچووە بچێ، ئەو حیزبە دەتوانێ پێوەندییان دەگەڵ بگرێ و بۆ کار و تێکۆشان هانیان بدا.

بێجگە لەوەش، هەموو کەس ئەو قسانەی کردبا، کاک فەتاح نەدبوایە بیانکا. چونکە هەموو ئەو قسانە کاتی خۆی لەلایەن کەسانێکەوە کە ئێستا بۆخۆشیان لە ئورووپا بارگە و بنەیان لێخستووە، بەگشتی بە جەماعەتی «ڕێبەرایەتی» و یەکێک لەوان بە شەخسی مبارەکی کاک فەتاح دەگوترا. بۆیە لێرەدا پێویستە خوێنەری بەڕێز بزانێ کە بەڕێز کاویان بۆ دۆزینەوەی ئەو ناوونازۆرانە نە هیچ خۆی زەحمەت داوە و نە زەختی بۆ مێشکی خۆی هێناوە، بەڵکوو پێشتر بە خەڵکی تر و لەوانە بە خۆشی گوتراوە، کە ئێستا ئەویش بە خەڵکی دیکەی دەڵێتەوە و، دەیهەوێ تۆڵەی خۆی بەمجۆرە بکاتەوە. هەڵبەت نەک بەو کەسانەی کە کاتی خۆی پێیان گوتووە بەڵکوو بە کەسانێک کە تاچەند ساڵ لەمەوبەر سینگی بۆ دادەدڕین و دیفاعی لێدەکردن. کاک فەتاح کاتی خۆی لە ڕاپۆرتی «ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ»دا ئاوای نووسیوە:

«هەروەک لە زۆر جێگای ئەم ڕاپۆرتەدا ئیشارەی پێکراوە لە ماوەی ساڵەکانی ڕابردوودا بەتایبەت دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە وشیار و دڵسۆزەکانی حیزب بە بیانووی جۆراوجۆر و لەڕاستیدا بە هۆی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و موخالەفەت لەگەڵ سیاسەتی ڕاست ئاژۆیانەی فراکسیۆن لە حیزب دەرکراون. بۆ وێنە تەنیا لە نێوان کونگرەی حەوتەم و هەشتەم دا زیاتر لە ٨٠٠ کەس کە کادرە بەئەزموون و سابیقەکانی دەرکران. دەرکردنی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کادرانە بە دەستووری دوکتور قاسملوو و ئاغای شەڕەفکەندی و بە ویستی ئاغای مستەفای هیجری بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی بووە. بەرخوردی ئاغای هیجری کە گوێ لە مستی ئاغای شەڕەفکەندی یە لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەرخوردی ئەو نیزامییە ملهوڕە کەللەڕەقانە وەبیر دێنێتەوە کە بێجگە لە ڕازی کردنی بەرپرسەکانیان ئامانجێکی دیکەیان نییە...».

(لە ڕاپۆرتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بۆ کۆنفرانسی چوارەم، لە نووسینی بەڕێز کاویان)

وەک دەردەکەوێ کاک فەتاح ڕۆژێک لە ناڵ دەدا و ڕۆژێک لە بزمار. هەردەم لە هەوایەکی تێی دەچریکێنێ و ئەوەی ئەورۆ دەیڵێ سبەینێ نایڵێتەوە. ئەوەش بەڕاستی جێگەی داخە. بەڕێز کاویان ئینسانێکی ئاسایی نییە کە هەر ڕۆژێک ١٨٠ دەرەجە قسە بگۆڕێ و کەس بە خەیاڵیدا نەیا. ئەو کەسێکە کە لە ئۆرگانی هەرە بەرزی حیزبێکدایە و هەر بڕیارێکی کە دەیدا پێوەندی بە گیان و چارەنووسی خەڵکەوە دەبێ. دۆێنێ دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید و کاک مستەفای هیجری بەوە تاوانبار بکا کە ئەندامان و کادرەکانی حیزبیان دەردەکرد و ئەورۆ هەر ئەوکەسانەی کە لە ڕابردوودا «دیفاعی لێ دەکردن» بە هەلپەرست و بەزیو لەقەڵەم بدا!

بەداخەوە لە جیهانی ناسراو بە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە هیچ سوننەتێکی دێموکراتیک لە ئارادا نییە، سەرکردە هەموو شتێکە و لێی دیار نییە کە بە دەیان بڕیاری هەڵە و چەوت، گاڵتە بە گیان و چارەنووسی خەڵکەوە بکا و کەسیش بووی نەبێ لێی بپرسێتەوە. لە کۆمەڵی کوردەواریی خۆشمان ڕاست هەر بەم جۆرەیە و حیزبە سیاسییەکانی کوردیش لەم مەسەلەیە بەدەرنین. بەتایبەتی لە حیزبی شاخدا، سانترالیزمەکە ئەوەندەی تر بە هێزترە. سەرکردە بڕیاری شەڕدەدا، دەبێ شەڕ بکرێ. سبەینێ بڕیاری وتووێژدەدا، دەبێ وتووێژ بکرێ. چەند سەرکردەی کورد کە حەساسییەتی دەموچاویان پێکەوە هەیە و بەیەکەوە هەڵناکەن، دەبێ «ئینشیعاب» بکرێ. لە سەر «ناو» پێشمەرگەی یەکتر بەشەڕ دەدەن و کوڕی خەڵک بە کوشت دەدەن. لەوەش خراپتر بڕیاری ئیعدامی کوڕە پێشمەرگەی کورد دەدەن و، پاش ئەو هەموو مەرگەساتە هەوایەکی تر لە کەللەیان دەدا، بێ هەست و خوست یەک دەگرنەوە، بێئەوەی کەس مەسئولییەتی ئەو هەموو تاوانانە وەئەستۆ بگرێ و، بێئەوەی ڕەخنەیەک لە خۆگیرابێ، هەر ئەو کەسانە دوای ئەو هەموو کارەساتە دیسان هەر دەبنەوە سەرکردە.

هەرکام لەو تاوانانە ئەگەر لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا ڕوویدەن، لانیکەم ئەو کەسانە مەجبور دەکرێن بۆ هەمیشە دەست لە سیاسەت بکێشنەوە و خانەنشین بکرێن. کەچی بەداخەوە لە کولتووری وڵاتانی شەرقیدا مەسەلەکە بەپێچەوانەیە و ئەوەی تاوانبارە دەبێتە «داوەری مێژوو»!

لێرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ، داخودا کەسێک لە دوای «ساڵی ٢٠٠٠» ئەگەر بۆی قەبوڵ نەکرێ کە هەرکەس لە دیاریکردنی ژیانی شەخسیی خۆی بڕیاردەربێ، سبەینێ ئەگەر بە دەسەڵات بگا چۆن ئیجازەی فەعالییەتی موخالیفانی سیاسی خۆی دەدا؟!

تۆ بڵێی وەختی ئەو نەهاتبێ ڕێبەرایەتی ئەم جۆرە حیزبانە واز لە بیرو بۆچوونی سوننەتی بێنن و، بە تێڕوانینێکی نوێوە سەیری ئەم هێزەی گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات بکەن؟! ■

# یادێک لە هێژا،
# مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی

**☐ مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی، کەسایەتی ناسراوی کورد، ڕۆژی پێنجشەممۆ ڕێکەوتی ٢٠ی ژانوییەی ساڵی ٢٠٠٠ (٣٠ سەرماوەزی ١٣٧٨ھ)، دوای نەخۆشییەکی درێژخایەن، لە شاری یۆتەبۆری(سوێد) لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و، لە گۆڕستانی موسوڵمانانی ئەو شارە بە خاک ئەسپێردرا.**
**مامۆستا مەلا ڕەحیم لە ساڵی ١٣٠١ھ(١٩٢٢ز) لە شاری مهاباد چاوی بە ژیان هەڵێناوە و دوای خوێندن و تەواوکردنی دەرسی ئایینی، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و خەریکی ئیمامەت و ئیرشادی خەڵک بووە. مەلا ڕەحیمی عەبباسی یەکێک لە ڕێڕەوانی بەوەفای ڕێگەی پێشەوا قازی و یەکێک لە ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. یادی بەڕێز بێ و گڵکۆی پڕ لە نوور.**
**گزینگ**

«لە یاد داشتەکانم»:

**کوردان کەریم مەحموود**

هاوکات دەگەڵ گەرمە بزوتنەوەکەی گەلانی ئێرانی لە دژی ڕژێمی پەهەلەوی، بە ڕێنوێنی هێزە تێکۆشەرەکان و بەلاسایی لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی جیهانی، قەوارەی شوڕای شۆڕش لە شار و شارۆچکەکانی ئێمەیشدا پێکهاتن. ئەندامانی شوڕای شۆڕشی شارەکان لە کەسانی ناسراوی ناو چین و توێژی کۆمەڵگاکە دەسنیشان کران و لەلایەن خاوەنانی پێشە، کارمەندەکان، کرێکارەکان و قوتابییەکان و... هەڵبژێردران.
خەڵکی شاری مەهابادیش هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی کوردستاندا ئەم ڕەهنموودەیان بە گیان وەرگرت و یەکەمین شوڕای شۆڕشی شاریان بە شێوەیەکی نیوە دیموکڕاتیک پێکهێنا (مەبەست لە نیوە دیموکڕاتیک بوون، نەبوونی ئەندامی ئافرەت بوو لە شوڕاکە دا). یەکەمین شوڕای شاری مەهاباد لە دووەمین کۆبوونەوە، لە ساڵۆنی ئیدارەی پۆلیسی دەست بەسەرداگیراوی مەهاباددا، بە پێشنیاری بچووکی خۆتان، هاتە سەر ئەم قەناعەتە بەجێیە کە لە نێو گەنج و لاوە تێکۆشەرەکانی شاری مەهاباددا چەندین کۆمیتەی چالاک و هەڵسووڕاو پێکبێنێت و کار و باری شارەکەیان پێ بەڕێوە بەرێ. ئەو بیرە هەر ئەوەدەم بوو بە بڕیار و لە نێو گەنج و لاوەکاندا دەیان لاوی تێکۆشەر(کە زۆربەیان قوتابی پۆلی ناوەندی بوون و خاوەنانی بیری جۆراوجۆری سیاسیش بوون)، بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژێردران و لە چەندین کۆمیتەی جۆراوجۆر دا ئۆرگانیزە کران. بۆ وێنە پاراستنی شار و دانیشتوانی شار لە شەودا، چاوەدێری قوتابخانە و دەرمانگە و خەستەخانە و شوێنە گشتییەکان، کۆنترۆل کردنی ترافیکی شار، پارێزگاری و چاوەدێری لە مانگرتووانی ژن و کچی شار بەتایبەت لە شەو دا، کۆنتڕۆلی جادەکانی دەرەوەی شار و دەروازەکانی شار و گەلێک ئەرک و ئەسپاردەی تریش خرایە ئەستۆی لاوەکان و لە هەر هەموویشیان دا ڕووسوور هاتنە دەر. بە هەموو کەم ئەزموونی و تازەکاریشمانەوە، بەڵام لەسای بوونی ئیمان بەکار و وێژدانی شۆشگێرانەی گەنج و لاوەکانمان، هەر نەک هیچ عەیبەیەک نەهاتەوە سەر شانی هیچکەس، بگرە کەسانی هەڵسووڕاوی ئەم ئۆرگانە تازەکارە لە تاقیگەی یەکەمدا سەرکەوتوو هاتنەدەر و دڵنیام هەر ئێستایش خەڵکی شارەکەمان بیرەوەری ئەو سەردەمەیان هەر لەبیرە. بەڵام(چەک کردنی) پادگانی نیزامی مەهاباد لەلایەن حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و ڕاگوازتنی چەک و جبەخانەکە لە نیوەی شەودا بۆ دەرەوەی شار، ئەم بانگ و بانگاشە هەڵەیەی خستە دەمی حیزبی(شەفەقی سوور)ەوە و لە نێو خەڵک دا بڵاو کرایەوە کە گۆیا شوڕای شار چەکەکانی باری ترۆمبیلان کردووە و ڕایگوازتووە. ئەم هەرایە بوو بە هۆی خۆ کشاندنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی شوڕا و لە ئاکامدا هەڵوەشان و بڵاو بوونی.
شوڕای دووەم هەڵبژێردرایەوە. لە هەڵبژاردنی شوڕای دووەم دا وەک پرەنسیب دەبوایە ئەندامانی شوڕا سەر بە هیچ حیزب و تاقمێکی سیاسی نەبوانایە. بەڵام هەر لەو دەمەیدا کە شوڕای دووەمی شاری مەهاباد دەستی بە کار کرد، تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دیموکڕاتی کوردستانیش لە نێو جەماوەردا گەیشتە پلەیەک، کە کەم کەس ما، لە بابەلباوە خۆی بە حیزبی نەقەبڵاندبێ. هەربۆیە ئەم پرەنسیبە خرایە ناو کوولەکەی تەڕ و بێدەنگەی لێ کرا.
سەرۆکی شوڕای شۆڕشی دووەمی شار، جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدینی حسێنی بوو. مامۆستا شێخ عیزەدین، کە هەمیشە لە دەقی شۆڕشدا کەرامەتی نەفس و مەزنایەتی دەروونی خۆی نواندووە، ئاسۆی دید و بۆچوونی هەر هێندە هەراو و بێ سنوور بووە و گیانی شۆڕشگەرییەکەی ئەوەندە بەرز بووە، کە گەلێ جاران پاشکۆناوی(کمونیست)، (مەلای سوور)، (سۆسیالیست)و گەلێک ناوی تری پێوە چەسپاوە. بەڵام ئەوەیکە ڕوون و ئاشکرایە هەر ئەوەیە، کە شێخی ئێمە لە درێژایی ژیانی سیاسی خۆیدا نەخش و دەورێکی تەواو ڕادیکاڵ و پۆزەیتڤی هەبووە و هێستایش هەر هەیەتی. بۆ وێنە، لە کێشەیەکی نێوانی چەپی و ئیسلامییەکانی مەهاباددا، هەڵگرتنەوەی ئاڵای سوور لە گۆڕەپانی ناوەندی شار و شەکاندنەوەی ئاڵای سوور و ماچکردنی ئاڵای کەسک بە مەبەستی نزم کردنەوەی هەرای نێوان چەپ و ئیسلامخوازنی کورد، ڕوانگەی بەرزی مامۆستای نیشان داوە و پێم وایە ویژدانی بەئاگا هەرگیز ئەمە و هەموو کەرامەتەکانی ئەم مەزنە پێشەوایە لەبیر ناکات.
ماوەی کورتی سەرۆکایەتیی مامۆستا شێخ عیزەدین لە شوڕای شاردا، یادگارەکەی قەت لە یاد ناچێت، بەڵام بە هۆی ئەرکی لە ڕادە بەدەری سەرشانیان و یەک تەنە بوونیان و بەتایبەت چاندنی کۆسپی دەسچێنیش لە کەنارەوە بۆیان، دەرەتانی هەوڵیان لێ تەنگ کردەوە و دەستی لە کاری شوڕا کێشایەوە.
دوای جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدین، تێکۆشەرێکی تری ئایینی ـ سیاسی، کە جەنابی مامۆستا مەلا ڕەحیم عەبباسی بێ، لە جێی ئەو دا سەرۆکایەتیی شوڕای گرتە دەست. من لە ڕابوردوو دا قەت لە نزیکەوە

بەخزمەتی مامۆستا مەلا رەحیم نەگەیشتبووم. لەراستی دا دەروازەی ئاشنایی من و جەنابی مامۆستا، شوڕای شۆڕشی شار مەهاباد بوو. ئەم ئاشنایەتییەش ئەگەرچی ماوەیەکی بەر و بوو درێژی نەخایاند، بەڵام بە هەموو کەمی و کورتیشییەوە، تۆوی یادێکی بەخێری لە مەزرای مێشکم دا چاند. مامۆستا مەلا ڕەحیم ئەگەرچی وەکی هەموو پێشەوایانی ئایینی لاگر و لایەنگری فەلسەفەیەکی تایبەت و، پێڕەوی دەستوور و ئەحکامی ئایینی بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەڵکەوتە مرۆڤێکی کراوەوە، ئیمڕۆیی، مەجلیس خۆش و هومێدبەخش بوو. لە دۆستایەتی و برایەتیدا ئەوەندە خۆی نزم دادەکێشا، کە دەتگوت هەر نییە. بەڵام لە کەڕامەت و پیاوەتی و ئیمان و ئاوات و هیوا دا ئەوەندە بەرز بوو، کە دەتگوت جێی لە نێو هەوران دا دابین کراوە. من لە ماوەی کورتی ئاشناییماندا گەلێک وێنە و نموونەی مەزنایەتی و هیوابەخشیم لێ بینیوە. پێموایە ئەگەر چەندێکیان بکەمە پاشکۆی یادنامەکەی و ورد ورد لەسەری بنووسم، لاپەڕەی گزینگ بەش و باشاری ناکا. هەربۆیە بە ناچاری، بە ئاماژەیەکی کورت بە کەناری یادەکەی دا تێپەڕ دەبم و ئەگەر دەست بدات و ڕۆژی بێ، ڕەنگە بیرەوەرییەکانم بنووسم و لە هەزاران سەروەری و مەزنایەتیی پیاوانی مەزنی بە ئەمەگ، بتوانم چەندێکیان ناو بەرم.

پازدە ڕۆژ بوو جەنابی مامۆستا مەلا رەحیم وەک سەرۆکی شوڕا دەستی بەکار کردبوو. هەر ئەو سەر و بەندە خەبەرێک بە دەم و زاراندا دەگەڕا و دەگوترا کە گۆیا دوو مەرداری ئازەری لە گوندێکی نزیک شاری مەهاباد کوژراون. خەبەر بە شوڕا گەیشت و لە کۆبوونەوەیەکدا گەلێکی قسە لەسەر کرا. بەڵام سەیر هەر ئەوە بوو کە مامۆستا وەک سەرۆکی شوڕا هیچ هەڵوێستێکی نەنواند و هەربەس گوێی بە بیر و بۆچوونی ئەندامانەوە بوو. کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات و کاتی چوونەوەی ماڵمان هات. من و دوو هاوڕێ بە نیازی چوونەوە ماڵاوایيمان کرد، بەڵام مامۆستا بە ئیشارەی سەر تێی گەیاندم کە نەچمە دەر و بچمەلای. ساڵۆنەکە هەر من و مامۆستای تێدا ماین. بە ئاماژەی دەست بانگی کردم و شان بە شانی دانیشتم. بە پێچەوانەی ڕۆژانی تر، ئەو ڕۆژە مامۆستا گەلێک دژ و گرژ و خەفەتبار دەهاتە بەرچاو. بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێشتر کەمتر قسەی دەکرد. سەری بەرز کردەوە و ڕووی تێکردم و یەکەمین کەلامی دەمی ئەو ئەمە بوو: « تۆ (کەریم)ی و منیش(ڕەحیم)م. منی ڕەحیم لە کەریم دەخوازم کە پشت لە حەسانەوە و پشوودانی خۆی بکات و سەر هەڵگرێ و ڕوو لە دێهات بکات و ماجەرای قەتڵی نەفس، ئەویش قەتڵی دوو میوانی کوردستان ـ م بۆ ڕوون بکاتەوە.» دوای کۆتایی قسە، سەری بەرز کردەوە و چاوی دە چاوم بڕی. من لە تەنگانەیەکی گرژ و حەستەمدا مامەوە. خۆم ئامادە کردبوو کە خۆم لەم ئەرکە گرانە دوور بخەمەوە و مل نەدەم. پێشنیارەکەی مامۆستا و پیشە و کاری پێشینی خۆم پێکەوە هەڵدەسەنگاند و دەمەویست پێی بڵێم کە جگە لە مامۆستایەتی و دەرس گوتنەوەی فێرگەکان ڕێ بە هیچ پیشەیەکی تردا نابەم. نیازی دڵم وابوو بڵێم کە نە قەت دەرسی پۆلیسیم خوێندووە و نە قەتیش کاری داوەری و قەزاوەتم کردووە. بەڵام تێڕامانی خەمناکانەی مامۆستا و پرسیاری نیشتەجێی نێو قووڵایی چاوەکانی، ڕێی قسەیان پێ نەهێشتم. بە ناچاری و بۆ دڵدانەوەی مامۆستا، بەڵێنم دا هەر سبەی بەدوایدا بچم و چی لە دەستم بێ بیکەم. ماوەیەکی کورت دانیشتین، بەڵام مامۆستا مات و بێدەنگ بوو. هەرچی هەوڵم دا ڕستەیەک، دەستەواژەیەک، پەندێک، مەسەلێک یان هیچ نەبێ وشەیەک بدۆزمەوە و مامۆستای پێ بێنمەوە سەر قسە، کورد گوتەنی نوتقم بەسترابوو و چیم بۆ نەهات. بەڵام وەک مامۆستا قسەی دڵمی خوێندبێتەوە، گوتی :«پێت وانەبێ دڵ ناسک و کەم چیکڵدانە و بێ پێزم بۆیە بێدەنگم. دڵ سواریی و پەژارەی من لە کزی و دەست و پەل سپیلکەییم نییە، بەڵکە لە توندی و تیژیی بێ وادەی کوردە، کە هێشتا نەمان گوتووە بیسمیللا، لەولاوە دەستمان کردووە بە سەربڕین و شلوێ کردنی مێشکی دەر و جیرانان...» و گەلێک قسەی تر.

هەر زۆر لەمێژە، واتە لەوەتی ئازەری و کورد دراوسێی یەکترن، مەڕدارانی کورد دەچنە کوێستانەکانی ئازەربایجان، ئی دە ئازەری دێنە کوێستانەکانی کوردستان. ئازەرییەکان دێنە نێو عێلاتی کورد و شیری سەرە بەهارانمان لێ دەکڕن و دەیکەن بە پەنیر و دەی نێرنەوە. کورد دەچێتە نێو ئازەری و لە ترسی دەوڵەت خۆی دەشارێتەوە، ئازەری دێتە نێو کورد و خۆی ون دەکا. کورد کچی ئازەری دەخوازێ، ئازەری کچی کورد دەخوازێ ... کورد و ئازەری پێکەوە دوو کۆماری دیموکراتیک ساز دەکەن و سنوورەکانیان بە ڕووی یەکدا ئاواڵە دەهێڵنەوە و بە کورتی وەک دوو نەتەوەی برا، کاسە جیرانەتی یەکتر دەکەن. نیازی دڵی مامۆستا ڕاگرتنی ئەم پردە دێرینەیە بوو. دوژمن لە هەوڵی ڕووخاندنی ئەم پردە و لەئاکامدا چاندنی تۆوی دوژمنایەتیی نێوان کورد و ئازەری بوو.

من و هاوڕێ (قەرەنی کەریمی)، کە بەداخەوە لە دواییدا شەهید بوو، بە هەفتەیەک چی ڕووی دابوو دەرمان خست و خستمانە بەر دەستی جەنابی مامۆستای هێژا. چەند ڕۆژێک پێ چوو، مامۆستا پەرێشانتر و خەفەتبارتر لەجاران، بەس بۆ چۆڵ نەبوونی شوڕا سەری لە شوڕاکەمان دەدا و چی تر. تۆ بڵێی چ ئاستەنگێک سەرە ڕێی بە ڕەوتی خێرای مامۆستا گرتبێ کە دژ و گرژ و پەرێشانحاڵتر لەجاران دەهاتە بەرچاو، ئیتر ئەمە هەر خۆی و خوداکەی دەیزانێ.

فەرمانی هێرشی ڕێبەری ئێران بۆ سەر کوردستان، شۆڕشی چەکداریمانی لێ کەوتەوە. مامۆستا لەحیزب دا و منیش لە کۆمەڵەدا تێکەڵی شۆڕش بووین و لەماوەی شۆڕشدا هەرگیز پێک نەگەیشتین و یەکترمان نەگرتەوە و قەت یەکترمان نەدیتەوە. لە وڵات ئاوارە بووین و کەوتینە وڵاتی سارد و سڕی سوێد و لە شارێکدا یەکترمان گرتەوە. مامۆستا ماوەیەک تەنیا و نەخۆش هەر لەو شارە دا ژیانی بردە سەر، کە منیش تێیدا دەژیام. لە تەنیایی و بە ناسازیش نەدەهەندرا و لە غوربەتیشدا هەر دە خەمی هاو وڵاتییانی دا بوو. ڕۆژێک تەلەیفوونی کرد. دەنگەکەی دەلەرزی، پشووی سوار بوو، دیار بوو نەساغە. من پێم وابوو دیسان گوتاری نووسیوە و وەکی هەمیشە لێم دەخوازێ بچمەلای و گوتارەکەی لێ وەرگرم و بە کۆمپیوتەرەکەم بۆی تایپ بکەم، بەڵام دەرکەوت کە هەواڵی شەڕ و کێشەی ژن و مێردێکی هاو وڵاتی شێواندوویەتی و تەنیایی و نەساغی لە بیر بردۆتەوە. بە پشوو سواری پێی گوتم:«خۆت سازکە با هەتا دەرفەت لە دەست نەچووە، بگەینە سەریان و نەهێڵین منداڵ هێندەی تر ئاوارە بن.» پێکەوە یەکترمان گرتەوە و سواری بووسی ئەو شارە بووین کە ماڵباتە شێواوەکەی لێ بوو. کە گەیشتینێ، ماڵ دابەشکرابوو و هەر مابوو دوو منداڵەکان دابەش بکرێن. مامۆستا زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ دەهات. بەدەم هەناسەسواری و دەگەڵ نەرمە کۆخەی بێ پسانەوەی، لە سەرکۆنە و تانە و لۆمەکردنەوە دەستی پێکرد و ئەوسا دەستی مێشکی گرتین و بەرەو کاولە وڵاتەکەمانی بردینەوە و بەدەنگ تابلۆی خەمبارانەی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ڕەسم کردین. ژنەی لە پێشدا تووڕە، دەگریا. پیاوەی لە پێشدا لالووتیش، دەگریا. مامۆستا دەستی ژنەی خستە ناو دەستی مێردە و گوتی :« ئێوە گەنج و تازە پێگەیشتوون، هەردووکتان دەتوانن هاوسەرێنێکی تر بۆ خۆتان بدۆزنەوە، بەڵام ئەم دوو چەپکە گوڵەی نێوانتان بە شلکی سیس دەبن و دەپروێن... چۆنتان لەسەر حیساب بکەم؟... گوێ دەگرنە نیازی دڵتان یان مل دەدەنە هاواری ویژدانتان؟!...» ■



## «قەنات چارکازیان» و دوو پارچە هۆنراوە

ئامادەکردن و وەرگێڕانەوە لە ڕووسی:

نەسعەدی رەشیدی(ئەلف. زاگرۆس)

کوتوپڕ سەری هەڵێنا و گوتی:
ـ پێت چۆنە سەرێکی ئەو لای بدەمەوە ها... ئەز تاسەی ئەو گوند و شارانەم کردووە.
پاڵی بە کورسییە ڕەشەکەیەوە دا و گرێی کراواتەکەی شل کردەوە، چاوی بڕیە پەنجەرەی دیوەکەی. لە دەرەوە بەفر وکرێوەبوو. چاو چاوی نەدەدی. با بە توندی کلوو بەفری بە شووشەکاندا دەکوتا و کلووەکان پرژ و بڵاودەبوونەوە.
ـ «جا کاکە دەبێ ئەوانە چۆن بژین، چۆن ژیاون؟ ئەمن تەنیا لە دوورەوە دەیانبینم بە پێخواسی، ژن و پیاو بە کۆمەڵ لەو گەردەنە دژوارانەدا سەردەکەون، منداڵی ساواشیان لەگەڵدایە، دەزرێکێن، ژێرنابنەوە، برسیانە، ساردە، کاروانی خەمە دەڕوا، ئاوڕناداتەوە لە کەس...»
دەوراندەوری دیوەکەی پڕە لە کتێب. نازانی چاو بە کامیاندا بگێڕی! چاوە چاودەکەم! لە مێژە نووسراوەیەکی لە پێشمدا داناوە کە بیخوێنمەوە. دەیخوێنمەوە:
«قەنات چارکازیان» لە ١٨ ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی «ئیراسخون»ی سەر بە شاری یەریڤان لە کۆماری ئەرمەنستاندا هاتووەتە دونیاوە. ڕادەی خوێندەواری: لیسانس لە دانیشگای سەنعەتی ئێرەڤان و هەروەها دانیشگای سەنعەتی مینسک لە ڕووسیەی سپی(بلۆڕووس)...
پسپۆڕی: ئەندازیاری تێکنیکی لە ڕێگاوبانی ئاسندا، بەرپرسی دەوڵەتیی لە کاری سازکردنی خانووبەرەدا. بەرپرسی دایرەی «بنکەی ئەدەبیات»لە ساڵی ١٩٩٣وە تا ئێستا»...
هێشتا لە خوێندنەوەکە نەبوومە، چاوێکی لێدەکەم، چوارشانە و باڵابەرز، ڕوومەت پان و لووت هەڵۆیی، حاڵەتی چاوی وە منداڵان دەچێ. ئارام و بێقەرار...
بەدەم خۆمەوە دەڵێم: ـ ئەندازیار!
«...چالاکی ئەدەبی: هەوەڵین نووسراوە، ساڵی ١٩٦٣ لە گۆڤاری «پێشاهەنگ»، لە شاری یەریڤان.
بەرهەمە باوکراوەکانی: ««**چرای دۆستی**»، «**جەللاد**»، «**شەمدین**»، «**گوێزی تی خوونیا**»، «**زەمان و مەکان**» وکاری ئاخری شاعیر «**کاروانی خەم**» ساڵی ١٩٩٦.

لە پڕ تەلەفۆن زەنگ لێدەدا و فەزای بێدەنگی ژوورەکە دەلەرزێنێ. هاژی پێ ناکات. بە ئیشارە چاو لە تەلەفۆنەکە دەکەم.
بزەیەک دێتە سەر لێوانی:
ـ کێت هەیە لەوێ؟
ـ لە کوێ
ـ دەمەویست کەسێکت هەبێ کە بەردەپیرمەوە بێت، خەڵکەکەم پێبناسێنیت، شارەکەم پێ نیشان بدات.
زەنگی تەلەفۆنەکە نابڕێتەوە.
ـ ئەوانەی کە نووسیومن هیچیان بە زمانی کوردی نین. تەنانەت دێڕێکیشم بە کوردی نەنووسیوە. کاکە نایزانم، چبکەم نایزانم...
دەنگی بڵیند کردبۆوە، دەتگوت نەعرەتە دەکێشێ. دەستی لە گیرفانی نا و دەسرەکەی دەرهێنا و ئارەقەی نێوچاوانی سڕیەوە. ئەهودن بووبۆوە.
ـ ئەوەش کە لە گەڵ تۆدا دەدوێم هەر بە کوردی نییە، بەڵام نێوەرۆکی ئەو شتانەی کە نووسیومن بە کوردی یە. ڕەنگ و بۆی کوردییان هەس. سیمایان کوردی یە.
سەری هەڵێنا. ڕووی تێکردم. چاوی دەگەشایەوە، بزەیەکی هاتێ و گوشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:
ـ نە کاکەگیان ئەوڕۆ ناتوانم. دایدەنێین بۆ دوایی، بۆ کاتێکی دیکە، ئاخر سەفەرم لە پێشدایە، ئەوە بە تەمای تێکنانی بارووبنەی سەفەرم.
گوشی تەلەفۆنەکەی داناوە.
لە دەرەوە هەتاو هەڵاتبوو، تیشکێکی کورتی بە نێو دیوەکەیدا بڵاودەکردەوە.

زستانی ١٩٩٨

### ١) فرمێسکی بەهار

دەگری دارەتووس
دیسان لە بەهاردا.
فرمێسکە پاکەکان
دەلەرزێن لە خامۆشیدا
دەگریم ئەوڕۆ لەتەک تۆدا
برینە تازەکان
ژانە کۆنەکان.
فرمێسکەکانی من و تۆ دەڕژێن
بە خەبەر دەبنەوە
چەمە جەنگەڵییەکان،
تاو گەرمان دەکاتەوە،
با دەمانلاوێنێتەوە.
ئەتۆ لەخۆبایی دێ
بە زینەتی سەوزەوە
دەهێنێ شادی و هاوین
زامەکان مەرهەم دەکەن.

لەچی دەبێ بترسم
ئاخر بولبول لە هەر بەهارێکدا
زامدارم دەکات.
دەترسم،

له فرمێسکه تازەکان
له میوانه غەریبەکان.

له دەرکه دەدات
میوانه ڕزگارکەرەکه
پیریی.

**٢) کوردەکان**

له ڕووباری زەماندا
سوڵتانەکان گەورە و
سەرزەوینەکانیان بەرین و هەراوتر بوون
فیرعەونەکان بەڕێکران
بۆ سەفەرێکی نەبەدی.
سەرکەوتووە داگیرکەرەکان
دەبەن له سەر عەرابە زێڕینەکانیان و
وندەبن له نێوان خاکه ئاواکاندا.

ڤاڤیلۆن ڕاکێشرا، ڕووخا ڤاڤیلۆن
بەڵام لەوبەری جادەی تۆزاویی مێژوودا
سادە و سەربەرز
له کوێستانەکاندا دەژیان کوردان
لەو جێگایەدا که دوای لافاو
لۆتکەکان سەفەر دەکەن.
ئاوی ڕووبارەکان خۆفناک نین
ـ ئەگەر بەستێن
له شاخەبەرد بێ.

ئاوی زەمانەکان
خەڵکەکەی منیان نەشتۆتەوە
بەڵام تیفتیفەیان داوە
به سەختیی بەردی خارا.

هۆ، هۆزە ئاساییەکە
چی ئێوەی ناچارکردووە خۆڕاگرن؟
بپارێزە ڕێسا خاوێنەکەت،
ئاوە ژەهراوییەکەی شاریگەری
بەستێنی ڕووبارەکان دەڕووخێنێ.
چییە هونەری زیندوبوونت
له دونیای نەخۆش و دێوانەدا؟
ئای سروشتی مەزن
تاکه ئایینی مێژووی کوردان.

**سەرچاوە:**
Ганат Царказян. Каравань Гор, 1996.



## منداڵ و مانگ

نەسعەدی ڕەشیدی (ئەلف زاگرۆس)

له گوزەرگای زەریا
ڕاوەستاوە منداڵ له کەنار مانگ
به چاوگەلێ له شەو و
نیگایێ له هەوریشم.

کۆڵیتەکانی بێ ئاور
کوانگه خنکاوەکان له خۆڵەمێش و دوکەڵدا و
پیاوانێک شەکەت
له دووی بارگیرێکی پیرەوە
ڕوو به دەشت
خلۆردەبنەوە.

ڕەشماڵه سووتاوەکە!
ئاخرین دڵۆپە فرمێسکەکانت
له کام ڕووباری تینوودا دەڕێژی!

له گوزەرگای زەریا
ڕاوەستاوە منداڵ له کەنار مانگ
به چاوگەلێ له شەو و
نیگایێ له هەوریشم.

کەنارە بێ هۆمێدەکانی دەریا و
گەمیه شکاوێک
که پێی ڕووت و ساردی ژنانێک
چاوەڕێی دەکەن.
له خشەی جەستەی ڕووتی دەریا
له ڕوئیاکانی شەوانەی کوێستان
لێوە هەڵتۆقیوەکانی هاوین و
ڕێژنەی کورتی باران
گەرووی براوی کانییەکان
به سمیت و تینوویی
فرمێسکه ویشەکەکانی نیاز و
نیگا سارد و شکاوەکان
به لەتکه نانی پەریشان له دەستی با...
خشپەی پۆتینه گەورەکان
به سەر لک و پۆی بەڕوو و شۆڕشدا
که به زاراوەی کێرد و دووکەڵ
لەگەڵ سوێسنەکاندا دەدوێن
بۆنی ئارەقەی قەحبەکان و سەربازەکان
که له کەنار بۆشکه بۆشەکانی نەوتدا
باوێشک دەدەن.

له گوزەرگای زەریا
ڕاوەستاوە منداڵ له کەنار مانگ
به چاوگەلێ له شەو و
نیگایێ له هەوریشم.

١٩٩٨/٢/٨

## چەنگی ئارەزوو

لارزۆ

بۆ نەهاتی خۆ من جێماوی
سەر شۆستەی ئەم کاروانە بووم؟
ئەم کاتە بوو، ئەستێرەکانت
گەرمە باوەشی ئەوین و
لێوە وشک هەڵاتووی ئاسمانیان
ئەگوشی
دەستە سپووەکانت
دەخستە ناو ئاگردانی دڵمەوە...،
بە پەنجە وەتەری
ئارەزوومت ئەلەراند
ئەی کچی ژیکەڵەی خۆرهەڵات
لە گەڵ شەپۆلی ئارەزووەکانت
مەجەنگە..!
وەرە جارێک ژووری چۆڵم ئاوەدان کە
وەرە ساتێ دەم بخەرە سەر ئەم لێوە و
تاوێ دڵم ژێر کەرەوە
قژی ئەستێرەی هەستم دابێنە و
گەڵای درەختی ئەم شەوگارە مەوەرێنە.!
بۆ دەمدەیتە دەست خەیاڵ و
لە کەناری چاوەڕوانی دەمسووتێنی
بڕیاروابوو لەگەڵ خۆتا
مۆمی شادی و ئاوازی تار بێنی
هەر دیار نەبوویت
خۆت لواند و منت ناسی
وەک لاولاوێ تێم ئالایت و
سەمای مەرگت لەگەڵ کردم.
ئەوا ئێستا ژان گرتوومی
ناتوانم بەرۆکی بالات
لە یادبکەم.
لە خۆرهەڵاتی ئاسینتا
جووتێ کوتر
بالای ژالە
گەڵای پانی قژی ئاسۆت
دایە دەستم..
هەر دوای ساتێ
جووت ژیلەمۆ
بەردی کێلو و
شەو شادێکی سارد و سڕت
وەک یادگارێک
دا بە دڵم...

خەرمانانی ١٩٩٦



## کاروان

رەحمان سۆفی

تاسەباری ڕۆڵەی دۆینێ و
دڵپەرۆشی کۆرپەی سبەینێ
لە هەورازی ئەمڕۆدا
دەڕۆین بەرەو هەڵدێرێ.
کێ دەزانێ ڕەوتی کاروان
لە کام قۆناخ و
کام مەنزڵگە
کاروانسالار بە گۆڕ دەسپێرێ؟!
کێ دەزانێ سەرقافڵەچی
کاروانی نادیاری سبەی و
دوو سبەی کێیە
لە کوێیە؟!
ڕوون نییە کاروانی ڕۆژئاوا
لە کام گەردەنەوە ئاوا دەبێ و
قافڵەی ڕۆژهەڵات
لە کام ئاسۆوە سەرهەڵئەدا؟!
وەستان ڕەوا نییە.
ڕەوتی مێژوو ڕاناوەستێ
ئەم قافڵەش وەستانی نییە.
ناشێ «کەو»ی کوێستان و
نچیری ڕاوچی بێبەزیی بێن.
نابێ «سیسارک»ە بەرماوخۆری
کەلاکی گەنیوی ڕابردوو بێن.
با جووت کۆتری ئاشتی و
پەیامهێنەری خێر و خۆشی بێن.
ڕەنگە ئێمەش داهێنەری
ئەفسانەی نوێی
ئەم سەردەم و قۆناخە بێن.

فێبرواری ١٩٩٧

دوو پارچەهۆنراوە:

ئاکۆ ئەلیاسی

## تامژین

ئاوارەیی
ئەو تاقیگە پیرۆزە بوو
کە زاڤدانی زرێی شێعری
تەقاندمەوە
لە ئاوێنەی نێو تانۆکی
پێچاوپێچی غەریبیا
بۆ خۆدۆزینەوەی بردم.
ئاوارەیی
ئەو مامۆستا زارخەنە بوو
وانەی شەکری پڕ لە حەزی تامژینی
شێعری مەمکی کچی عەشقی
خاک و خۆڵی نیشتمانی
پێ فێر کردم.

تامـژین: بەو ساوایە دەڵێن کـە تازە فـێری شیرخاردن دەبێت

## توانەوە

دوو دڵ، دوو چاو،
دوو ڕوخساری یەکتر نەدیو
دوو پێک بادەی لێک نەدراو
دوو ڕوانینی جیاجیا بۆ ژین
دوو هەناسەی نامۆ بە یەک
دەنگی لرفەی دوو ڕۆباری پڕ لە ئەوین
دوو چیرۆکی نەنووسراوی
پڕ گفتوگۆی سەر پەڕەی دڵ
سۆزی چریکەی دوو سترانی نەبیستراو
لە نێو کووپەی شەمەندەفەر
چارەنووس و سەفەر لێکیان گرێدەدا
هەڵپرژانی بۆنی خۆشی سلاوێک و
زەردەخەنەی ڕۆژباشێکی پڕ لە مانا
وەک ئاونگی پرچی تازەی ڕەنگاوڕەنگی
شێعرێکی نوێی دەمەوبەیان
لێک ڕوانینی پەیتاپەیتای بێ برانەوە،
یەکەم پەیڤی ترپەی دڵە و ئاوێتەبوونی
تەزووی گەرمی خۆشەویستی،
سووربوونەوەی هەڵمژینی دەم و لێو و
لە نێو یەکتردا توانەوە!

بێرن: ٢٠٠٠/١/١٨

## پیرۆز بێ نەورۆز

ئەحمەد دەشتی

پیرۆز بێ نەورۆز لە کوردستانم
لە رۆڵەی کوردی شیرین زمانم

جەژنی نەورۆز و بەهاری شادان
پیرۆزە لە گشت گەردن ئازادان

هەرکێ دڵسۆز بێ بۆ نیشتمانی
هەردەم جەژنەی بێ بە کامەڕانی

کێ کەوا دڕکە و پردی دوژمنە
ڕەببی کوێر بێتن ئەو دڵ کرمنە

جەژنی نەورۆزی کوردستانی من
هەر پیرۆز بێتن لە هەڤالانی من

مەرامی بەرزیی و سەربەخۆیی خاک
خوایە سەرکەوێ بەسەر گشت ناپاک

جەژنی نەورۆزی ساڵی دوو هەزار
ببێ بە ڕۆژی سەربەخۆیی وار

بە هۆش و زانست جیهانمان تەی کەین
بە تەکنیک کورد و کوردستان سەرخەین

ئێمەش وەک گەلان ئازاد و خەندان
پێش بخەین کورد و خاکی کوردستان

ئەوسا هەموو ڕۆژ جەژنی بەهارە
کە سەربەخۆ بێ، کورد لەو هەوارە

بەرلین: ٢٠٠٠/٣/٢١

عبدالوهاب البیاتی

وەرگێڕانەوە: حەمید کەشکۆڵی

## ژن

هەر شەوێ
لە قەبرە دوورەکەیەوە دێتەوە
بۆ شارانی تەنەکە
لە جێژوانی خۆیدا لەگەڵ شەیتان عیشقبازی دەکا
وەک ماین لە بادا دەحیلێنێ و
لەو گەشتەیدا هەر جار خەوی بێت
یەکسەر بۆ قەبرەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

## بۆ یەلماز گۆنەی

پیاوێک و ژنێک و شەمەندەفەرێک
لە شەوی ئەنادۆڵدا و لەبەر ڕووناکاییی...
ژنەکە لە ترسان دەڵێ: (ئەو شەوە چییە؟)
شار و ئاوایی و گەلەگورگ
لە برسان و لە ژێر بەفران،
لە نێو دووکەڵی تونێلە مارپێچەکان و
کۆکەی زارۆکاندا دەلوورێن.
پیاوە نوستووەکە بە چپە گوتی: (شەو هەر شەوە!)
پیاوێکی دیکە لەو بەری ڤارگۆنەکە
لەبەر ڕۆشناییە خنکاوەکەدا نامە دەنووسێ و
گۆرانییەک کە لە پاش شەڕی گێتی لە باڵکاندا باو بوو،
دەڵێتەوە
گۆرانییەکە لە سەر دڵدارییەکی نائاشکرا و
پێغەمبەرێکی شاعیرە کە خەڵک شەیدای بوون.
پیاوێک دۆستێک غەیبەت دەکا و دەڵێ:
(ئەم دونیایە خاین و غەددارە ئاوەژوو سواری کەر دەبێ)
ژنۆکە لە ترسان دەگری
پیاوی ئەودڵی سەرکۆنەی دەکا و دەڵێ:
(ئەوە چییە؟ وا شەبەقە و لێڕەوارەکان قووڵ هەناسە دەدەن و
زەویش ژانیەتی).

١٩٨٤

# چوار نامەی جیاواز:

حەمەسەعید حەسەن

## (١) شایەرێکی قەڵەمکێش

ڕەخنە تەنیا خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقێک نییە، بەڵکوو ڕۆنانی تەلاری دەقێکی نوێیە، لەسەر بناغەی دەقی بەسەرکراوە. دەشێ دەقێکی نوێ دەنگدانەوەی دەقێکی دێرین بێ، بەڵام ڕەخنە دەنگدانەوەی هاواری دەقێک نییە، هاوارێکی دیکەیە. هەر ڕەخنەگرێ لە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە دەق دەهێنێتە گۆ، دەیکاتەوە و بە دیوی ناوەوەیدا شۆڕدەبێتەوە. نابینا کەسێکە تەنیا ئەو شتانە ببینێ کە بە چاو دەبینرێن، ڕەخنەگر تەنانەت ئەگەر وەک تەها حسێن کوێریش بێ، هەر بەرچاوی خوێنەر ڕۆشن دەکاتەوە.

مەهداوی دەیگوت: عێراقییەکان ئەو وشانەیش دەخوێننەوە کە کوژاونەتەوە. ئەو ڕەخنەگرەی تەنیا سەرقاڵی لێکدانەوەی ئەو وشانە بێ، کە دەقەکەیان پێکهێناوە، ئەوە لینین گوتەنی: لەو پشیلەیە دەچێ کە بە دەوری قاپێک شۆرباى گەرمدا دەسووڕێتەوە، بەڵام دەمی بۆ نابات. ڕەخنەگر دەبێ پەی بە دنیای ئەو دیوی وشەکان ببات.

ڕەخنەگر ئەگەر زاتی نەکرد بە ڕاشکاوی هەموو شتێ بڵێت، چاکتر وایە بێدەنگ بێت. هەموو دەسەڵاتێک ئەو بەرهەمانە پەسەنددەکا، کە ئاو بە ئاشی ئایدۆلۆژیای خۆیدا دەکەن، ڕەخنەگر نابێ گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ، دەبێ دژی سەرکوتگەر بێ، ئیدی قەشە بێ یان مەلا، سەرەکتیرە بێ یان سکرتێری حیزب، پۆلیس بێ یان دوکتۆری دەروونناس.

بە پێی لێکدانەوەی لیڤی شتراوس ئەفسانە شێوە گوتارێکە دابڕاو لە گێڕەرەوەکەی، بەڵام ڕۆلان بارت مەبەستی لە مەرگی نووسەر ئەوە نییە، کە نووسەر لە دەقەکەیدا بزرە، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە، ڕەخنەگری بونیادخواز بایەخ بە نووسەری دەق نادات. با ڕەخنەگر باس لە نووسەری دەقیش نەکا، بەڵام ناتوانێ نووسەر لە دەقەکەی جیابکاتەوە. کێ دەتوانێ «بۆ هیوای کوڕم» بخوێنێتەوە و «گۆران»ی باوکی تێدا نەبینێ؟

ڕەخنەگریش وەک هەر نووسەرێکی دیکە لە ناو نووسینەکانیدا دژی و بێلایەنیش نییە، دەشێ نووسەرێکی خۆشبوێ، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی زادەی خۆشەویستی نییە، ڕۆژانە باوکان کوڕیان دەمرێ و باوکیش نییە کوڕی خۆی خۆش نەوێ، کەچی تەنیا گۆران شینێکی ئەمر بۆ مەرگی کوڕەکەی دەگێڕێ. کەواتە ئەو دەقە باڵایە تەنیا بەرهەمی خۆشەویستی نییە. نە ئەوینێکی بێ سنوور و نە ڕقێکی ئەستووریش، هیچ کامیان ناتوانن ببنە هەوێنی لە دایکبوونی ڕەخنەیەکی ئەدەبی. ڕەخنەی ئەدەبیش وەک هەر بەرهەمێکی دیکە کارێکی داهێنەرانەیە.

ڕەخنەگر دەقەکە دەکاتە پێوانە، نەک پێوەندیی خۆی بە نووسەری دەقەکەوە. «پێم بڵێ کێ لەسەر کێی نووسیوە، پێت دەڵێم چۆنی لەسەر نووسیوە.» ئەوی لە ڕوانگەی پێوەندیی چاک یان خراپی نێوان خۆی و نووسەری بەرهەمەکەوە، بڕوانێتە بەرهەمەکە، ڕەخنەگر نییە، یان شایەرە و چاوەڕێی شاباشی نووسەری بە ناڕەوا ستایشکراوە، یان قەڵەمکێشە و بە هیوای بەخشیشی نەیارانی نووسەری بە ناهەق پەلامار دراوە، یان هاوزەمان ئەمیشیانە و ئەویشیان.

١٩٩٩/١٢/٢٧

## (٢) ئاگرێکی بێ دووکەڵ

ئەشکم کە لەگەڵ عەشقمە تیفلێکی فەهیمە
هۆشم کە لەگەڵ خۆشمە پیرێکی نەزانە
نالی

لە «پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک» دا فەرهاد شاکەلی[١] باس لە ئەزموونی شیعریی خۆی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی، تاقمی ڕوانگە، گرۆی کفری و گەلێ شتی دیکەیش دەکا، من لەم کورتەنووسینەدا هەندێ بروسکەسەرنج سەبارەت بەو بیرەوەرییانەی دەردەبڕم.

فەرهاد دەڵێ: «تاقمی ڕوانگە لە ڕووی تێگەیشتنی هونەری و نوێخوازییەوە، بە پێچەوانەی ئێمەوە ناشارەزا و نەخوێندەوار بوون. تەنیا یەک کەسیان تێدا بوو کە بێجگە لە کوردی زمانێکی دیکە بە ڕێکوپێکی بزانێ.»

بەوەدا سالی ١٩٧٠ کە بانگەوازی ڕوانگە بڵاوبووەوە، فەرهاد قوتابیی پۆلی پێنجی ئامادەیی کفری بووە، بەڵام دووان لە ڕوانگەییەکان: حسێن عارف و کاکەمەم بۆتانی، دەرچووی زانکۆ بوون و جێدەستی یەکەمیشیان بە نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردییەوە دیار بووە، دەشێ بۆچوونەکەی فەرهاد لە سەرچاوەی کەپووبڵندییەوە هەڵبقوڵێ. شیاوی گوتنە فەرهاد لە هەمان نووسیندا کەنعان مەدحەتی پێ نووسەرە و عەبدوڵڵا عەباسیش: مامۆستا! محەمەد ماغووت کە ڕۆڵێکی گرنگی لە نوێکردنەوەی شیعری عەرەبیدا گێڕاوە و هەندێ جار ناخی لەتیف هەڵمەتیشی هەژاندووە، تەنیا هەر زمانی دایکی دەزانێ. فەرهاد دەڵێ: «ئەگەر ئەو کاتە پارەم هەبووایە و دیوانەکەمم چاپ بکردایە، ئێستا مێژووی ئەدەبی کوردی بە جۆرێکی دیکە دەنووسرا.»

من پێم وایە گۆزەی هەبوونی لووتبەرزیش وەک نەبوونی پارە، هەر لە سەری نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەشکێ. با هەندێ شاعیر پێش گۆران هەوڵی بە چیای نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەڵگەڕانیشیان دابێ، بەڵام ئاخۆ کەسیان وەک ئەو گەیشتنە لوتکە؟ ئایا شیعربوونی سروودی بارانی سەیباب، پێوەندیی بە مێژووی لە دایکبوونەکەیەوە هەیە؟ ئەوە گرنگە، فلان بەرهەم شیعرە یان نا، بە چاوپۆشین لە مێژووی نووسینی.

ئەلیۆت پێی وایە ژیانی شاعیر بریتییە لە دوو قۆناغ: یەکەمیان پێش بیست و پێنج ساڵی کە جوانترین شیعری تێدا دەنووسێ و دووەمیان دوای بیست و پێنج ساڵی، کە با شیعری قووڵیشی تێدا بنووسێ، بەڵام هەر شیعرەکانی قۆناغی یەکەمی خۆڕسکترن. لەتیف هەڵمەت چەندین کۆمەڵەشیعری بڵاوکردۆتەوە، کەچی لای هەندێ ڕۆشنبیر، جوانترین شیعری لە بەرهەمی یەکەمی، لە «خوا و شارە بچکۆلەکەمان» دایە.

فەرهاد گلەیی ئەوە لە ڕوانگەییەکان دەکا کە: «پێوەندییان لەگەڵ سیاسەتمەداراندا کۆک بووە و هەر یەکەیان سەری لە حیزبێکەوە دەرهێناوە و دەستیشیان گەیشتۆتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.» کەچی خۆیشی وەک خۆی نووسیوێتی، هەر ئەو سەردەمە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان بووە ، لە بیری نوێ ی حشع و دواتر برایەتی ی پدک دا کاری کردووە، دۆستی دارا تۆفیق بووە و پشتی بە زەبری دەمانچەی یوسف زەنگەنەیش ئەستوور بووە.

فەرهاد ئەگەرچی بە وردی و درێژی چیرۆکی دەستپێکی ئەزموونی شیعریی خۆیی گێڕاوەتەوە، کەچی باسی ئەو دوو شیعرەی خۆیی نەکردووە، کە لە «ڕزگاری» و «کاری میللی» دا بڵاوی کردوونەتەوە.[٢] تۆ بڵێی لەبەر ئەوە بێ، کە ئەو دوو گۆڤارە سەر بە ڕژێم بوون؟

فەرهاد دەڵێ: «چووم بۆ بەغدا، دەمویست سەری دۆکتۆری چاو بدەم، چونکە چاوم دەئێشا.»

پارادۆکس ئەوەیە ژانەسکت هەبێ و بچیتە کن دۆکتۆری چاو، دەنا لە گومان بەدەرە، تەنیا ئەوانەی چاویان گل دەکا، سەر لە دۆکتۆری چاو دەدەن.

ماوەیەک لەمەوبەر سووکەڕەخنەیەکم لە فەرهاد پیربالٚ گرت، ئەمڕۆ فەرهاد شاکەلیشم بەسەر کردەوە، هاکا نۆرەی فەرهاد عەونیش هات.

١٩٩٩/١٢/٣٠

١) ئەنتۆلۆگیا، ئامادەکردنی: خەبات عارف، ستۆکهۆڵم ١٩٩٩ بنکەی ڕەسەن.

٢) دەربارەی سەرەتاکانی شیعری خۆم، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری خەرمانە ژ: ٩ و ١٠ کاترینەهۆڵم ١٩٩٣.

## (٣) بەختیار شەنداخ

ڕووناکبیر: ئەوی ئەستێرەی جێپەنجەی بە ئاسمانی بوارێکی ڕۆشنبیرییەوە گەش دەدرەوشێتەوە و بەرهەمی دەبێتە هەوێنی گۆڕانکاری، نابێ سەر بە دەسەڵات بێ، نابێ سەر بە حیزب بێ و نابێ کوێرانە سەر بە جەماوەر بێ.

ڕووناکبیر دەبێ لە سەنگەری دژ بە دەسەڵاتدا بێ. نابێ بەو بیانووەی لە ڕێی دەسەڵاتەوە ڕاژەی میللەت دەکا، خۆی لە دەسەڵات نزیک بخاتەوە. دەبێ دژی زیندانی حیزب بێ، دەنا ناچار دەبێ، چاو لە هەڵە و ناپاکییەکانی حیزبەکەی بپۆشێ. دەنا حیزبەکەی ڕەحمان و شەیتان، ڕاست و چەوت، سپی و ڕەشی بۆ دیاری دەکا. دەبێ لە پێش جەماوەرەوە بێ، دەنا لە قەڵەباڵغییەکەدا بزر دەبێ. دەبێ دژی دابونەریتی زاڵ و بیروڕای زۆربە بێ. دەبێ هەمیشە چاوی لە داهاتوویەکی گەشتر بێ. دەبێ بوێرێ چی بە ڕاست دەزانێ، بیڵێت. دەبێ ئەو شتە بنووسێ، کە کەسانی دیکە لێی بێ دەنگن.

کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکان چونکە لە دەستەی بەڕێوەبەری نووسەراندا بووم، ناوبەناو لەگەڵ دەسەڵاتداراندا ڕووبەڕوو دەبوومەوە. ئەو سەردەمە لە سلێمانی عەتییە شەنداخ بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو. ئەو کارە ئێستا مەلا بەختیار دەیکا. کە بەراوردی ڕەوتارەکانی شەنداخ و بەختیار بەرانبەر بە نووسەران و هونەرمەندان دەکەم، بە داخەوە هەڵوێستی شەنداخ جوانتر دەبینم.

شەنداخ پێی دەگوتین: دەزانم ئێوە دژی ئێمە دەنووسن، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوەندە لاواز بین، بە شیعرێ یان چیرۆکێ بڕووخێین، سەرپشک بن، چی دەنووسن، بینووسن، با بڕووخێین، دیارە شیاوی ڕووخانین. مەلا بەختیار پێمان دەبێژێت: هەر نووسەرێکی سلێمانی بەرهەمی ئەدەبی لە گۆڤارێکی هەولێردا بڵاوبکاتەوە، ناپاکە.

کە مەلا بەختیار زیندانی بوو، ئەوە من بووم پێوەندیم بە ڕووناکبیرانی ئەورووپاوە کرد، تا بۆ ئازادکردنی گوشار بخەنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەچی کە بە شوێنەکەی عەتییە شەنداخ بەختیار بوو، هێندەی لە دەستی هات، سووکایەتیی بە برا و هاوڕێ نووسەرەکانی من کرد!

هەڵوێستی ڕێکخستنی ی. ن. ک لە هۆڵاند، سەبارەت بەو کۆڕە ئەدەبییەی ماوەیەک لەمەوبەر لەوێ گێڕام، شەنداخانە بوو. تەنیا لە ماسولکە نیشاندان و چاو سوورکردنەوەدا، خۆی بەرجەستە کرد. بەو هیوایەی ڕۆژێ دابێ، ڕێکخستنەکانی دیکەی یەکێتی، بگەنە هەمان ئاست لە سنگفراوانی و تۆلێرانس و تەساموح.

٢٠٠٠/٢/١٢

## (٤) دووکەڵێکی بێ ئاگر

ئێدیت کرۆزۆیل پێی وایە: چونکە کولتووری ئەمریکاییەکان جیاوازە لە هی فەرەنساییەکان، بۆیە بونیادخوازی نەیتوانی لە ئەمریکا بە هەمان شێوەی فەرەنسا، گەشەبکات و بڵاوببێتەوە. ئاخر ئەمریکاییەکان مێژوو بە هەند ناگرن و هەمیشە چاویان بڕیوەتە داهاتوو، بەڵام فەرەنساییەکان گیرۆدەی دەستی ڕابردوون. ئایا کوردستان بۆ سەرهەڵدانی بونیادخوازی لەبار بوو؟ یان برەوی ڕێژەیی ئەو مێتۆدە لای ئێمە، تەنیا لە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەوە سەرچاوەی گرت؟

کەمال ئەبودیب کە وێنەیەکی شێواوی شتراوسە، دێ بە کەرەسەکانی ئەو باسی شیعری ئیمرەئولقەیس دەکا. بونیادخوازی کوردیش کە وێنەیەکی شێواوی کەمال ئەبودیبە، دێ قەرز لە قەرزدار دەکا، کاتێ بە کەرەسەکانی وی باسی شیعری مەحوی یا نالی دەکا.

کـــەمـــاڵ ئەبوديب دەڵێ: «ئەوی من کـــردوومـــە لە بواری ڕەخنەی بونیاخوازیدا، گەلێ لەوە زێتره فەرەنساییەکان و هەموو ئەوروپاییەکان کردوویانە.» هەر ئەم کەپووبڵندییە وای لە مۆدێرنیستە عەرەبەکان کردووە، بڵێن:

«ئینسانی ئەم سەردەمە یان وەک ئێمە نوێخوازە، یان کۆنەخوازێکی نەزانە.» خۆ بە نوێخواززانە کوردەکان، لووتبەرزی و کەسانی دیکە بە جاهیل زانینیش، هەر لە برا عەرەبەکانەوە فێربوون.

سەلەفیبوون: تەنیا توند خۆبەستنەوە بە دەقە پیرۆزەکانەوە نییە، وەک تووتی گوتنەوەی بیروڕاکانی بارت و فۆکۆیش هەر سەلەفیبوونە، بەڵام بە عەمامە و حیجابەوە نا، بە بۆینباخ و تەنوورەوە.

ئەرەستۆ پێی وابوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە نییە کە هەیە، بەرجەستەکردنی ئەو واقیعەیە کە دەشێ ببێ. شارە پیرۆز و باڵاکەی تۆماس مۆر، ڕەخنەگرتن بوو لە واقیع. شەکسپیر لە لیر پاشادا، ڕەخنە لە ئاسمان دەگرێ. ئەرستۆفانیس لاقرتێ بە خوداوەندەکان دەکا. جاهیل ئەوەیە ئەوانە بە تەقلیدی بزانێ.

مودێرنیزمی ئەورووپایی چەندین ڕێبازی لە بابەتی: ڕەمزی، تەعبیریی، دادایی، سوریالی و بێهوودەیی بە خۆیەوە دیوە. بە ڕاست خۆ بە ناڕەوا بە نوێخواززانە کوردەکان، لاساییکردنەوەی کوێرانەی لێ دەربچێ، چییان داهێناوە؟

واقیعی کوردستان و ئەورووپا گەلێ لە یەکدییەوە دوورن، بە ڕاست نووسینی بەرهەمێکی خۆماڵی، بە بایەختر نییە لە کۆپیکردنەوەی وێنە شێوێنراوەکەی تازەگەریی؟ هەموو کەس دەتوانێ خەڵکانی دیکە بە: کۆنەپارێز، تەقلیدی، سەلەفی و جاهیل لە قەڵەم بدات، بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانن بەرهەمێکی ئەمر بنووسن. گرنگ داهێنانە، نەک زێدەڕۆییکردن لە نیشاندانی لووتبڵندیدا.

بۆدلێر: پەخشانەشیعر، سێرڤانتس: ساتیر، ئالتۆسیر: خوێندنەوەیەکی نوێی مارکسیزم، سۆسێر: سیستەمی زمان، هایدگەر: هێرمێنیۆتیکا، فۆکۆ: ئەرکیۆلۆژیای مەعریفە، لاکان: دەروونناسی، شتراوس: ئەنترۆپۆلۆژیا، ژاکوبسۆن: سیمیۆتیکا و ئەدوارد سەعید: ئەدەبی دوای کۆلۆنیالیزم، بە ڕاست «مۆدێرنیستەکانی» لای خۆمان لە چ بوارێکدا داهێنانیان تۆمارکردووە؟ ئەوە لە پای چی لووت لە هەور دەسوون؟ بەڕاست دەکرێ مرۆڤ هاوزەمان زوڕنا بۆ میر لێ بدات و خۆیشی بە نوێخواز و داهێنەر بزانێ! سارتەر دەڵێ: نووسەر دەبێ داکۆکی لە ئازادیی بکا. بەڕاست ئەوی داکۆکی لە دەزگای سەرکوتگەر بکا، نووسەرێکی نوێخوازە یان پۆلیسێکی وریا؟

با تازەگەریی دژی لایەنە ڕۆشنەکانی شتە دێرینەکان نەبێ، با لەبری ڕەتکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبی، ڕێگەی دیالۆگ بگرێتە بەر. با نوێخوازی ئامێزێکی نەرم و نیان بێ و بە تاسەوە چاوەڕێی بین، نەک لە باوەشیدا هێندەی تر هەست بە نامۆیی بکەین.

ئەگەر عەرەبی، ئەدوار خەڕات گوتەنی «زمانێکی لادێیی بێ»، ئەوا کوردی زمانی کوێرەدێیەکە، بریا لەبری خۆهەڵکێشان، چونکە چەکی دیکە شکنابەین، دەمانتوانی بەو زمانە شیرینە سووکە بەشدارییەک لە گۆڕینی واقیعی باودا بکەین.

٢٠٠٠/١/١٠

کورتە چیرۆک:

# «ساڵی تازەیە نەورۆزە...»

نووسینی: مەرزە

من تەنیا ئاگاداری دەرد و خەمی خۆم و هاواڵەکانم یان منداڵەکانی گەڕەک نەبووم، تەنانەت بگرە ئاگاداری دەرد و خەمی ژنانی کووچە یان دایکەکانیش بووم. چونکوو هەرکە خوا ڕۆژی دەکردەوە، بە کرانەوەی دەرگەی ماڵەکانیش سفرەی دڵی ئێمە منداڵان و دایکەکانیش لە کووچە رادەخرا. بەڵام بەداخەوە من هیچ ئاگاداری دەرد و خەمی پیاوەکان یان بڵێم بابەکان نەبووم، چونکوو ئەوان بەیانان زوو لە خەو هەڵدەستان و دەچوونە بازاڕ و ئێواران دەهاتنەوە و شەو زوو لێی دەنووستن. ئەوان هەرگیز لە کووچە ڕانەدەوەستان و دانەدەنیشتن هەتا لەگەڵ کەسێک دەردی دڵ بکەن و، من گوێیان لێهەڵبخەم و تێیان بگەم. خەم و پەژارەی من و هاواڵەکانم یەک بوو، ئەویش ئەمە بوو کە هەموو ڕۆژێک سەر لە بەیانی کە جیرە پووڵی ڕۆژانەمان وەردەگرت و بەرەو دوکانی کاک عەولا وەڕێ دەکەوتین، هەر کە دەگەیشتینە ئەوێ و چاومان بەو گشتە شتە خۆشانە وەک نۆقڵی ترش و شیرین و بیسکویت و غووڕابی جۆراجۆر و قاوت و لەبلەبی و چەقەی ڕەنگاوڕەنگ دەکەوت برینمان دەکولاوە، ئەوسی زۆر و شتی خۆش و پووڵی کەم یەکتریان نەدەگرتەوە. لە تاوان وامان قڕانەکە لە دەستماندا دەکوشی، دەستمان بە عارەقە دەخوسا و قڕانەکە تەڕ دەبوو. دوای هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەیەکی زۆر و ماندوو کردنی کاک عەولا، کە هەروا ڕووبەڕوومان ڕادەوەستا و چاوی تێدەبرین، لە کۆتاییدا بتەوێ و نەتەوێ لە ناچاری شتێکمان هەڵدەبژارد. کاک عەولاش قڕانە عارەقاوییەکەی نێو دەستمانی بە قێز و بێزەوە لێوەردەگرتین. ئێمە بۆ ئەوەیکە کەمێک لە برینی ئەوسی خۆمان سارێژ کەین قەرارمان دادەنا هەر کەسەی کەمێک لەو شتەی کڕیوەتی بەشی یەکتر بدەین. هەڵبەت بەیانانە کەس لە گەڵ کەس دەنگی نەدەگۆڕی و هەر لەم کاتەدا بوو کە تەواوی گەڕەک لە ئاسایش و هێمنی دا بوو. هەڵبەت دەرد و خەمی ژنەکان یان دایکەکان لەشۆێن دەرد و خەمی من و هاواڵەکانم نەبوو. ئەوان هەریەکەی بە دەردێکەوە دەیانناڵاند و هیچیکامێکیشیان بۆ ئەوەی دیکە کارێکی ئەوتۆی لەدەست نەدەهات.

باجە ڕووبەخاڵ، کاک حەمەی مێردی ئیزنی نەدەدا بێتە کووچەی و لە گەڵ ژنەکانی دیکە دابنیشێ و قسان بکا، هەر بۆیە باجە ڕووبەخاڵ بە عاستەم کەلێنی بە دەرگەی کووچەی دەدا و سەر و گەردنی لە دیوی دەرەوە و بەژن و باڵاشی لە ژووری حەوشەدا بوو. ئێمەش، منداڵەکان ئەم ئەرکەمان پێ

سپاردرابوو هەر کە کاک حەمەمان لە دوورەوە دیتبا کە بەرەو ماڵ دێتەوە دەبوایە خەبەرمان بە باجە رووبەخاڵ دابا. ئەویش گوفتوگۆکەی بەنیوەچڵی بەجێدەهێشت و بە ئەسپایی دەچۆوە ژووریّ و دەستیشیّ بە ئاڵقەزوونەی دەرگە دەگرت نەجووڵێتەوە، مەبادا کاک حەمە لەرووی جووڵانی ئاڵقەزوونەکەوە هەست بەوە بکا باجە رووبەخاڵ لە دەریّ بووە.

مەنیجە خاتوون هەموو ساڵێ لە گەڵ زاوی مەڕی کچێکی دەبوو. ئەگەرچی چەند زستان بوو تامی ترشیاتی نەچووبووە ناو سگی و ئەوەندەی خورما خواردبوو کە تەواوی دەم و چاوی ببوو بە کوان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم خوا گەورەیە نێرینەیەکی پێ رەوا هەر نەدەدی.

ئامینەشووشە هەر تاکە جارێک ئاواڵکراسەکەی شووشتبوو، بەڵام وەها لە ئاو چوو بوو کە تازە بۆی نەدەبۆوە و بەداخەوە هیچ کچیشی نەبوو کە بیداتێ.

حاجی هەڕەشەی لە حاجی ژن کردبوو لە بەر ئەوەی کە رۆژ هەتا ئێوارە هەر لە بەر دەرگەی کووچە پان دەبێتەوە، چێشتەکانی هەموو کاڵ و نەکووڵیون. حاجی پێی گوتبوو ساڵی بە هەزاری چووبێ ژنی هەر بەسەر دێنێ.

خات زبێد لەوەیکە ماڵان ئاوی لوولەیان بۆ حەوشەکانیان کێشابوو، ئیدی حەوجێیان بە ئەو نەمابوو ئاو کێشیان بۆ بکا، خۆی نان بڕاو دەدیت. هەر بۆیە تووک و دوعای دەکرد و لەبەر خوای دەپاڕاوە تەواوی لوولەکان لە ژێر خاکدا برزێنێ.

ماپەرەخانم تەواوی کوتاڵ فرۆشی ئەم شارەی کردبوو، بەڵام پارچەی رەنگ توێکڵ پیوازی وەگیر نەکەوتبوو کە لە کراسەکەی بێتەوە.

ئایشە سوور لەوەی کە هەموو شەوی پێنجشەمۆیان کوڕەکەی دەچوە مەیخانان و بە مەستی بۆی دەهاتەوە ماڵێ، ژینی لێ تاڵ ببوو و دەیگوت: "هەرکە پێنجشەمۆ دادێ لە ترسی ئارەقخواردنەوەی ئەو هەتیوە هەموو گیانم دەلەرزێ."

خات حەلیم لە مێردەکەی دڕدۆنگ بوو، زۆری پێخۆش بوو بزانێ ئەو نێوقەد پساوە دیسان خەریکی چییە و چی لە بن سەری دایە، تۆ بڵێی چ بێوەژنێکی لە تۆڕ دابێ.

هەمزەی کوڕی سەیدزادەی دوو ساڵ بوو لە سەربازێ گەڕابۆوە، بەڵام هیچ داوای ژنی نەدەکرد. هەر بۆیە سەیدزادە هەموو رۆژێک لەگەڵ هەمزەی لێی دەبوو بە دمەقاڵە. هەرچی بوو سەیدزادە دەترسا بمرێ و چاوی بە کووڕ و کچی هەمزە نەکەوێ.

نێوان مانگی رەشەمە بوو، سەیدزادە بە ئاواتی خۆی گەیشت و ژنی لە هەمزە مارەکرد. ئەوەندەی پێ نەچوو وەک هەمیشە شایی و زەماوەند بۆ سەر و بنی گەڕەک ساز بوو. رۆژی بووکهێنان سەرەسەری بەهار بوو، تۆزە سەرمایەکی خۆش وڵاتی داگرتبوو. بە گەڕێک هەڵپەرکێ لە گاوانیدا هەستت بە گەرم بوونەوە دەکرد. سەیدزادە بە چاوی بە فرمێسک و دەمی بە پێکەنینەوە بەرەو پیلی بووکەوە چوو و بە خۆشییەکی تەواو بووک گەیشتەجێ. بە دوای ماندوو بوون لە هەڵپەرکێ و نان وچێشت خواردندا، شایەرەکان بەخۆیان و تەپڵ و دەفە و تووزەلەوە، هاتن و لە نێوەڕاستی ژووریّ لە دیوی پیاوەکان دانیشتن و دەستیان کرد بە گوتنی گۆرانی و قەتاران. ژن و منداڵیش لە دیوە بچووکەکە و خەڵوەتی و پێشخانەدا لە پەنای یەک خزابوون و گوێیان هەڵخستبوو. لە نێو پیاوەکاندا تەنیا پیاوێکی جحێڵی تێدابوو کە جلو بەرگی کوردی بە تەواوی لەبەر دابوو و بە شۆخ و شەنگییەوە هەستت بە جوانی کەوا و پانتۆڵەکەی دەکرد. کەوا و پانتۆڵەکەی رەشی قەیتەرانی بوو، کراسێکی سپی بە سۆرانی شۆڕوە لەبەر دابوو، پشتێندێکی کەسکی چیمەنی کوردستانی لە پشتی بەستبوو، پێچی ریشۆڵەداری بە قیتی لەسەرنابوو، کە هەر گورجوگۆڵی و ئازایەتی لێدەباری. سەری داخستبوو و گوێی لە گۆرانییەکان هەڵخستبوو. بە تەواو بوونی گۆرانییەکان، دە تمەنییەکی سوور و شەقی دەرهێنا و داوای لە شایەرەکان کرد، ئاهەنگی "ساڵی تازەیە نەورۆزە"ی بۆ لێدەن. بە گوتنی ناوی ئەم ئاهەنگە شایەرەکان نوتقیان بەسترا و تەماشای یەکتریان کرد، سرتە سرت لە ناو خەڵکەکەدا پەیدابوو. هی وابوو لەوەی پەنای خۆی دەپرسی:

ـ ئەوە کێیە؟

ـ چۆن دەوێرێ داوای شتی وا بکا؟

ـ ئەوە سەید عومبەرە. زۆر کوردە، سووتاوە بۆ کورد و کوردستان. نەخوێندەوارێکی ئاگایە. کاسپکارێکی دڵ دەوڵەمەندە. کوڕی سەیدزادەیە بە سەغیری گەورەی کردوە، زۆر نەترسە...

سەید دە تمەنییەکی دیکەی دەرهێنا و لە پێش شایەرەکانی راگرت و دەنگی لێ بڵیند کرد و گوتی:

ـ لە چی دەترسێن، لە دایکی هەر چی دیژبان و ژاندەرمەیە...

شایەرەکان زانیان لەوە زیاتر ناتوانن چاوەنواڕی کەن و ئینجا بە ئیشارە بە یەکتر دەستیان پێکرد بە لێدانی ئاهەنگی "نەورۆز". هەر چەند، چەند کەسێک بۆی دەرچوون بەڵام زۆربەی خەڵک بە گەورە و بچووک و بە ژن و پیاوەوە بێدەنگ بوون. هەموو ئەندامی لەشیان ببوو بە گوێ و هەست. بە ئەسرینی چاویان دڵی بە کوڵ و زووخاوداریان ئاو پرژێن دەکرد. هەر وەک گوڵ گەشانەوە... وشە و پیتەکان جێیان لە ناو دڵ و مێشکی هەموویاندا کردبۆوە.

جێژنی کۆنی کورد

گوڵی هیوا

خوێنی لاوەکان

ئاسۆی بڵند

مژدەی بەیانی

سینگی کچان

گوڵی ئاڵی ئەو بەهار...

بە تەواو بوونی ئاهەنگەکە، پێم بە دەرد و خەمی گران و راستەقینەی هەموو پیاوەکان و خەڵکی گەڕەکەکەم، خەڵکی شارەکەم و گەلەکەم برد...

سەیدعومەر هەستا سەر پێ و داوای لێبوردنی لە سەیدزادە وخەڵک کرد و لە گەڵ دوو هاورێی شاییان بە جێهێشت. هێشتێ بە تەواوی لە کووچە تێنەپەری ببوون، دوو ماشێنی سپی کە هەر یەکەی، شۆفێر و دوو کەسی تێدابوو لە پێش پێیانی راگرت و بێ پرس و جواب، پیلی سەیدیان گرت و لە ماشێنیان هاویشت.

چەند رۆژ دوایی سەیدعومەرم لەبازاری دیتەوە، خەریکی کاسپی بوو، بە کەواو و پانتۆڵە رەشەکەی و سەر و پێچ و پشتێندە کەسکە چیمەنە کوردستانییەکەیەوە، ناسیمەوە. رووخساری شین ببۆوە، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوو هەر وەک سۆفییێکی شەوتا بەیان خەریکی نوێژ و تاعەت بووبێ.

دوای چەند ساڵان خەبەر هات کە سەید عومەر گوڵی ئەو بەهاری ئەمساڵی ئاڵ کرد و چوە ناودڵی میللەتەوە. ■

کورته چیرۆک:

# خۆری زێرین

سییامەند شێخ ئاغایی

"ڕەشە" مێرمنداڵێکی خەپەتۆڵەو خوێن شیرن بوو. ماڵەکەیان دوو هۆدە و حەوشەیەکی گەورەی هەبوو. بۆ خۆیان لە دیوێکدا دەژیان و ئەوی دیکەشیان بەکرێ دابوو. کوڕە گەورەی کرێگرتەکەیان "کاکە" تازە لە سەربازی گەڕابووەوە، گرامافۆنێکی لەگەڵ خۆ هێنابووەوە. هەموو بەیانییان بێ ڕۆژ ژمێر، واتا پێش تاوهەڵات، قەوانێکی لەدەنگ خۆشێکی ناودار، لە سەر گرامافۆنەکە دادەنا (بەیانییان کە لە سەر ترۆپکی کێوی بەرز خۆری زێرین چاو هەڵدێنێ......و...) ئەم گورانییە نەک هەر بۆ کاکە دڵگیر بوو، بەڵکوو ئەم دەنگە خۆش و هەست بزوێنە وەک خوێن بە شادەمارەکانی ڕەشەی مێرمنداڵیشدا دەگەڕا و گشت بەیانییان بە دەنگی روح لاوێنی گۆرانی بێژەکە چاوی هەڵدێنا و بەدەم بزەیەکی شیرن لە سەر جێگاکەی هەڵدەستا و خۆی لەبەریەک دەکێشایەوە. ئەوجار بە ئارامی دەچوە دەر و لە سەر پلیکانان دادەنیشت. بە بێ ورتە دەستە خەپەتۆڵانەکەی وەبەر چەنەگەی دەدا و تا کۆتایی گۆرانییەکە گوێی دەدایە. ڕەشە هەرئەوەندە ئۆگری ئەم گۆرانییە ببوو، حەزی نەدەکرد قەت ئەم دەنگ و ئاوازە خۆشە ببڕێتەوە، چونکە ئەم گۆرانییە سروشت و خۆری وەک پەردەیەکی سینەما بۆ دەهێنایە بەرچاو. ئەو تەواوی خۆشییەکانی ئەم دونیا گەورەییەیی لە نووکی دەرزی و رووی قەوانی گرامافۆنەکەی کاکە دا دە دۆزییەوە و ئاواتی هەرە بەرزی ئەوە بوو، لە ژیاندا تەنیا گرامافۆنێکی هەبێ و هەموو بەیانییان راست ئەو کاتە کە مەلان بۆ بژیو لە شەقەی باڵان دەدەن و پێش ئەوەی زەردەی هەتاو لە شەونەم دەدا، چووبایە داوێنی "کێوی گولان" و لە قەراغ دارستان و لە سەر گۆرەپانێکی بە سەوزە گیای ورد داپۆشراو راوەستابایە و دوایین دەنگی بە گرامافۆنەکە دابایە و سا ئەوسا لە نزیکەوە دیتبای چۆن خۆری زێرین بە پرشنگی ئاسۆو دۆڵ و دەشتەکان زێڕەوشان دەکا.

چۆن دەیتوانی گرامافۆنێکی هەبێ؟ کاکە گوتبووی گرامافۆن گرانە و پارەیەکی زۆری تێدەچێ. خۆ باوکیشی پارەی کرینی گرامافۆنێکی نە بوو؟ بۆ خۆشی منداڵ بوو، کاری پێ نەدەکرا و تازە گەورە کوڕان هەموو بێکار بوون، چ گەیشتبا بە ئەو!

لەم رۆژەوە کە ئەم دەنگە سێحراوییە مێشکە بچکۆلانەکەی شێواند بوو، سەبرو قەراری لێ بڕا بوو، لە هیچ شوێنێک دڵی نەدەسەکنی و تاکوو پێدەچوو، ئاواتە منداڵانەیەکەی وەک تاری جاڵجاڵووکە دەرونی دەتەنی. ناچار پەنای بۆ لای ئاواڵانی برد و بە سوزێکی ئەوەندە ئاگراویی و لە قولایی دڵەوە، هەست و ویستە خاوێنەکەی بۆ گێڕانەوە، هەر هەمان دەم ئاواڵەکانیشی هۆگر و گیرۆدەی چیرۆکە خەیاڵییەکەی خۆی کرد.

منداڵانی گەڕەک بێ ئارامتر لە ڕەشە بۆ کڕینی گرامافۆنێک لە دەورەی یەک کۆبوونەوە، پارەی مانگانەی خۆیان لە سەریەک دانا، بەڵام پارەکەیان ئەوەندە کەم بوو سەرجەم بیست دەنک نوقلی سووریشی پێ نە دەکڕدرا. ئەوسا بە ناهومێدی لە بن دیواران دانیشتن و لاقیان راکێشا و بیریان کردەوە و کەوتنە خەیاڵ، بە قامک و نینۆکان هەردی بەردەمیان کۆڵی، بەڵکوو لەبن هەرد خەزێنەیەک بدۆزنەوە. یا خۆزیای ئەوە بوون باڵیان گرتبایە و بە سەر هەورە بڵیندەکان دا فڕیبانایە و خۆیان گەیاندبایە ئەو شوێنەی گرامافۆنی لێ دروست دەکرا، جا ئینجا بە دڵی خۆیان یەکی جوانیان هەڵگرتبایە، بەڵام ئەوانە هەموو خەیالاتێکی نە گونجاو بوون مێشکیانی بەخۆوە مژوڵ کردبوو.

لەم کاتەدا کە ئەونەمامەکان بە خەمی گرامافۆنێک لک و پۆپیان سیس و شۆر ببۆوە، ڕەشە لە پڕێک پشتی لە دیوار کردەوە و هەستا سەرپێ، وەک شتێکی پڕ بایەخی دۆزیبێتەوە، لە خۆشیان قاقایەکی کێشا و منداڵانیش بێ ئەوەی بزانن چ قەوماوە، گەشانەوە و وێڕای ئەو هەستانە سەرپێ و قاقایان کێشا و کردیان بە چەقەنە سەما. ڕەشە گوتی:

ـ دیتمەوە

منداڵان راوەستان و بە گرشەگرشی چاوەکانیان پرسیاریان لێکرد:

ـ چت دیتەوە؟

ـ دەچمە لای کاکە بەڵکوو رۆژێک گرامافۆنەکەی لێ بەئەمانەت وەرگرم.

ـ گرامافۆنەکەی کاکە بە ئەمانەت وەرگری؟

ـ ئا بەڵێ!

ـ دەتداتێ؟

ـ لەبەری دەپاڕێمەوە، خۆی بەقوربان دەکەم و دەستی دەگرم ماچی دەکەم. بە ئەمانەت! هەر بۆ رۆژێک! جا ئەوجار بەیانییەکی زوو نان و پێخۆر هەڵدەگرین و دەچین لە بناری "کێوی گولان" تێر بە دڵی خۆمان گوێ بۆ گۆرانییەکە رادەگرین و هەر لەوێ تێر بەچاوان، چاو لە چاوی خۆری زێرین دەبڕین.

منداڵان لە خۆشییان وێکرا هورییایان کێشا و کردیان بە شادمانی. ڕەشە لە پڕ گوتی:

ـ بێدەنگ بن!

هەموو وەک ماستی مەییویان لێهات و متەق بڕا. ڕەشە گوتی:

ـ هەر ئێستا کاکە لە ماڵەوەیە دەچمە لای داوای گرامافۆنەکەی لێدەکەم.

منداڵان مات و بێدەنگ لە چاوەڕوانیدا وەستان. ڕەشە وەک چۆن گەورە پیاوان بۆ خوازبێنی کیژۆڵان دەچن. ئەوتۆ رەواڵەتی خۆی گۆری و ئارام و لەسەرەخۆ وەرێ کەوت. چوە لای کاکە. سڵاوی کرد. چۆکی دادا و زۆر بە ژیری داوای گرامافۆنەکەی لێکرد. کاکە یەکەم لاوی گەڕەکەکەیان بوو کەگرامافۆنی هەبوو. زیادە لە بەر شایی بە خۆ و دڵی بە گرامافۆنەکەییەوە بوو، وەک گوڵ دەیپاراست. رۆژێ چەند جار بە دەسرەییەکی سپی و نەرم، گەردی رووی دەماڵی. لەگەڵ ئەوەی گرامافۆنەکەی زۆر لا خۆشەویست بوو، لەم کاتەدا ڕەشەی ئەوەندە ژیکەڵانە هاتە بەرچاو، دڵی نەشکاند و

بەڵێنی پێدا ڕۆژێک لە بەیانییەوە تا ئێوارێ گرامافۆنەکەی لا بێ، بەڵام بەم مەرجە نەشکێ و تۆزاویی نەبێ.
ڕەشە بە دوای بەڵێنییەکەی کاکە، شاد و سەرکەوتوو گەڕاوە لای هاوالانی و کردیان بە چەپڵەڕێزان، پاشان بە یەکەوە چوونە نێو بازار، پارەیان لە باوکیان وەرگرت و شیرنیان پێ کڕی، دایکان خواردەمەنی خۆشیان بۆ پێچانەوە. بۆ شەوێ، تاکوو مانگ سەری لە کەل شۆڕ نەکردەوە، لە هەقلە مەقۆ و کایەی شەو نەگەڕانەوە ماڵ. ڕەشە پێش کازیوەی بەیان، بەر لەوەی دایکی لە خەو هەڵی هەستێنێ. لەخەو رابوو، جلەکانی دەبەر کرد و ئەوسا بە پەلە چوو، گرامافۆنەکە کە هەر سەری شەوێ بۆی لە پڕێسکەیەکی سپی پێچرابوو، وەریگرت و بە لەسەرەخۆیی وەک چۆن دایک کۆرپەی ئازیزی لە ئامێزدەگرێ، ئەوتۆ بە هەردووک دەستان هەڵیگرت و توند بە سنگییەوە نووساند. ئاوالان هەموو شاد و سەرمەست لە سەری کۆڵان کۆ ببوونەوە لە چاوەڕوانیدا بوون. ئەوسا بە دەستە لە نێو شارەوە بەرەو بناری کێوی گولان وەرێ کەوتن. لە نێو تاریک و روونی بەیانی دا، لە دوورەوە هەر وەک کارِ و بەرخی جوان دەهاتنە بەرچاو. لەرێگا ڕۆیشتنەکەدا ڕەشە لەسەرەخۆ و بە پارێز هەنگاوی هەڵدێنایەوە و لەبن لێواندا گۆرانییەکەی دەگوتەوە. ئەوانی دیکەش چەند شەقاو دوورتر لە وی بەدەم گۆرانیگوتن، بزۆز و ئەسرەوتوو رێگایان دەپێوا. لەو کاتەدا هەر ئەوەندە بێ خەم و خەیاڵ نوقمی کایەی منداڵانە بوون، هەر دەتگوت لەم دونیایەدا خەمێک بەوان نەبراوە.
هەرد نەمی هەبوو، شەونەم رووی گیا و گوڵی داپۆشیبوو. بۆنی عەتری گوڵ و گیا وڵاتی داگرتبوو. مەلان جریوە جریویان بوو. ئاسمان ساماڵ بوو. ئاسۆ یەکپارچە زێرین بوو. تۆپی زێرین ئاسۆی زێڕەوەشان کردبوو. خەیاڵەکان وەراست گەڕابوون. ئەونەمامانی ئەویینداری خۆری زێرین بە بێ ئازار گەیشتبوونە داوێنی کێوی گولان. لەقەراغ دارستانێک بارگەیان خستبوو. گەڕابوون گۆڕەپانێکی تەختی بە سەوزە داپۆشراویان دۆزیبووەوە کە دەیڕوانییە نێو کانییەکی سارد و خوڕێن. باوشێک ئاو بە قەلبەزەو شۆڕە شۆڕ لە کانییەکەوە بەرەو لێژ ڕەوتی دەپێوا و گیانی وەبەر پنگە، سێ پەڕە، وەنەوشە و خاشخاش دەنا. ئاوالان لە نێو ئەو سروشتە پاک و خاوێنەدا، شوێنێک یان شتێک کە شیاوی گرامافۆنەکەیان بێ لە سەری دانێن، بۆیان نە دەدۆزرایەوە. یەکیان بە پەلە کەواکەی داکەند و بۆ گرامافۆنەکەی راخست. ئەیان سەلماند و گوتیان: تۆزاوی یە. یەکی دیکەیان کراسەکەی داکەند بۆی راخا. گوتیان: ئارەقاوی یە و نابێ. گیای ئەرمیان ڕنی و گەڵاییان لێوە کرد لە بنی دانێن. گوتیان: تەڕە نابێ! لەکۆتاییدا تەختە بەردێکی لووس و خاوێنیان دۆزییەوە و بە ئەسپایی گرامافۆنەکەیان لەسەر دانا و ئەوسا ڕەشە لە تەنیشت گرامافۆنەکە چۆکی دادا، داهاتەوە، قەوانی گۆرانییەکەی لە سەر گرامافۆنەکە دانا و نووکی دەرزی لە نزیک راگرت. لەم کاتەدا هەموویان روویان بەرەو ئاسۆ وەرگێرابوو. چاوەنواڕی ئەو ساتە بوون کە خۆری زێرین بە ناز سەر لە ئاسۆ وەدەرنێ و تیشکی زێرینی تێکەڵ بە دەنگی زوڵاڵی گۆرانی بێژەکە بێ و جا ئینجا باغ و شاخ ، گوڵ و گیا ، جریوەی مەل و شۆڕە شۆڕی کانیاوەکە رازاوە بکا. راست لەم کاتەدا کە خۆری چاو مەست دەهات چاو هەڵێنێ. مێروولەیەک بە گرامافۆنەکە هەڵگەڕا، ڕەشە نەپرژا دەرزییەکە بەردا و مێروولەکەی فڕێدا. هاواری ئاوالانی کرد، تاکوو ئاوالان کەوتنە فریا، مێروولەکە بە دەرزێک دا سەری شۆڕ کردە نێو گرامافۆنەکە. خۆر کاتی چاو هەڵێنانی نزیک ببۆوە، دەبووایە لەگەڵ گزینگی هەتاو، دەرزی بە سەر خەتێکی باریکدا رووی قەوانەکەی لستبا وە و دەرزی و قەوان وەهایان ژەنی بایە کە دەنگی دڵنەوازی گۆرانی بێژەکە لە گەرووی باریکی بەرزەوێژەوە تەواوی ژینەوەری ئەم مەڵبەندەی
بە سروشتەوە هێنابایە سەمایە. هاوالان لە دەوری قەوان کۆزیلکەیان بەستبوو، ڕەشە وەک فەرماندەرێک فەرمانی دا:
ـ بکشێنەوە دوا! چاوتان لە خۆر..
خێرا، شێت و شەیدا روو بە خۆر کشانەوە.
ـ دەنگو نەیە! گوێتان لێ بێ!
هەموو یەکپارچە گوێ و روو بە ئاسۆ، خۆێن بە گەرمی، لەش بۆ سەما، بەڵام کە دەرزی کەوتە سەر شوێنی باریک، دونیا گۆڕا. لە جیاتی دەنگی بە سۆزی گۆرانی بێژەکە، بۆڕەو غلەدەغلەدێک هێز و توانای ڕەشەی تێکشاند و ڕەنگی سوورو گەش، سیس و کاڵ بۆوە. لێوەکان زەردەیان لە سەر نەما و ئاواتەکان چۆقەیان کەوتێ و بەرەو نەمان فڕین. ئاخ مێروولە! مێروولەیەکی بچووک تۆ چ پەندێکت بە سەرهێناین! هەموویان خێرا لە گرامافۆنەکە هالان و هەڵیان هێنا و سەراوبنیان کرد، فوویان لە نێو کرد. لە بەر مێروولەکە پارانەوە، بەڵکوو بێتەوەدەر و سیمەکان نە قرتێنێ، بەڵام مێروولە گوێی نەبوو، دڵی بەرد بوو. کات بە خێرا دەرۆیشت و خۆر بە تەواوی چاوی هەڵێنا بوو. وڵات ڕەنگی بزرکا. ئێستا ئەم خۆرەی ئەوان لێی دەگەران، ئەو خۆر نەبوو، ئەم خۆرەیان بێ زەوق و شەوق بوو؛ سروشتی نەرازاندەوە و گوڵ و گیا بۆنیان نەبوو. چریکەی مەلان و شۆڕەی ئاو گوێیانی ئازار دەدا. دەروونی ڕەشە وەک پوورەی هەنگ هەژابوو، بوغز و کینە، بێزاری و رق لە مێروولە تەواوی هەناوی داگرتبوو. «شەڕ بە دژی مێروولان. بکوژن! ببڕن! سەریان پان کەنەوە! ئەخێر ویشکەڵان کۆ کەنەوە و ئەوتیان لە کونەکانیان بکەن و ئاور دەعەمر و مالایان بەردن!». سەرەنجام چەند دڵۆپ فرمێسک بە زوڵاڵیی شەونەمی بەهاری بە سەر روومەتی خەم داگرتوویدا شۆر بوونەوە و روومەتیان شەقار کرد. پاشان قورساییەک تێکەڵ بە شەرم و پەژیوانی سەراپای جەستەی داگرت. لەشەرمان نەیدەزانی چۆن بگەڕێتەوە ماڵ و گرامافۆنی ساخ و سلامەت، بە شەق و شڕی بداتەوە دەست خاوەنەکەی. لەم کاتەدا هەراسان و سەرلێشێواوبوو، خۆ ئەگەر شوێنێکی شک بردبایە پەنای بۆ بەرێ، هەر لەم شوێنەوە سەری هەڵدەگرت و دەرۆیشت هەتاکوو گرامافۆنێکی جوانی بۆ کاکەی نە کڕیبایە نەدەگەڕایەوە. بەڵام ئەوە تەنیا خەیاڵێکی تفت و تاڵ بوو مێشکی دەسمی و هیچی دیکە. ئاخ مێروولە! مێروولەی بەلالێدراو! مێروولە!
چێشتانێکی درەنگ بوو، کەل و پەلەکانیان بە دەوریان دا بڵاو ببۆوە، دوکەڵێکی ڕەش و خست لە ئاورگەکەیان هەڵدەستا و بایەکی گەرم دوکەڵەکەی بە دەوران دەوردا خول دەدا. ئاوالان پەرێشان و خەمگین، هەرکام لەلایەک بە بێ دەنگی لە سەرهەرد راکشابوون، بۆنی دوکەڵ و تینی هەتاو ئازاری دەدان. سەرەنجام هەستانە سەرپێ، بەبێ هێزی کەل و پەلەکانیان کۆ کردەوە و بەتەمابڕاویی بەرەو ماڵ بوونەوە. ڕەشە پرێشانتر لە هەمووان، لەدوا دواوە و گرامافۆن بە کۆڵەوە، بێ ئەوەی ورتەی لە بەر بێ، قەلس و توڕە، بەدەم رێگاوە چاوی لەپێش خۆی بڕیبوو، بە رژدی بیری لە مێروولە قڕان دەکردەوە.
حەوشەکەیان چۆڵ بوو، کەس بە دەرەوە نەبوو، خۆی گەیاندە قولینچکی حەوشە و لەبن چڕپی و چاڵی تەندووری خۆی مات کرد، تاکوو خۆر ئاوا نەبوو و چرای مالان هەڵنەبوو، لەحەشارگە نەهاتەدەر. جا ئەوجار کە بوولێل بەسەر وڵات داکشا، بە دوودڵی و ترسەوە هەستا گرامافۆن لە سەر دەست چوو تەسلیمی خاوەنەکەی کردەوە.
شەوێکی کپ و بێدەنگ بوو، وەک شەوانی تر دەنگی گرامافۆنەکە نەدەهات. هەموو شتێک خەم دایگرتبوو، تەنانەت دەتگوت دارو بەردیش لە ماتەم دان و بۆ مەرگی گرامافۆنەکە تازییەبارن. ڕەشە چاوەڕوانی رووداوێک بوو، لەترسی بگرو دارکاری، هەر لە سەری شەوێوە سەری بردە

بن لێفە و وەک بیچووە پشیلەیەک خۆی گلۆلە کردەوە و تاکوو بەرە بەیان بەدەم ترس و ڕقەوە لەگەڵ خۆی کەوتە قسە و فیکرکردنەوە:

"ئەو مێروولە شێت و هارە! ئەو سەر زلی کەڵپ تیژە، چاو دەرپەڕیوی لاق درێژە! وەک جندووکە لە کوێرا هات ئاوای بە سەر هێنام. دەستم شکێ! بۆ نەمگرت بیکوژم و بە ددان ئێسکی ورد ورد کەم! چ وەحشی و بەسام بوو! دیتت چ زوو بەکەڵپە مشارییەکانی سیمی دەزگایەکەی قرتاند؟ ئەوت لە کونی مێروولان دەکەم و ئاسەواریان دەبڕمەوە! ئەگەر مەرد بم، ناهێڵم یەک مێروولەش بە زیندوویی لە دەستم دەرچێ! ناهێڵم...! چارە چییە؟ ئەوە وڵات رووناک دەبێتەوە، کاکە قەوانەکە دادەنێ و گرامافۆنەکە ئیش ناکا و ئەوسا پڕ بە حەوشە دەنەڕێنێ! بابم پێ دەزانێتەوە، دایکم دەقیژێنێ و دەڵێ سەر بەقوری مل بەکوێن شتی خەڵکت بۆ وەرگرت و شکاندت! نا، راستییەکە بەبابم دەڵێم. بابم منی خۆش دەوێ و لێم نادا. دەزانم گرامافۆنێکی تازە بۆ کاکەی دەکرێتەوە. بەڵام خۆ باوکم هێندە دەوڵەمەند نییە، بە کام پارە دەتوانێ گرامافۆنێک بکرێتەوە! خوزگە هەر شەو بێ و رۆژ نەبێتەوە! نا، با زوو رۆژ بێتەوە، دەچم لە بەر کاکەی دەپارێمەوە و سوێندی بۆ دەخۆم کە من ئەم شکاندووە. باوەرم پێدەکا. بۆی دەگێرمەوە ئەو مێروولە سەرزلە چۆن بەپەلە خۆی دەنێو گرامافۆنەکە رۆ کرد و چۆن لە چاو تروکاندنێک دا سیمەکانی کرۆشت. دەڵێم: "ئەگەر باوەرناکەی پشتی گرامافۆنەکە بکەوە، ئێستاش هەر دەنێوی دایە." جا کە بە چاوی خۆی مێروولە هارەی دیت، ئەوجار بەجووتە، لەگەڵ کاکەی گەورە و بەهێزم، بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە، دەچین شارە مێروولان تەفرو تونا دەکەین و ئاور لە سەر پشتیان دەکەینەوە! "

بەیانە، کاکە رابووە، دەنگی بەسۆزی گورانی بێژەکە: (بەیانییان کە لە سەر ترۆپکی کێوی بەرز خۆری زێرین چاو هەڵدێنێ...» وەک هەموو بەیانییەک حەوشەی پڕ دەکاتەوە. ڕەشە وەک فەنەر، بە پرتاوی لێفە لە سەر خۆی توڕدەدا و هەڵدەستێتە سەر پێ و بەچەشنی بێچووە بەورێک لە پەنجەرەوە بازدەداتە دەر. کاکە لە نێوەراستی حەوشەکە خەریکی وەرزیشە. ڕەشە بۆ یەکەم جار بەلەزو پەلە خۆ دەگەیەنێتە لای کاکە و چاو دەبرێتە گرامافۆنەکە و لە تەنیشت کاکە رادەوەستێ، بە بێ سێودووکردن، بە خۆشحاڵی و بە بێ خەمیی ئەم دونیاییە، هەر وەک شەونەخوونی نەکێشابێ و خەمێکی نەچێشتبێ، رووگەش، گوپ سوورو لێو بە خەندە، بە چەشنی کاکە دەست بە وەرزیش دەکا. کاکە بە زوانی خۆش: جارێک بۆ راست، دوو جار بۆ چەپ. لاق هەڵێنە! سێ جار بۆ پێش، بۆ پشتەوە. دەست بۆ نێوقەد، سەر هەڵێنە، شل مل بادە! بۆ پێشەوە بۆ پشتەوە! تەواو وەرزیش! پشوو بدە! هەوا هەڵمژە...! ڕەشە بە هانکە هانک و مشتێک پرسیار رووی وەرگێرا:

- کاکە کاکە!

ـ دەڵێی چی ڕەشە؟

ـ دوێنێ بەیانی گرامافۆنەکە!

ـ چی، گرامافۆنەکە؟

ـ مێروولە...دەنگی نەهات... بلەغەبلغ ... تێلەکانی کرۆشت!

کاکە لەسەرەخۆ و بە زەردە خەنە رووی کردە لا:

ـ شێتە، مێروولەی چی؟

- با.. مێروولە..!

ـ نا شێتە، لە بیرم نەبوو باترییەکانت بۆ بگۆرم، ببوورە! باترییەکان قەوەیان نەبوو!

ڕەشە سەری داخست:

ـ ...! پرسیار نەما!

تەنز:

## ساجی عەلی

ئاسۆ بیارەیی

زۆر باسی خارجیان لا دەکردیت، «عەلە دەم کیف» و «حەمە ژیلوان» بە تەواوەتی سەرشاخیان لێگرتبووی..

بەهەشتی زەهرای ئەورپایان هەموو ئێوارەیەک دەهێنایە بەردەم دوکانەکەت. ئەوجادە خۆشەی تووی مەلیکیان لێ دەکردیتە خۆڵە عەمەلەکەی ئابلاغ و قێزت لە خۆت دەهاتەوە.

جا کە «عەلە»دەینەڕاند و دەیگوت:

براکەم! دەچیتە ئەوێ هەموو شتێکت بە خۆڕایی و ئامادەیە.. هیچ شتێک ناکەیت، پارەشت هەیە.. لێرە تا ئێوارە خۆت هیلاک دەکەی دوو گەلا[1] قازانج ناکەیت.. ژیان لە وێ یە، سەرەڕای ئەوەی کە هاوینان دێت لە بەر فریشتەی دەریا ئەو وڵاتە ژاوەی دێت.. لە هەر لایەک بەرخە و خۆی دەداتە بەر خۆر.. شتێکی تریش هەیە کە زۆر گرینگە بۆ ئێمەومانان ئەوەیە کە ژمارەی ژن لە پیاو زۆرترە. ئەوەیە دەبێ پیاو خۆی بگونجێنێ..

کە زۆربەی دراوسێکانی کەوتنە خانووفرۆشتن و، کە «قالە کەچەڵ»ی شووتیفرۆشت بینی دوای ٩ مانگ هاتەوە و خەریکی خانوو کڕین بوو..، ئەو قالەیەی کە ماکەرە کوێریشی دەست نەدەکەوت سواری بێ، هەر بە تاکسی هاتوچۆ دەکا ـ زیاتر گومانی خستە دڵتەوە و کێچی خارجە حەیاتەکە لە باخەڵتدا هاواری نەفەری خارجی دەکرد:

ئۆسلۆ ٧٥ گەلا، ستۆکهۆڵم ٧٠ گەلا و ئەڵمانیا ٤٠ گەلا هتد.. تۆش بە پەلە کەوتیتە خانوو و سەیارە و دوکان فرۆشتن.. هێندەت پەلە بوو، دەترسای بوومەلەرزە پردەکەی ئیبراهیم خەلیل بڕوخێنێ و تۆ فریای بەهەشتی گەلا و شوقە و ساتەلیت نەکەوی. بە ماوەیەکی کورت شتەکانت هەڕاج کرد.

کە ڤیزای حەوت ڕۆژەیان بۆ کردیت و پەڕیتەوە ئەوبەر خاپور، خەمت نەما. خارجەکەم! خۆت بگرە واهاتم.. گیانم لە ڕێت...

هەر لە کوردستانەوە بە ٧٥ گەلا لەگەڵ مستەر قاچاغچیدا ڕێککەوتی.. مانگێک تێپەڕبوو، ڤیزاکەشت تەواوبوو و هیچت دیار نەبوو.. جارێ مستەر دەیگوت کە چووی بۆ فرۆکەخانە دەبێ قات لەبەر بکەی تا پۆلیسەکان بتناسنەوە.. جارێ دەیگوت سەرت بۆیاخ بکە و بۆیباخ ببەستە، جارێک دەیگوت سمێڵت بتاشە، یان بە ئینگلیزی قسە بکە..

هەرچەندە تۆ بێجگە لە پاقلەی کولاو زیاتر هیچی ترت نەدەزانی.. دەستی دەستی پێ دەکردی. چەند جارێکیش سنوورداش کرایتەوە، بەڵام لە بەر قسەی خەڵکی شەرمت دەکرد بڕۆیتەوە بۆ شار. لە زاخۆ سەر لە نوێ خۆت گیف دەکردەوە بۆ هەوڵێکی تازە.. زیاتر لە سێ ساڵت بەو جۆرە تێپەڕاند، دوای دووساڵ مانەوەت لە ئەستەمبوڵ دیسان سنوورداش کرایتەوە، وەک «ماری و پەیژە»[2] لە سنوور خۆت دۆزیەوە..

هەرچەندە بیرت لە خۆت دەکردەوە، بێجگە لە ساجەکەی عەلی هیچی ترت بە مێشکدا نەدەهات.. کەوا لە ڕێبواری دوڕاوی ڕێگەی خارجی...

سوێد ١٩٩٩

١) مەبەست لە گەلا، دۆلارە کە لە کوردستانی باشوور بە هەر (١٠٠) سەد دۆلاری دەڵێن گەلا.

٢) «ماری و پەیژە»: یارییەکی کۆنی مندالانە کە بە زاری تاولە دەکرێ.

# ماڵئاوایی لە ژیان

**□ گزینگی ژمارە ٢٦ لە چاپ دەرچووبوو کە گوێبیس بووین نیشتمانپەروەری کورد «عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی» یەکێک لە ئەفسەرە دڵسۆزەکانی بەشداربوو لە کۆماری کوردستان(١٩٤٦)، لە ڕۆژی دۆشەمۆ ڕێکەوتی ١٣ی دیسامبری ١٩٩٩ ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و، تەرمەکەی بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر لە شاری کۆیە بە خاک ئەسپێردراوە. لێرەدا بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو تێکۆشەرە، چەند بڕگە لە نووسراوەیەکی خۆی دەکەینە دیاری خوێنەرەوان، کە کاتی خۆی وەک پێشەکی بۆ گزینگی ناردبوو کە بخرێتە سەر کتێبەکەی: (گەشتێک بە کۆماری مەهاباددا...) و بە سەرپەرشتی د. کەمال عەلی» لە کوردستان چاپ و بڵاو بکرێتەوە. شایانی باسە کە سەرجەمی بیرەوەرییەکانی شادڕەوان عەقید بەکر حەوێزی وەک زنجیرە وتار لە ژمارەکانی ١ تا ٦ ی «گزینگ»دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. یادی بەخێر بێ و گڵکۆکەی پڕ لە گوڵ... (گزینگ)**

«نێوم بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید ئاغای حەوێزی یە. ساڵی ١٩١٤ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە چاوم بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتاییم هەر لەوێ و نێوەندی و ئامادەییم لە ساڵی ١٩٣٢ دا لە ئامادەیی نێوەندی لە بەغداد تەواوکردووە. ساڵی ١٩٣٥ چوومەتە کۆلیجی حەربی و لە کۆتایی ١٩٣٦ دا بە پلەی (ملازم ثانی) تەواوم کردووە...

کاتێکیش کە بووم بە ئەفسەر، ئەو خەباتەی کە لە سەرەتادا بەهێمنی و لە سەرخۆ دەستمان پێکردبوو، هێدی هێدی گەشەی سەند و، بەتایبەتی لە کۆڕی ئەفسەراندا تێکۆشانی کوردایەتیمان پتر کڵپەی سەند. لە کەرکووکیش پێوەندیم لەگەڵ برا ئەفسەرەکانی حیزبی هیوادا بەستبوو بە سەرکردایەتی مامۆستا ڕەفیق حیلمی.

... لە ساڵی ١٩٤٣دا کە ڕاپەڕینەکانی بارزان دەستی پێکردەوە، ئێمە ژمارەیەک لە ئەفسەران لە ماڵی (مقدم ئەمین ڕەواندووزی) کۆبووینەوە و سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و بەتایبەتی بارزان دەدواین. لەناکاو وەزیری دەوڵەت ماجیدبەگ موستەفا پەیدابوو کە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە نێردراوبوو بۆ وتووێژ و ڕێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفادا لە سەر ئەساسی مافی ئۆتۆنۆمی. هەر هەمان شەو وەڵامان بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی نارد کە بێتە کەرکووک، مامۆستا ڕەفیق و ئێمەی ئەفسەران پێکەوە لەگەڵ ماجید بەگ دا هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەبارەت بە مەسەلەی کورد وتووێژمان کرد و کۆمەڵێک لە بیر و ڕا و پێشنیازی باشمان داین...

ئەو دەمە ساڵی ١٩٤٣ پلەی ئەفسەریم ببوو بە ڕەئیس (نەقیب) داوام کرد



کە لە سوپا بکێشرێمەوە و(استعفا) بکرێم؛ چونکە لە ڕاستیدا نیازم هەبوو پێوەندی بە ڕاپەڕینی بارزانەوە بکەم و، دوابەدوای ئەوەش بیرم لەوە کردبووەوە بەرەو مەهاباد بچم.

...هەفتەیەک تێپەڕی نەکردبوو بە سەر مانەوەم لە[شیواشان]دا، شەوێک لەناکاو دەورووبەری سەد پۆلیسێک ئابلۆقەی گوندەکەیان دا. بەڵام من شەوانە دەچوومە قەراخ گوند و لە سەر تەپۆڵکە شاخێک لێی دەنووستم. لە بەرەبەیاندا تەقوتوق دەستی پێکرا و پاش کاتژمێرێک شەڕکردن من برینداركرام و، ناچار لەگەڵ چەکدارەکانمدا پاشەوپاش بەرەو بەرزاییەکانی چیا کشاینەوە. پۆلیسەکان ماڵیان بە تالان بردم. پاش ماوەیەک برینەکانم کەمێک سارێژ ببوون و ، لەگەڵ کاروانێکی قاچاخچیدا کە هاتوچۆی کوردستانی کوێستانیان دەکرد خۆم گەیاندە مەهاباد.

... بە هەمووی دوو هەفتەیەک دەبوو لە مەهاباد بووم کە ئاڵای کوردستان بڵند کرا و دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا. ڕۆژی دوای دامەزرانی کۆمار چوومە لای مەلا موستەفا بۆ شنۆ.

سەرەتا لە سوپای کۆماردا وەک سەرلک (ئامر فەوج) دانرام و، چوومە (جەبهەی سەقز). دوای شەڕی (قاراوا) پلەی پۆلکۆڤنیک (مقدم)م پێدرا. دواییش کرامە فەرماندەی (جەبهەی سەردەشت و بانە).

پاشی داڕمانی کۆماری کوردستان، ئێمە چەند مانگێک هەر لە شەڕدا بووین لە نێوچەکانی ـ شنۆ، مەڕگەوەڕ، تەرگەوەڕ تا سەر چۆمی گادەریش چووین.

وەک دەزانین کە دوای نەمانی کۆمار مەلا موستەفا لە تاران لە وتووێژدا بوو و، پێمـوابوو ئەو پەیمانەی کە ئەمریکا بە بارزانی دابوو بە ڕاست ناگەڕێ. هەر لە سەرەتاشەوە من پێشنیازی ئەوەم کردبوو کە بەرەو رووسیا بچین. تا لە ئەنجامدا وای لێهات هەڵوێست بەرانبەر بۆچوونەکانی من وەربگیرێ و مەلا موستەفا لە بارزانەوە گەڕایەوە و بەرەو رووسیا ڕۆیشت.

... پاش کودەتای کەریم قاسم و گەڕاندنەوەی بارزانییەکان لە سۆڤێتەوە بۆ عێراق، ئێمە کە ژمارەیەک لە ئەفسەران بووین: من و سەید عەزیز و میرحاج و نوری ئەحمەد تەها و ئەوانی دیکە بە پلەی ڕەئیس ئەوەڵ(رائد) گەڕاینەوە نێو ریزی سوپای عێراقی و، من وەک فەرماندەی بەرگری میللی (مقاومە شعبیە) نێردرامە ڕەواندوز.

... ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١٢ لەگەڵ عەزیز عەقراوی و مولازم ئەتروشی چووین بۆ کۆیە و بێتواتە و لەوێشەوە بۆ رایەت بۆ لای مەلا موستەفا. پاشان لەگەڵ مەلا موستەفا بەرەو ڕەواندوز بەڕێکەوتین و لەوێشەوە چووینە نێوچەی خۆشناوەتی و لە گوندی هێران چەند ڕۆژێک ماینەوە و دوایە مەلا موستەفا گەڕایەوە بۆ نێوچەی ڕەواندوز و، منی کردە جێگر(وەکیل)ی خۆی لە نێوچەی خۆشناو و هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و سوپایی خۆی پێدام.

... کە ناکۆکی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی دەستی پێکرد، من گەڕامەوە بۆ ڕانیە و لە ساڵی ١٩٦٧دا دانیشتم و وازم لە پێشمەرگایەتی هێنا...».

■

# بانگەوازێک لە تراستی کەرکووک

## بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سیاسەتی پاکسازی نەژادی لە کوردستانی عێراقدا

کێشەی ناوچەی کەرکوکی کوردستانی عێراقی دەوڵەمەند بە چاڵە نەوت و کێڵگەی زەمینی کشتوکاڵی بە پیت، هەمیشە یەکێک بووە لە کۆسپ و تەگەرە سەرەکییەکانی سەر ڕێی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتی بۆ گیروگرفتی کورد لە عێراقدا. دۆزینەوەی نەوت دوا بە دوای یەکەمین شەڕی جیهانی، هۆیەکی گرینگ بوو بۆ لکاندنی ولایەتی موسڵ (کە کەرکووکیش یەکێک لە بەشەکانیەتی) بە دەوڵەتی پاشایەتی عێراقی دامەزرێنراو لە ساڵی ١٩٢١دا لەلایەن دەوڵەتی بریتانیاوە. بێگومان ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەت پاش کودەتای ساڵی ١٩٦٨ بە ڕابەرایەتی پارتی بەعسی عارەبی، بە شێوەیەکی ئاشکرا کەوتنە جێبەجێکردنی پیلانی گۆڕینی تایبەتمەندێتی سیمای نەتەوایەتی خەڵکی ناوچەکە.

ئەو هەنگاوانەی لەو بوارەدا هاوێژراون گرینگرتینیان ئەمانەن:

ـ دوورخستنەوەی فەرمانبەر و مامۆستا و کرێکارە کوردەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بۆ خوارووی عێراق و نیشتەجێکردنی خەڵکی عارەب لە شوێنەکانیان.

ـ ڕێگەگرتن لە کورد بۆ فرۆشتنی خانوو وماڵی بە عارەب نەبێت و قەدەغەکردنیان لە کڕینی خانوو و ماڵ لە ناوچەکەدا لە ژێر هەر مەرج و بارودۆخێکدا بێت.

ـ ڕاگرتنی پسوولەی دروستکردن یا نوێکردنەوەی خانوو بۆ کوردەکان ئەگەرچی خانووەکانیان پێویستیان بە چاککردنەوە هەبوایە تاوەکو زۆریان لێبکەن بۆ فرۆشتنیان و بەجێهێشتنیان.

هەنگاوێکی سەرەکی کە هاوێژرا لە پێناوی بەعارەبکردنی ناوچەکە ئەوبوو کە لە چەند شاڵاوی یەک لە دوای یەکدا دەیان هەزار خێزانی عارەب لە ناوچەکەدا نیشتەجێکران لە گەڵ مسۆگەرکردنی خانوو و ئیش وکاریاندا. لە هەمان کاتدا چەندین گەڕەکیش لە شاری کەرکووکدا بۆ تازە هاتووەکان دروستکرا و نێوی عارەبیشیان لێنرا. نێوی خودی پارێزگاکەش لە کەرکووکەوە گۆڕدرا بە التامیم ـ (کە مانای خۆماڵی کردن دەداتەوە). هەروەها هەموو گەڕەک و جادە و قوتابخانە و کارگەکان بە عارەبی نێویان لێنرایەوە. لە قوتابخانەکانیشدا فێرکردن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا.

لە پێناوی بە کەمایەتی کردنی کورد لە پارێزگاکەدا، چوار لە حەوت قەزای پارێزگای کەرکووکیان پچڕاند و لکاندیان بە پارێزگای دەوروبەرەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٨٩دا، حەوت سەد و حەفتا و نۆ گوندی کورد و چەند گوندێکی تورکمانیش وێران کران و بڕێکی زۆریش بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە عارەبەکان تەرخانکران و دانیشتووانیشی بە زۆر دوورخرانەوە. کۆی گشتی ئەو خێزانانەی کە ڕەوانەی کامپ و ئۆردوگاکانی بندەسەڵاتی چاودێرانی ڕژێمی عێراق کران گەیشتە ٣٢,٧٢٦ خێزان. لەو گوندانەشدا ٤٩٣ قوتابخانە، ٥٩٨ مزگەوت و ٤٠ دەرمانگای ڕووخێنرا و وێرانکرا.

ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەمان ناوچەدا ئەنجام درا.

لە شریتێکدا کە لە نێوان ١٧ تۆن پەروەندە و بەڵگەنامەی پۆلیسی نهێنی عێراق کەوتووەتە دەست لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١دا، عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام حوسێن و بەهێزترین دەسەڵاتداری پارتی بەعس لە باکووری عێراق لە ساڵی ١٩٨٨وە تا ساڵی ١٩٨٩ دا، دەڵێ:

«هەرکە لە ڕاگوێزانیان بووینەوە، دەبێ بە گوێرەی نەخشە و پیلانی سوپایی لە هەموو شوێنێکدا هێرش بکەینە سەریان. هێرشی بۆمبای کیمیاویش تەنیا بۆ تاکە ڕۆژێک بەکار ناهێنین، بەڵکوو بۆ ١٥ ڕۆژ بەردەوام دەبێت». ئەم بەڵگەنامانە بە درێژی پەردە لە سەر ئەو هێرش و کردەوە دڕندانەی ڕژێم هەڵدەدەنەوە کە تاوەکو سەردەمی ڕاپەڕینەکە، دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون. بەڵگەنامەکان ئێستا لە زانستگای کۆلورادە پارێزراون.

عەلی حەسەن مەجید کە لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١دا شالیاری جەنگ بوو، ڕاستەوخۆ لێپرسراوە لە گرتنی ٣٠,٠٠٠ کوردی شاری کەرکووک و مردنی چەندین لە بەتەمەنەکانیان لە ئاکامی بە بێ خواردنەوە و خواردن مانەوەیان لە زینداندا بۆ ماوەی چەندین ڕۆژێ. هەروەها بەرپرسیارە لە وێرانکردنی زیاتر لە ٢٠٠ خانوو لە شارەکەدا، جگە لە قەدەغەکردنی ئەو کوردانەی کە لە ئاکامی بۆمبابارانی هەلیکۆپتەرە جەنگییەکانی ڕژێم شارەکەیان بەجێهێشتبوو، لە گەڕانەوە بۆ سەر خانوو و ماڵی خۆیان.

لە ئاکامی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، شاری کەرکووک و چەندین ناوچەی دیکەی کوردستان لە بندەسەڵاتداری ڕژێمی عێراقدا مانەوە. لەم ناوچانەدا ڕژێم چەندین ڕێگای گرتەبەر بۆ ئەوەی کوردەکان ناچار بکات شوێنەکانیان بەجێبهێڵن.

جگە لەمە ڕژێم کەوتە داگیرکردنی خانوو و ماڵی ئەو خێزانە کوردانەی کە یەکێک لە ئەندامانی لە دەرەوەی عێراق یا لە سنووری ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا دەژیان.

بەر لە دەستپێکردنی سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧، دەزگاکانی پاراستنی ڕژێم کوردەکانیان ئاگادار کردەوە کە ئەگەر بێتو خۆیان بە عارەب نەژمێرن، ئەوا لە شوێنی خۆیان بە زۆر دووردەخرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستە فۆرمێکی تایبەتیان ئامادە کرد بە نێوی «گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی» و بە سەر کورداندا دابەشیان کرد و داواشیان لێکرا بۆ پڕکردنەوە و مۆرکردنی و نووسینی بڕگەیەک کە تێیدا دەڵێ: "ئێمە عارەبین و لە سەرەتادا بە هەڵە نێوی خۆمان بە کورد تۆمار کردووە". پاش ئەوە نێوی ئەو کوردانەی کە

ملکەچی ئەو فەرمانە نەبوون و بڕێکی زۆریش لەوانەی کە فەرمانەکەیان جێبەجێکرد، کرا بە لیستەیەک و داوایان لێکرا کە ناوچەکە بەجێبهێڵن. ئەوەی سەرسووڕێنەرە لە پێش هەر سەرەک خێزانێک دوو ڕێگا خرایە بەردەم، یا دوورخستنەوە بۆ خوارووی عێراق لەگەڵ بردنی کەلوپەل و شتومەک و داراییدا، یا بۆ ناوچەکانی بندەستی هێزە کوردییەکان بە بێ بردنی هیچ شتێک بەتایبەت کاغەز و ناسنامەکانیان.

بە پێی ڕاپۆرتی لایەنێک لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە لە دوا مانگی ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوکرایەوە، ژمارەی ئەو خێزانە کوردانەی تاوەکو مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٩ بۆ پارێزگای سولەیمانی دوورخرابوونەوە گەیشتبوە ١٥,٦١٥ خێزان کە کۆی گشتی ئەندامانی دەکاتە ٩٢,٧١٢ کەس و ئەوانەی بۆ هەولێر ڕەوانە کرابوون گەیشتبوە ٩١٣ خێزان کە ٥,٨١١ کەس بوون. ئەوەی شایانی باسە هەردوو ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندایە. بێگومان هەمان ئەندازە کوردیش بەرەو خوارووی عێراق دوورخراونەتەوە. لە هەمان ڕاپۆرتدا نێوی ئەو گەڕەکانە هاتووە کە بۆ نیشتەجێکردنی عارەبەکان لە شاری کەرکووکدا تەرخان کراون.

لە ڕاپۆرتێکدا کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە هاتووە کە "لە باکووری عێراقدا هێشتا ڕژێم بەردەوامە لە سەر بە زۆردوورخستنەوەی خێزانە کورد و تورکمانەکان بۆ پارێزگاکانی خوارووی عێراق. لە ئاکامی ئەم بە زۆر دوورخستنەوەیەدا نزیکەی ٩٠٠ هەزار هاونیشتمانی لە ناوخۆی عێراقدا جێگۆڕکی پێکران. دەسەڵاتداران لە خوارووی عێراقدا بڕیاریان دەرهێناوە بۆ دەستگیرکردنی هەر فەرمانبەر یا هاونیشتمانییەک کە کار، خواردن یا شوێن بدات بە کوردە تازە نیشتەجێبووەکانی ئەو ناوچەیە".

ڕاپۆرتی دەزگای لێبوردنی نێونەتەوەیی (Amnesty International-) مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٩ ئاماژە بۆ ئەو بڕیارە دەکات کە لە بارەگای سەرۆکی عێراقییەوە دەرچووە کە تێیدا فەرمانی "دوورخستنەوەی١,٤٦٨ خێزان لە نێوان ١٥ مانگی ٤ی ١٩٩٨وە تاوەکو ١٥ی مانگی ٦ی هەمان ساڵ دەدات". لە بڕیارەکەدا بە درێژی باسی ئەو هەنگاوانە کراوە کە دەبێت ئەنجام بدرێ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کە بەم شێوانەی خوارەوەیە:

١- دەستگیرکردنی ئەندامێکی ئەو خێزانە کوردانەی کە دووردەخرێنەوە بۆ ناوچەکانی باکووری عێراق.

٢- دەستگرتن بە سەر ماڵ و دارایی دوورخراوان.

٣- دەستگرتن بە سەر کارتەکانی ئازووقەیان.

٤- دەستگرتن بە سەر کارتی ئەندامیەتیان لە دەزگا و ئیدارە دەوڵەتییەکاندا.

٥- ڕاگەیاندنی فەرمانەکە بە: "بەرپرسیاری پاراستنی هەموو ناوچەکان، بەرپرسیارانی بەعسی هەموو ناوچەکان، کوێخای هەموو گوندەکان".

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە "خانووە چۆڵکراوەکانی شاری کەرکووک و خانەقین لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بدرێن بەو عارەبانەی کە سەر بە ڕژێمن و لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هێنراون. بەو جۆرە هەزاران عارەبی ناوچەکانی دیکەی عێراق لە پارێزگاری کەرکووکدا نیشتەجێ کران".

بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە یارمەتی ووتن و نەخشە بە درێژی باسی وێرانکردنی قەڵا کۆنەکەی شاری کەرکووک دەکات، کە جێگەی چەندین شوێنەواری مێژوویی و مزگەوت و کلیسەی زۆر بە نرخ و پڕ بایەخە.

هەموو ئەو پیلانانەی کە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دژ بەدانیشتووانی ناوچەکە ئەنجام دراوە لەڕاستیدا بە پێچەوانەی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە کە ناڕەزایی دەردەبڕێت بەرانبەر بە ڕەفتارەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە چەوساندنەوەی هاونیشتمانیان کە دەبێتە هۆی هەڕەشەکردن لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی. هەمان بڕیارنامە داوا دەکات کە عێراق دەبێ دەست لە چەوساندنەوە هەڵبگرێت ڕێگاش بدات بە دەزگا مرۆڤایەتییەکانی نێونەتەوەیی بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە لە هەموو بەشەکانی عێراقدا.

شایانی باسە، تاکوو ئەمڕۆش ڕژێمی عێراق نە ئەو داوایانەی جێبەجێکردووە، نە دەستی هەڵگرتووە لە چەوساندنەوەی هاووڵاتیانی خۆی و، نە ڕێگەشی داوە بە دەزگا مرۆڤدۆستە جیهانییەکان کە دەستی یارمەتی بۆ نیازمەندان درێژ بکەن.

ڕژێمی عێراق تاوەکو بەرزکردنەوەی ئەم ڕوونکردنەوەیەش هەر بەردەوامە لە دوورخستنەوەی خێزانە کورد و تورکمانەکانی شاری کەرکووک و نیشەجێکردنی هۆزە عارەبەکان لە خانوو و زەمینەکانیاندا.

ئەم کردەوانەی ڕژێمی عێراق بە ئاشکرا ئەوە دەردەبڕێت کە پیلانێکی ئامادەکراو لە ئارادایە بۆ لە نێو بردن و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی و نەژادی هاووڵاتییە غەیرە عارەبەکانی ناوچەکە، بە تەواوی وەکوو ئەوەی لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆ و تەیموری ڕۆژهەڵات ڕوویاندا کە بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتان بێتە وەڵام بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک و کۆتاییهێنان بە کێشەکەیان. شایانی وەبیرهێنانەوەیە، سەرەڕای هەموو ئەو تاوانانەی باسکران کردەوەکانی ڕژێمی عێراق پاڵی بە هەزاران خەڵکی دوورخراوەوە ناوە ڕێگەی کۆچکردن بگرنەبەر و داوای پەنابەرێتی لە وڵاتانی ئەورووپایی بکەن.

تراستی کەرکووک (KTRS) کە لەم دواییەدا لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا لەلایەن چەند کوردێکی ئەکادیمی و ئەو کەسانەی لە بواری مافی مرۆڤدا کاردەکەن، دامەزرێنراوە، بە گەرمی داوای هاوکاری ئێوەی بەڕێز دەکات.

جا بۆیە داوا لە هەموو هاونیشتمانییان دەکەین کە داوا لەو دەوڵەتانە بکەن کە تێیدا دەژین بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆ ناوێتەکردن و ڕێگرتن لە دوورخستنەوەی دانیشتووانی ناوچەی کەرکووک و ئەو ناوچانەی دیکەی کوردستان کە هێشتا لە بندەسەڵاتداری ڕژێمی عێراقدا ماون. هەروەها داواتان لێدەکەین هەوڵ بدەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکانەی دوورخراونەتەوە بۆ سەر ماڵ و جێگاکانی خۆیان بەڵام لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە ئەم داوایەش دەگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ٦٨٨ دا.

٢٠٠٠-٢-١٤

**ئادرێسی پێوەندی کردن:**

KIRKUK TRUST FOR RESEARCH AND STUDY
(KTRS)
PO BOX: 479, SUTTON
SURREY SM2 6ZF, UK.
FAX: 0044-171-582 88 94

# پێشەنگایەک
# و
# چاوپێکەوتنێک



هونەرمەند: ئازاد ئەحمەد مەحموود

**□ ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ٢٧٠٠ی کوردی (٢١/٣/٢٠٠٠ز) لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری هودیکسڤاڵ (سوێد)، هونەرمەند کاک ئازاد ئەحمەد مەحموود، پێشەنگایەکی هونەری کردەوە کە بە ٤٠ تابلۆی پڕڕەنگی قەبارەبچووک (میناتۆر) ڕازابۆوە. وێڕای سەردانی پێشەنگاکە، چاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ هونەرمەند ئەنجام درا کە دەقەکەی لە خوارەوە پێشکەش دەکرێ.**

**مەهدی**





● کاک ئازاد، جەنابت لە کەیەوە دەستت بە کاری وێنەکێشان کردووە؟

ـ لە منداڵیمەوە، لە پۆلی سێی سەرەتاییەوە حەزم بە هونەر ئەکرد بە گشتی و وێنەکێشان بەتایبەتی. هۆیەکەشی زیاتر بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لە ماڵەوە زەمینەیەکی وامان بۆ خوڵقابوو. چونکە باوکم «ئەحمەد مەحموود» ناسراو بە (ئەحمەد دەنگ گەورە) لە بواری هونەریدا کاری دەکرد. بەتایبەت ئەو ساڵانەی کە لە ئیزگەی رادیۆ بەغدا دامەزرابوو، زۆربەی ئەوانەی کە دەهاتنە ماڵمان لە هونەرمەندان و هونەردۆستانی ئەوکاتە بوون، بۆنموونە: محەمەد نووری، تەها بابان، شەماڵ سائیب و دڵشاد مەسرەف و هتد...

● بەو پێیە دەبوایە تۆ زیاتر ڕوو لە موزیک و کاری شانۆ بکەیت نەک وێنەکێشان...

ـ ئەوەی ڕاستی بێ، دەبوایە من لایەنی موزیک و گۆرانیم بگرتایە، بەڵام «عەزیزە»ی خوشکم کە لە خۆم بە تەمەن گەورەتر بوو، پێش من دەستی دابوە وێنەکێشان و منیش زیاتر کاریگەری ئەوم بە سەرەوە بوو. هەروەها لە قوتابخانەشدا مامۆستا جەلال زۆر پشتگیری لێکردم و بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەکەماندا (قوتابخانەی پیرەمێرد) پێشەنگای بۆ کردمەوە.

● جگە لەم بوارەدا لە هیچ بوارێکی تری هونەریدا بەشداریت کردووە؟

ـ بەڵێ، لە فۆتۆگرافی دا. ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ باوکم، چونکە کاتێک لە ئیزگەی بەغدا کاری دەکرد، لێی دڕدۆنگ دەبن و بڕیاری گرتنی لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتەی بەغداوە دەدرێ. ئەویش بە ناچاری واز لە کاری ئیزگە دەهێنێ و لە شاری سلێمانی ئەتلێیەکی فۆتۆگرافی دەکاتەوە. زێتر وای لێهات منیش کەوتمە کارکردن لەگەڵ باوکمدا و دەستم دایە جۆرێکی دیکەی هونەر.

● یانی بەوکارە وازت لە کاری وێنەکێشان هێنا؟

ـ بۆ ماوەیەک بەڵێ، چونکە زیاتر پەرەم بە لایەنی فۆتۆگراف دا.

● مەبەستت لەو پەرەپێدانە چییە؟

ـ مەبەستم ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی کە خۆمان ئەتلێی فۆتۆگرافیمان هەبوو، من توانیم بە هەندێک دەستکاری کردنی جۆری شوتنەوە و چاپکردنی وێنەکان و هەروەها دەستکاری کردنی نێگەتیڤی وێنەکان، هونەرێکی تازە بهێنمە کایەوە کە جێی ڕەزامەندی دەستەیەکی زۆری هونەرمەندان بوو. هەر ئەمەش وای کرد زیاتر بەردەوام بم لە سەر ئەو هونەرە.

● ئایا هیچ پێشەنگایەکت کردۆتەوە؟

ـ بەڵێ، لە مۆزەخانەی سلێمانی، بە بەشداریکردن لە چەند پێشەنگای جۆراوجۆردا

لەگەڵ دەستەیەک لە هونەرمەندانی تردا وەکوو: سەرەوت سەوز، هیوا کەریم، دیاری محەمەد، هاوڕێ ئازاد و چەند کەسی تر.

● کاک ئازاد چۆن بوو جارێکی تر سەرلەنوێ دەستت کردەوە بە وێنەکێشان؟

ـ لە دوای ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ بە هۆی هاندانی مامۆستا «سەورەت سەوز»ەوە بەتایبەتی و هەروەها مامۆستا «کامیل ئەحمەد» و «قادر میرخان» جارێکی تر دەستم کردەوە بە وێنەکێشان.

● کاک ئازاد باجارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەم پێشەنگایەت... ئایا ئەم تابلۆیانەت لە چ شێوازێکی هونەریدا خۆیان دەبیننەوە؟

ـ من نامەوێت شێوازی تایبەتی بدەم بە کارەکانم.

● لە تابلۆکانتدا ڕەنگی گەش و ڕوون ڕۆڵی سەرەکی دەبینن دەکرێ ئەوەمان بۆ باس بکەیت؟

ـ لەوانەیە سەرەتای ئەمە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی و لاویم کە هەموو سالێ چەند جارێک سەردانی لادێ و دێهاتەکان و ناوچەکانی کوردستانم دەکرد، بەتایبەت لە ناوچەی (ئالان)زۆر دەگەڕام. ئەم ڕەنگانەش زیاتر لە جلوبەرگی خەڵکی ئەو دێهاتانە و ئەو سروشتە جوان و ڕەنگاوڕەنگەی کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەها هونەری فۆتۆگرافیش بێگومان جێ دەستی خۆی هەیە لەم ڕەنگانەدا.

● ئەوە ڕاستە، بەڵام کاک ئازاد تۆ بڵێی ڕەنگەکانت لەگەڵ ڕووداوە تاڵەکان و ئەو ئازارانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە سەر میللەتەکەماندا هاتوون یەک بگرنەوە؟ بەتایبەت ڕووداوی وەک ئەنفال و هەڵەبجە و هتد...

ـ من دەمەوێ بەو ڕەنگانە جیهانێکی ساکاری جوان بۆ خۆم ساز بکەم، جیهانێک کە دوور بێ لە کوشتن و شەڕ و وێرانکاریی، دەمەوێت دیوی ناوەوەی مرۆڤی کورد و نەریتی کورد جوان و گەش نیشان بدەم.

● کاک ئازاد وێرای سوپاس، ئەگەر بکرێ کورتەیەکیش لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکە؟

ـ من لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٥دا هاتوومەتە دونیاوە. سەردەمێک لە (بەغدا) چوومە قوتابخانە و دواتر هاتینەوە شاری سلێمانی و ماوەیەک درێژەم بە خوێندن دا، بەڵام بە هۆی ئەوەی زیاتر لە دوکان یارمەتی باوکم دەدا وازم لە دەرس خوێندن هێنا... لە ساڵی ٩٨ یشەوە من نیشتەجێی وڵاتی سوێد بووم. ■



# پێشەنگای هونەری لە «ڤێستڕۆس»

لە ڕۆژی ١٣ ی مارس (٢٠٠٠) هونەرمەند **«زاهیر حوسێنی»** پێشەنگایەکی تایبەتی لە شاری ڤێستەرۆس (سوێد) بە بۆنەی ڕووداوە گرینگەکانی مانگی مارس(ئادار)ەوە کردەوە.

هونەرمەند زاهیر حوسێنی لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری «بانە»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کوردپەروەر لە دایک بووە. هەر لەم ساڵەدا بە هۆی ئینقلاب (شۆڕش)ی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، کە میللەتی کوردیش بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و مافی مێژوویی خۆی دەکەوێتە بەرهەڵستکاری و، بەتایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان میللەتی کورد و ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بنەماڵەی هونەرمەند وەک زۆربەی شۆڕشگێڕانی تر بە ناچاری ئاوارە دەبن و بەرەو کورستانی باشوور کۆچ دەکەن.

زاهیر لە شاری سلێمانی دەستی بە خوێندن کرد. دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، توانی بە سەرکەوتوویی لە «پەیمانگای هونەرە جوانەکان»ی سلێمانی لە بەشی (شێوەکار) لە ساڵی ٩٥-١٩٩٤ وەربگیرێت.


سێ ساڵ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان خوێندوویەتی و توانیویەتی لە فێسیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگادا بەشداری بکات.

هونەرمەند زاهیر، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧دا، وەک زۆربەی شۆڕشگێڕانی کورد، بە هۆی زۆرهێنانی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی باشوور بە جێدێڵێ و، بە ناچاری ڕوودەکاتە وڵاتی سوێد و لە شاری ڤێستڕۆس دەگیرسێتەوە.

هونەرمەند دوای خوێندنی زمانی سوێدی، ئێستا بۆ ماوەی ساڵێکە لە فێرگەیەکی هونەری لە (Skinnskattebergsfolkhögskolan) خەریکی دەرس خوێندنە. زاهیر لەو کاتانەی کە سەرگەرمی فێربوونی زمانی سوێدی بووە، بە باوەڕێکی پتەوەوە لە فێربوونی هەرچی زیاتری هونەرەکەی خافڵ نەبووە و کارە هونەرییەکانی خۆی درێژە پێداوە.

ئەو پێشەنگایە لە ڕۆژی ١٣ی مارسەوە دەستی پێکرد و تا ڕۆژی ٣١ مارس درێژەی دەبێ.

وریا: ١٥-٣-٢٠٠٠






**• گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت،**
نووسەران: کەندال، د. قاسملو، ع.شەریف وانلی، مستەفا نازدار، ئارچی روزفێلد و...
وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسی: م. گۆمەیی
قەوارە: ٤٥٨ لاپەڕەی قەوارە وەزیری
چاپ: کوردستان




**• فەرهەنگی ناوی کوردی(بەشی دووەم)**
نووسەر: سیروان کاروانی
قەوارە: ٢٤٠ لاپەڕە
چاپ: سوێد ٢٠٠٠
ئادرێسی داواکردن:
Sirwan Karwani
Ladugatan 17, 702 26 Örebro(Sweden)
Tel: +46-019-330 706




**• گەرمیان (کتێبی خوێندنەوەی کوردی، ئاستی دووەم)**
دانانی: فەهمی کاکەیی، مەهاباد قەرەداغی، یەنەمجەد شاکەلی
چاپی یەکەم: سوێد ٢٠٠٠
ئادرێسی داواکردن:
Tel/Fax: -46 515 16009
Fax: +46 515 81194/Tel: 515 17636




**• چەمەری خاکی سووتاو (شێعر)**
نووسەر: باوکی تارا (جەلیل ئازادیخواز)
قەوارە: ١٣٤ لاپەڕەی قەوارە بچووک
چاپخانە: بهرام
ساڵی چاپ: ١٣٧٨




**• یەک ساتە شەنگۆڵ (شێعر)**
نووسەر: سیروان کاروانی
تابلۆ و بەرگ: بەشێک لە پرۆژەی ٥٠٠٠
پۆرتریت: ڕێبوار سەعید
قەوارە: ١٠٨ لاپەڕەی قەوارە بچووک
چاپی یەکەم: سوێد ٢٠٠٠
ئادرێسی داواکردن: ئادرێسی سەرەوە




**• گوڵ و بولبول ،حەقیقەت،**
تێکستە شێعرێکی کۆنی کوردی یە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچی نووسراوە
ساخکردنەوە و پەراوێز نووسینی:
سیاوەش گودەرزی
چاپ: ئوپسالا (سوێد) ژانویەی ساڵی ٢٠٠٠

GZING
Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**
Box: 327
824 27 Hudiksvall - Sweden

**Fax/Tel :** +46-0650-94029

**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 27 Spring 2000 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

No 27 Spring 2000


له "کتێبی هه رزان" داوا بکه ن:

نگاهی گذرا به تاریخ و فلسفه اهل حق (یارسان)

دکتر گلمراد مرادی

٤٠٠ لاپه ره

••••••••••••••••••

فه رهه نگی کوردستان

گیوی موکریانی

٩٥٠ لاپه ره

KITAB-I ARZAN
Helsingfors g 15
164 78 Kista - Sweden
TEL & FAX:+46 (0)8 7527709
MOBAIL:+46 (0)70 492 69 24
e-postadress:kitab.i.arzan@jonkoping.mail.telia.com